

# ڕوانینی یاساییانە

## چەپکێك لە نووسین و توێژینەوە یاساییەکانم

٢٠١٤ - ٢٠١٨

# ڕوانینی یاساییانە

## چەپکێك لە نووسین و توێژینەوە یاساییەکانم

نووسینی: یاساناس/ دانا دارا حسێن



■ **ڕوانینی یاساییانە (چەپکێك لە نووسین و توێژینەوە یاساییەکانم)**

نووسینی: یاساناس/ دانا دارا حسێن

دیزاین: ڕەوشت محەمەد

تیراژ: ٥٠٠ دانە

چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠١٩. کوردستان ـ سلێمانی

■لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (٢٤٩)ی ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە

■مافی لە چاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە

## پێشکەشە:

به سەرجەم ئەوانەی ئەم بەرهەمە دەخوێننەوە.

# ناوەرۆک


پێشەکی ............................................................ ١١

**توێژینەوەکان** ............................................................ ١٥

لە پێناوی دەستوورێك بۆ هەمووان ............................................................ ١٧

دەستووری مەدینە یەکەمین بەڵگەنامەی دەستووریی باڵا لە مێژوودا ............................................................ ٢٩

هەڵسەنگاندنی یاسایی بڕیارە چاکسازییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ............................................................ ٤١

ئەنفال، تاوانی سەدە وەك پێویست پەندی لێ وەرنەگیراوە ............................................................ ٤٩

پێگەی یاسایی حیزبە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان ............................................................ ٥٧

دۆخی کوردستان و ناوچەکە دوای جەنگی داعش ............................................................ ٨٣

ڕاپرسیی جەماوەریی، ئایا هەڵەیەکی سەد ساڵی ڕاست دەکاتەوە؟ ............................................................ ٩٣

پێگە و مافەکانی کورد، لە دەستووری کۆماری عێراق، ساڵی ٢٠٠٥ ............................................................ ١٠٣

خوێندنەوەیەکی یاسایی ڕەخنەییانە بۆ یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٦ی
بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لە کوردستان ............................................................ ١٠٩

ڕێکخستنی یاسایی زیانەکانی تەکنەلۆژیای نوێ ............................................................ ١٣٣

دۆخی یاسایی دەستلەکارکێشانەوە، لە کابینەی حکومەتی هەرێم ............................................................ ١٥٣

یاسا ڕێکخەرەکانی هەڵبژاردنەکانی کوردستان ............................................................ ١٥٩

دەسەڵات و تایبەتمەندییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ............................................................ ١٧٥

**وتارەکان ........................................................ ١٩١**

پێگەی یاسایی وەزیر و دەستلەکارکێشانەوەی لە کابینەی حکومەتدا ................. ١٩٣

پرسی ڕاسپاردنی لیستی زۆرینە ................................................ ١٩٦

دیدێکی یاسایی بۆ دیاردەی ڕفاندن ............................................... ١٩٨

دەستکەوتەکانی دوای بەپارێزگابوونی هەڵەبجە..................................٢٠٢

سەرنجە یاساییەکان لەسەر پەیڕەوی نوێی پەرلەمانی کوردستان ..................... ٢٠٦

سەرنجی یاسایی لەبارەی زیادکردنی باج و ڕسوماتەوە ..........................٢٢١

سەرنجی یاسایی لەسەر دواهەوڵەکانی کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان ............ ٢٢٣

سەرنجی یاسایی لەسەر (ڕا)ی ئەنجوومەنی شوورای هەرێم سەبارەت بە ویلایەتی سەرۆکی هەرێم ...................................................................... ٢٢٧

سەرنجی یاسایی لەسەر بەجینۆسایدناساندنی تاوانی دەستدرێژیی بۆ سەر کوردانی ئێزیدی لە شەنگال................................................................ ٢٣٢

سەرنجێکی یاسایی لەسەر پێگەی سکرتێر لە پەرلەمانی کوردستاندا.................... ٢٣٦

سەروەریی یاسا لە ئەزموونی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا............................٢٤١

شرۆڤەیەکی خێرا بۆ یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان–عێراق.................................................................... ٢٤٧

شرۆڤەیەکی خێرا بۆ یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنەکانی پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکانی کوردستان.......................................٢٥٠

چەمکی حکومەتی ڕزگاریی نیشتمانی ........................................... ٢٦٠

گەندەڵی: ناسین و بەرەنگاربوونەوە ............................................... ٢٦٣

سەرنجی یاسایی لەبارەی کێشەی ئەنجوومەنی پارێزگای هەڵەبجە ............... ٢٧١

لەبارەی هەوڵەکانی حکومەت بۆ پێداچوونەوەی گشتگیری یاساکانی هەرێمی کوردستان ... ٢٧٤

لەبارەی درێژەدان بە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان ..........................٢٧٨

لەبارەی دواگرێبەستی نەوتیی حکومەتی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیای (ڕووسنەفت) ............ ٢٨٠

لەبارەی لێبوردنی گشتی و پرۆژە پێشکەشکراوەکان بە پەڕلەمان ......................٢٨٣

لەبارەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە ........................................ ٢٩١
لە پێناوی سروودێکی نیشتمانی بۆ هەموان .................................... ٢٩٥
لە ڕۆژی جیهانیی جاڕنامەکەدا ڕەوشی مافی مرۆڤ لە جیهان و کوردستاندا ................ ٢٩٨
هاوسەرگیریی بەزۆر، دیاردەیەکی نادروست، هەوڵێك بۆ چارەسەر .......................... ٣٠٣
هەڵبژاردنی پێشوەخت.............................................................. ٣١٠
هەڵسەنگاندنی یاسایی دۆخی دەستلەکارکێشانەوەی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی
کوردستان ........................................................................ ٣١٤
ئەندامی پەرلەمان و ئامادەبوون لە دانیشتنی ئاساییدا، لە یاسا و پەیڕەوی ناوخۆدا ....... ٣١٩

# پێشەکی

کتێبخانەی یاسایی بە زمانی کوردیی، تا ئێستاشی لەگەڵ بێت هەژارە و نەتوانراوە کەلێنەکانی پڕبکرێتەوە. لەگەڵ ئەوەی دەسەلاتی یاسادانان بە ئەرکی خۆی هەلدەستێت و سەرجەم یاسا و بڕیارەکانیش بە کوردی و عەرەبی دەرچوێنراون و بلاوکراونەتەوە، بەلام هەر ناتوانین بلێین کە یاساکان و شرۆڤەیان و دۆخی دەقی تەشریعی و یاساڕێژیی لە ئاستی پێویستدان، لەگەڵ ئەوەی چەندین هەوڵ و نووسینی بەبایەخ لە ڕووەکانی دانانی فەرهەنگی یاسایی و شرۆڤە و خوێندنەوەی یاساکان و گۆڤار و بلاوکراوەی یاسایی لە هەرێم و دەرەوەدا دەرچوون، کە شایانی ئامازەپێدانن.

ئەمانە و ژیان و لە نزیکەوە ئاشنابوون بە دامەزراوەیەکی گرنگی یاسادانان کە لە کوردستاندا بە پەرلەمان ناسراوە، زۆر زانیاریی گرنگت فێر دەکەن، بە تایبەت لە بواری یاسای گشتی و پرسەکانی تایبەت بە یاسای دەستووریی و کارگێڕیی و بوارە پەیوەندیدارەکانیان، واتا ئەو مەلۆیە دەخاتە سەر خەرمانی زانیارییەکان کە لە یەك کاتدا سوود وەربگریت و پاشانیش بە پێی بڕوانامە و ئەزموونەکانیش سوودیش بگەیەنێت.

ئەو نووسین و توێژینەوانەی کە لە دووتوێی ئەم کتێبەدا لە بەردەستی خوێنەراندان، بریتین لە ڕوانین و خوێندنەوەی یاساییانە بۆ کۆمەلێك پرسی جۆراوجۆر، هەندێکیان بە شێوەی توێژینەوەی یاسایی نووسراون و هەندێکی تریشیان لە شێوەی وتاری یاسایی و سەرنجی زۆر قووڵدا نووسراون و

خراونەتـە سـەر ئـەو پرسـە هەنووکەییانـەی پێویسـت بـووە لـە بارەیانـەوە هەڵسەنگاندنی یاسایی پێشکەش بکرێت.

مێژووی نووسینەکانی نێو ئەم کتێبە دەکەوێتە نێوان ساڵەکانی کۆتـایی ٢٠١٤ تا کۆتایی ٢٠١٨، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر نووسینی یاسایی دیکە هـەبوون کە لەو مێژووەدا نووسراون، بەڵام بە پێویست نەزانراون لێرەدا دووبارە بـڵاو بکرێنەوە.

ئــەوەی پێویســتە لێــرەدا بوترێــت ئەوەیــە، بیرۆکــەی ئــەم کتێبــە و کۆکردنەوەی ئەو ژمارە توێژینەوە و نووسینە، بە ئامانجی دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی یاساییە بە زمانی کوردیی، هەروەها بە نەمریی هێشتنەوەی ئـەو هەوڵـە یاسـاییانەیە بـە تایبـەت لـە بـواری خوێندنـەوەی ڕەخنەییانـە، بـۆ سوودگەیاندن بـە زۆرتـرین خوێنـەر، ئەوانـەی بایـەخ بـە پرسـە یاسـاییەکان دەدەن لە ئەکادیمی و یاساناسان و قوتابیانی ئەو بوارە فراوانە.

ڕیزبەندیی ئەو نووسینانەی لـە دوو تـوێی ئـەم کتێبـەدا هـاتوون، بـەپێی مێژووی نووسینەکان ڕێك خراوە، کە پێکدێت لـە پێشـەکییەك و دوو بـەش، بەشی یەکەمیان (توێژینەوە یاساییەکان)ـە و ژمارەیان (١٣) دانەیـە، بەشـی دووەمیشیان بریتییە لە (وتارە یاساییەکان)، کە تیایدا سـەرنجی یاسـایی و خوێندنەوەی پێویست لە بارەی چـەند پرسـێك بـە دیارییکراوی و هـەروەها چارەسەری چەند گرفتێك لەخۆ گیراوە و ژمارەیان (٢٧) وتارە.

یەکەمین بڵاوکردنەوەی ئەم نووسین و توێژینەوانە لە ژمارەیـەك گۆڤـاری بـاوەڕپێکراودا بـووە، پاشـان لـە ژمارەیـەك لـە ماڵپـەڕەکانی ئینتــەرنێت بڵاوکراونەتەوە، پاشانیش لەم کتێبەدا سەرجەمیان پێکەوە بڵاو دەبنەوە.

ماوەتەوە بڵێین کە ئەم هەوڵە موتەوازیعانەیە هیچ نییە جگە لە هەوڵێکی جددی و نووسین تەنها لە بواری پسپۆڕیی، کە خوێنەر بە پرسێکی دیارییکراو ئاشنا بکات، بەڵام بە پوختی و گوشراوی. هەروەها جێگەی خۆیەتی کە دوای خوای گەورە و میهرەبان و سوپاسگوزاریی بەردەوام بۆ پشتیوانی و دەستگرتنم بە هەمیشەیی، بۆ کاری خێر و باشە، لەگەڵیدا پێویستە سوپاسی برای شیرینم مامۆستا هاوژین عومەر بکەم کە ئەرکی پێداچوونەوەی زمانەوانی و ڕێکخستنی بابەت و ئامادەکردنی بۆ چاپ کێشاوە و زۆر پێیەوە ماندوو بووە، لە خوای میهرەبان داواکارم کە بە باشترین شێوە پاداشتی بداتەوە.

لە کۆتاییدا هیوادارم ئەم هەوڵە وەك لە ئامانجەکاندا ئاماژەم پێداوە، مەبەستەکانی خۆی لە سوودگەیاندن بە خوێنەران بگەیەنێت و خوای میهرەبانیش لە تەرازووی کردارە چاکەکانمان هەژماری بکات.

**دانا دارا حسێن**

**ڕاوێژکاری پەرلەمانی کوردستان**

**هەولێر ٢٠١٩/٢/١**

# توێژینەوەکان

# له پێناوی دەستوورێك بۆ هەمووان
# خوێندنەوەیەکی یاسایی بۆ ڕەشنووسی
# پڕۆژەدەستووری هەرێمی کوردستان*

جگە لە شانشینی بەریتانیا، سەرجەم دەوڵەت و هەرێمە فیدراڵییەکانی جیهان خاوەنی دەستووری تایبەت بە خۆیانن، چونکە دەستوور دایکی یاساکانە و چوارچێوەی یاسایی بۆ سەرجەم بوارەکانی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵگا ڕەنگڕێژ دەکات. ئەم ڕەشنووسەی دەستووری هەرێمی کوردستان کە ئێستا لەبەردەستدایە، لە دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٢٤، دەنگی لەسەر درا و بڵاوکرایەوە.

لە ڕووانگەی باوەڕی تەواوم بەوەی کە هەرێمی کوردستان پێویستی بە دەستوورێکی هەمیشەیی هەیە، ئەمەش لە پێناوی دامەزراندنی دەسەڵاتێك کە ماناکانی (الحکم الرشید) لەخۆ بگرێ، بە ئامانجی پەیڕەوکردنی سیستمێکی گونجاو لەگەڵ ڕۆحی سەردەم، لەپێناوی ئەوەی کە ئەم پڕۆژەیە بە شێوەیەك هەموار بکرێتەوەکە لەگەڵ داخوازییەکانی سەرجەم لایەنە سیاسییەکان و خەڵکی کوردستان بۆ چاکسازی سیاسی و ئیداریی لە هەرێمی کوردستان بگونجێ. هەروەها بە ئامانجی ئاوێتەبوونی فەزای سیاسی و فەزای کۆمەڵایەتی، بوونی دەستوورێکی پێشکەوتوو کە لە ناوەڕۆکەکەیدا ئەم چەمکانە لەخۆ بگرێت کە دیارترینیان بریتییە لە (سەروەریی یاسا، ماف و ئازادییەکان، قووڵکردنەوەی چەمکی

---

* ئەم توێژینەوەیە لە سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان، لە ساڵی ٢٠١٥ بڵاوکراوەتەوە.

هاووڵاتیبوون...). هەروەها پرۆژەدەستووری هەرێمی کوردستان شاکارێکی یاسایی و خەونێکی دێرینی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانە، لەگەڵ ئەمانەشدا پرۆژەکە خاڵی نییە لە سەرنج و کەموکوڕیی یاسایی و سیاسی.

لەم ڕووانگەیەوە خوێندنەوەیەکم بۆ پڕۆژەدەستووری هەرێمی کردووە و لە خوارەوە پوختەی سەرنج و تێبینییە یاساییەکانم دەخەمە ڕوو:

## یەکەم: سەرنجە پێشدەستییەکان:

١- دەستەی نووسینەوەی دەستوور، دەستەیەکی هەڵبژێردراو نەبوون لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە. ئەمەش بەو شێوەیە کە پەیڕەو کراوە لە دانانی دەستوور لە هەندێك وڵاتدا، کە پێویستە دەستەیەکی هەڵبژدراو (الهيئة التأسيسية) هەڵبژێردرێن، جا یاخود ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە، یان لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە، کە سیفەتی (صفة) دەدات بە دەستەکە، بەڵام ئەم ڕێکارە لە دانانی پڕۆژەدەستووری هەرێم پەیڕەو نەکراوە.

٢- پەسەندکردنی پرۆژەکە و دەرچوواندنی بە یاسا، لە کاتێکدا بووە ماوەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان ڕوو لە کۆتایی بوو. زۆر بە پەلە کار لە پرۆژەکەدا کراوە، کە بووەتە هۆی دروستبوونی چەندین کەموکورتی و ناتەواوی.

٣- سەبارەت بە گەڕانەوەی پرۆژەدەستووری هەرێم بۆ پەرلەمان و پێداچوونەوەی کۆی پڕۆژەکە، زەمانەتی ئەم گەڕانەوەیە بە یاسا ڕێکخراوە، لە هەردوو: یاسای ژمارە ١٩ی ساڵی ٢٠١٣.

بڕیاری ژمار(٢)ی پەرلەمان، ئەو ئەرکەی خستووەتە سەر پەرلەمان کە بە زوویی کار بکات بۆ گەڕانەوەی پرۆژەدەستووری هەرێم.

٤- دیباجەی دەستوورەکە دەستکاریی قووڵ بکرێت، چونکە هەندێك لە دەستووری وڵاتان پێشەکیی نییە، یاخود وەك ماددەیەکی دەستوورەکە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. پێویستە دیباجەی پڕۆژەکە کورت بکرێتەوە، بە شێوەیەك ئەوەی لەناو پرۆژەکەدا گرنگە، لە چوارچێوەی ماددەیەکی یاساییدا ڕێك بخرێت. هەروەها بەستنەوەی سنووری ڕاستەقینەی هەرێمی کوردستان بە ئایندەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠وە لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا، لە لایەك هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە ماددە یاساییەکە کاتی تەواو بووە، لە لایەکی تر کوردانی ئەوناوچانە نیگەران دەکات.

٥- ئاستی داڕشتنی ڕەشنووسەکە بە زمانی کوردی، لەگەڵ شێوازی داڕشتنی دەقی دەستووریی پڕۆژەکە زۆر گونجاو نییە. زیاتر زمانی نووسینێکی ئەدەبی بە سەریدا زاڵە، کە ئەمەش لە ئایندەدا کێشەی یاساییمان بۆ دروست دەکات، بە تایبەت لە کاتی داڕشتنی یاساکان لە پەرلەمان، یاخود لە کاتی شرۆڤەکردنی (تفسیر) دەقە دەستوورییەکان.

٦- خاڵبەندیی دەستوورەکە لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕی زمانەوانییەوە دابڕێژرێتەوە، بە ئامادەبوونی پسپۆڕ و شارەزایانی یاسایی بەئەزموون.

٧- ئەم پڕۆژەدەستوورە وا داڕێژراوە کە کوردستان لە قۆناغی (ڕزگاریی نیشتمانی) ڕزگاری بووبێ و مەترسیی داگیرکاریی لەسەر نەبێت، کە ئەمە لە خودی خۆیدا لاساییکردنەوەی دەوڵەتانی فاشیلە، نموونەیان وەکو سیستەمە عەرەبییەکان و لەناویاندا ئەزموونی دەستەڵاتدارێتیی فەلەستین، کە خۆی ئەزموونێکی سەرنەکەوتووە، پێویست بوو لە پڕۆژەکەدا کاریگەر بووایە بە ئەزموونی وڵاتی کۆسۆڤا و تەیمووری خواروو، کە ئەوان لەو قۆناغەدا بوون و پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی و دەسەڵاتی پەرلەمانیان وەکو هەرێمی کوردستان بوو.

**دووەم: سیستەمی سیاسیی هەرێم لە پرۆژەکەدا:**

سیستەمە سیاسییەکان جۆراوجۆرن و هەریەکەیان لایەنی باشی و خراپی خۆی هەیە، واتا حەرام نییە کە لایەنەکان و شەقامی کوردی، دابەش ببن بەسەر پشتیوان یاخود دژی یەکێك لە فۆرمی سیستەمە سیاسییەکان بۆ پەیڕەوکردنی لە دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا.

١- لە ماددەیەکی پرۆژەکەدا پێناسەی سیستەمی سیاسیی هەرێمی کوردستانی وەها کردووە کە "سیستەمێکی پەرلەمانییە"، بەڵام کە دەچینە ناو ماددەکانی دەستوورەکە، زیاتر مەیلی بە لای سیستەمی سەرۆکایەتیدایە. ئەم حاڵەتە وەکو (فوقەهای فیقهی دەستووریی) دەڵێن، ئەم سیستەمە دەناسرێتەوە بە (سیستەمێکی تێکەڵ) (المختلط).

٢- هەروەها سیستەمەکە پەرلەمانییە، کەچی لە بەرانبەردا سەرۆك لەلایەن دەنگدەرانەوە بە دەنگدانێکی گشتیی ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێت، ئەمەش بە نیسبەت مەرجەکانی سیستەمێکی سەرۆکایەتی، یەکناگرێتەوە لەگەڵ سیستەمی پەرلەمانی.

٣- هەر لە هەمان ماددەدا لە پرۆژەکە، وشەی (کۆماری) بە کارهاتووە، لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فیدراڵییە و لە چوارچێوەی عێراقدا دەمێنێتەوە.

٤- پرۆژەدەستوورەکە تێکگیران لەگەڵ دەستووری هەمیشەیی عێراق دروست دەکات، لەم ڕوانەوە:

- سیستەمی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان.
- زۆریی دەسەڵاتەکانی سەرۆك.

٥– کەواتە دەتوانیین بڵێین بە هەموو (مزایا و عیوبە)کانی سیستەمی پەرلەمانی، لە کاتی ئێستادا باشترین و گونجاوترین سیستەمە بۆ حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان.

## سێیەم: پێگەی ئایین لە پڕۆژەدەستوورەکەدا:

پڕۆژەکە بە هەمان ڕێچکەی دەستووری عێراقی فیدراڵ، پرەنسیپەکانی ئایینی ئیسلام و دیموکراسیی پێکەوە باس کردووە. واتا پێگەی ئایینی ئیسلام لە پڕۆژەکەدا، زۆر شەرمنانە باسی لێ کراوە، لە کاتێکدا ئەو دەنگەی کە لە شەقامدا زاڵە، ئەوەیە کە دەستوورێکی مەدەنی بۆ هەرێم بنووسینەوە.

**ماددەی شەشەم لە پڕۆژەکەدا هەموار بکرێت، بەم شێوەیە:**

(ئەم دەستوورە دان بە ناسنامەی ئیسلامیی زۆرینەی گەلی کوردستاندا دەنێت و ڕێزی لێ دەگرێت. دان بە مافی کەمە ئایینییەکانی تردا دەنێت، وەك: یەزیدی، مەسیحی، کلدان. دان دەنێت بە سەربەستیی بیر و باوەڕ و بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم و دابونەریتی ئایینییان لە هەرێمی کوردستان. بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام سەرچاوەی سەرەکیی یاسادانانن لە هەرێمی کوردستاندا و نابێت یاسایەك دابنێرێت کە لەگەڵ ئەم بنەمایانەدا پێچەوانە بێت، یاخود ناکۆك بێت لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی و هەموو ئەو ماف و ئازادییە بنەڕەتییانەی لەم دەستوورەدا هاتوون).

**چوارەم: پێگەی سەرۆك لە پرۆژەکەدا و زۆریی دەسەڵاتەکانی:**

ئەگەر بڕیار بێت سیستەمی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان سیستەمێکی پەرلەمانی بێت، وەك لە ماددەی (١)دا پێناسە کراوە، ئەوا ئەم دەسەڵاتانەی سەرۆکی هەرێم زۆرن و دەبێت دەستکاریی بکرێت، وەك:

پاڵاوتنی ئەندامانی دادگای دەستووری وەك ئەرکی سەرۆکی هەرێم دیاری کراوە، هەر لە لای ئەویشەوە مەرسومی هەرێمییان بۆ دەردەچێت.

سەرۆکی هەرێم کە سەرۆکی باڵای دەستەڵاتی جێبەجێکردنە، لە پەرلەمان هەڵبژێردرێت، نەك ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە.

سەرۆکی هەرێم پێویستە لە بەرانبەر دەستەڵاتێکدا بەرپرس بێ و ملکەچی لێپرسینەوە بێ، نەك وەك ئەم پرۆژەیە کە کەس ناتوانێت لە سەرۆك بپێچێتەوە جگە لە ئەندامانی باڵای دەستووری، کە ئەویش ئەندامەکانی لەلایەن خودی سەرۆکەوە پێشنیار دەکرێن، پاشان مەرسومیان بۆ دەردەکرێ.

بەپێی پرۆژەکە، سەرۆك دادگایی دەکرێت، بەڵام باسی (عزل) نەکراوە، هەروەها بە چ ئیجرائاتێك ئەو عەزلە دەکرێت.

وا باشترە سەرۆکی هەرێم مافی پێشکەشکردنی پرۆژەیاسای نەبێت، بەڵکو تەنها پرۆتۆکۆڵی بێت.

سەرۆك دەسەڵاتی (عزل)ی وەزیرەکانی نەبێت، بەڵکو تەنها پەرلەمان (عزل)ی وەزیر بکات، ئەویش بە (سحب الثقة).

ڕاگەیاندنی حاڵەتی لەناکاو (حالة الطوارئ) وەك ڕێوشوێنەکانی ناو دەستووری هەمیشەیی عێراقی لێ بکرێ.

ئەنجوومەنی ئاسایش لە ڕووی مەرجەعەوە بخرێتەوە سەر ئەنجوومەنی وەزیران و لە دەستەڵاتی سەرۆکی هەرێمدا نەمێنێ.

ماددەی (٦٤) لە پڕۆژەکە لابردرێت، یان هەموار بکرێت بە شێوەیەك کە گونجاو بێت.

ئیدانەی سەرۆکی هەرێم لە دەستەڵاتی دادگای دەستوورییە، کە دەبێت بڕیارەکە بە زۆرینە بێت. ئەم زۆرینەیەش بەو پێیەی ئەندامانی دادگاکە لەلایەن سەرۆکەوە پێشنیار دەکرێن، هەرگیز نایەتە دی.

پێشنیار دەکەم ئەو کەسەی بۆ سەرۆکی هەرێم هەڵدەبژێردرێت، دەس لە پۆستە حیزبییەکەی بکێشێتەوە.

سەرۆکی هەرێم ئەگەر موخالەفەی کرد، بە تاوانی (جینایە) بۆی ئەژمار بکرێت.

## پێنجەم: سەبارەت بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن:

١- سیستەمی بەڕێوەبردنی پارێزگاکان، سیستەمی ناوەندیی توندە، تیایدا پایتەختی هەرێم دەستەڵاتی بەسەر سەرجەم پارێزگاکاندا زاڵە. پێویستە بالانسی دەستەڵاتەکان دەستکاری بکرێت، بە شێوەیەك سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمدا لە ڕووی ئیدارییەوە بکرێت بە (لامەرکەزیی ڕاستەقینە).

٢- لە پڕۆژەکەدا پەیوەندیی نێوان (ئەنجوومەنی پارێزگاکان) و (ئەنجوومەنی شارەوانییەکان) دیار نییە، کە پێویستە ئەم ڕۆڵە ئاماژەی پێ بکرێت.

## شەشەم: مافە سیاسی و مەدەنییەکان لە پڕۆژەکەدا:

١- دەستەواژەی "پارتی تابعی بەرژەوەندیی بیانی" مانای چییە؟ پێشنیار دەکەم ئەم دەستەواژیە لابرێت.

٢- له پڕۆژەدەستوورەکەدا بە هیچ شێوەیەك باسی ئۆپۆزسیۆن نەکراوە، لە کاتێکدا لە دەستووری عورفی (بەریتانیا)دا هاتووە کە: بوونی ئۆپۆزسیۆن شانبەشانی دەستەلات، پێکەوە پێکهێنەری سیستەمە سیاسییەکەن.

٣- ماددەی (٧) لە پڕۆژەدەستوورەکەدا مافی چارەی خۆنووسینی باس کردووە، بەلام (مافی جیابوونەوەی ئیختیاری) باس نەکراوە، کە پێویستە بۆی زیاد بکرێت.

٤- ماددەی (٣٥) لە پڕۆژەکەدا مافی ئۆتۆنۆمیی بە کەمینەکان داوە. بۆ هەرێمێکی وەکو کوردستان کە ژمارەی دانیشتووانەکەی نزیکەی (٦) ملیۆن کەس و ژمارەی ئەو کەمینانەش ناگاتە چەند سەد هەزارێك، بە دروست نازانم ئەم مافەیان پێ بدرێت.

٥- لە پڕۆژەدەستوورەکەدا ژمارەیەکی زۆر لە مافە سیاسی و رۆشنبیرییەکان ئاماژەی پێ کراوە، کە ئەمە خاڵێکی ئەرێنیی ناو پڕۆژەدەستوورەکەیە، بەلام بە شێوەیەکی تێکەڵ هاتووە، پێویستە پێداچوونەوە بە رێکخستنیدا بکرێت.

٦- لە پڕۆژەکەدا کەمترین پانتایی بۆ ماف و ئیمتیازاتی ناوچە دابڕێندراوەکان دانراوە.

٧- لە دەروازەی دووەم، لە بەشی مافە شارستانی و سیاسییەکان، بەشی زۆری ئەو مافانە لە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا هاتوون، پێویستە سەرەتا ئاماژە بەوە بکرێت کە هەرێمی کوردستان پابەندە بە هەموو مافەکانی جاڕنامەکە و پاشان ماددەکان باس بکرێن.

**حەوتەم: سەرنجەكان لەسەر دەسەڵاتی دادوەری لە پڕۆژەیاساكەدا:**

١- لە پڕۆژەكەدا تەشكیلاتی تازەی دەستەڵاتی دادوەری دیاری كراوە، بە شێوەیەك داواكاری گشتی خراوەتە سەر ئەنجوومەنی دادوەری، ئەمەش خاڵێكی ئەرێنییە لە ڕووی چاكسازی لە دەستەڵاتی دادوەری لە هەرێمی كوردستان، بەڵام دەستەڵاتی دادوەری بەم دەستەڵاتانەوە لە بەرانبەر دەستەڵاتەكانی تر لاواز دەردەكەوێت.

٢- هەرچۆن ئەنجوومەنەكانی (وەزیران، پەرلەمان) سەرۆكیان هەیە، پێویستە ئەنجوومەنی دادوەرییش سەرۆكی هەبێت. چۆنیەتی دانانی ئەم سەرۆكە لە پرۆژە دەستوورەكەدا ئاماژەی پێ بكرێت.

٣- ئەندامانی ئەنجوومەنی دادوەری و (٧) ئەندامەكەی دادگای دەستووری، تەنها لە بەردەم سەرۆكی هەرێم سوێند بخۆن، پێشنیاركردن و دیاریكردنیان تەنها ئەركی ئەنجوومەنی دادوەری بێت.

٤- (قضاء الواقف) كە بریتییە لە پارێزەران و تەواوكەری كاروباری دادوەرییە لە یاسادا، بە هیچ شێوەیەك لە پڕۆژەكەدا باس نەكراوە.

٥- دەستووریبوونی یاساكان و گونجاوییان لە ئەنجوومەنی شوورا سەندراوەتەوە و دراوە بە دادگای دەستووریی هەرێم، ئەمەش خاڵێكی ئەرێنییە.

٦- ماددەی (١٠٠) لە پێناسی داواكاری گشتیدا بنووسرێ: (داواكاری گشتی نوێنەری كۆمەڵگایە). بۆ بەرگریكردن لە دادپەروەری و پاراستنی ڕەوایی و سیستەمی گشتی و ئاسایشی نەتەوەیی هەرێم.

٧- وەك چۆن داواكاری گشتی لە وەزارەتی دادەوە خراوەتە سەر ئەنجوومەنی دادوەری، بە هەمان شێوە ئەنجوومەنی شوورای هەرێمیش بخرێتە سەر ئەنجوومەنی دادوەری.

**هەشتەم: سەرنج لەسەر ماددەكانی تری پڕۆژەكە:**

١- ماددەی (٤) لە پڕۆژەدەستوورەكەدا لابردرێت، چونكە لە ماددەی (٥٢) بڕگەی سێیەم، دەقێك بەو مانایە هەیە.

٢- بڕگەی (١٨) لە ماددەی (١٩) كە ئازادیی حیزبە سیاسییەكان دەخاتە مەترسییەوە، لابردرێت، تەنها ناوەڕۆكی بڕگەی (١) لە هەمان ماددە بمێنێتەوە.

٣- لە ماددەی (٥٢) لەگەڵ وشەی كەمئەندام (خاوەن پێداویستیی تایبەتی) بۆ زیاد بكرێت.

٤- بڕگەی سێیەم لە ماددەی (٢) پێچەوانەی دەستوورە، لابردرێت باشە.

٥- ماددەی (١٥) لە پڕۆژەكەدا كە تیایدا هەرێمی كوردستان پشت بە سیستەمی ئابووری و بازاڕی كێبڕكێ دەبەستێت، پێویستە پسپۆڕانی ئابووریی زیانەكانی تەبەنیكردنی ئەم جۆرە سیستەمە بۆ هەرێمی كوردستان ڕوون بكەنەوە، پاشان بە شێوەیەكی تر دابڕێژرێتەوە.

٦- هێزە چەكدارەكانی هەرێم كە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەن، هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ ناگرێتەوە كە سەر بە وەزارەتی ناوخۆن، بەڵام لە پڕۆژەدەستوورەكەدا دەزگای ئاسایش سەر بە سەرۆكی هەرێمە.

٧- له مادده‌ی (٣٢) بڕگه‌ی دووه‌م، ده‌سته‌واژه‌ی (ڕژێمی به‌عس) بکرێت به (ڕژێمه‌کانی عێراق)، چونکه له پێش به‌عسیشدا ڕاگواستنی زۆره‌ملێ ئه‌نجام دراوه.

٨- له پرۆژه‌که‌دا تۆمار نه‌کراوه که چۆن هێزی پێشمه‌رگه‌ی کوردستان دروست ده‌کرێت، چۆن نوێده‌کرێته‌وه و ئینتیمای چۆنه.

٩- له کاتی تێکگیرانی ده‌سته‌ڵاته‌کانی سه‌رۆکی هه‌رێم له‌گه‌ڵ لایه‌نه‌کانی تر، کام ده‌زگای سه‌رووتر لێکیان ده‌کاته‌وه؟ هه‌روه‌ها سه‌رۆکی هه‌رێم بۆ کام ئه‌نجوومه‌نی لێپرسینه‌وه ملکه‌چ ده‌بێ؟

١٠- مادده‌ی (٤٣) له پڕۆژه‌که‌دا هه‌موار بکرێته‌وه و له کۆتاییدا (له‌سه‌ر بنه‌مای نوێنه‌رایه‌تیی ڕێژه‌یی فراکسیۆنه‌کان)ی بۆ زیاد بکرێت، بۆ ئه‌وه‌ی ده‌سته‌ی سه‌رۆکایه‌تی به‌پێی ڕێژه‌یی کورسییه‌کان به‌سه‌ر فراکسیۆنه‌کاندا دابه‌ش ببێت.

١١- له مادده‌ی (٥٣) بڕگه‌ی (١٤)، ڕێژه‌ی ده‌نگدان بۆ په‌سه‌ندکردنی سه‌رۆکی ده‌سته و کۆمیسیۆنه‌کان، له زۆرینه‌ی ڕه‌هاوه بۆ ٣/١ بگۆڕدرێت، ئه‌مه‌ش به ئامانجی پره‌نسیپی ته‌وافوقی نیشتمانی.

١٢- مادده‌ی (٨٨) و (٨٩) شوێنه‌که‌یان نه‌گونجاوه، پێویسته بگوازرێته‌وه بۆ دوای مادده‌ی (٢٢).

# دەستووری مەدینە
# یەکەمین بەڵگەنامەی دەستووریی باڵا لە مێژوودا*

بەڵگەنامە یاخود دەستووری مەدینە، لەلایەن پێغەمبەری ئیسلام موحەممەد (صلّی الله علیە وسلّم) دوای کۆچی بۆ شاری مەدینە نووسراوەتەوە. بە یەکەمین دەستووری مەدەنی لە مێژوودا دادەندرێت. لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی زۆری بۆ کراوە و مێژوونووسان و شارەزایان و تەنانەت ڕۆژهەڵاتناسانیش بە یەکێك لە شانازییەکانی شارستانیەتی ئیسلامیان داناوە، بە یەکێك لە سەروەرییە گەورەکانی مێژووی سیاسی و مرۆڤایەتییان هەژمار کردووە. دەستووری مەدینە لە یەك بازنەی دانانی یاساڕێژیدا بووە لە سەردەمی زێڕینی پێغەمبەری ئیسلامدا، دەتوانین بڵێین لە ڕووی مێژووییەوە یەکەمین بەڵگەنامەی دەستووریی نووسراوە کە تا ئێستا مابێتەوە.

ئەم دەستوورە لە بنچینەدا ئامانجی ئەوە بووە کە پەیوەندییەکانی نێوان سەرجەم پێکهاتە و گرووپەکانی ناو شاری مەدینە ڕێك بخات، لە سەرووی هەموویانەوە (کۆچکەران) و (پشتیوانان)، هەروەها (جولەکەکان و ئەوانی دیکە). بە شێوەیەك ئەم دەستوورە ئەرك و مافەکانی دابەش کردووە، وێڕای چەسپاندنی برایەتی لە نێوان هەردوو گرووپە گەورەکەی شاری مەدینە.

---

* ئەم توێژینەوەیە لە گۆڤاری خاڵ، ژمارە ١، لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٥ بڵاوکراوەتەوە .

له هه‌مان کاتدا ئه‌و بنه‌مایه‌شی چه‌سپاند که پێویسته موسڵمانان و جووله‌که‌کان پێکه‌وه به‌رگری له ده‌وڵه‌ته تازه دروستبووه‌که بکه‌ن له دژی هه‌ر ده‌ستدرێژی و مه‌ترسییه‌کی ده‌ره‌کی.

به واژووکردنی ئه‌م ده‌ستووره و دانپێداهێنانی له‌لایه‌ن سه‌رجه‌م پێکهاته‌کانی ناو شاری مه‌دینه‌وه، ئه‌نجامه‌که‌ی بریتی بوو له پێکهاتنی ده‌وڵه‌تێکی دامه‌زراوه‌یی که تیایدا په‌یوه‌ندییه‌کان ڕێکخران. سه‌رۆکی ئه‌م ده‌وڵه‌ته که‌سایه‌تیی پێغه‌مبه‌ری ئیسلام بوو. به هه‌موو شێوه‌یه‌ك مه‌رجه‌عیه‌تی بالاّ بۆ شه‌ریعه‌تی ئیسلامی ده‌گه‌ڕایه‌وه و سه‌رجه‌م مافه‌کانی مرۆڤ دابین کران، وه‌ك مافی ئازادیی بیروباوه‌ڕ و ئازادیی به‌ڕێوه‌بردنی ڕێوڕه‌سمه ئایینییه‌کان، هه‌روه‌ها هه‌ردوو پره‌نسیپی یه‌کسانی له به‌رده‌م یاسادا و دادگه‌ریی له ئه‌رك و مافدا.

## کورته‌ی زانیاریی خێرا:

١- پێغه‌مبه‌ری ئیسلام (صلّى الله عليه وسلّم) له‌گه‌ڵ بوونی سه‌رچاوه‌یه‌کی گه‌وره‌ی وه‌حی که بریتییه له قورئانی پیرۆز، که ده‌وڵه‌تێك بینا ده‌کات په‌نا بۆ دانانی ده‌ستوورێك ده‌بات، ئه‌مه‌ش مانای ئه‌وه‌یه که قورئان له ڕووی پله و پایه‌وه زۆر له ده‌ستوور گه‌وره‌تره. واتا گونجاوه که موسڵمانان بۆ ڕێکخستنی ژیانی سیاسی، یاسایی، کۆمه‌لاّیه‌تیی خۆیان، خاوه‌نی ده‌ستووری نووسراو بن که تیایدا ڕه‌نگدانه‌وه‌ی بارودۆخی خۆیان بێت.

٢- ئه‌م به‌ڵگه‌نامه‌یه له‌لایه‌ن مێژوونووسانی ئیسلام و شاره‌زایانی بواری نووسینه‌وه‌ی سیره، توێژینه‌وه‌ی زۆر قووڵی له‌سه‌ر نه‌کراوه، ئه‌مه‌ش ئه‌گه‌ر

نیشانە بێت بۆ شتێك، نیشانەیە بۆ ئەوەی کە شارەزایی یاسایی و دەستووری لە لای خودی ئەم مێژوونووسانە زۆر لاواز بووە، لەبری بایەخدان بەم پرسە گرنگانەی نێو نووسینەوەی سیرە، هاتوون تەنها توێژینەوەیان لەسەر جەنگەکان و لەدایکبوون و باری کۆمەڵایەتی کردووە.

٣- ئەم دەستوورە کە لە کتێبەکانی (سیرە)دا بە هەریەك لە دەستەواژەکانی (الوثیقة) یاخود (الصحیفة) یان (المعاهدة) هاتووە، واتە وشەی دەستوور لە کاتی خۆیدا بۆ ئەم بەڵگەنامەیە بەکار نەهاتووە، چونکە لە کاتی خۆیدا وشەی دەستوور وەك چەمکێکی باو بەکارنەهێنراوە.

٤- ئەگەر بە چاوی بەراوردکارانە تەماشای ئەم دەقانە بکەین، ئەوا کۆمەڵێك مانای گرنگ و بایەخدار دەبینینەوە کە زیاتر لە هەزار و چوارسەد ساڵ لەمەوبەر بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی لە نێوان گرووپە جیاوازەکان دانراوە. تێبینیی ئەوە دەکەین کە چەندە عەقڵیەتی پێغەمبەری ئیسلام فراوان بووە بۆ دروستکردنی کەشێکی لەبار بۆ پێکەوەژیان و دانانی بنەما گشتییەکانی دەستوور بۆ حوکومڕانی لە دەوڵەتە تازەکەدا.

٥- لە ڕووی سەنەدەوە ئەنجامدانی پرۆسەی (تخریج) بۆ کۆی سەنەدەکان کە دەقی دەستوورەکەیان گێڕاوەتەوە، وەکو شارەزایانی ئەو بوارە لێکۆڵینەوەیان کردووە، گەیشتوونەتە ئەو ڕاستییەی کە فەرموودەکان پلەی (صحیح)یان وەرگرتووە، واتا ئەم بەڵگەنامەیە تەواو درووستە و هیچ ئەگەرێکی دەستکاریکردنی ناوەڕۆکی تیادا نییە.

٦- ئەم دەستوورە لە ساڵی یەکەمی کۆچکردنی پێغەمبەری ئیسلام (صلّى الله علیە وسلّم) نووسراوە، واتا ساڵی ٦٢٣ زایینی. ژمارەی کۆی ماددەکانی ئەم دەستوورە (٤٧) ماددەیە، کە ژمارەیەك ماددەیان تایبەتە

بە موسڵمانان خۆیان، ژمارەیەکی دیکە لە بەندەکانی تایبەتە بە پەیوەندیی نێوان موسڵمانان و خاوەن ئایینەکانی دیکە، بە تایبەت جوولەکەکان و بتپەرستەکان.

بە شێوەیەك دەقەکانی نووسراونەتەوە، ڕێگە دەدات خاوەن ئایینەکانی دیکە کە کەمینەی دانیشتووان لە دەوڵەتە تازەکەی مەدینە پێکدێنن، لەگەڵ موسڵمانان بژین، بە ئازادی و بەبێ ئەوەی هیچ کەسێك ئازاریان بدات.

لە هەمان کاتدا ئەم بەڵگەنامەیە ئەوە دەسەلمێنێ کە دەقەکانی ڕەسەنن و بە چەند دەستەواژەیەك گوزارشتی لێ کراوە کە لە ڕۆژگاری پێغەمبەری ئیسلامدا (صلّی الله علیە وسلّم) بەکارهاتووە، لە پاشاندا دەستەواژەکان بەکارهێنانیان کەم بوونەتەوە. دەقەکانی ئەم دەستوورە پیاهەڵدان یان شکاندنی کەسێك یاخود گرووپێکی تێدا نییە. بە شێوەیەکە دەتوانین بڵێین ئەم بەڵگەنامەیە ڕەسەنە و ساختەکراو نییە، ڕێك بە شێوازی نووسینەوەی نامەکانی پێغەمبەری ئیسلام (صلّی الله علیە وسلّم) دەچێت.

٧- بە شیکاریی بەڵگەنامەکە بۆمان دەردەکەوێت کە چەندین ڕووی لەخۆ گرتووە، وەکو لایەنی فیقهی و هەروەها لایەنی سیاسی، دیارترین لایەنیش، لایەنی یاسایی بەڵگەنامەکەیە. لە ڕووی یاساییەوە بەڵگەنامەکە ژمارەیەك ڕێسای جینائی، دەستووری، کارگێڕیی لە خۆی گرتووە.

ئەم بەڵگەنامەیە بە ئەندازەی گەورەیی دەقەکانی، دەتوانین بڵێین گەورەتر بوو، چونکە لەسەر زەوی واقیعدا پیادە کرا، نەك وەك ئەو دەستوورانەی کە بە درێژایی مێژوو نووسراونەتەوە و تەنها دەقێکی مردوو بوون و لە واقیعدا جێبەجێ نەکراون.

٨- هەندێك لە لێکۆڵەرەوان پێیان وایە پێغەمبەری ئیسلام (صلّی الله علیه وسلّم) دوو جۆر دەستووری نووسیوە: یەکێکیان بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی لە نێوان موسڵمانانداو بەهێزکردنی گیانی برایەتی لە کۆمەڵگە تازە دروستبووەکەدا. دووەمیان بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی لە نێوان موسڵمانان و خاوەن ئایینەکانی دیکە، کە باوەڕیان وابوو دەتوانن لەسەر بنەمای پێکەوەژیان لەگەڵ زۆرینەی موسڵماناندا هاوپەیمانیەتی بکەن. هەموو ئەمانەش بە ئامانجی سەلامەتیی ژیان و ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە مەدینەدا بوو.

٩- ئەم دەستوورە ڕێکخستنێکی نوێی بە پەیوەندییەکان لە شاری مەدینە بەخشی، کە وەك یاسای بنەڕەتیی دەوڵەتە تازەکە وابوو. چۆنیەتی مامەڵەکردنی کۆمەڵگە و دەوڵەت لە نێو موسڵمانان خۆیاندا و هەروەها موسڵمانان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، دیاری کرا.

لەم نووسینەماندا وەك هەوڵێکی کورت، هەوڵ دەدەین لەسەر دیارترینی ئەو ناونیشانانە بووەستین کە لە دەستووری مەدینەدا دەقنووس کراون و نزیك دەبێتەوە لە پرۆسەی ئەندازەی نووسینەوەی بنەما دەستوورییەکان، کە لە کاتی ئێستادا هەرێمی کوردستان و زۆرێك لە وڵاتانی ئیسلامیی هاوچەرخ پێویستیان بە دەستوورێکی وەهایە کە جۆری سیستمی فەرمانڕەوایی و پارێزراوییەکی (حماية) زۆر بۆ ماف و ئازادییەکان دابین بکات.

### * دیارترین تەوەرەکانی دەستوورەکە :

**یەك: چەسپاندنی چەمکی نەتەوە نەك خێڵ**

ئەمەش بە زاراوەی ئێستا واتە مەدەنیەتی سیستمی ژیان. هەروەك لەم دەقەدا هاتووە "إنهم أمه واحده من دون الناس" کە بەپێی ئەم دەقە، موسڵمانان بە بێ هیچ جیاوازییەکی خێڵەکی و ڕەچەڵەکیان، یەکیان گرت و لە چوارچێوەی ئیسلامدا توانەوە. دەقەکە پێناسەی دەوڵەتی ئیسلامیی کرد، کە تیایدا ئینتیمای بۆ ئایینی ئیسلام کردە سەرچاوەی سەرجەم پاڵپشتییەکانی دیکە وەك بنەماڵە و خێزانێکی دیاریکراو، ئەمەش لە ماددە دووی دەستوورەکەدا چەسپێندرا. لە هەمان کاتدا مانایەکی دیکەی جوانتری تێدایە، کە پێغەمبەری ئیسلام (صلى الله عليه وسل) عەرەبی گواستەوە لە ژیانی خێلەکییەوە بۆ قۆناغێکی باڵا کە بریتییە لە چەمکی ئوممەتبوون.

**دوو: دیاریکردنی مەرجەعیەتی باڵای موسڵمانان**

لە ماددە ٢٣ دەستوورەکەدا هاتووە "وإنه مهما اختلفتم فيه شيء فإن مردوه الى الله و الى محمد" بەم پێیە لە کاتی ڕوودانی ناکۆکیدا، قورئان و سوننەت کراوەتە سەرچاوەی یەکلاکەرەوە و بە ڕوونی ئەوە هاتووە ئەگەر ناکۆکی ڕوو بدات لە هەر نووسراو یان کردارێك، نابێ پێچەوانەی دەقەکانی قورئان و سوننەت بێت، ڕای یەکلاکەرەوە تەنها لەم دوو سەرچاوەیەوە وەردەگیرێت.

**سێ: چەسپاندنی هاوکاریی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا**

ئەمەش بە ڕوونی لە خوێندنەوەی دەستوورەکەدا هەست بەم ئەرك و مافانە دەکەیت کە پێکەوە هەمووان نیشتمانێك کۆیان دەکاتەوە و هەموویان بەرانبەری بەرپرسیارن، لە هەمان کاتدا سیستەمێکی نوێی هێنایە کایەوە کە بریتییە لە سیستەمی هاوپەیمانیکردن (تحالف).

**چوار: ئاسایشی ژیان و پاراستنی سیستەمی گشتی**

هەروەك لە ماددەی (٣٩)دا هاتووە "وإن يثريب حرام جوفها لأهل هذه الصحيفة" بە مانای تێکدانی باری ئاسایشی شاری یەسریب بۆ واژووکارانی ئەم دەستوورە حەرام و قەدەغە کراوە، ڕێگە نادرێت بە هیچ پاساوێك سیستەمی گشتیی کۆمەڵگای دەوڵەتە تازەکە تێك بدرێت.

**پێنج: پاراستنی مافی ئەوانی دیکە لە کەمایەتییەکان**

لە ماددەی (٢٥)ی دەستوورەکەدا هاتووە "لليهود دينهم و للمسلمين دينهم موالهم و أنفسهم".

**شەش: چەسپاندنی بنەمای کەسیبوونی تاوان و وەرگرتنی سزای تاوان**

وەك لە ماددەی ٤٥دا هاتووە "لا يكسب كاسب إلا على نفسه".

**حەوت: قەدەغەکردنی هەموو جۆرێك لە ستەم و نادادگەری**

هەروەك لە ماددەی ٣٨دا هاتووە "و إن النصر للمظلوم" واتە دەبێت کەسی ستەملێکراو یارمەتی بدرێت و کۆتایی بە دۆخی ستەمەکەی بێت.

**هەشت:** چەسپاندنی پابەندبوونی هەموولایەك بە پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگە، هەروەك لە ماددەی ٣٧دا هاتووە "... وإن بينهم النصر على من حارب أهل هذه الصحيفة".

**نۆ: چەسپاندنی پرەنسیپی (المشاركة)**

ئەمەش وەك بنەمایەکی گرنگ لە مەدەنیەتی سیستەمی حوکمڕانی لە مەدینەدا، چونکە لە دەسەڵاتی دیکاتۆریەتدا هیچ جۆرە ڕەنگ و فرەییەك قبووڵ ناکرێت. ئەم بنەمایەش لە ماددەی ٢٠ لە بڕگەی (ب) دەقنووس کراوە.

**دە: دەسەڵاتداری یەکەم لە دەوڵەتدا کێیە؟**

ماددەی٢٣ لە دەستوورەکەدا ئاماژە بەوە دەدات کە پێغەمبەری خوا (صلّى الله عليه وسلّم) دەسەڵاتداری ڕەها و یەکەمە لە دەوڵەتەکەدا، بۆ کاروباری دنیایی موسڵمانان کار بە ڕاوێژ دەکات.

ئەم ماددەیە ئەو ڕاستییەی چەسپاند کە ئایینی ئیسلام تەنها بۆ ئیمانداران جێگەی پابەندییە، هەڵگرانی ئایینی دیکە، یان بێ ئایینەکان، ئازادن لە هەڵبژاردنی ئایینی خۆیان و جۆری پابەندییان.

**یازدە: چەسپاندنی بنەمای هاووڵاتیبوون**

دیارترین بنەما کە دەستووری مەدینە جێگیری کردووە، بنەمای هاووڵاتیبوونە. بە شێوەیەك جوولەکە کە لە ڕووی ئایینییەوە لەگەڵ ئایینی زۆرینە جیاواز بوون و کێشەی سیاسییان لەگەڵ موسڵماناندا زۆر بوو، کراون بە بەشێك لە هاووڵاتیانی دەوڵەتە ئیسلامییەکە. ئەمەش لە ماددەی ١٦دا هاتووە "وإنه من تبعنا من اليهود فإن له النصر والاسوة، غير مظلومين ولا متناصر عليهم".

**دوازدە:** بەڵگەنامەکە ئەو ڕاستییە دەردەخات کە پێغەمبەری ئیسلام (صلّى الله عليه وسلّم) چەند شارەزایانە دەقەکانی ڕێکخستووە، بە شێوەیەك تەواوی پەیوەندییەکانی ئەو کاتەی لە شاری مەدینەدا لە نێوان دانیشتووانەکەیدا بە جوانترین شێوە ڕێکخستووە، کە دەتوانێ دادگەریی ڕەها و یەکسانیی تەواو لە نێو مرۆڤەکاندا بچەسپێنێت.

دەقەکانی دەستوورەکە پشتئەستوورە بە دەقە پیرۆزەکانی نێو قورئان، کە تا ئێستاش وەك کۆمەڵێك بەهای مرۆیی پیرۆز ئامادەییان هەیە و کاریگەری لەسەر ڕەوتی یاسادانانی نزیك بە (٥٠) وڵاتی جیهان دادەنێت.

**سیازدە: چەسپاندنی سزای خوێنبایی (دییە) لەبری تۆڵە**

بۆ حاڵەتی تاوانی کوشتن لە نێوان هۆزەکاندا، بە ڕوونی دەستوورەکە یاسای خوێنبایی (دیە)ی چەسپاند، ئەمەش بە ئامانجی پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دەستەبەرکردنی قەرەبووی گونجاو بۆ کەسوکاری کوژاوەکە. بەم ماددەیە، ئەو نەریتە کۆنەی کولتووری جاهیلی کۆتایی پێ هات کە بریتی بوو لە تۆڵەکردنەوە بەدەست لەلایەن هۆزێکی دیاریکراوەوە.

**چواردە: سەربەخۆیی دارایی بۆ هەر پێکهاتەیەك**

دەستووری مەدینە وەك پرەنسیپێکی باڵا، سیستەمی ئابووریی هەریەك لە پێکهاتەکانی دەوڵەتە تازەکەی دیاری کرد. وەك تیایدا هاتووە کە "وإن على اليهود نفقتهم و على المسلمين نفقتهم". لە هەمان کاتدا فەرمانی هاوکاریکردنی دارایی نێوان سەرجەم پێکهاتەکان دەردەکات دژ بە هەر مەترسییەکی دەرەکی.

**پازدە: دڵسۆزیی نێوان هەڵگرانی دوو ئایینەکە**

دەستوورەکەی مەدینە پرەنسیپی دڵسۆزی و هاکاری لەسەر چاکە نەك لایەنێکی دیاریکراو، لە نێوان هەڵگرانی ئایینە ئاسمانییەکاندا لە شاری مەدینە چەسپاند. ئەمەش مانای ئەوەیە کە چاکە و کەڵك و سوود هەمووان کۆدەکاتەوە، دەبێت هەڵگرانی ئایینە ئاسمانییەکان بە جیاوازییەکانیانەوە دڵسۆز و پەرۆشی یەکدی بن، وەك تێیدا هاتووە "وإن بینهم النصح و النصیحة والرد من الإثم".

**شازدە: حوکمە کۆتاییەکان**

لە ماددەی ٢٠دا بە هەمان شێوە کۆمەڵێك دەق لەخۆ دەگرێت کە تایبەتە بە حوکمە کۆتاییەکان، کە تەرخان کراوە بۆ ئەرکی بتپەرستانی عەرەب، بە هەمان شێوەی ماددەی ٤٣ تیایدا هاتووە کە ئامانج لەم ئەرکە قەدەغکردنی بتپەرستانی مەدینەیە لە هەر هاوکارییەکی سیاسی یان سەربازی لەگەڵ بتپەرستەکانی شاری مەککە.

**لە کۆتاییدا:**

ماوەتەوە بڵێین کە عەقڵیەتی نووسینەوەی دەستووریی لە دەستووری مەدینەدا بە ڕوونی دیارە. ئێمە دەتوانین بۆ هەر دەستوورێکی نوێ سوود لەم ئەزموونە درەوشاوەیە وەربگرین.

## سەرچاوەكان:


- السيرة النبوية. د. على محمد الصلابي ج١ – ل٥٦٤.
- پوختەی ژياننامەی پێغەمبەری خوا – على باپير– ل ٤١٢.
- الرحيق المختوم– صفى الرحمن المباركفوري، ص ١٩٠.
- السيرة النبوية الصحيحة – د. أكرم ضياء العمري.
- سبل الهدى والرشاد في سيرة الخير العباد، تاليف: الامام محمد بن يوسف الصالحي الشامي ج٣.
- يەكەمين دەستووری نوسراو لە جيهاندا، وەرگێڕانی شوان هەورامی.
- وثيقة المدينة المنورة، الدستور الإنساني الاول، اعداد: د.سيد عمر.
- النظام السياسي في الاسلام، تأليف: د.محمد عبدالقادر ابو فارس، ص ٦٦.
- مقالة بعنوان: دستور المدنية... مفخرة الحضارة الاسلامية، تأليف: محمد مسعد ياقوت، موقع صيد الفوائد.
- مقالة بعنوان: وثيقة المدينة، دراسات في التأصيل الدستوري في الاسلام.
- الموسوعة الحرة ويكبيديا.

# هەڵسەنگاندنی یاسایی
# بڕیارە چاکسازییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان*

ڕۆژی دووشـــەممە ٢١/١٢/٢١٠٥، ئەنجوومـــەنی وەزیرانـــی هــــەرێمی کوردستان، لە دانیشتنی تایبەتی خۆیدا، لەبارەی دۆخی دارایی و ئـابووریی هـەرێمی کوردسـتانەوە چـەند بڕیـارێکی دەرکـرد. بڕیـارە چاکسـازییەکانی حکومـەتی هـەرێم، وەڵامگۆی ئـەو قەیرانـە داراییـە قورسـەیە کـە ڕووی لـە هەرێمی کوردستان کردووە.

لــە کۆبوونەوەکــەدا ژمارەیــەك ڕێکــاری دارایــی بــۆ بەرەنگاربوونــەوەی قەیرانەکە گیراونەتەبەر، ئێمـە لـە خـوارەوە کـۆی سـەرنجەکانی خۆمـان لـە ڕووی یاساییەوە، هەروەها هەڵسەنگاندێکی زانستییانە، بۆ کـۆی بڕیارەکـان دەخەینە ڕوو:

### لایەنە ئیجابییەکان:

١. خــەمی چاکســازی، داخوازییــەکی گــرنگ و پڕبایــەخی لایەنــە سیاسییەکان و شـەقامی کوردییـە. لەمێـژە لایـەنی نـاوخۆیی و نێودەوڵـەتی چاویان لەسەر ئەم پرسەیە.

٢. هــەر هــەوڵێك بــۆ ڕێکخســتنەوەی سیســتەمی مووچــە و دەرماڵــەی فەرمانبەران و پێکهێنـانی پەیکـەری (وەسـفی وەزیفـی) بـۆ هــەر یـەکێك لـە

---

* ئەم توێژینەوەیە لە گۆڤاری پەرلەمانتار، ژمارە ٢٣، لە حوزەیرانی ٢٠١٦ بڵاوکراوەتەوە.

فەرمانبەرانی سنووری هەرێمی کوردستان، کارێکی گرنگ و ئەرکێکی هەنووکەیی حکومەتە.

٣. دەسەڵاتی جێبەجێکردن پاش دوو ساڵ وەڵامی خۆی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانی دارایی هەرێم دەربڕیوە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی تا ڕادەیەك باشە، بە سوودوەرگرتن لەو پرۆژە چاکسازییانەی بۆ پرسی دارایی لە ٢٠١٥دا پێشکەش کراون.

٤. حکومەت، خەرجیی زۆری ناپێویست و بەهەدەردانی سامانی گشتیی ئەنجام داوە، هەر هەوڵێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دۆخە، کارێکی گرنگە.

٥. گرنگە دەسەڵاتی جێبەجێکردن چاکسازیی دارایی لە خۆیەوە دەستپێکردووە.

## لایەنە نەرێنییەکان:

١. هەڵەیە ئەم بڕیارانەی حکومەت ناوی پرۆژەی چاکسازیی لێ بنرێت، بەڵکو زیاتر دروستە ناوی پرۆژەبڕیاری سکهەڵگوشین (تقشف)ی لێ بنرێت، چونکە پرۆژەی چاکسازی لەلایەن کەسانی پسپۆڕی ئابوورییەوە وەك هەوڵێکی درێژخایەن دەنووسرێتەوە.

پرۆژەی چاکسازی ئەگەر بە شێوەیەکی دروست بکرێت، دەبێت لەلایەن ناوەندێکی ئابووریی نێودەوڵەتی و پسپۆڕانی ئابوورییەوە ئامادە بکرێ، خودی پرۆژەکە لەلایەن پەرلەمانەوە شەرعییەت و هێزی یاسایی پێ بدرێت، ئەمەش ئاماژە بە بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ کە پەرلەمانی کوردستانی

بە تاکە مەرجەعی سیاسی و دەستووری بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستان داناوە.

٢. بڕیارە چاکسازییەکانی حکومەت، لە بڕین و کەمکردنەوەی مووچە و دەرماڵە و باجەوە دەستی پێ کردووە، کە بەشی زۆری ئەم بڕگانە بە یاسا ڕێکخراون، واتا دەقی یاسایی لە ڕووی مەرتەبەوە لە سەروو بڕیارەوەیە و ڕێنمایی و بڕیاری دارایی ناتوانێت ڕایبوەستێنێت، مەگەر بە هەموارکردنەوەی دەقە یاساییەکان لە دانیشتنی ئاسایی پەرلەماندا. حکومەت ئەگەر مەبەستی دەستکاریی مووچە و دەرماڵەکانە، دەیتوانی پڕۆژەیاسا بۆ هەمواریان پێشکەش بکات.

٣. ئەو بڕیارانەی کە لەسەر پەرلەمانی کوردستان دەرکراون، بە بڕینی دەرماڵەی هەریەك لە بەڕێزان (سەرۆك و جێگر و سکرتێر و ئەندامانی پەرلەمان)، نایاسایین، چونکە پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتێکی سەربەخۆیە (سلطة مستقلة)، دەسەڵاتی هیچ ناوەندێکی بڕیاری ناوخۆیی بە سەرەوە نییە. هەروەها ئەم بڕیارانە ئەو پرەنسیپە دەشێوێنێ کە بە (مبدأ فصل السلطات) ناسراوە، کە بەپێی ئەم پرەنسیپە، دەبێت هاوسەنگی و هاوکاری لە نێوان دەسەڵاتەکاندا هەبێت، نەك دەستدرێژی بۆ سەر ئەوی دیکە. ئەمە لە کاتێکدا پەرلەمانی کوردستان بودجەی سەربەخۆی خۆی هەیە، تەنانەت دەسەڵاتی جێبەجێکردن ناتوانێت چاودێریی بکات.

٤. هەروەها ئەندامی پەرلەمان وەك هەڵبژێردراوێك بۆ دەسەڵاتی یاسادانان، ئەرکەکانی بە یاسا ڕێکخراوە، ناکرێت بە (فەرمانبەر) ئەژمار بکرێت، کە هاوکاریی و دەرماڵەکانی بە یاسا رێکخراوە، هەر بڕیارێك لە

دەرەوەی ئەم پرسە، بە (باطل) ئەژمار دەکرێت، پەرلەمان تەنها خۆی دەتوانێت دەستکاریی مووچە و دەرماڵەکانی خۆی بکات.

٥. سەلبیاتی گەورەی پرۆژەکە ئەوەیە کە لە مووچە و دەرماڵەوە دەستی پێکردووە بە کەمکردنەوە، یاخود بڕین، یاخود نەبەخشینی هیچ (علاوة و ترفیع) بە فەرمانبەران لە ساڵی ئایندەدا. ئەمە لە کاتێکدا بۆ هەر پرسێکی گەورەی چاکسازی، گرنگترە ئەم سێکتەرانە چاکسازییان تێدا بکرێ، چونکە داهاتەکانی زۆر زیاتر دەبێت لە خودی ئەم بڕیارانەی کە دراوە:

**بوارەکانیش ئەمانەن:**

أ- نەهێشتنی خەرجیی زۆر لەسەر دارایی گشتی.

ب- نەهێشتنی مووچەخۆری بندیوار و چەند مووچە.

ت- شەفافیەتی تەواو لە مەلەفی وەبەرهێنانی نەوتدا.

پ- هاوکاری و ئاسانکاری بۆ کەرتی تایبەت.

ج- ڕێکخستنەوەی داهاتی گومرگی.

ح- پێداچوونەوە بە یاسای خانەنشینیی پەرلەمانتار و پلەتایبەتەکان.

٦. پرۆژەی چاکسازیی بۆ بەدەستهێنانی هێزی ئیلزامی یاسایی، دەبێت لە پەرلەمان پەسەند بکرێت، یاخود پەرلەمان بەشێك لە دەسەڵاتەکانی (تفویضی) دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بکات، کە ئێستا ئەمەی نەکردووە.

٧. لە ساڵی ٢٠١٥دا ژمارەیەك پرۆژەی چاکسازی ئامادە کرابوو، کە هەندێکیان لەلایەن وەزارەتی دارایی و هەندێکیان لەلایەن پەرلەمانتارانەوە پێشکەش کراون، بەڵام هیچ یەکێك لەو پرۆژانە جێی نەگرتووە، لە کاتێکدا پێشکەشکردنی پرۆژەی چاکسازی کاری پەرلەمانتار نییە.

٨. مووچە و دەرماڵەکانی هەریەکە لە سەرۆکایەتیی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی دادوەری، بە یاسا ڕێکخراوە، کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەدەم:

أ- لە دەستووری کۆماری عێراق، ساڵی ٢٠٠٥، ماددەی ٦٣دا هاتووە:

یەکەم: ماف و ئیمتیازەکانی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران و هەردوو جێگرەکەی و ئەندامانی ئەنجوومەن، بە یاسا ڕێکدەخرێت.

ب- لە ماددەی ٤١ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراودا هاتووە: "سەرۆك و جێگری سەرۆك و سکرتێر و ئەندامانی پەرلەمان، مانگانە پاداشتێك وەردەگرن کە پەرلەمانی دەستنیشانی دەکات". پەرلەمانی کوردستان بە بڕیاری ژمارە ١٣ لە بەرواری ١٩٩٢/٩/١٣، مووچە و دەرماڵەی خۆی ڕێکخستووە. کەواتە پرسی مووچە و دەرماڵەی سەرۆك و جێگری سەرۆك و سکرتێر و ئەندامانی پەرلەمان، بە یاسا ڕێکخراوە، چونکە بڕیارەکانی پەرلەمان (تشریع)ین و هێزی یاسایی خۆیان هەیە، بە ڕێنمایی و بڕیاری دارایی دەستکاری ناکرێن. بەپێی یاسای ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٠٩، لە ڕۆژی سوێندخواردنیەوە بە ئەندامی پەرلەمان ئەژمار دەکرێت و هەموو مافێکی ئەندامی دەبێت.

ج - لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا، ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، لە ماددەی ٢٨، بڕگەی ١دا هاتووە: هەر یەك لە سەرۆك و جێگرەکەی و سکرتێر و ئەندامان، مووچە و دەرماڵەی مانگانە وەردەگرن، کە پێشتر گوتمان بە بڕیاری ژمارە ١٣ لە ١٩٩٢/٩/١٣ ڕێکخرابوو، بە بڕیاری ژمارە ٣٨ لە بەرواری ١٩٩٣/٧/١٨ هەموار و جێگیر کراوە.

خ- خانەنشینیی ئەندامانی پەرلەمان لە پەیڕەوی ناوخۆ لە ماددەی ٢٩دا ڕێکخراوە، کە تێیدا هاتووە: ٢- ئەگەر ئەندامێك لە کاتی یان لە ئاکامی ڕاژەی لە پەرلەماندا یان بەهۆیەوە کۆچی دوایی کرد، ئەوا مووچەیەکی خانەنشینی بۆ خێزانەکەی کە پەرلەمان دیاریی دەکات، تەرخان دەکرێت. هەروەها لە یاسای ژمارە ١٣ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراودا ئەم پرسە ڕێکخراوە، لە ماددەی دووەم، برگەی (أ): "سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی و سکرتێر و ئەندام، لە کاتی تەواوبوونی ئەندامێتی، یان نەتوانینی جێبەجێکردنی کارەکەی، یان نەمانی ئەندامێتییەکەی، ٨٠٪ی سەرجەم مووچە و دەرماڵەی مانگانەی هاوەڵەکانی کە بەردەوامن لە ئەنجوومەن، وەردەگرێت.

هـ- مووچە و دەرماڵەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان- عێراق و جێگرەکەی، بە یاسای ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠١٠ دیاری کراوە، واتا پێویستە یاساکە هەموار بکرێتەوە، نەك بە بڕیاری چاکسازی دەستکاریی بکرێ.

و- دەسەڵاتی دادوەری لە یاسای دەسەڵاتی دادوەریی هەرێمی کوردستان- عێراق، ژمارە ٢٣ی ساڵی ٢٠٠٧، بودجەی تایبەتی خۆی هەیە، وەك لە ماددەی چوارەمدا هاتووە: "دەسەڵاتی دادوەری بودجەیەکی تایبەتی هەیە و لەلایەن ئەنجوومەنی دادوەرییەوە ئامادە دەکرێ و دەخرێتە بەردەم پەرلەمانی کوردستان بۆ پەسەندکردنی". کەواتە دەستکاریی مووچە و دەرماڵەی دادوەران، نایاساییە.

ح- خاوەن وەزیفە باڵاکان بەپێی یاسا مووچە و دەرماڵە وەردەگرن، کە ئەوانیش بریتین لە: یاسای خزمەتی شارستانی، یاسای مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی، ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٨، لە هەمان

کاتدا خانەنشینییەکەیان بـەپێی یاسـای ژمـاری ٣٦ی سـاڵی ٢٠٠٤ی یاسـای خانەنشینیی خاوەن وەزیفە باڵاکانی هەرێمی کوردستانی – عێراق دەبێت.

ئەوەی تایبەتە بە پەرلەمان و فەرمانبەرانی پەرلەمان، بە هیچ شـێوەیەك لە دەسەڵاتی جێبەجێکردندا نییە دەستکارییان بکات.

ئەگەر پاساوی حکومەت بۆ ئەم دەستکارییەش بریتـی بێـت لـە بڕیـاری ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠٢، کە لە بڕگە (١)دا هـاتووە: "دەسـەڵات دەدرێـت بـە سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان کە دەرماڵە بە کارمەندانی فەرمانگەکانی هەرێم بدات و هەمواریشیان بکات". ئەم بڕیارە بە هیچ شـێوەیەك پەرلـەمان ناگرێتـەوە، چـونکە پەرلـەمان فەرمانگـە نییـە و بڕیـار و ڕێنمـایی ناتوانێـت بڕیارەکانی بووەستێنێ.

٨– کۆی سیستەمی مووچەی وڵاتی ئێمـە لەسـەر سیسـتەمی ئیشـتراکی بینا کراوە، لە وڵاتی نەوتیدا حکومەت لەبری پێدانی بەشی پارە بە هاووڵاتی لە داهاتی نـەوت، دەبێـت پاڵپشـتیی سـێکتەرەکانی کارەبا و گواسـتنەوە و سووتەمەنی و خۆراك و تەندروستی و خوێندن... هتد بکات، بە هیچ شێوەیە نابێت پشتیوانییەکانی حکومەت بۆ ئەم سێکتەرانە بووەستێت.

# ئەنفال، تاوانی سەدە
# وەك پێویست پەندی لێ وەرنەگیراوە*

ئەنفال، ناونیشانی ئەو تاوانە گەورەیەیە کە ڕژێمی بەعس ساڵی ١٩٨٨ دژی گەلێکی موسڵمان ئەنجامی داوە. گەورەترین زیانی مرۆیی و ماددی و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی لێکەوتەوە، کە تا ئێستاش ئەم زامە قووڵە ساڕێژ نەبووە. ئەگەرچی سەرانی بەعس لەسەر ئەم کەیسە لە بەرواری ٢٠٠٧/٦/٢٤ دادگایی کراون و سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە و تاوانەکە بە جینۆساید ناسێنراوە، بەڵام ئەوەی بۆ ئەم تاوانە کراوە، زۆر کەمترە لە قەبارەی تاوانەکە. پاش ٢٨ ساڵ، کەسوکاری قوربانییان زۆر کەمیان بۆ کراوە و قەرەبوو نەکراونەتەوە. دەسەڵاتیش لە هەرێمی کوردستان زۆر کەمتری کردووە و بە ئەندازەی قوربانییەکە نەبووە. جەلادەکانی بەعسیش لە کۆماری ترسەکەیاندا، ستەمیان بەرانبەر قورئان و خوای میهرەبان کرد کە وشەی ئەنفالیان بەکارهێنا. قۆناغەکانی ئەنفال هەشتن و لە ٢٨ی شوباتی ١٩٨٨ تا ٢٦ی ئابی هەمان ساڵی خایاند.

**تاوانی بەناو ئەنفال فرەڕەهەند بووە، لەوانە:**

١- تێکدان و هەڵوەشاندنەوەی خێزان.

٢- دروستکردنی گرێی دەروونی.

٣- کوشتنی ڕەگەزی نەتەوەیەك کە لە ٥٤٪ نێر و ٤٦٪ مێ بوون.

٤- سووکایەتی بە کەرامەت و شکاندنی کەسایەتی.

٥- وڵاتی وێران و سووتاو (سياسة الارض المحروقة).

---

* ئەم توێژینەوەیە لە گۆڤاری پەرلەمانتار، ژمارە ٢٤، لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٦ بڵاوکراوەتەوە.

## ئایا ئەنفالی کورد جینۆسایدە؟!

تاوانی لەناوبردنی ڕەگەزی مۆریی (جینۆساید بریتییە لە کوشتنی کۆمەڵە مۆرڤێك بە هۆکاری جۆراوجۆ)وە. ئەم جۆرە تاوانە چەند لایەنێکی سیاسی و تاوانکاری و نەفەسی ڕژێمەکان نیشان دەدات کە بە هۆی ئەم تاوانەوە ئاسایش و ئۆقرەی کۆمەڵگا دەخەنە مەترسییەوە.

## تەکیفی یاسایی تاوانەکە

١- تاوانی ئەنفال جینۆسایدە، بەپێی ڕێکەوتننامەی قەدەغەی تاوانی جینۆساید کە لە ساڵی ١٩٤٨ نەتەوە یەکگرتووەکان دەری کردووە و عێراق ساڵی ١٩٥٩ واژووی لەسەر کردووە.

٢- دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق بە یاسایەك لە ساڵی ٢٠٠٥ تەشکیل بووە، ئەم تاوانەی بە جینۆساید ناساندووە، کە بەپێی ئەم یاسایە ئەو تاوانانەی کە بە جینۆساید دادەنرێت، نابێت لێخۆشبوون بیان گرێتەوە، ئەمەش واتە (عفو)ەکەی بەرەی کوردستانی یاسایی نییە.

٣- تەواوی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان عێراق واژووی لەسەر کردووە، پابەندیی خۆی پێیەوە دەربڕیوە.

## دیاریکردنی بەرپرسیارێتی حکومەتی عێراق بەرانبەر تاوانەکە

دەوڵەت بەرپرسیاریەتیی مەدەنیی گەورەی دەکەوێتە ئەستۆ لە بەرانبەر ئەم تاوانە کۆمەڵکوژییانەی سەددام و ڕژێمەکەی لە عێراق و کوردستان ئەنجامیان داوە.

سەنەدی ئەمەش لە یاسای گشتیی نێودەوڵەتیدا هاتووە: دەوڵەت وێڕای کۆمەڵێك مافی سیاسی کە هەیەتی، لە بەرانبەردا کۆمەڵێك ئەرك و

ئیلتیزاماتی دەکەوێتە سەر. بەڵام بۆی نییە مافی پاراستنی سنوور و زامنکردنی سەربەخۆی دەسەڵاتەکان زیاتر تێپەڕێنێت بە شێوەیەك کە کۆمەڵکوژی بخاتەوە، یان دەستدرێژی بۆ سەر سنووری وڵاتانی تر بکات.

**لە یاسای نێودەوڵەتیدا دوو جۆر بەرپرسیاریەتی هەیە:**

١- **مسؤلية الجريمة:** ڕووبەڕووی کەسانی تاوانبار دەبێتەوە، وەك سەددام و دارودەستەکەی.

٢- **المسؤلية المدنية:** ڕووبەڕووی دەوڵەتی تاوانبار دەبێتەوە، کە لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا ئەمان لە دەسەڵاتدا بوون.

**بەڵگەنامەیاساییەکان بۆ دادگاییکردنی تاوانباران و قەرەبووی زیانلێکەوتووان**

١- ڕێکەوتننامە (عدم تقادم جرائم الحرب والجرائم المرتكبة ضد الانسانية لسنة ١٩٦٦).

نموونەی زیندووی ئەم ڕێکەوتننامەیە، وڵاتی ئەڵمانیایە کە بەردەوام خەریکە قەرەبووی جوولەکە دەکاتەوە لەسەر ئەو تاوانانەی هیتلەر لە چلەکانی سەدەی پێشوو بەرانبەر جوولەکە ئەنجامی دابوو.

٢- ڕێکەوتننامە (مسؤولية الدول عن الاعمال الغير مشروعة).

کە لە ماددەی (٣٠) ڕێکەوتننامەکەدا وێڕای دادگایی و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتییەکەی، باسی قەرەبوو کراوە لە هەموو ڕوویەکەوە.

٣- یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق

٤- **(القانون المدني العراقي)** لە ماددەی (٢٠٥) جەخت لەسەر زیانە مەعنەوییەکان و قەرەبوویان دەکاتەوە.

## دادگایی سەرانی ئەنفال:

کەیسی ئەنفال لە دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق کە لە ساڵی ٢٠٠٥ پێك هات، زۆر گرنگیی پێ دراو دوو دادوەر بینییان و ڕۆڵی داواکاری گشتی لەم دۆسیەدا زۆر گرنگ بوو. دۆسیەکە (شەست) دانیشتنی خایاند و لە بەرواری ٢٠٠٦/٨/٢١ دەستی پێ کرد، لە ٢٠٠٧/٦/٢٤ سزا بۆ (٥) کەس لە تۆمەتباران دەرچوو و شەشەمیان ئازاد کرا.

هەر زوو دادگا ڕایگەیاند دۆسیەی ئەنفال لە ڕووی بەڵگەنامەییەوە زۆر دەوڵەمەندە، بە شێوەیەك سەرانی بەعس تووشی شۆك بوون.

– ڕۆژی ٢٠٠٨/٤/١٤ هەردوو پەرلەمانی کوردستان و عێراق ئەنفالیان بە جینۆساید ناساند.

– لەگەڵ بڕیاری سزای تاوانبارانی ئەنفال، دادگا لە ٢٠٠٧/٦/٢٤ فەرمانی گرتنی بۆ لیستێك لە تۆمەتباران کە ژمارەیان (٤٢٣) کەسە، دەرکرد.

## بەڵام ئاکامەکان چی بوون؟!

دادگا بڕیاری دا، بەڵام تا ئێستا دەستگیر نەکراون.

– لە یاساکەدا هاتووە کە تاوانەکە تقادم ناکات.

– تۆمەتباران نابێت لە هیچ وڵاتێك مافی پەنابەرییان پێ بدرێت.

– قەرەبووی قوربانییەکان کوا؟! تا ئێستا حکومەتی عێراق پابەند نابێت کە قەرەبوو بدات.

ئەوەتا ئەڵمانیا قەرەبووی جوولەکەکان دەکاتەوە، حکومەتی مالیکی قەرەبووی کوێت دەکاتەوە، بەڵام ئەنفال، هیچ!

## ئەوەی دەبوو بکرایە؟!

١- دادگـایی سـەرانی بـەعس لـە دادگایـەکی نێودەوڵـەتی بکرایـە، وەك دادگای لاهای و نۆرمبێرگ.

٢- دەسـەڵات بـە یاسـایەکی تایبـەت (قوربانییـان + سـکاڵاکاران + شایەتحاڵەکان + تۆمەتباران)ی بپاراستایە.

٣- ئاماری وردی قوربانییەکان کە ئایا کەمتر یان زیاترن لە ١٨٢ هەزار.

٤- گۆڕە بەکۆمەڵەکان و ڕووفاتەکانیان.

٥- بڕیـاری دادگـای بـاڵای تاوانـەکانی عێـراق لەسـەر ئەنفالچییان، کـە دەبێت ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێم لـە ٢٠١٠وە دەسـتگیریان بکـات، ئـەم بڕیارە بۆ داواکاری گشتیی هەموو شارەکان چووە، بەڵام جێبەجێ ناکرێت.

## چۆن کەڵك لە کارەساتی ئەنفال وەربگرین:

### یەکەم: کەیسی یاسایی کارەساتەکە:

١- دروسـتکردنی سـەنتەرێك کـە ئەندامـەکانی ژمارەیـەك (دادوەر + پـارێزەر + چـالاکی مـەدەنیی بـواری ئـەنفال) لـەخۆ بگـرێ، کـە کاریـان لێکۆڵینەوەی یاسایی بێ لەسەر ئەم پرسە، بە شـێوەیەك کـە لـە بودجـەی حکومەتی هەرێم پـارەی پێویسـتی بـۆ تـەرخان بکرێـت. کـار بکـەن لەسـەر بەڵگەنامەکانی دەستکەوتوو + ٥٠٠ تەن بەڵگەنامەی موخابـەراتی عێراقـی کە لە ئەمریکان + مولاحقەی یاسای تۆمەتباران + جاش و خۆفرۆشان.

٢- سەنتەری دۆکیۆمێنتاری کە کاری ئەم سەنتەرە (دۆکیۆمێنتەکان + دانانی لە پرۆگرامی خوێندن + ساغکردنەوەی ژمارەی قوربانییەکان) بێت.

٤- داواكاری گشتی له هەرێم بڕیاری دادگای باڵای تاوانەكان جێبەجێ بكات به دەستگیركردنی تۆمەتباران و دەسەڵاتیش هاوكار بێت.

٥- دەبێت دادگایی سەران و تۆمەتبارانی ئەنفال له كوردستان بەردەوام بێت.

٦- ژمارەیەك پارێزەر له وڵاتی دایك سكاڵا لەسەر كۆمپانیاكان تۆمار بكەن.

**دووەم: له ڕووی ئایینییەوە:**

فەتوای شەرعی بۆ چارەنووسی كچانی ئەنفال دەربكرێت.

**سێیەم: له ڕووی سیاسییەوە:**

١- بەجینۆسایدناساندن بگاته هەموو پەرلەمانەكانی جیهان.

٢- پەرلەمانتاران له بەغدا فشار بكەن بۆ قەرەبووكردنەوە و تەرخانكردنی بودجەیەك وەك ئەو تەرخانكردنەوەی كه بۆ كوێت كراوە.

٣- بەئەرشیفكردنی تاوانەكه و بەنێودەوڵەتیكردنی.

٦- به هاوكاریكردنی پۆلیسی نێودەوڵەتی (ئەنتەرپوولْ) تۆمەتباری كەیسی ئەنفال (نزار خزرجی) كه له ئەورووپا پەناهەندەیە، دەستگیر بكرێت.

٧- پاراستنی هەریەكه له شایەتحاڵ و سكاڵاكار و تۆمەتبارانی كەیسی ئەنفال.

٨- پەرلەمانی كوردستان كۆمەڵێك یاسای تایبەتی دیكه بۆ ڕێكخستنی داخوازیی قوربانییانی ئەنفال دەر بكات.

٩- كاراكردنی ئەو یاسا و بڕیارانەی له پەرلەمان دەرچوون، وەك بڕیاری ژمارە ٥ی ساڵی ١٩٩٩، هەروەها یاسای ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠٠٥ (قانون حماية المقابر الجماعية العراقية).

١٠-بڕیاری لێبوردنی جاش و مستشارەکان کە لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە دەرچووە، بەپێی ماددەی (١٧) لە یاسای دادگای باڵای تاوانەکان، نایاساییە و ئەم تاوانە بە هیچ شێوەیەك بەسەر ناچێت.

**چوارەم: لە ڕووی قەرەبووکردنەوەوە:**

قەربووکردنەوەکەش بەم شێوەیە بخرێتە ئەستۆی حکومەتی عێراق:

١- گەڕاندنەوەی مافەکان، کە دەبێت حکومەت هەموو ئەو بڕیارانە هەڵوەشێنێتەوە کە دژن لەگەڵ ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتی و پرنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ، لەوانە گەڕاندنەوەی مومتەلەکات + جنسیە...

٢- ڕاهێنانەوە و چاودێریی پزیشکی و دەروونیی قوربانییەکان.

٣- قەرەبووکردنەوەی کوشتن و ئازاری جەستەیی و عەقڵی.

٤- قەرەبووکردنەوەی زیانە جەستەییەکان.

٥- قەرەبووی زیانە مەعنەوییەکان.

٦- قەرەبووی زیانەکانی ژینگە.

٧- گەرەنتیی ئەوەی کە ئەنفال دووبارە نەبێتەوە.

پێنجەم: ژیان و گوزەرانی قوربانییان:

١- لە هەموو باجێك ببوردرێن.

٢- ئیمتیازاتی وەزیفی و خوێندن بیانگرێتەوە.

٣- ناوچەکانیان بکرێتە ئاوەدانیی پلە یەك لە هەرێم.

٤- بانکێك بۆ قەرەبوویان بکرێتەوە.

## سەرچاوەکان


١. بەجینۆسایدناساندنی ئەنفال.

٢. ئەنفال و دادگا.

٣. جینۆساید و تاوانەکانی رژێمی عێراق.

٤. پرسی جینۆساید.

٥. ئەنفال و تێگەیشتنە جیاوازەکان.

٦. لە پەراوێزی ئەنفالدا.

٧. جینۆساید. د.مارف عومەر گوڵ.

٨. ئینسکلۆپیدیای ئەنفال.

٩. الكتاب الأسود لصدام.

١٠. عمليات الأنفال فى كوردستان العراق.

# پێگەی یاسایی حیزبە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان

## بەراورد بە یاسای ژمارە ( ٣٦ )ی ساڵی ٢٠١٥ی حیزبە سیاسییەکانی عێراق*

### پێشەکی

حیزبی سیاسی لە هەر وڵاتێکدا یەکێکە لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی. تا ئێستا کاریگەرترین ناوەندە بۆ بەشداریکردنی چین و توێژەکان لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا.

لە وەرگێڕانی ئەم چەمکە بۆ عەرەبی، ئینجا بۆ کوردی، هەندێ کەموکورتی لە پێناسە و مانا و تەمەن و دابەشبوونیدا هەیە، چونکە مانای حیزب لە مانا (سیاسییەکەیدا) فراوانترە لە بەکارهێنانی بە شێوەیەکی سادە، تەنانەت حیزبی ژینگەیی و زانستیشمان هەیە کە زیاتر ئامانجی دیاریکراوی توێژێك یاخود سێکتەرێکیان هەیە.

حیزبی سیاسی لە بنەڕەتدا دیاردەیەکی نوێیە و مێژوویەکی هێندە دووری نییە، تەنانەت تا پێش ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە، تەنها لە ئەمریکا و ئینگلتەرا هەبووە. ڕۆژئاواییەکان پێیان وایە کە حیزب یەکەم جار لە ئەورووپا سەری هەڵداوە، بە دیاریکراوی ساڵی ١٨٥٠، بەڵام بەر لەو بەروارە لە هەندێك وڵات دەستە و یانە و کۆبوونەوە هەبووە.

هەندێکیش مێژووەکەی بۆ ئەمریکا لە سەردەمی (تۆماس جیفرسون) دەگەڕێننەوە. ئەم دیاردە سیاسییە ئەوە هەڵدەگرێت کە لەبارەیەوە

---

* ئەم توێژینەوەیە لە لایەن ناوەندی راهێنان و گەشەپێدانی کۆمەڵی ئیسلامیی، لە ساڵی ٢٠١٧ بڵاوکراوەتەوە.

توێژینەوەی قووڵ بکەین و لە لایەك شرۆڤەی ژمارەیەك دەقی ئەحکامـەکانی یاساکە بکەین. لە لایەك خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییانە بۆ ئەو یاسایانە بکەین کە بوارەکەیان ڕێك خستووە لە هەردوو هەرێمی کوردستان و عێراقیشدا.

ئەم توێژینەوەی خوارەوە بـە خوێندنـەوەی هـەردوو یاسـاکە و شـرۆڤەی دیارترین دەقەکانی و بەراوردکردنێکی خێرای هەردوو یاساکە هەستاوە.

## بەشی یەکەم: کەسایەتیی حیزبی سیاسی

دەتوانین وێڕای ئـەو هـەموو پێناسـەیە کـە بـۆ چـەمکی حیزبـی سیاسـی کراوە، بڵێین کە: بریتیە لە "یەکگرتنی ئارەزوومەندانەی کۆمەڵـە خـەڵکێکی هاوبڕوا، لەپێناو چەند ئامانجێکی هاوبەشی دوور و نزیك".

بەگشتی سەرچاوەکانی زانستی سیاسی حیزبی سیاسـی لـەناو سیسـتمدا دابەشی چوار جۆر دەکەن، کە ئەوانیش:

سیستمی فرەحیزبی

سیستمی دووحیزبی

سیستمی یەکحیزبی

سیستمی حیزبی زاڵ.

هەروەها جۆرێکی تر لە پۆلێنکاری هەیە بریتییە لە:

حیزبی نەتەوەیی

حیزبی دیموکراتی

حیزبی سۆسیالیستی

حیزبی ئایینی (ئیسلامی).

ئەرکەکانی حیزبی سیاسی:

ئەرکی هەڵبژاردن

دروستکردنی ڕایگشتی.

پێگەیاندنی کادری سیاسی.

ئەرکی پەروەردەیی و هتد.

## چەند سەرنجێکی گشتی

حیزبی سیاسی دیاردەیەکی هاوچەرخە، دەبێت لەدایکبوونی شەرعی بێت و هەردوو باڵی شەرعیەت و مەشروعیەت پەیڕەو بکات.

حیزبە سیاسییە کوردییەکان خاڵی لێکچوونیان زۆرە، لەوانە زۆربەیان بە مۆدێلی ستالینی پەیکەرەکانیان ڕێك خستووە.

چاکسازی لە کاری حیزبی لە کوردستاندا پێویستە، لەگەڵ ئەوەی ئەلتەرناتیڤی کاری حیزبی تا ئێستا لە کوردستان نییە، یان لاوازە.

دەبێت حیزبەکانی ئێستای کوردستان بەردەوام لە پرۆسەی چاکسازیی نێوخۆیی و نوێکردنەوەی پەیکەر و پلانەکانیان بەردەوام بن.

## کەسایەتیی یاسایی حیزبی سیاسی

لای کەس شاراوە نییە کە بابەتی پارتە سیاسیەکان بەو پێیەی ئەمڕۆ ڕۆڵی گەورەیان هەیە لە ژیانی سیاسیدا و بە شێوەیەکە کە وەك ڕەگەزێکی سەرەکی پرۆسەکەیە، بە تایبەت کاتێك کۆمەڵێك دەقی دەستووری و یاسایی دەرکران بۆ ڕێکخستنی کاروباری ئەم پارتە سیاسییانە.

## پرسی حیزبەکان لە دەستووری وڵاتاندا:

دەستووری وڵاتانی جیهان لەسەر یەك شێواز ئەم بابەتەیان دەقنووس نەکردووە، بەڵکو لە وڵاتێك بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت.

هەندێك لە دەستووری وڵاتان بە هیچ شێوەیەك باسی لەم پرسە نەکردووە و ڕێکخستنی ئەم بوارەی بە یاسا نیشتمانییەکان سپاردووە، لە بەرانبەریشدا هەندێك لە دەستوورەکانی دیکە ژیانی سیاسی و کاری حیزبەکانی بە دەقی دەستووری ڕێك خستووە، جا بە شێوەی سیستمی یەکحیزبی یان فرەیی بە مەرجی پاراستنی سیستمی گشتی و داکۆکی لە سەروەری و ڕێزی یاسا و پرەنسیپە نیشتمانییەکان.

## نموونەی دەستوورەکان:

**یەکەم**: دەستووری وڵاتی مەغریب ساڵی ١٩٦٢:

لە دەروازەی یەکەم: بنەما گشتییەکاندا لە فەسلی سێیەمدا هاتووە: "حیزبە سیاسییەکان بەشداری دەکەن لە ڕێکخستنی هاووڵاتیان و نوێنەرایەتی کردنیان، سیستمی یەکحیزبی لە مەغریبدا قەدەغەیە".

**دووەم**: دەستووری کۆماری چین ساڵی ١٩٥٤:

لە پێشەکییەکەیدا ڕۆڵی یەکحیزبیی دەرخستووە و ئاماژەی بە بوونی حیزب و ڕێکخستنی دیکە نەداوە.

**سێیەم**: دەستووری کۆماری فەرەنسا ساڵی ١٩٥٨:

ماددەی ٤ "حیزب و کۆمەڵە سیاسییەکان بەشداری لە ڕادەربڕین دەکەن، بە شێوەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکان. پەیکەری حیزبەکە و چالاکییەکانی

بە ئازادی ئەنجام دەدات. پێویستە لەسەری کە ڕێز لە پڕەنسیپەکانی سەروەری و نیشتمانی و دیموکراسی... بگرێت".

**چوارەم**: دەستووری کۆماری ئیتاڵیاساڵی ١٩٤٧:

ماددەی ٤٩ "هاووڵاتیان مافی کۆبوونەوەیان بە ئازادی لە چوارچێوەی حیزبەکاندا هەیە، بۆ ئەوەی بتوانن بە پێی ڕێکارە دیموکراتییەکان لە دیاریکردنی سیاسەتی نیشتمانیدا بەشدار بن".

**پێنجەم**: دەستووری شانشینی ئوردن ساڵی ١٩٥٢

لە ماددە ١٦ بڕگە (ب) هاتووە "ئەردەنییەکان مافی دروستکردنی کۆمەڵە و حیزبی سیاسییان هەیە، بە مەرجی ئەوەی کە ئامانجەکانی دروست بێت و پەیڕەوی ڕێکاری ئاشتییانە و سیستەم بکات، کە پێچەوانەی ئەحکامەکانی ئەم دەستوورە نەبێت".

**شەشەم**: دەستووری کۆماری تورکیا ساڵی ١٩٦١

لو ماددەی ٥٦دا هاتووە "مافی هاووڵاتیانە کە حیزبی سیاسی دابمەزرێنن و ببنە ئەندام یاخود لێی بکشێنەوە بە پێی یاسا".

**حەوتەم**: دەستووری هەمیشەیی عێراق ساڵی ٢٠٠٥

لە ماددەی ٣٩ بڕگەی یەکەمدا هاتووە "ئازادیی دامەزراندنی کۆمەڵە و حیزبە سیاسییەکان و بوونە ئەندام تیایاندا پارێزراوە و بە یاسا ڕێک دەخرێت".

لە هەمان ماددە بڕگەی دووەمدا هاتووە "ناگونجێت کەسێك بەزۆر بکرێتە ئەندام بۆ هەر حیزبێك، یان کۆمەڵەیەك، یاخود لایەنێکی سیاسی، یان زۆرلێکردنی بە بەردەوامی مانەوەی بە ئەندامێتی تیایدا".

## بەشی دووەم: یاسای حیزبەکانی هەرێمی کوردستان، ژمارە ١٧ی ساڵی ١٩٩٣ی هەموارکراو

بۆ تێگەیشتن لەم چوارچێوە یاساییە، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ یاسای حیزبەکانی هەرێمی کوردستان، ژمارە ١٧ی ساڵی ١٩٩٣ی هەموارکراو کە ئێستا بەرکارە. یاساکە لە پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ڕۆژی ١٠/١٠/١٩٩٣ لەسەر پڕۆژەیاسایەك کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کرا بوو، دەرچوویندرا. واتا ئەم یاسایە نیەتی یاسادانەر دەردەخات کە حکومەتی هەرێم، ویستویەتی ژیانی سیاسی و فۆڕمی کاری حیزبی ڕێك بخات، واتا بە ئیرادەی حکومەت بووە نەك پڕۆژەیەك بووبێت کە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەڕلەمان پێشکەشی بکەن.

یاساکە لە ٢٣ ماددە پێکهاتووە و دوو جار هەموار کراوەتەوە، لە ساڵی ١٩٩٧ و ساڵی ٢٠٠٢.

لە ماددەی یەکەمی یاساکەدا پێناسەی حیزبی کردووە کە تێیدا هاتووە "حیزب، ڕێکخراوێکی سیاسیی خاوەن کەسایەتیی مەعنەوییە. پێك دێت لە یەکگرتنێکی ئارەزوومەندانە لە نێوان کۆمەڵە کەسێکی سروشتی، کە پرەنسیپ و ئامانجی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە و بە ئاشکرا لە نێو پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە. کار دەکات بۆ بەدیهێنانیان بە ڕێگا دیموکراتییەکان".

ماددەی دووەمی یاساکە مافی دامەزراندن و ئەندامێتی لە حیزبی سیاسیدا باس دەکات، کە دەڵێت "هەر هاوولاتییەك لە دانیشتووانی هەرێم کە لێهاتوویی هەبێت، مافی بەشداربوون لە دامەزراندنی حیزبیان هەیە".

هەروەها تەمەنی ئەندامێتی بە تەواوکردنی ١٨ ساڵ داناوە، وەك مەرجی ئەندامبوون بۆ چوونە ناو حیزب، یاخود کشانەوە لێی.

**مەرجە بە پێی ئەم یاسایە بیروباوەڕ و ئامانجەکانی حیزب ئەمانەی تیادا بێت:**

- چەسپاندن و پەرەپێدانی ئەو ماف و دەسکەوتانەی کە گەلی کوردستانی عێراق بەدیی هێناون.

- چەسپاندنی دیموکراتیەت و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ.

- بەدیهێنانی ئامانجەکان بە ڕێوشوێنی ئاشتییانە.

- باوەڕهێنان بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات بەبێ پەنابردنە بەر توندووتیژی و تیرۆر و لەخشتەبردن.

- بڵاونەکردنەوەی دووبەرەکی و جیاوازی لە ڕەگەز و ئایین و مەزهەبدا.

**ماددەی شەشەمی یاساکە تا ماددەی یازدە، باس لە ڕێوشوێنی دامەزراندنی حیزب دەکات، کە پوختەکەی بریتییە لە:**

داوایەکی نووسراو بۆ وەزارەتی ناوخۆ بە واژوو و زانیاریی ٥٠ ئەندام و مەرجە تەمەنیان لە ٢٥ساڵ کەمتر نەبێت، لایەنگرانیشی لە ٥٠٠ ئەندام کەمتر و تەمەنیان لە ١٨ ساڵ بچووکتر نەبێت، بەرز دەکرێتەوە.

مەرجە ئەندامەکان حوکم نەدرابن بە تاوانێکی ئابڕووبەرانە و وێنەیەك لە پەیڕەوی ناوخۆی حیزبەکە هاتبێت.

لەلایەن وەزیری ناوخۆوە مۆڵەتەکە دەدرێت بە ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی وەزیران. لە ڕۆژی دەرچوونی مۆڵەتەکەوە، حیزبەکە بۆی هەیە چالاکی بنوێنێت.

پایتەختی هەرێم یان مەڵبەندی یەکێك لە پارێزگاکانی هەرێم، دەبێتە بارەگای سەرەکیی حیزب و بۆی هەیە لقی دیکە بکاتەوە.

حیزب نابێت بارەگای سەرەکی لە فەرمانگەکاندا دابنێت.

حیزب دەشێت لەگەڵ حیزبێکی دیکەدا تێکەڵ بێت.

**مافەکانی حیزب بەپێی یاساکە، وەك لە ماددەکانی سیازدە و چواردەدا هاتووە، ئەمانەن:**

بەموڵککردنی هۆیەکانی ڕاگەیاندن.

ئەنجامدانی هەموو ڕەفتارێکی یاسایی و بەموڵککردنی ماڵی گواستراوە و نەگواستراوە.

کۆبوونەوە، خۆپیشاندان، مانگرتن بە ڕێگای ئاشتییانە، ڕێکخستنی میهرەجان، ئاهەنگگێڕان، بەستنی کۆڕ، زیندووکردنەوەی بۆنەکان.

کۆکردنەوەی پیتاك، قبووڵکردنی بەخشین، پێبەخشینی ناوخۆیی.

قبووڵکردنی ئەموالی عەینی و ماڵیی لایەنی دەرەکی بە ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی وەزیران.

وەرگرتنی مینحەیەکی مانگانە کە لە دارایی هەرێمی کوردستان بۆ حیزبەکان دیاری دەکرێت.

خۆی دارایی خۆی هەڵدەسووڕێنێ بە مەرجی ملکەچیی دۆسیەکانی بۆ چاودێریی دارایی هەرێم.

**پابەندی و ئەرکەکانی حیزب وەك لە ماددەی پازدەی یاساکەدا هاتووە:**

نابێت دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و لێکۆڵەرەوانی دادی بچنە ناو حیزبەکانەوە.

نواندنی کاری حیزبایەتی لە دام و دەزگاکانی وەزارەتی پێشمەرگە و ئاسایشی ناوخۆ قەدەغەیە.

نەهێشتنی تیرۆر بە هەموو شێوەیەك.

ڕێزگرتنی یاسا و پاراستنی سەربەخۆیی دادوەری.

حیزب نابێت دام و دەزگای سەربازیی هەبێت.

ڕێزگرتن لە سیستمی گشتی و نەریتی گشتی.

## ڕێکاری یاسایی دژ بە حیزبی سیاسی:

بەپێی یاساکە مۆڵەتی حیزب لە فەرمانگەی یاسایی وەزارەتی ناوخۆیە، بەڵام ئیجرائات لەگەڵ حیزبدا لە ڕێگەی دادگاکانەوە دەبێت.

دەکرێت کە بە بڕیارێکی دادگای تایبەتمەند حیزب هەڵبووەشێتەوە، وەك لە ماددەی ١٧ی یاساکەدا هاتووە.

لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی حیزبدا، موڵك و ماڵی گواستراوە و نەگواستراوەی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی حیزبەکە، پاکتاو دەکرێت.

حیزبی سیاسی ئەگەر لایدا لە ئەحکامەکانی ئەم یاسایە، ئەوا لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە داوایەکی لە دژ بەرز دەکرێتەوە بۆ دادگای تایبەتمەند و ئیجرائاتی لەگەڵدا دەکرێت.

ئەو بڕیارە (قەزائی یاخود ئیداری)یانەی کە لە دژی حیزب دەردەچێت، پەیڕەوی یەکێك لەم ڕێکارانە دەکات:

هەڵوەشاندنەوەی ڕەفتارەکە

هەڵپەساردنی کارکردن بە شێوەیەکی کاتی

هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی حیزبەکە ئەگەر لادانەکە مەترسیدار بوو.

## تێبینی:

پرسیار ئەوەیە: ئایا لە ٢٥ ساڵی ڕابردوودا، هیچ ڕێکارێکی لەم شێوەیە بەرانبەر بە هیچ حیزبێك گیراوەتەبەر؟!!

## مینحەی دارایی حیزبەکان لە هەرێمدا چۆنە؟

یاسـای حیزبـەکانی هـەرێم، مـافی بـە حیزبـە یاسـاییەکان داوە کـە مینحەیەکی مانگانە لە دارایی گشتیی هەرێم وەربگرن و ئەم بابەتە بـە یاسـا ڕێك دەخرێت. بەڵام ئەم مافە یاسـاییە دوای ٢١ سـاڵ لـە یاسـای حیزبـەکان دەرچوو، لە سەرەتای خولی چوارەمی پەرلەماندا ئەم کارە بە یاسا ڕێك خرا.

یاساکە ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠١٤ی وەرگرت، بە ناوی (یاسای پێـدانی بودجـەی حیزبەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق) کە پوختەکەی بەم شێوەیەیە:

ئەنجوومەنی وەزیران بودجەیەکی ساڵانە بۆ حیزبەکان دادەنێت.

بودجەکە لە قەبارەی بودجەی گشتیدا بریتی دەبێـت لـە ١٪ ی بودجـەی گشتی.

کورسیی پەرلەمانی لە خولەکەدا دەکرێتە بنەما + ژمارەی کورسییەکانی حیزبەکە لە خولەکانی پێشوودا، بۆ هەر کورسییەك ڕێژەی ٠,٣٧٥٪ دەبێت.

هـەر حیزبێـك بەشـداریی هەڵبـژاردنی کردبێـت و سـەرنەکەوتبێت، بـەڵام ٤٠٪ی دەنگـی پێویسـتی بـۆ نرخـی کورسـییەك هێنابێـت، ئـەوا بـەهای دوو کورسیی بۆ ئەژمار دەکرێت.

بەشداریی هەڵبژاردنی کردبێت، بەڵام ڕێژەی دەنگی کەمتر بێت لە ٢٠٪ تا ٣٩٪، ئەوا بەهای یەك کورسی بۆ ئەژمار دەکرێت.

حیزبێك بەشداریی خـەباتی ڕزگـاریخوازیی کوردسـتانی کردبێـت، بـەهای یەك کورسیی بۆ حیساب دەکرێت.

هەر حیزبێك پێش ڕاپەڕین خەبات و لە خولی پەرلەمان کورسیی هـەبێت، نابێت ٠,١٨٥٪ ی بودجەی گشتیی حیزبەکان کەمتر وەربگرێت.

حیزبی کۆتاکان ٠,٠٥٪ی بودجە وەردەگرن.

**ئەوەی لە یاسای حیزبەکانی هەرێمی کوردستاندا بــاس نــەکراوە، یــان ڕوون نییە، ئەمانەن:**

هەر لە ناوی تەشریعەکەوە کە تەنها وشەی حیزبی بەکار هێنـاوە، بـەبێ ناوهێنانی وشەی (سیاسی)، لە کاتێکدا زۆربەی یاسای حیزبە سیاسییەکانی وڵاتان بە عێراقیشەوە ئەو ناونیشانەی بەیەکەوە هێناوە.

پرسی فرەیی سیاسی وەك پایەیەکی سەرەکیی کارکردن و سیاسـەت لـە هــەرێمی کوردســتان، لــە یاســاکەدا بــاس نــەکراوە، نــە بــە قەدەغــە، نــە بــە ڕەوایەتیدان.

میکانیزمی وەرگرتنی مۆڵەت و لێپرسینەوە و بەدواداچوون لـە یاسـاکەدا لە وەزارەتی ناوخۆیە، کە زۆر قورس و بە گرفتە، لە کاتێکدا یاساکە باسـی حاڵەتی ئەوەی نەکردووە کە وەزارەت داواکارییەکـە ڕەتبکاتـەوە، پێویسـتە بە بڕیارێکی هۆدار (مسبب و معلل) بێت.

یاســاکە ئەرکــە سیاســییەکانی پــارتی سیاســیی لــە دەســەڵاتدا دیــاری نەکردووە و چوارچێوە یاساییەکەی ڕەسم نەکردووە.

هــیچ دەقێــك لــە یاســاکەدا نــەهاتووە کــە چــۆنیەتیی چارەســەرکردنی ناکۆکیی ناوخۆیی و ناکۆکیی نێوان دوو حیزب دیاری بکات.

هەمیشە حیزبی کوردی کێشەی (شەرعیەت) و (مەشروعیەت)ی هەبووە، پێویستە یاساکە بە دەق چارەسەری بکات.

ئەم یاسا و ڕێنمایی و پارێزبەندییانە هەیـە، کەچـی تـا ئێسـتا حیـزب لـە حکومەت گەورەترە و بە ئاشکرا و نهێنی کار لەم پرسەدا دەکات.

شێوازەکانی کاری حیزبی و ڕۆڵەکانی بە تایبەت کاتێك حیزبەکـە دەبێتـە ئۆپۆزیسیۆن و ئەو دەستەبەریانە(ضمانات)ی کە دەیپارێزێت، باس نەکراوە.

بارەگای سەرەکی کە لە یاساکەدا هـاتووە، ڕوون نەکراوەتـەوە، کـە ئایـا بارەگای کەسی یەکەمی حیزبەکە دەکات، یاخود بارەگای سەرکردایەتی.

بەسـتنی کـۆنگرە و پابەنـدیی حیزبەکـە بـە مـاوە یاسـاییەکەیەوە و چارەنووسی سەرکردایەتییەکەی ئەگەر نەبەسترا و درێژ یـاخود بـەردەوامیی خولەکانی، باس نەکراوە.

زۆرترین ئیشکال لە یاساکەدا لە جێبەجێکردنیدایە. پابەندنەبوونی حیزبە دەسەڵاتدارەکانە بە دەقەکانیـەوە. هـەر ئـەوان بـوون چـەندین سـاڵ شـەڕی ناوخۆیان کرد و هێزی خۆیان هەیە و کەس نازانێت مینحەکانیان چەندە.

دەبێت حیزبەکانی هەرێم وێـڕای ئـەم یاسـایە، خۆیـان بگـونجێنن لەگـەڵ یاسای ژمارە ٣٦ی ساڵی ٢٠١٥ی حیزبە سیاسییەکانی عێراقی، چونکە:

حیزبەکانی هـەرێم بەشـداریی هەڵبژاردنـەکانی ئەنجوومەنـە گشـتییەکانی عێراق دەکەن.

میکانیزمی مۆڵەت وەرگرتن ئاسانە و چوونە نـاو حیـزب و کشـانەوە لێـی ئاسانترە.

## بەشی سێیەم: یاسای حیزبە سیاسییەکانی عێراق، ژمارە ٣٦ی ساڵی ٢٠١٥

عێراق دوای ٣٥ ساڵ لە قۆرخکاریی، ئەمڕۆ کرانەوەیەکی گەورەی بە ڕووی ژیانی سیاسی و فرەیی لە کاری حیزبیدا کردووە، بە شێوەیەك ئەم بوارەی بە یاسایەکی مۆدێرن ڕێك خستووە.

پێش ساڵی ٢٠٠٣، پڕۆسەی کاری حیزبی زۆر بە گرێ و گۆڵ بوو، بە شێوەیەك لە مێژووی دامەزراندنی ئەم کۆمارەوە گرفتی وەهای بەخۆوە نەدیبوو.

دەتوانین ئاماژە بەو یاسایانە بدەین کە لە عێراقدا کاری سیاسیی حیزبەکانی ڕێکخستووە، ئەوانیش:

یاسای حیزبە سیاسییەکانی عێراق، ژمارە ٣٠ی ساڵی ١٩٩١

یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی ڕاگوزەریی ساڵی ٢٠٠٣

فەرمانی دەسەڵاتی هاوپەیمانان، ژمارە ٩٧ی ساڵی ٢٠٠٤

دەستووری کۆماری عێراق، ساڵی ٢٠٠٥

یاسای حیزبە سیاسییەکانی عێراق، ژمارە ٣٦ی ساڵی ٢٠١٥

دواهەمینیان ئەو یاسایەیە کە خودی تەشریعەکانی پێش خۆی ئیلغا کردەوە. ئەمە لە کاتێکدا کە یاساکە زۆر دواکەوت و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە ١٦ لە بەرواری ٢٠١٥/٨/٢٧ وەك یاسا پەسەندی کرد.

ئەم یاسایە کارێکی گرنگ و هەڵگری زۆر لایەنی جوانییە لە ڕێکخستنی کاری حیزبە سیاسییەکان لە عێراقدا. لە بەرانبەردا ژمارەیەك ئیشکال و سەرنجی یاسایی هەڵدەگرێت، کە لە پەڕەگرافەکانی دواتردا باسیان دەکەم.

## شرۆڤەی دەقەکانی یاساکە:

یاساکە پێکدێت لە (٦١) مادده و هەردوو یاسای ژ ٣٠ی ساڵی ١٩٩١ و بڕیاری دەسەڵاتی هاوپەیمانانی هەڵوەشاوەی ژمارە ٩٧ی ساڵی ٢٠٠٤ی ئیلغا کردەوە.

ئامانجی دەرچوواندنی ئەم یاسایە وەك لە ماددەی (٣)دا هاتووە، بریتییە لە:

ڕێکخستنی ڕێوشوێنەکانی پەیوەندیدار بە دامەزراندن و چالاکیی حیزبە سیاسییەکان.

ب- جێبەجێکردنی پرەنسیپی فرەیی سیاسی.

دەستەبەری هاووڵاتیان، دامەزراندن و بوونە ئەندامی حیزبەکان.

یاساکە پێناسەی چەمکی حیزبی سیاسیی کردووە، وەك ناوی بردووە: "ژمارەیەك هاووڵاتیی ڕێکخراون، لەژێر ناوێکدا لەسەر بناغەی پرەنسیپ و ئامانج و ڕوانینی هاوبەش، هەوڵ دەدەن بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بە ڕێوشوێنە دیموکراتییەکان، بە شێوەیەك کە دژ نەبێت لەگەڵ ئەحکامەکانی دەستوور و یاسا بەرکارەکاندا". واتا یاسادانەری عێراقی سەرکەوتوو بووە لە دیاریکردنی ڕەگەزەکانی حیزبی سیاسی، کە ئەوانیش هەریەك لە (ئەندامێتی، بیروباوەڕەکان، ئامانجی گەیشتن بە دەسەڵات)ن.

یاساکە مافی دامەزراندنی حیزبی سیاسیی بە سەرجەم هاووڵاتیان لە هەردوو ڕەگەزەکە داوە، مافی بەشداریکردن و بوونە ئەندام و کشانەوەشی لێی، ئاماژە پێ داوە. ئەمەش واتا بەشداریی سیاسیی هاووڵاتیان کارێکی ئارەزوومەندانەیە. یاساکە بە ناڕەوای داناوە کە زۆر لە هاووڵاتی بکرێت بۆ

بوونە ئەندامی حیزبێکی دیاریکراو، یاخود بەزۆر مانەوە تیایدا. هەروەها یاساکە قەدەغەی کردووە کە هاووڵاتی لە یەك کاتدا ئەندامی دوو حیزبی سیاسی بێت.

یاساکە جەختی لەسەر ئەو ڕاستییە کردووەتەوە کە جیاوازیکردن لە نێوان هاووڵاتیان بەهۆی ئەندامێتییان لە حیزبێکی دیاریکراودا، یان نەبوونی هیچ ئینتیمایەك، قەدەغەیە. بە تایبەت نابێت ئەو جیاکارییە ببێتە هۆی دەستدرێژی بۆ سەر کەسەکە و لێپرسینەوەی و دەستدرێژی بۆ سەر مافە دەستوورییەکانی.

لە یاساکەدا مەرجەکانی دامەزراندنی حیزبی سیاسی وەك قەوارەیەکی یاسایی باس کراوە.

بە هەمان شێوە مەرجە یاساییەکانی بۆ دامەزرێنەرانی حیزب ژماردوون، کە بریتین لە:

هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بێت (واتا کەسانی بیانی مافی دامەزراندنی حیزبی سیاسییان لە عێراقدا نییە) هەروەها (یاساکە چارەنووسی ئەوانەی هەڵگری دوو ڕەگەزنامەی عێراقین (مزدوجي الجنسية) بۆ پرسی دامەزراندنی حیزب باس نەکردووە).

مەرجە تەمەنی دامەزرێنەران ٢٥ ساڵی تەواو کردبێت و لەگەڵ هەبوونی شایستەیی یاسایی.

ئەندامی حیزبێکی سیاسیی دیکە نەبێت.

حوکم نەدرابێت بە تاوانی تیرۆر، یان گەندەڵیی دارایی، یان کارگێڕی، یان ئابڕووبەرانە، یان تاوانە نێودەوڵەتییەکان.

بە پلەی ئەندامی کارا ئەندام نەبووبێت لە حیزبی بەعسی هەڵوەشاوە.

نابێــت ئەنــدامی دامەزرێنــەر، ئەنــدامی یــەکێك لــەم دەزگایانــە بێــت: دەسەڵاتی دادوەری، دەستەی دەستپاکی، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤ، هێزە چەکدارەکان، هێزەکانی ئاسایشی نـاوخۆ، دەزگای هەواڵگری.

هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ، یان هاوتاکەی بێت.

**لە هەمان کاتدا یاساکە ڕێوشوێنەکانی دامەزراندنی ژماردوون کە بریتییە لە:**

پێشکەشکردنی داوایەك بۆ تۆماری حیزبە سیاسییەکە.

لیستی ناوی دامەزرێنەران واژووەکانیان پێیەوە هاوپێچ بێت، کـە لـە (٧) کەس کەمتر نەبێت.

لیستێك هاوپێچ بێت بە ناو و زانیاریی ئەندامان کە لە (٢٠٠٠) کەس کەمتر نەبێت،کە دابەش بووبن بەسەر پارێزگـا جیاوازەکانـدا، لەگـەڵ ڕەچـاوکردنی ڕێژەی ئافرەت تیایدا.

بوونی سێ وێنەی پەیڕەوی ناوخۆ و بەرنامەی سیاسیی حیزبەکە.

کردنەوەی حسابێکی بانکی بۆ حیزبەکە.

دانی ڕسوماتێك بۆ دامەزراندنی حیزبەکە کە بڕی (٢٥) ملیۆن دینارە.

نابێت لە پەیڕەوی ناوخۆی حیزبەکەدا هاندان و ڕەواجی بیری تەکفیری و کـاری تیرۆریستی بکات، یاخود ڕەواج بدات بە پەیڕەوی حیزبی بەعسی هەڵوەشاوە.

نابێت حیزبەکە لەسـەر بناغـەی ڕەگەزپەرسـتیی تـائیفی، یـان ڕەگـەزی، یاخود نەتەوەیی، پشێوی بنێتەوە.

لـە مـاددە ١٠ی یاسـاکەدا مـەرجی کەسـەکانی بـۆ ئەنـدامێتی لـە حیزبـی سیاسیدا هێناوە، کە بریتییە لە:

عێراقی بێت و تەمەنی ١٨ ساڵی تەواو کردبێت.

ئەنــدامی دەســەڵاتی دادوەری، یــان کۆمســیۆنە ســەربەخۆکان، یــان هێــزە چەکدارەکان، یان هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، یاخود دەزگا هەواڵگرییەکان نەبێت.

لە مـاددەی ١٧ی یاسـاکەدا هـاتووە: بـەپێی ئەحکامـەکانی ئـەم یاسـایە فەرمانگەیـەك لـە کۆمسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردنـەکان لـە عێـراق دەکرێتــەوە بــە نــاوی (فەرمانگــەی کاروبــاری حیزبــەکان و ڕێکخســتنە یاساییەکان)، بە سەرۆکایەتیی فەرمانبـەرێك کـە پلـەی بەڕێوەبـەری گشـتی دەبێت، کە بە پسپۆڕی و خاوێنی ناسرابێت و بڕوانامەی باڵای لـە یاسـا یـان زانسـتە سیاسـییەکان هـەبێت. ئـەرك و دەسـەڵاتەکانی ئـەم فەرمانگەیـە لـە یاساکەدا باس کراوە.

لە بەشی مـاف و ئـەرکی حیزبەکانـدا، یاسـاکە ڕیزبەنـدیی بـۆ کـردوون و ئاماژەی پێداون، وەك لە ماددەکانی ١٨ تا ٢٣ هاتوون، کە بریتین لە:

حیزب خاوەنی کەسایەتیی مەعنەویی یاسایی خۆیەتی.

سەرۆکی حیزب، یان ئەوەی کە هەڵگری سیفەتەکەیەتی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی حیزبەکە، نوێنەرایەتی دەکات لەبەردەم دادگاکان و لایەنەکانی تردا لە هەر کاروبارێکی یاساییدا.

بارەگا حیزبییـەکان پـارێزراون و نابێـت بـەبێ فـەرمانی دادوەری و یاسـا چوونە ناویان و پشکنینیان بۆ بکرێت.

بەڵگەنامەکانی حیزبی سیاسی و بەرید و ناردن و هۆیـەکانی پەیوەنـدیکردنی پارێزراوە. نابێت پشکنین، یان چاودێری، یان گوێگرتنیان لەسـەر بێـت، یـاخود ئاشکرا بکرێن، مەگەر بە بڕیارێکی دادوەری و بەپێی یاسا.

مافی بەشداریی هەڵبژاردنەکانی هەیە.

گردبوونەوە و خۆپیشاندان بە ڕێگەی ئاشتییانە و بەپێی یاسا.

دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی سیاسی و گۆڤارێکی سیاسی، یان زیاتر و بـوونی سایتی ئەلکترۆنی.

بەموڵککردنی دەزگای ڕاگەیاندنی تایبەت بە خۆی.

**ماددەی ٢٤ پابەندییەکانی حیزبی سیاسیی باس کردووە، کە دەبێت پێیانەوە پابەند بێت:**

١. پابەندی بە ئەحکامەکانی دەستووری عێراق و ڕێزگرتنی سەروەریی یاسا.

٢. دەستدرێژی نەکردن بۆ سەر سەربەخۆیی وڵات و ئاسایش و یـەکێتیی خاکەکەی.

٣. پابەنـــدی بـــە پرەنســـیپی فرەیـــی سیاســـی و بنـــەماکانی دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات.

٤. پەیڕەوکردنی یەکسانی بۆ هەموان و ڕەخساندنی دەرفـەت لـە نێـوان هاووڵاتیاندا لە وەرگرتنی بەرپرسیاریەتی و بەشداری کردندا.

٥. پارێزگـاری لــە بێلایــەنیی کــەرتی گشــتی و بەکارنــەهێنانی بــۆ دەستکەوتی حیزبی.

٦. بەموڵکنەکردنی چەك و تەقەمەنی.

٧. ئاگادارکردنەوەی فەرمانگەی حیزبەکان لە کۆمسیۆن بـە بـوونی هـەر پەیوەندی و چالاکییەك لەگەڵ حیزبە سیاسییە ناعێراقییەکاندا.

٨. نەبەستنی پەیوەندیی ڕێکخستن یان دارایی لەگەڵ لایەنی ناعێراقی.

٩. دەستوەرنەدان لە کاروباری وڵاتانی تر.

١٠- نابێت ڕێکخستنی حیزبی لە ڕیزی سوپا و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و دەستە سەربەخۆکاندا بکات.

١١– نابێت خانەکانی خواپەرستی و دامەزراوەکانی دەوڵەت لەناویاندا فێرکارییەکان، بۆ چالاکیی حیزبی بەکاربهێنێت، یان پڕوپاگەندە بۆ بەرژەوەندی خۆی، یان دژی حیزبێکی سیاسیی تر.

بەپێی یاساکە مەرجە حیزب ئەمانەی هەبێت:

پەیڕەوی ناوخۆ

تۆماری ئەندامان

تۆماری بڕیارەکان

تۆماری دارایی

تۆماری موڵکەکان

هەر تۆمارێکی پێویستی دیکە.

ماددەکانی ٣١ و ٣٢ لە یاساکەدا باس لە وەستاندنی چالاکیی سیاسی حیزب دەکات، کە بە دوو شێوەیە:

حیزبەکە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی خۆی هەڵبووەشێنێتەوە.

یان وەستاندنی کاری سیاسیی حیزبەکە بە بڕیاری دادگا، لە کاتی ئەنجامدانی خروقاتێکی وەها کە بە بڕیارێکی بنبڕی دادگا سزا بدرێت.

لە ماددەکانی ٣٣ تا ٤٥ی یاساکە حوکمە داراییەکانی حیزبی سیاسی دەقنووس کراون، کە دیارترینیان بریتین لە:

سەرچاوەکانی دارایی حیزب.

ملکەچبوونی دارایی حیزب بۆ پشکنینی چاودێریی دارایی.

حیزب مافی وەرگرتنی پشتیوانیی دارایی هەیە لەلایەن دەوڵەتەوە کە لە بودجەی ساڵانە دەدرێت.

بە شێوەیەك ئەو بڕە پارە ساڵانەیە دابەش دەكرێت كە ٢٠٪ بۆ سەرجەم حیزبە تۆماركراوەكان، ٨٠٪ بۆ ئەو حیزبانەی كە كورسییان لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا هەیە و هەریەكە بەپێی ژمارەی كورسییە بەدەستهاتووەكانی.

لە بەشی سزادانی حیزبدا كە لە ماددەكانی ٤٦ تا ٥٥ دەگرێتەوە، سزاكان بۆ هەر كارێك كە پێچەوانەی ئەحكامەكانی ئەم یاسایە بێت، كە حیزب ئەنجامی بدات یاخود ئەندامێكی بە ئەنقەست، ئەوا سزا دەدرێن (حیزبەكە و ئەندامەكەش) بە سزای بەندكردن، یان پێبژاردن، یاخود هەردووكیان.

## لایەنە ئەرێنییەكانی یاساكە :

یاساكە زۆر لایەنی باشی لەخۆ گرتووە كە دیارترینیان ئەمانەن:

دیاریكردنی پرەنسیپە حیزبییەكان، وەك ئەوەی كە لە پێوەرە نێودەوڵەتییەكاندا، لە چوارچێوەی پەیماننامە و ڕێكەوتننامەكاندا هاتووە. وەك لە ماددەی ٢٠ی جاڕنامەی جیهانیی مافەكانی مرۆڤ ساڵی ١٩٤٥، هەروەها لە ماددەی ٢١ی پەیمانی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەكانی ساڵی ١٩٦٦دا هاتووە.

دامەزراندنی فەرمانگەیەك لە كۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان، تایبەت بە تۆمار و چاودێریی كاری حیزبەكان، ئەمەش واتا دوور لە دەستی حكومەت و دەزگا تەنفیزییەكان.

تەرخانكردنی هاوكاریی دارایی بۆ حیزبەكان لە دارایی دەوڵەت.

پابەندكردنی حیزبەكان بە ئاشكراكردنی سەرچاوە داراییەكانیان، ئەمەش بۆ ڕێگە گرتن لە پەیداكردنی ماڵ و سامان بە شێوەی نایاسایی. پێدانی پانتاییەكی زۆری ئازادی بە حیزبە سیاسییەكان بۆ پیادەكردنی كار و چالاكییەكانیان.

## خوێندنەوەی ڕەخنەییانە بۆ یاساکە:

ژمارەیەك لە دەقەکانی یاساکە هەڵگری ڕەهەندی جیاوازن و شرۆڤەی جیاواز هەڵدەگرین. یاساکە بۆ سەرجەم پارێزگاکانی عێراق بەرکارە، بەڵام هەرێمی کوردستان ناگرێتەوە، چونکە هەرێم دەسەڵاتی یاسادانان و یاسای حیزبەکانی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەگەر یاساکەش لە هەرێمدا بەرکاربێت، دەبێت یاساکەی پێشوو ئیلغا بکرێت و ئەم یاسایەش لە پەرلەمانی کوردستانەوە ئینفاز بکرێت. لە بەرانبەردا کۆمسیۆن داوای لە سەرجەم حیزبەکانی هەرێم کردووە کە بەپێی ئەم یاسایە (تۆمار و نوێکردنەوەی مۆڵەت) ئەنجام بدەن، کە وەك مەرجێك بۆ بەشداریی هەڵبژاردنە گشتی و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنەکان دانراوە.

پرسی هاوکاریی دارایی حیزبی سیاسی لە بودجەی گشتیدا بە تەواوەتی ورد نەکراوەتەوە، ئەگەری دروستبوونی گرفتی زۆری هەیە، بە تایبەت کاتێك جێبەجێ دەکرێت. هەروەها لە دۆخێکی وەکو ئێستادا کە عێراق و ناوچەکە بە بارێکی ئابووریی نالەباردا تێدەپەڕن، ئەم پرسە ئیشکال دروست دەکات.

یاساکە بە مەرجی گرتووە کە دامەزرێنەران و سەرکردایەتیی حیزبی سیاسی، هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بن و پسپۆڕی یەکێك لە بوارەکان بن. ئەمە لەکاتێکدا بەپێی یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، مەرجی بڕوانامە تەنها هەبوونی بڕوانامەی ئامادەیی بە مەرج گیراوە، ئەمەش واتا دژیەکی لە یاساکاندا هەیە و پێویستە چارەسەر بکرێت.

لەناو یاساکەدا سەرهەڵدانی ناکۆکیی حیزبی و ئەگەرەکانی چۆنیەتیی بەرەنگاربوونەوەی و چارەسەرکردنی باس نەکراوە، لەکاتێکدا زانراوە کە کارێکی وەها چارەنووسساز بۆ لایەنە سیاسییەکان، بە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان چارەسەر ناکرێت. لە یاساکەدا بەروارێك دانراوە بۆ

خۆنوێکردنەوەی لایەنە سیاسییەکان، بەڵام چارەنووسی لایەنەکان دوای تەواوبوونی ئەو بەروارە کە تۆمار یان نوێ نەکراونەتەوە، چی دەبێت؟ دیاری نەکراوە. یاساکە پەیڕەوی سیستمی کۆتای ئافرەتانی لە هەڵبژاردنەکانی ناو حیزبدا نەکردووە.

سەبارەت بە ماددەی ٨، بڕگەی سێیەم لە یاساکەدا، کە قەدەغەی کردووە حیزبی سیاسی ڕێکخستنی چەکدار یاخود میلیشیای هەبێت، دەڵێین: ئایا کۆمسیۆن چۆن ڕووبەڕووی هێز و توانای ئەو حیزبانە دەبێتەوە کە تا ئێستا بە ناوی جیاجیاوە خاوەنی هێزی چەکدارن؟

لە ماددەی ٢٤، بڕگەی حەوتەم لە یاساکەدا، هاتووە "پێدانی زانیاری بە فەرمانگەی حیزبەکان لە کۆمسیۆن، بە لیستی ناوی ئەندامانی حیزب و زانیارییە کەسییەکانیان". ئەم کارەش نزیکە لە مەحاڵەوە، چونکە حیزبەکان متمانە ناکەن کە زانیاریی وەها پێشکەش بکەن، ئەگەر کارێکی وەهاش بکرێت، ڕاستگۆیانە نابێت.

١٠- ماددەی ٣٧ بڕگەی دووەم، تایبەت کراوە بە بڵاوکردنەوەی لیستی ناوی ئەو کەسانەی کە بەخشینی داراییان بە حیزب داوە لە ڕۆژنامەی حیزبدا! لەکاتێکدا ئەم ئەرکە کارێکی زۆر قورسە و ئاشکراکردنی وەها زانیارییەك بۆ وڵاتێکی وەکو عێراق نابێت.

## ئەنجام:

حیزبە سیاسییەکان دامەزراوەی گرنگن لە دامەزراوەکانی بونیادنانی دەوڵەتی مەدەنی، پابەندیی لایەنەکان بە دەقە یاساییەکانی ڕێکخستنی ئەم بوارە، گرنگە. یاسای حیزبەکانی هەرێم، حیزبی سیاسیی بە ڕێکخراو ناساندووە، لە بەرانبەردا یاسای حیزبە سیاسییەکانی عێراق، بە کۆمەڵێك هاووڵاتیی ڕێکخراو پێناسەی کردووە.

مۆڵەتی حیزبی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، لە بەشێکە سەر بە وەزارەتی ناوخۆ، لە بەرانبەردا مۆڵەتی حیزبی سیاسی لە عێراقدا، لە فەرمانگەی حیزبەکانە کە سەر بە کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانە.

دامەزراندنی حیزب لە هەرێم ڕسوماتی نییە، بەڵام دامەزراندن لە عێراق ڕەسمێکی ٢٥ ملیۆن دیناریی هەیە.

مەرجی بڕوانامە بۆ دامەزرێنەران لە هەرێم نەهاتووە، بەڵام لە یاساکەی عێراقدا مەرجی بڕوانامەی زانکۆیی بۆ دامەزرێنەر دانراوە.

لە یاساکەی هەرێمدا مەرجە دامەزرێنەران ٥٠ کەس بن و دۆستانیش ٥٠٠ کەس کەمتر نەبن، بەڵام لە یاساکەی عێراقدا مەرجە دامەزرێنەران لە ٧ کەس کەمتر و ئەندامانیش لە ٢٠٠٠ کەس کەمتر نەبن.

تەمەنی دامەزرێنەران لە هەردوو یاساکەدا بە تەواوکردنی ٢٥ ساڵ دانراوە. هەروەها بە مەرج گیراوە بۆ کەسێك کە دەبێتە ئەندامی حیزبێك، دەبێت تەمەنی ١٨ساڵی تەواو کردبێت.

یاساکەی هەرێم ئیرادەی دەسەڵاتی تەنفیزیی بەسەردا زاڵە، بەڵام یاسا عێراقییەکە زۆرترین پێوەری نێودەوڵەتی بۆ ئازادییەکان لەخۆ گرتووە.

یاساکەی هەرێم تەنها مۆڵەتی بەهەند وەرگرتووە و هیچ وادەیەکی بۆ خۆنوێکردنەوە دانەناوە، بەڵام یاساکەی عێراق مەرجی خۆنوێکردنەوە و تۆماری نوێی لە ڕووی مەجەکانەوە وەك یەك ئەژمار کردووە.

## ڕاسپاردەکان

١. پێویســتە یاســادانەری کوردســتانی، یاســای حیزبــەکانی هــەرێمی کوردستان هەموار بکاتەوە و ناتەواوییەکانی چارەسەر بکات، کە دیارترینیان لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەم بۆ کردووە.

٢. پێوەرە نێودەوڵەتییەکان دەبێت بە تەواوەتی لـە دەقـە یاسـاییەکاندا ڕەنـگ بداتــەوە و زۆرتـرین مـاف بـۆ ئەنـدامی حیزبـەکان لـەنێو حیزبەکـەدا دەستەبەر بکات، چونکە حیزبی سیاسی ئامڕازە و ئامانج نییە.

٣. لـە هـەرێمی کوردسـتانیش مۆڵـەتی حیزبـەکان لـە وەزارەتـی نـاوخۆ وەربگیرێتەوە و بە فەرمانگەیەك بسپێردرێت کە سەرۆکەکەی پلـەی وەزیـری هەبیت و کەسێکی بەهێز بیت.

٤. ڕێکخستنەوەی سیستمی ژیـانی سیاسـی بـە شـێوەیەك کـە سـەرجەم یاساکان هەماهەنگ بن و پرۆسەکە تەواو بکەن.

٥. ئەنـدامی حیزبێکـی دیـاریکراو یـان نـەبوون، دەبێـت وەك ئیمتیـاز تەماشـا نەکرێت.

٦. یاسای پێدانی پشتیوانیی دارایی بە حیزبەکان جێبەجێ بکرێت.

٧. دادگاکان سکاڵای حیزبی وەربگرن و بە زوویی یەکلای بکەنەوە.

٨. پابەندییەکانی حیزبی سیاسی لە دەستوەرنەدانە کاروباری فەرمانگـە حکومییەکانە و جیاکرنەوەیان بە تەواوی پیادە بکرێت.

٩. حیــزب لــە حکومــەت یــان ئۆپۆزســیۆن بێــت، مافــە داراییــی و ئاسایشییەکانی پارێزراو بێت.

١٠– لە هـەموو دۆخێکـدا دەبێـت حیـزب لـە دامـەزراوە دەسـتوورییەکان بچووکتر بیت و هەوڵی دەستدرێژی بۆ سەریان نەدات.

## سەرچاوەکان:

**کتێب:**

– الاحزاب السياسية في العالم الثالث، تاليف د. اسامة الغزالي حرب، الناشر: عالم المعرفة.

– التعددية السياسية. تاليف د. صلاح الصاوي.

– النظام الحزبي، دراسة مقارنة بين الفكر السياسي الوظعي و الشريعة الاسلامية، تاليف الدكتور فاروق عبدالسلام، الناشر دار الوفاء.

– بنەماکانی زانستی سیاسەت، وەرگێڕانی: ئەبووبەکر کاروانی.

– پارتە سیاسییەکان و ڕای گشتی، ڕێبوار کەریم مەحمود.

– پارتە ڕامیارییەکان، یاساناس: بەهادین ئەحمەد محەمەد.

– قەیرانی کۆمەڵگا و حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان. فوئاد صدیق.

– مۆدێلی حیزبایەتی لە کوردستان، ئەنوەر حسێن بازگر.

– بەشداریی سیاسیی ژنان لە باشووری کوردستان، کنێر عەبدولاّ.

–ناسنامەی حیزبەکانی کوردستان، مەسعود عەبدولخالق.

– مەوسوعەی جودی بۆ چەمك و زاراوەکانی سەردەم، مەسعود عەبدولخالق، بەرگی یەکەم، ٢٠٠٨، نووسینگەی تەفسیر.

**توێژینەوەی بڵاوکراوە لە تۆڕی ئەنتەرنێت:**

– التنظيم الدستوري و القانوني للاحزاب السياسية في العراق، علي هادى حميدي الشكراوي. ٢٠١٦.

– البنية القانونية للاحزاب السياسية في اقليم كوردستان – العراق، د. زانا رؤوف حمة كريم. ٢٠١٤.

– الاحزاب السياسية في العراق، فالح عبدالجبار و آخرون.

– مدى مطابقة تشريعات الاحزاب العراقية مع المعايير الدولية: خالد العرداوي تدريسي في كلية القانون كربلاء.

**یاساکان:**

– دەستووری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥.

– یاسای حیزبەکانی هەرێمی کوردستان ژ١٧ی ساڵی ١٩٩٣ی هەموارکراو.

– یاسای بودجەی حیزبەکان ژ ٥ی ساڵی ٢٠١٤.

– قانون الاحزاب السياسية العراقي رقم ٣٦ لسنة ٢٠١٥.

– امر سلطة الائتلاف المؤقتة رقم ٩٧ سنة ٢٠٠٤.

# دۆخی کوردستان و ناوچەکە دوای جەنگی داعش*

## پێشەکی

مەترسییەکانی داعش کە سێ ساڵە لەسەر شانۆی سیاسیی عێراق و ناوچەکە ئامادەیی هەیە، بە ڕاددەیەك بووەتە دراوسێیەکی کتوپڕی هەرێمی کوردستان و جەنگی لەگەڵدا بەرپا کرد، کە تیایدا ژمارەیەکی زۆر قوربانیی مرۆیی کە زیاتر لە ١٦٠٠ شەهید و هەزاران بریندار‌ی خستەوە.

ئەمەو بوونی داعش کە ویستی چوارچێوەیەکی سیاسیی نوێ ببەخشێتە فۆڕمی دەستەڵاتدارییەکی سەپێیندراو لە عێراق و سووریا هەموانی نیگەران کرد و جیهان لە هەوڵێکی دەستەجەمعیدا دژی ئەم ڕێکخراوە تیرۆرستییە وەستایەوە.

ئێستا لە هەموو کات زیاتر ئەو ئەگەرە بەهێزە کە خۆری داعش بەرەو ئاوابوونە و ناکرێت هیچ پێشبینییەك بۆ بەردەوامیی مانەوەی بکرێت، لەگەڵیدا پێویستە وەك کوردێك کۆمەڵێك پرسیار بکەین، کە ئایا چارەنووسی کوردستان و ناوچەکە لە پاش نەمانی ئەم هێزە چی دەبێت؟

یاخود ئایا گۆڕانکاریی دروست دەبێت لە هاوکێشە سیاسییەکان و جوگرافیای سیاسیی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟

پێویستە ئێمە بۆ وەڵامی سەرجەم ئەو پرسیار و پێشبینییانە و ئەگەری ڕوودانیان، خۆمان ئامادە بکەین و کۆی ئەو شرۆڤانەی کە بۆ دۆخەکە دەکرێن، بە هەند وەربگرین.

---

* ئەم توێژینەوەیە لە لایەن بۆردی توێژینەوەی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیی، لە ٢٠١٧/٥/٢٩ بڵاوکراوەتەوە .

## پرسیار و سیناریۆ جددییەکان لەسەر ئایندەی ناوچەکە:

کوردستان کە پێگە یاساییەکەی وەك لە دەستووری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥دا دیاری کراوە، بریتییە لە هەرێمێك لە چوارچێوەی وڵاتێکی فیدراڵدا.

جێکەوتەکەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە کە ناوچەکە زۆر نائارام و پڕ لە کێشە و ململانێیە، کە دەیان ساڵە بەردەوامە، لە ئێستادا بەهۆی ئەوەی داعش وەك ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بەشێکی لە عێراق و سووریا داگیر کردووە و هاوکێشەی هێز و جۆر و قۆناغی ململانێکانی بە جۆرێك گۆڕیوە کە چاوەروانکراو نەبوو. لەگەڵ خۆیدا ژمارەیەکی زۆر ناکۆکیی تەقاندەوە، هەروەها ژمارەیەکیش دەسکەوتی وەدی هێنا بۆ گەلی کورد و جوگرافیا داگیرکراوەکەی وەك:

١- ڕزگارکردنەوەی تەواوی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کە کوردستانی بوون و بە ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق وەك ناوچەی جێناکۆك پێناسە کرابوون.

٢- یەکدەنگیی تەواوی هێزە کوردییەکان (عەلمانی و ئیسلامی) بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم هێزە.

٣- پشتیوانی و هاوکاریی هێزە بیانییەکان بۆ هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگە.

٤- بەهێزبوونی پێگەی سیاسیی کورد و دۆزی ڕەوای گەلەکەی.

لە پاش ئەم دەسکەوتانە، وەك دەبینین مەترسی و سیناریۆی جۆراوجۆریش لە ڕێگادان، دیارترینیان کە چاوەڕێی کورد دەکات، ئەوەیە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پشت لە هەرێمی کوردستان بکات. دەبێ زۆر بە

جیددیش خۆمان بۆ ئەم سیناریۆیە ئامادە بکەین، چونکە ئەگەرێکی بەهێزە لە پاش جەنگی داعش ڕووبەڕوومان ببێتەوە.

واتا کورد کە بەشێکی سەرەکی بووە لە جەنگی دژ بە داعش، بەشدارە یاخود نا؟

لێکۆڵینەوەی ئەم ئەگەرە کاتێك ناکرێت کە داعش بەشێکی وێنە سیاسییەکەیە، بەڵکو خوێندنەوەیەکی دروستە بۆ دوای جەنگ، چونکە توێژینەوەی فیکر و جیهانبینیی داعش و ڕەوت و ئەنجامی دەستەڵاتی لە ماوەی دوو ساڵ و نیودا لە عێراق، جیایە لە قسەکردن لە دوای کۆتاییهاتنی ئەم مەترسییە و ڕۆڵی کورد لەم نێوەندەدا.

وەك دەزانین داعش سێیەکی خاکی عێراقی داگیر کردبوو، بە تایبەت ناوچەکانی خۆرئاوای عێراق، کە زۆربەیان ناوچەی سوننەنشین بوون و لەگەڵیدا بەشێك لە خاکی کوردستانیشی داگیر کردبوو، ئەم ڕاستییەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە ئایا کورد لەم گەمە سیاسییەی پاش داعش، یاریزانە یاخود تەماشاکار؟

دەتوانین بڵێین بۆ کورد باشترە مامەڵەیەکی دروست بۆ ئەو ناوچانە بکات کە بە دیفاکتۆ ئازاد کراون، چونکە ئەو ئەگەرە بەهێزە کە ئایا ڕۆژئاوا بەردەوام دەبێت لە پشتیوانی لە هەرێمی کوردستان لە پاش داعش، یاخود نا؟

ئایا کورد لە پاش داعش دەگات بە خەونی لەمێژینەی خۆی کە بونیادنانی دەوڵەتی کوردستانە؟

یاخود چۆن ڕووبەڕووی مەترسییەکان دەبینەوە کە ئەگەری هەیە لە ئایندەیەکی نزیکدا ڕوو بدەن، نموونەیان وەك:

١- مەترسیی ڕوودانی جەنگ لەگەڵ حەشدی شەعبی.

٢- مامەڵەی ناوچە دابڕێنراوەکان کە لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە ڕزگار کراونەتەوە.

٣- بەهێزبوونەوەی ناوەند.

٤- نەبوونی هیچ ڕێککەوتنێکی سیاسی لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان.

٥- نەبوونی گەرەنتیی نێودەوڵەتی بۆ کورد.

کەواتە بۆ کورد باشترە مامەڵەیەکی نەرم (مرن) بکات و هەوڵ بدا بۆ چارەسەری کێشەکان و زاڵکردنی بژارەی ئاشتی، نەك شەڕ و پێکدادان، هەروەها پەیڕەوکردنی بژارەی ئیدارەدانی ناوچە جێناکۆکەکان بە هاوبەشی.

## سیناریۆی کۆتایی جوگرافیای یەکگرتووی عێراق و ئەگەری دابەشبوونی:

ئەم ئەگەرە خۆی نمایش دەکات، هەر لە ئێستاوە داخوازییەکی زۆری نێوخۆیی و نێودەوڵەتی بۆ ئەم پرسە بە گەرمی لە شەقامدا هەیە.

نموونەیان وەك لێدوانەکەی (مایکل هایدن، بەڕێوەبەری پێشووی دەزگای سی ئای ئەی ئەمریکی) کە ڕایگەیاند: "دوای جەنگ لە عێراق و سووریا، ناوچەکە گۆڕانکاریی بەسەردا دێت و وەك خۆیان نامێننەوە". ئەمەش واتای دابەشبوون و دەسکاریی سنووری سیاسیی ناوچەکە بە تایبەت (عێراق و سووریا)، کە لەو ڕووەوە باس لە دابەشبوونی عێراق دەکرێت بۆ وڵاتێکی خاوەن (٣) فیدراڵیەت، کە ئەوانیش کوردستان و هەرێمی سوننە و هەرێمی زۆرینەی شیعە دەگرێتەوە، یاخود عێراق دەبێتە وڵاتێکی کۆنفیدراڵی.

هەروەها لەگەڵیدا ئەگەری ئەوە هەیە کە هەرێمی سوننی لە مووسڵ و چەند پارێزگایەکی عێراق دروست ببێ، هەروەها هەرێمێکیش بۆ

کەمایەتییەکان بە ناوی (هەرێمی دەشتی نەینەوا) دروست ببێ. لەم ڕووەوە هەندێك لە بەرپرسە عێراقییەکان ئەگەر وێرانی ئەوەیان هەبێت کە ڕاستییەکان بڵێن، ئەوە دووپات دەکەنەوە کە عێراقی پاش داعش وەك خۆی نامێتێتەوە. نموونەیان وەك: وائیل عەبدوللەتیف (سیاسی و پەرلەمانتاری پێشووی عێراق) کە ڕایگەیاند: "دۆخەکە دوای داعش کەمتر مەترسیدار نابێ لە شەڕی دژی مانەوەی داعش خۆی. ئەوەی کە زۆر دڵنیا بین لێی، ئەوەیە کە خۆری داعش ڕوو لە ئاوابوونە، بەڵام کۆمەڵێك مەترسیی ڕاستەقینەی تر هەن کە دەبێت لەبەرچاویان بگرین، وەك مەترسییەکانی دابەشبوونی عێراق، ململانێ لەسەر سنوور و سەرچاوەکانی داهات، دەستەڵاتەکان".

لە لایەکی ترەوە هەندێك لە چاودێرانی بارودۆخەکە وای بە باش دەبینن کە هەرێمێکی سوننەنشین بۆ عێراق دابمەزرێ، ئەمەش بۆ پێکهاتەی سیاسیی عێراق و خودی خۆیشیان باشترە.

هەروەها لەسەر کێشە و ناکۆکییەکان و ئەو مەلەفە هەڵواسراوانەی لە نێوان ناوەند و هەرێمدا هەیە، باشترە کە هەرێم بگاتە ڕێککەوتن و گرژییە سیاسییەکان نەباتە ئاستی مەترسیدار، بەم شێوەیەش لە کۆی ململانێکانی عێراقدا، کورد بێلایەن دەبێت، هەروەها مەترسییەکانی حەشدی شەعبی لەسەر هەرێم دوور دەخاتەوە.

## ناوخۆی هەرێمی کوردستان

هەموان دەزانن کە هەرێم زیاتر لە ساڵێکە لە ململانێکی سیاسیی بێتامدایە و بوونی قەیرانەکانی وەك (دارایی، جەنگ، گەندەڵی، دابەزینی نرخی نەوت) لەسەر هاووڵاتیانی قورستر کردووە. سیناریۆ پێشبینیکراوەکان وا دەردەخەن کە پێویستە هەرێمی کوردستان ناکۆکییە نێوخۆییەکانی بە

زووترین کات چارەسەر بکات و دامەزراوەکانی کارا بکاتەوە، لە سەرووی هەمووشیانەوە پەرلەمانی کوردستان. هەڵمەتێکی نیشتمانیی ڕاستەقینەش بۆ دژایەتیی گەندەڵی و گەندەڵکاران دەست پێبکات.

ئەم هەوڵانەش ئەگەرچی ئاسان نییە، لە کاتێکدا بارودۆخی هەرێم بە گشتی ئامادە نییە، گرفت و لەمپەرەکان زۆرن، بەڵام هەر دەبێ بکرێت.

پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ چاککردنی دۆخەکە لە ئێستادا دەیەوێ بە تەنها لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیدا ئەنجامی بدات و لایەنەکانی دیکەش وەك بەشدار شەریك بکات، بەڵام وەك زانراوە یەکێتیی نیشتمانی ئامادە نییە ئەم پرۆژەیە جێبەجێ بکات و خۆی ڕادەست بەم ئیرادەیە بکات، چونکە لە شەقامی کوردیدا بە خۆکوشتنێکی سیاسی لێکدەدرێتەوە، ئەگەرچی باوەڕم وایە بە هەندێ گەرەنتیی وەك دواخستنی هەڵبژاردنەکان، ڕەنگە لە داهاتوودا ئەم ڕێکەوتنە (ستراتیژییە دووە) سەربگرێ.

## پێشبینییەکانی ناوەندی ستراتفۆر بۆ ساڵی٢٠١٧

ئەم ناوەندە کە یەکێکە لە گرنگترین سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و ئەمنی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەندێك میدیای ئەمریکی ئەم ناوەندە بە(سی ئای ئەی)ی سێبەر ناو دەبەن، بۆ ساڵی نوێی ٢٠١٧ کۆمەڵێك پێشبینیی ئاشکرا کردووە کە تیایدا ئەوەی تایبەتە بە دۆخی ناوچەکە دوای داعش، بریتییە لە مانەی خوارەوە:

١- ناوەندەکە پێشبینی دەکات کە ناکۆکییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی دوای کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ زیاد دەبێ، بە شێوەیەك ناکۆکییەکان لەسەر کەرکوك لەگەڵ یەکدا و لەگەڵ حکومەتی عێراق لە

ناوەند، توند دەبێتەوە. بەم شێوەیە کە ئەوەی پارتی بەدەستی هێناوە، دەیەوێ بیپارێزی و حکومەتی عێراقیش بە پشتیوانیی ئێران هەوڵی وەرگرتنەوەی دەدات.

٢- پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و کوردستان ئاڵۆزتر دەبێت، بە تایبەتی لە بوارەکانی (وزە و دابەشکردنی داهات و سنوور).

٣- ئەمریکا بە سەرۆکێکی نوێی هەڵبژێرداراوەوە بۆی هەیە بەردەوام بێ لە پشتیوانیی ئەو هێزانەی کە دژی داعشن، بۆیە پێشبنی دەکات کە کۆشکی سپی لە پشتیوانیی هێزە کوردییەکان بەردەوام بێ.

٤- پێشبینی دەکات کە تورکیا سنووری نفوزی خۆی لە باکووری عێراق پەرە پێ بدات، هەروەها پشتیوانییەکانی بۆ سوننەکانی عێراق زیاد بکات.

٥- پێشبینی دەکرێت کە ئێران لە ڕێگەی شیعەکانی عێراقەوە بەرەنگاری تورکیا بۆ فراوانخوازیی بکات. هەروەها ئەگەری هەیە بە هاندانی ئێران شیعەکانی عێراق کێشە بۆ ناوچە ناکۆکەکانی دەوروبەری مووسڵ دروست بکات، ئەگەر هەیە ئێران لە ڕێگەی پارتە کوردییەکانی هەرێمەوە کێشە بۆ ڕێگری لە تورکیا دروست بکات.

## ١٠ جەنگی پێشبینیکراو:

ڕۆژنامەی واشنتن پۆست ڕایگەیاندووە کە لە دوای جەنگی کۆتاییهاتنی داعش لە مووسڵ (١٠) جەنگ سەر هەڵدەدەن. ئەم ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییە ئەوەی ئاشکرا کردووە ژمارەیەك پێشبینی لەسەر بنەمای خوێندنەوەی واقیعەکە و چەندین زانیاری لە ناوچەکەوە زانراوە، کە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕێکخراوی داعش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕوو لە کەمبوونەوەیە و ئەگەری

تەقینەوەی ژمارەیەك ناكۆكی هەیە لە ئایندەی ناوچەكەدا. ئەم جەنگە پیشبینیكراوانە هەندێكیان لە ئێستادا دەستیان پێكردووە و هەندێكی تریشیان هێشتا ڕوویان نەداوە.

## جەنگە پێشبینیكراوەكان بەم شێوەیە:

١- جەنگێك لە نێوان هێزە كوردییەكان لە باكووری عێراق و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەكانی سووریا.

٢- جەنگی حكومەتی توركیا لەگەڵ هێزە كوردییەكانی سووریا.

٣- جەنگی هێزە ئۆپۆزیسیۆنە كوردییەكان لە سووریا لەگەڵ ڕژێمی سووریا.

٤- جەنگی هێزەكانی ئەمریكا دژ بە ڕژێمی سووریا.

٥- جەنگی توركیا دژی ڕژێمی سووریا.

٦- كوردەكانی هەرێمی كوردستان و حكومەتی ناوەند.

٧- كورد و هێزە شیعەكان.

٨- كورد دژی كورد، ئەم سیناریۆیە ئەگەری ڕوودانی دوورە، بەڵام لە سەروبەندی بونیادنانی دەوڵەتی كوردیدا ئەگەرەكە بە بەهێزی دەمێنێتەوە.

٩- جەنگی سوننە و شیعەكان.

١٠- جەنگی پاشماوەكانی داعش دژی هەموان.

## ئەنجام و ڕاسپاردە:

١- سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان ستراتیژییەکی تایبەت دابڕێژێت بۆ چۆنیەتی بەرەنگاریی و مامەڵەی سیناریۆکانی دوای جەنگی داعش.

٢- لایەنە ئیسلامییەکان و ناوەندە لێکۆڵەرەوەکانی نزیك لێیانەوە، ڕۆڵیان بە هەند وەربگیرێت و وەك کارەکتەرێکی بەهێز لە نێو ستراتیژییە نیشتمانییەکەدا کاریگەر بن.

٣- بەو پێیەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش زۆر جیاوازن لەگەڵ پارێزگاکانی هەرێمدا، سازنەبوونی پێکەوەژیان و مەترسی پێکدادان تیایاندا بەهێزە و ئەگەری توندووتیژی تیایاندا ئامادەیە، بۆیە پێویستە چەمکەکانی (پێکەوەژیان و ناتوندووتیژی و بیرە توندڕەوەکان و میلیشیاکان) بە تەواوی کاری جدییان لەسەر بکرێت.

٤- کوردستان دەبێت ببێتە خاوەنی سوپایەکی نیشتمانیی بەهێز.

٥- پەرلەمان کارابکرێتەوە و حکومەتی ئیئتلافی بەردەوام بێت، بە شێوەیەك چاکسازیی ئابووری بکرێت کە پرۆسەی سکهەڵگوشین، فەرمانبەران نەگرێتەوە.

٦- کورد خۆی بۆ هەموو ئەگەرەکان ئامادە بکات، بە شێوەیەك نابێت هیچیان نادیدە بگرێت و لە ئەگەری جەنگ لەگەڵ حەشدی شەعبی بژارەی جیابوونەوە بە واقعی بکات.

## سەرچاوەکان:


- دەستووری کۆماری عێراق ٢٠٠٥.
- بابەتی (کورد یاریزان دەبێت یان یاریپێکراو) ڕۆژنامەی ئاوێنە.
- بابەتی (کۆتایی داعش و جێکەوتەکانی لەسەر کوردستان) ڕۆژنامەی ئاژانس.
- پێشبینییەکانی ناوەندی ستراتفۆر بۆ ساڵی ٢٠١٧، ڕۆژنامەی ڕووداو.
- بابەتی (پاش داعش ) سەردار عەزیز، سایتی خەڵك.
- حروب ستندلع في المنطقة بعد هزيمة داعش موقع NRT.
- داعش و استراتيجية مابعد معركة الموصل، ربيع نادر (المنشور في الانترنت).
- داعش و استراتيجية مابعد معركة الموصل، عبدالجبار الجبوري (المنشور في الانترنت).

# ڕاپرسیی جەماوەریی
# ئایا هەڵەیەکی سەدساڵی ڕاست دەکاتەوە؟*

لە مێژووی هاوچەرخدا گەلی کورد هەمیشە بە دوای دەرفەت و بە ئاکام گەیشتنی هەوڵەکانی بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆیدا وێڵ بووە. پاش ئەوەی کە گەلی کوردستان لە باشووردا چارەکە سەدەیەکە بارودۆخێکی بۆ دروست بووە کە لە سەرەتادا بە شێوەی (دی فاکتۆ) بووە، پاشان مەرکەزە یاساییەکەی بووەتە هەرێمێکی نێودەوڵەتیی فیدڕاڵی کە لە دەستووری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥دا چەسپێندراوە.

ئەم خەونی سەربەخۆیی یاخود ئایندەیەکی باشتر و بەهێزکردنی ئەم پێگەیە، کە لە هەرێم گەورەتر بێت و چی دیکە لە نێو ئەم قەفەزە ئاسنینەدا نەمێنێتەوە، ئامادە بووە، کە لە ئێستادا بەهۆی شڵەژانی بارودۆخی سیاسی و لاوازی و پڕکێشەیی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ ناوەنددا، داخوازی لەمەڕ پرسێکی وەك ڕاپرسی هاتووەتە ئاراوە و چەند پارتێکی سیاسی لە باشووری کوردستان کردوویانەتە ئامانج و بە پلانێکی ستراتیژی دەزانن و کاری بۆ دەکەن.

لەم لێکۆڵینەوە کورتەدا تیشك دەخەینە سەر پرسی ڕاپرسی و هەڵسەنگاندنی لە چوارچێوەیەکی یاسایی و سیاسیدا و دیارترین هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە دەخەمە ڕوو. ئەمەش لە پێناوی ئەوەی ڕایەکی گشتیی ئەکادیمی لەمەڕ ئەم پرسە دروست بکەین و دوور لە

---

* ئەم توێژینەوەیە لە گۆڤاری پەرلەمانتار، ژمارە ٢٦، لە تشرینی دووەمی ٢٠١٧ بڵاوکراوەتەوە.

دروشمی بێ ناوەرۆك، كوردیش وەك نەتەوە بندەستەكان بتوانێت بە چاكترین شێوە ئەم مافە یاساییەی خۆی پیادە بكات. لەو ڕێیەوە مافی چارەنووسی خۆی بەدەست بهێنێت و ئەو هەڵەیەی كە سەد ساڵە بەهۆی ڕێككەتننامەی (سایكس – بیكۆ)وە ئەم ناوچەی كوردستانی دابەش كردووە و گەوەترین نەهامەتی بۆ سەر مێژووی كورد زیاد كردووە، كۆتایی پێ بێت.

## پێناسەی ڕا پرسی:

چەمكی ڕاپرسی، گشتپرسی، بە زمانی عەرەبی (استفتاء)، بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی (ڕیفراندۆم) بەكاردێت، لە فیقهی دەستووردا پێناسە كراوە بە: دەنگدانێكی گشتییە كە بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ گەل ڕای خۆی دەردەبڕێت دەربارەی بابەتێكی گرنگ بە (بەڵێ) یاخود (نەخێر).

كەواتە ڕاپرسیی جەماوەری ڕێگایەكی دروستە بۆ چارەسەری كێشە سیاسییەكان لە زۆرێك لە وڵاتانی جیهاندا. ئەم جۆرە ڕاپرسییەش كە لێرەدا مەبەستمانە، بریتییە لە (ڕاپرسیی جەماوەری) كە پرسیاركردنە لە گەل لە خستنەڕووی پرسێكی پەیوەندیدار پێیانەوە كە مافی خۆمانە ڕای لەبارەوە دەربڕین، بە ڕازیبوون یاخود ڕەتكردنەوە، كە بابەتەكەی دیاریكراو بێت وەك (پرسی سەربەخۆیی، دەستوور، یاسایەكی گرنگ، بڕیاری ڕاگەیاندنی جەنگ و ئاشتی، یاخود ئاڕاستەی سیاسەتی دەرەوە و هتد...).

پرسی ڕاپرسیش بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی كوردستان، یەكێكە لەو پرسانەی كە پارتە سیاسییەكانی كوردستان وەك دروشمێكی سیاسی ئاماژەیان پێ كردووە. لە كاتی ئێستادا بەهۆی قووڵبوونەوەی قەیرانی

حکومەتی هەرێم و ناوەند و دروستبوونی شڵەژان لە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا، ئەم بابەتە جارێکی دیکە گەرمبوونی بەخۆیەوە بینیوە.

ئەزموونی ئەم پرۆسەیە لە وڵاتانی جیهاندا بەم شێوەیە بووە:

- ١٠٧ وڵات ڕاپرسی (ڕیفراندۆم)یان ئەنجام داوە.
- ٥٣ پرۆسەیان دەنگی زۆرینەی (بەڵێ)ی بەدەست هێناوە.
- ٥١ پرۆسەشیان (نەخێر).
- ٣ پرۆسەش داوایان کردووە ڕەوشەکە وەك خۆی بمێنێتەوە.

لە کۆی ئەو (١٠٧) ڕاپرسییە (٩٠)یان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دانیان پێدانراوە وەك ئەنجامی پرۆسەی ڕیفراندۆمەکە، نەك سەربەخۆیی.

## هەڵسەنگاندنی پرۆسەی ڕاپرسی:

### لایەنە باشەکانی:

١- گەڕانەوە بۆ ڕای گەل بۆ بەشداری لە بڕیارە چارەنووسسازەکاندا.

٢- سوودوەرگرتن لە توانا و لێهاتوویی لە دەرەوەی پەرلەمان.

٣- یەکخستنی ڕای پارتە سیاسییەکان.

٤- ئاسانیی ئەنجامدانی پرۆسەکە لەچاو پرۆسەی هەڵبژاردنە گشتییەکاندا.

### لایەنە خراپەکانی:

١- نەبوونی یاسایەك لە ئێستادا بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە.

٢- خەرجیی پرۆسەکە ئامادە نییە.

٣- نێوماڵی کورد زۆر پەرش و ناجێگیرە.

٤- تاکی کورد هیچ دڵگەرمییەکی بۆ پرۆسەکە نییە.

٥- هەڵبژاردنی کاتی گونجاو بۆ ئەنجامدانی پڕۆسەکە ئامادە نییە.

٦- حکومەتی ناوەند و وڵاتانی هەرێمی و دەولی هاوکار نین.

٧- پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان هاوکار نین.

## ڕا پرسی لە یاسادا چۆنە؟!

- لە یاسای دەستووردا هیچ بڕگەیەکی تێدا نییە کە باس لە ئەنجامدانی ڕاپرسی بکات، ئەگەرچی دەتوانین بە تەفسیرێکی گشتگیری دەقە دەستووریەکان بە مانای فراوان لە چەند پرسێکی چارەنووسسازدا بگەڕینەوە بۆ ڕای گەل، وەك ئەوەی کە لە ماددەی (١)ی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥دا هاتووە: سیستەمەکە دیموکراسییە. ئەمەش مانای دەسەڵاتی گەل و دیاریکردنی بە دەستی خۆی.

لە دەستووری عێراقدا هیچ دەقێك نەهاتووە لە ماددەکانیدا کە دان بنێت بە مافی گەلانی عێراق بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسیان، بەڵام دەقێك هاتووە لە پێشەکییەکەدا کە "پابەندی بەم دەستوورەوە یەکێتیی ئارەزوومەندانەی عێراق دەپارێزێت، بە گەل و خاك و سیادە" کە تێگەیشتنی پێچەوانەی ئەم دەقە (المفهوم المخالف) دەری دەخات کە پابەندنەبوون و شکاندنی ئەحکامەکانی ئەم دەستوورە، مافی دیاریکردنی چارەنووس دەدات بە گەلی کوردستان.

- هەروەها لە دەستووری عێراقدا هیچ دەقێکی ناچاری بۆ یەکێتیی خاکی عێراق بە ڕاشکاوی نەهاتووە.

– لە پڕۆژەدەستووری هەرێمی کوردستان – عێراق ساڵی ٢٠٠٩، لە ماددەی ١٢١دا، ڕاپرسیی وەك یەکێك لە مافەکانی هاووڵاتیانی ئەم هەرێمە دەستنیشان کردووە.

– ڕاپرسی و مافی چارەنووس لە قاموسی نەتەوە یەکگرتووەکان پۆلێن کراوە. ڕیفراندۆم لە بنچینەدا بۆ نەتەوە موستەعمەرەکان هاتووە، کوردستانیش بە موستەعمەرە نەناسراوە. مافی جیابوونەوە لە بڕیارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان مەرجێکی قورسی تێدایە کە بەهەند وەرگیراوە، کە بریتییە لە ڕازیبوونی دەوڵەتی خاوەن میللەتەکە، کە ئەم ڕەزامەندییەش زۆر بە قورسی بەدەست دێت.

بۆیە لە ڕووی یاساییەوە ڕوون نییە کە ئایا ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان چۆن ئەنجام دەدرێت و بۆ چییە؟ ئایا ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم کە لە ماددەی ١٤٠دا بە جێگاناکۆك هاتوون، دەگرێتەوە؟

هەروەها تا ئێستا ئەگەرچی بە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ کۆمیسیۆنێکی سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردن و ڕاپرسی پێك هاتووە، بەڵام خۆ تا ئێستا لە کوردستان (یاسایەك) نییە بۆ ڕاپرسی.

## کێ دەسەڵاتی ئەنجامدانی ڕاپرسیی هەیە؟

لە واقیعدا دەبینین کە وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستی بە شارەزایی لە دەستووری وڵات و ژمارەیەك دەستووری وڵاتان هەیە. کە لە دەستووری وڵاتی وەهادا هەیە کە ئەم دەسەڵاتەی بە دەسەڵاتی یاسادانان بەخشیوە، هەشیانە بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەخشیوە، هەشە کە لە دەسەڵاتی هاوبەشی هەردوو دەسەڵاتەکەی داناوە.

١- دەسەڵاتی پەرلەمان، وەك لە دەستووری ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەروەها لە بڕیاری ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە.

٢- دەسەڵاتی جێبەجێکردن، وەك لە دەستووری ئەم وڵاتانەدا هاتووە (سووریا، جەزائیر، فەرەنسا).

٣- هەندێك دەستووری وڵاتان ئەم مافەیان داوە بە دەنگدەران و هاووڵاتیانی وڵاتەکە، وەك لە دەستووری (سویسرا، ئیتاڵیا، کوبا)دا هاتووە.

بەو پێیەی کە ئێمە لە هەرێمی کوردستان دەستوورمان نییە و هیچ یەکێك لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراودا و یاسای ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠١٤، هیچ ئاماژەیەکی تیادا نییە لەو بارەیەوە. کەواتە ئێمە دەتوانین بە پشتبەستن بە بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥، بڕیار بدەین کە ئەم ئەرکە لە دەسەڵاتی پەرلەمانی کوردستانە و مافی ئەوە کە لەم بارەیەوە بڕیار بدات.

## هەنگاوەکانی زەمینەسازیی بۆ سەرکەوتنی ڕا پرسییەکە و بونیادنانی دەوڵەتی کوردستان:

١- یەکخستنی گوتاری سیاسیی هێز ولایەنە سیاسییەکان لەمەڕ پرۆسەکە.

٢- ڕاستکردنەوەی حوکمڕانیی هەڵەی (٢٥) ساڵەی کوردی و چەسپاندنی چەمکەکانی یاساسەروەری.

٣- بەدامەزراوەکردنی کارەکان.

٤- پەیداکردنی پشتگیریی نێودەوڵەتی.

٥- ئەنجامدانی لێکتێگەیشتن لەگەڵ حکومەتی ناوەندا.

٦- دڵنیاکردنەوەی وڵاتانی دراوسێ.

٧- دیاریکردنی کاتی ئەنجامدانی پرۆسەکە.

٨- کورد لە ئێستاوە بڕیار بدات دەستبەرداری پۆستی سەرۆککۆماری عێراق بێت و سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق وەربگرێت، کار بکات بۆ بەیاساییکردنی پرۆسەکە لە عێراقدا.

٩- لە نزیکترین کاتدا دەستووری هەرێمی کوردستان تەواو بنووسرێتەوە.

**ئەگەر ڕاپرسی بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئەنجام بدرێت، پێویستە ئەم زەمینەسازییانە بکرێت.**

ئەگەر ئەوەش نییە و تەنها زانینی ڕای گەلی کوردستانە، ئەوا گەلی کوردستان لە ڕاپرسییەکی نارەسمیدا لە ساڵی ٢٠٠٥ ئەو ویستەی خۆی ئاشکرا کردووە.

## ئەنجام:

١- ڕیفراندۆم کاڵایەك نییە بۆ بازرگانیی سیاسی و بۆ بەرژەوەندی کەسی و لایەنێك بەکار بهێنرێت، بەڵکو دەبێت ئەنجامەکەی بۆ هەموان بێت و لە پێناو ئێستا و نەوەکانی داهاتوودا بێت، لەو پێناوەشدا زەمینەسازیی زۆری بۆ بکرێت.

٢- دیاریکردنی ئەولەویەت لە کاتی ئێستادا زۆر گرنگە، ئەویش بە چاککردنی بارودۆخی نالەباری سیاسی و ئابووریی خەڵکی کوردستان.

٣- ڕاپرسی بە بێ یاسا ئەنجام نادرێت. لە کاتی ئێستادا ئەم یاسایەش بوونی نییە، ئەگەرچی پرۆژەیاسایەك پێشکەشی پەرلەمان کراوە، بەڵام خوێندنەوەی بۆ نەکراوە.

٤- ئاماژە بەو بڕیارەی باسمان کرد، دەتوانین بڵێین کە دەسەڵاتی پەرلەمانی کوردستانە ڕاپرسی ڕابگەیەنێت و ئەنجامی بدات.

٥- ئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کوردستان، مافێکی یاسایی و نێودەوڵەتییە و دانی پێدا نراوە.

٦- سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە بە پەیڕەوکردنی هەنگاوەکانی زەمیەسازیی پرسەکە دەبێت، کە لە پێشتردا ئاماژەیان پێ کراوە.

٧- لە کاتی وەرگرتنی دەنگی هاوولاتیانی کوردستان بە (بەڵێ) بۆ ڕاپرسییەکە، پێویستە بۆ سەرکەوتنی ئەم ئەزموونە نوێیە پەیڕەوی سیستەمی لامەرکەزیی ئیداری و مالی بکرێت، بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کیانەی کە دروست دەبێت.

ئەمەش وەك ئەزموونێك کە لە (٢٥) ساڵەی دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان دەرکەوتووە، بەهۆی بۆشایی زۆر لە نێو شارەکانی هەرێم و ئەو پارتانەی ململانێی سیاسی دەکەن، بەمەش یەك لەگەڵ ئەوی دیکەدا دەتوانن پێکەوە هەڵ بکەن.

٨- دروست نییە هیچ نەتەوەیەك دەستدرێژی بکاتە سەرمافی نەتەوەیەکی دیکە، وەك خوای میهرەبان دەفەرموێت ﴿یا ایها الناس انا خلقناکم من ذکر وأنثی وجعلناکم شعوباً و قبائل لتعارفوا...﴾.

٩- ڕاپرسی وەك ڕێگایەکی یاسایی بۆ دیاریکردنی مافی هەر نەتەوەیەك، مافی هەموو گەلانە، کە لە ڕێیەوە بارودۆخی یاسایی و

دەستووریی خۆیان دیاری بکەن، کە لەگەڵ پێوەر و ڕێسا نێودەوڵتییەکاندا بگونجێت.

١٠- ڕاپرسی پێویستی بە شارەزایی باشی یاسا و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانە. ناکرێت بە تەنها بڕیارێکی سیاسی ئەنجامەکانی مسۆگەر بکرێت.

## پێشنیارەکان:

١- یەکخستنی گوتاری لایەنە سیاسییەکان سەبارەت بە ڕاپرسی و کات و شوێنی ئەنجامدانی.

٢- پشتیوانیی سەرجەم ڕێکخراو سەندیکا و تاکێکی کوردی، هۆشیارییان سەبارەت بە پرۆسەکە، کە ئەمەش پێش ئەنجامدانی دەبێت.

٣- کاراکردنەوەی دامەزراوە یاساییەکانی هەرێم لە سەرووی هەموویشیانەوە پەرلەمانی کوردستان.

٤- پەرلەمانی کوردستان یاسایەك دەربکات بۆ ڕاپرسی کە تێیدا ڕۆژ و سنووری هەڵبژاردنەکە و مەبەستی ئەنجامی ڕاپرسییەکە دیاری بکات.

٥- لایەنێکی نێودەوڵەتی ڕابسپێردرێت کە سەرپەرشتیی ڕاپرسییەکە بکات، بە شێوەیەك خاوێن و دوور لە هەر گزیکارییەك ئەنجامی بدات.

٦- دروستکردنەوەی متمانەی هاووڵاتیانی کوردستان لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم بە پرۆسەکە.

٧- پێش پرۆسەکە پێویستە لەگەڵ حکومەتی ناوەند لە بەغدا گفتوگۆ بکرێت.

## سەرچاوەکان:

١- الاستفتاء الشعبي بين الانظمة الوضعية والشريعة الاسلامية. د.ماجد راغب الحلو.

٢- تقرير المصير عند غياب الدولة الاسلامية الموحدة في الفكر الاسلامي، د.قادر مجيد حسن القشوري ٢٠٠٩.

٤- حق تقرير المصير لشعب الكوردستان وفق القوانين الدولية منظمة، ستاندار ٢٠١٤.

٥- الوضع القانوني والسياسي لاقليم كوردستان الفترة مابين ١٩٧٠-٢٠٠٣، دراسة قانونية سياسية، مخلص سليم مراد، اربيل ٢٠١٤.

## توێژینەوەکان:

١- دیدگایەکی زانستی بۆ گوتارێکی ستراتیجی سەبارەت بە دەوڵەتی کوردیی، ابراهیم محمد عزیز ٢٠١٢/٣/٢٥.

٢- نزاهة الاستفتاء العام، دراسة قانونية مقارنة، بسام حازم عبدالمجيد مجلة تكريت للعلوم القانونية والسياسية.

٣- ڕیفراندۆم لە نێوان دروشم و پراکتیکدا، هەڵمەت محەمەد، ژووری توێژینەوەی سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان، ئاداری ٢٠١٦.

٤- بابەتی ڕیفراندۆم وەك ئاکامێکی مافی چارەنووس، د. نوری تاڵەبانی، گۆڤاری پارێزەر ژ ٨ / ٢٠٠٤.

٥- پەیامی مامۆستا عەلی باپیر بەناوی (هەنگاوەکانی زەمینەسازی بۆ دەوڵەتی کوردستان) ٢٠١٦.

## یاساکان:

١- یاسای ژ ٤ی ساڵی ٢٠١٤ی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان.

٢- یاسای ژ ١ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.

٣- بڕیاری ژ ١ی ساڵی ٢٠٠٥ی پەڕلەمانی کوردستان.

٤- دەستووری کۆماری عێراق ٢٠٠٥.

٥- پرۆژەدەستووری هەرێمی کوردستان ٢٠٠٩.

# پێگە و مافەکانی کورد
# لە دەستووری کۆماری عێراق، ساڵی ٢٠٠٥*

کە گۆڕانی سیاسی لە عێراقدا ساڵی ٢٠٠٣ هاتە کایەوە، تا ئەو کاتەش عێراق کاری بە دواهەمین دەستووری ١٦ی تەموزی ١٩٧٠ دەکرد، لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی ئینتیقالی ساڵی ٢٠٠٤ وەك دەستوورێکی کاتی ناسێنرا و بووە پێشەکی و ئامادەسازی بۆ دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ کە لە ١٤٤ مادده پێك هاتووە، بووە هەمیشەیی.

پێگەی کورد لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ بەراورد بە دەستوورەکانی ڕابردوو، هەروەها ئەو وڵاتانەش کە کوردیان بەسەردا دابەش کراوە، باشترین پێگەیە لە ڕووی دەقی دەستوورییەوە. لە کاتی هەموارکردنیدا هەرگیز جارێکی تر ئەو پێگەیە بە کورد نادرێتەوە.

لە دەستوورە نووسراوەکەدا، ماف و ئازادییەکان دەقنووس کراون لە دەروازەیەکی سەربەخۆدا کە دەروازەی دووەمە و لە ماددەکانی ١٤ تا ٤٦ دەگرێتەوە، کە تیایدا ماف و ئازادییەکانی بۆ تەواوی هاووڵاتیان لە عێراقدا بە دەقی دەستووری ڕێك خستووە، کە لە نێویدا کوردیش وەك نەتەوە و هاووڵاتی چەندین مافی بۆ نووسراوەتەوە.

---

* ئەم توێژینەوەیە لە گۆڤاری پەرلەمانتار، ژمارە ٢٧، لە نیسانی ٢٠١٨ بڵاوکراوەتەوە.

لەم نووسینەدا جەخت دەکەمەوە لەسەر ئەم برگە پێویستانە بۆ ئەم قۆناغە هەستیارەی خراپیی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەند لە بەغدا، ئەوانیش:

- ئەو مادده دەستوورییانەی پێگەی هەرێمی کوردستانیان دیاری کردووە.
- ئەو ماددانەی مافەکانی کورد لە دەستوورەکەدا ڕێك دەخەن.
- ئەو مادده دەستوورییانەی پێویستە بە یاسا ڕێك بخرێن.
- دیارترین ئەو خرووقاتە دەستوورییانەی کە مافی کوردی تیادا پێشێل کراوە.
- پاکێجێك بۆ ئەنجامدانی دانوستانێکی سەرکەوتوو.

لە خوارەوە لەژێر ناونیشانی ئاماژە بۆکراودا لێیان دەدوێین:

## ئەو مادده دەستوورییانەی پێگەی هەرێمی کوردستانیان دیاری کردووە:

لە دەستووری کۆماری عێراقدا ساڵی ٢٠٠٥ لە ماددەی ١١٠، دەسەڵاتە حەسرییەکانی حکومەتی ناوەند باس کراوە، هەروەها لە ماددەی ١١٤ دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی ناوەند و هەرێمەکان باس کراوە، ماددەی ١١٥ش ئاماژەی بەوە کردووە کە هەر دەسەڵاتێك لە دەسەڵاتە حەسرییەکاندا نەهاتبێت لەم دەستوورەدا، ئەوا دەچێتە چوارچێوەی دەسەڵاتی هەرێم و پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لە هەرێمدا، لە ماددەی ١١٧دا دانی ناوە بە سەرجەم دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان وەك پێکهاتەیەکی سەرەکیی دەوڵەتە فیدراڵییەکە.

ئەو ماددانەی مافەکانی کورد لە دەستوورەکەدا ڕێك دەخەن:

ئەو ماددانە کە دیارترینیان لەسەر پرسی مافەکانی کورد وەك پێکهێنەری دەوڵەتە فیدراڵییەکە وەستاون، بریتین لە:

١- لە دیباجەی دەستوورەکەدا، بە کورد و گرفتەکانی لە ساڵانی ڕابردوودا ئاماژە کراوە لە نێو نەتەوەکانی عێراقدا.

٢- ماددەی ٤ بڕگەی یەکەم، زمانی کوردیی بە هاوشانی زمانی عەرەبی وەك زمانێکی فەرمی ناساندووە.

٣- ماددەی ٩ بڕگەی یەك، تەشکیلکردنی هێزە چەکدارەکان و دەزگا ئەمنییەکانی لە پێکهاتەکانی عێراق و بەشدارییانی مسۆگەر کردووە.

٤- ماددەی ٢٥ هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی ئابووریی لە عێراقدا دیاری کردووە.

٥- ماددەکانی ٢٦ تا ٣٠ مافە ئابوورییەکانی ژماردوون.

٦- ماددە ٤٧ پێکهاتەی دەسەڵاتە ئیتیحادییەکانی لە عێراقدا هێناوە.

٧- ماددەی ٦٥ مافی نەتەوەی کورد لە پێکهێنانی ئەنجوومەنی ئیتیحاددا دیاری دەکات، لەگەڵ ئەوەی تا ئێستا ئەم ئەنجوومەنە دروست نەبووە.

٨- ماددەی ٨٠ بە ئەرکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقی داناوە کە ئامادەکردنی بودجەی گشتی و ژمێرەی کۆتایی و نەخشەی گەشەپێدان بە شێوەی هاوبەشەکی دەبێت.

٩- ئەوەی دەستوورەکە جەختی لەسەر کردووەتەوە، جیاوازی کردنە لە نێوان ئەرکە دارایی و ئەرکە دراوییەکان، لەلایەك ئەرکە داراییەکان بەخشراوە بە ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی و ئابووری لەگەڵ ملکەچی بۆ چاودێریی ئەنجوومەنی نوێنەران. بەڵام بانکی ناوەندی کە

مـــاددەی ١٠٣ ئامـــاژەی پـــێ کـــردووە، پێویســـتیی ســـەربەخۆیی و بەرپرسیاریەتیی سەلماندووە لە بەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران بە تەنهایی.

١٠- ماددەی ١٠٦ دامەزراندنی دەستەی گشتیی چاودێریی تەرخانکردنی داهاتە ئیتیحادییەکان بەسەر ناوەند و هەرێم و پارێزگاکان دەکات.

١١- ماددەی ١١١ و ١١٢ سامانی نەوت و غازی وەك موڵکی سەرجەم عێراقییەکان داناوە و سیاسەتی نەوتی، ستراتیژی وەك کارێکی هاوبەش لە نێوان حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێم و پارێزگاکان جێگیر کردووە.

١٢- ماددەکانی ١١٣ و ١١٤ دەسەڵات و تایبەتمەندییە دەستوورییە هاوبەشەکان لە نێوان ناوەند و پارێزگاکان باس دەکات.

١٣- ماددەی ١١٥ ئەرك و دەسەڵاتە نەنووسراوەکان بۆ حکومەتی ناوەند دەبێتە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم.

١٤- ماددەی ١١٧ بڕگەی یەکەم دانی ناوە بە پێگەی یاسایی هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدڕاڵی.

١٥- ماددەی ١١٨ بە دەقی دەستووری جیاکردنەوە لە نێوان دەسەڵاتی حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێم و ڕێوشوێنی هەرێمەکان دەکات.

١٦- ماددەی ١٢٠ مافی داوە بە هەرێم کە دەستووری خۆی هەبێت.

١٧- ماددەی ١٢١ بڕگەی پێنجەم هێزەکانی پێشمەرگە و مافەکانی سەلماندووە.

١٨- هەمان ماددە دەسەڵاتی بە هەرێم بەخشیوە کە هەمواری جێبەجێکردنی یاسای ئیتیحادی لە هەرێمدا کردووە.

١٩- ماددەی ١٢٦ بڕگەی چوارەم، ڕێگە نادات کە لە دەسەڵاتە دەستوورییەکانی هەرێم کەم بکرێتەوە.

٢٠- ماددەی ١٣٢ قەرەبووی بەندی و قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان لەسەر دەستی ڕژێمی پێشوو، دەسەلمێنێت.

٢١- ماددەی ١٤٠ چارەنووسی ناوچە جێناکۆکەکان بە پێی خشتەیەك دیاری دەکات، لەگەڵ ئەوەی ئەم ماددەیەش تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە.

٢٢- ماددەی ١٤١ دانی ناوە بە سەرجەم یاسا دەرکراوەکانی هەرێمدا.

## ئەو ماددە دەستوورییانەی پێویستە بە یاسا ڕێك بخرێن:

لە کۆی ماددە دەستوورییەکان (٦٧) ماددە لە کۆتاییەکەیدا دەستەواژەی (وینظم ذلك بقانون) واتا پێویستە بە یاسا ڕێك بخرێت، کە ئەوانیش دابەش بوون بەسەر زۆرێك لە بوارە سیاسی و ئابووری و ئازادییەکان، تا ئێستا ژمارەیەکیان کە نزیکەی نیوەی ئەو ژمارەیە دەگرێتەوە دەرچووێندراون، لەگەڵ ئەوەی زۆربەی جێبەجێ نەکراوە، کە ئەوانیش بریتین لە ماددەکانی:

١- ماددەی ٤ی زمانە فەڕمییەکان.

٢- ماددە ٩ی یاسای خزمەتی ئاڵا.

٣- ماددە ١٢ی ئاڵا و سروودی نیشتمانی.

٤- ماددەی ٢١ی مافی پەناهەندەی سیاسی.

٥- ماددەی ٢٢ی پەیوەندیی نێوان کرێکار و خاوەنکار.

٦- ماددەی ٢٦ی هاندانی وەبەرهێنان.

٧- ماددەی ٣٨ی ئازادیی کۆبوونەوە و خۆپیشاندانی ئاشتییانە.

٨- ماددە ٣٤ی فێرکردنی تایبەت و ئەهلی.

٩- ماددەی ٤١ی ئازادیی پابەندبوونی هەرکەسە بە باری کەسێتیی خۆیەوە.

١٠- مادده ٤٥ی بەهێزکردنی کۆمەڵگای مەدەنی.

١١- مادده ٨٩ و ٩٢ پێکهێنانی دادگای ئیتیحادی و پێکهاتەکەی.

١٢- ماددەی ١٠٦ی دەستەی گشتیی چاودێری.

١٣- ماددەی ١٠٧ی ئەنجوومەنی ڕاژەی ئیتیحادی.

١٤- ماددەی ١١٢ی نەوت و غاز.

١٥- ماددەی ١١٤ی داڕشتنی سیاسەتی سەرچاوە ئاوییەکان.

**دیارترین ئەو خرووقاتە دەستوورییانەی کە مافی کوردیان تیا پێشێل کراوە:**

١- ماددەی ٤ بە سەرجەم بڕگەکانیەوە کە باسی زمانی فەرمی و نامە و نێردەکان دەکات.

٢- مادده ٩ی تایبەت بە هێزە چەکدارەکان.

٣- مادده ١٢ی ئاڵا و دروشم و سروودی نیشتمانی.

٤- مادده ١٩ی تایبەت بە دەسەڵاتی دادوەری.

٥- مادده ٦٥ی ئەنجوومەنی ئیتیحادی.

٦- مادده ٩٢ بڕگە دوو، پێکهاتەی دادگای ئیتیحادی.

٧- ماددەی ١٠٦ی دامەزراندنی دەستەی گشتیی چاودێری و تەرخانکردنی داهاتە ئیتیحادییەکان.

٨- ماددەکانی ١١٠ و ١١١ی داڕشتنی سیاسەتی نەوتی.

٩- ماددەی ١٤٠ی دەستوور لە ماوەی ١٠ ساڵدا.

١٠- ئەنجامنەدانی سەرژمێریی گشتی لە عێراقدا.

# خوێندنەوەیەکی یاسایی ڕەخنەییانە بۆ یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٦ی بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لە کوردستان بەراورد بە (ستانداردە جیهانییەکانی مافەکانی مرۆڤ)*

## پێشەکی

لەو کاتەوە مرۆڤایەتی تاوانی ناسیوە و هەوڵی مامەڵەی داوە لەگەڵ ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی بەکۆمەڵ، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هیچ دیاردەیەکی تاوانکاری یاخود لادان، بایەخی پێ نەدراوە، وەك چۆن بایەخێکی زۆری ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی بە تاوانی تیرۆر دراوە و توێژینەوە و پێناسە و ڕاگەیاندنی جاڕنامە و ڕێککەوتنامە و یاسای بۆ دەرکراوە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تاوانی تیرۆر تاوانێکی (ڕێکخراوە) و ئاسەوارەکانی زۆر گەورەن. قوربانی و زیانەکانی لەسەر گیان و سەلامەتیی مرۆڤەکان و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیان و زیانی ماڵ و کەولوپەلەکان دەوەستنەوە.

تاوانی تیرۆر، دیاردەیەکی پەیوەندیدار بە وڵاتێك، یاخود شارستانیەتێك، یان ناوچەیەتی دیاری کراوەوە نییە، بەڵکو ڕاستیی ڕووداوەکان دەری دەخەن کە تیرۆر دیاردەیەکی تاوانکاریی مەترسیدارە و هەڵگری هیچ ناسنامەیەکی (نیشتمانی و ئایینێکی دیاریکراو، یاخود نەژادێکی دیاری کراو) نییە. کۆمەڵێك دەستی تاوانکار، پیلانی بۆ دادەڕێژن

---

* ئەم توێژینەوەیە لە گۆڤاری پەرلەمانتار، ژمارە ٢٨، لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٨ بڵاوکراوەتەوە.

و سەرپەرشـتی و هاوکـاریی دەکـەن، کـە ئامانجەکـەیان کوشـتن و ڕشـتنی خوێنی مرۆڤە.

پێویست دەکات چەمکی تیرۆر لە چەندین لاوە توێژینەوەی لەسەر بکرێت، بەڵام ئێمە تەنها لە میانەی کارکردنمان لەسەر یاساکە، لەم پێنج بەشەدا توێژینەوەمان کردووە، کە ئەوانیش بریتین لە:

- بەشی یەکەم: تیرۆر لە یاسا نیشتمانییەکاندا.
- بەشی دووەم: کەموکووڕییەکانی یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٦.
- بەشی سێیەم: پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ لە یاساکەدا.
- بەشی چوارەم: یاساکە و ڕەچاونەکردنی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان.
- بەشی پێنجەم: ئەو ماددانەی پێویستە لە یاساکەدا هەموار بکرێنەوە.

لەگەڵ باوەڕی تەواوم بەوەی کە دیاردەی جیهانیی تیرۆر پاش هاتنی شەپۆلی توندڕەوی هێزێکی وەکو داعش و پەلاماردانی هەرێمی کوردستان و خستنەوەی قوربانییەکی زۆری شەهید و بریندار، هەروەها ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید وەك تاوانێکی نێودەوڵەتی، فۆرم و شێوازی نوێی بەخۆوە دیوە و پێویستە یاسایەکی تۆکمە هەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردە تاوانکارییە مەترسیدارە، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە هەرێمی کوردستان بەهۆی زۆریی پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤەوە، ئەو دوورگە ئارامە نییە کە بەبێ ڕوودانی پێشێلکاری بتوانێت ڕووبەڕووی وەها دیاردەیەك ببێتەوە و ژمارەی قوربانییەکان زیاد نەکات و لەژێر ئەم چەترەدا بێگوناهەکان باجی کردەوەی تاوانباری سەرەکی نەدەن.

ولاَتـان پـەنايان بـۆ دەركـردن و دانـانی ژمارەيـەك ياسـا و ڕێسـای تونـد بردووە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دياردەيە و كەمكردنەوەی ئاسەوارەكانی، ئەمەش لەسەر ئاستی نيشتمانی و نێودەوڵەتی.

هــەرێمی كوردســتانيش خــاوەنی ياســای ســەربەخۆی خۆيــەتی بــۆ بەرەنگاربوونـەوەی دياردەكـە، بـەلاَم سـەرنج و تێبينيـی زۆر لەسـەر خـودی ياسـاكە و شـێوازی جێبەجێكردنەكـەی هەيـە، كـە ئێمـە لـە ميانـەی ئـەم توێژينەوەيەدا ڕوونيان دەكەينەوە.

بە هيوای ئەوەی هەرێمی كوردستان ببێتە ولاَتێكـی پـارێزەری چـەمكی مافەكانی مرۆڤ. لەنێو خێزانی نێودەوڵەتيدا، بەرگريكارێكی مافەكانی مرۆڤ لە لايەك و بەرەنگاری تيرۆريزم لە لايەكی ديكە، بێت.

## بەشی يەكەم: تيرۆر لە ياسا نيشتمانييەكاندا

سياسەتی (تەشريعی جينائی) لە عێراق و كوردستاندا وەك سەرجەم ولاَتانی جيهان، بەو ئاراستەيە بووە كە ئامانجەكەی بەرەنگاربوونەوەی دياردەی تيرۆر و قەلاَچۆكردنی ئاسەوارەكانی بووە، لەم پێناوەشدا چەندين ياسا و ڕێكەوتننامە خراوەتە بواری جێبەجێكردنەوە.

سەرەتای ئەم پرۆسەی ياساكارييە بە ياسای سزادانی عێراقی دەست پێدەكات، ئەگەرچی لەنێو ئەو ياسايەدا وشەی تيرۆر بەكار نەهاتووە و زياتر لەسەر دياردە تاوانكارييەكان وەستاوە و مادده و برگەی پێويستی بۆ داناوە.

كەواتە دەتوانين بلێين سەرەتای ئەم ڕەوتی ياسادانانە، لە كۆنەوە تا ئێستا، بەم شێوانە دەستی پێكردووە:-

١- یاسای سزادانی عێراقی، ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو.

٢- یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٠٥. ئەم یاسایە لە عێراقدا تا ئێستا جێبەجێ دەکرێت، بەڵام هەرێمی کوردستان ناگرێتەوە، چونکە هەرێم تایبەتمەندیی یاسایی خۆی هەیە و ئەم ڕاستییەش لە دەستووری عێراقدا بە ڕوونی ئاماژەی پێ کراوە کە هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی یاسادانانی خۆی هەیە و مافی دەرکردنی یاسای تایبەت بە خۆی هەیە.

٣- یاسای ژماری ٨ی ساڵی ١٩٩٢، یاسای سزادانی هەڵگرتن و دروستکردن و بەکارهێنانی تەقەمەنی، ئەم یاسایە بە یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٦ هەڵوەشێنراوەتەوە.

٤- یاسای ژمارە ٢١ی ساڵی ٢٠٠٣ی هەمواری چەند ماددەیەکی یاسای سزادانی عێراقی بە تایبەت ماددەی ١٥٦.

٥- یاسای ژماری ٣ی ساڵی ٢٠٠٦، یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لە هەرێمی کوردستان- عێراق، کە چوار جار کارکردن بە یاساکە درێژکراوەتەوە، وەك لەم یاسایانەدا هاتووە:

أ- یاسای ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠٠٨، یاسای درێژەدان بە کارکردن بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر.

ب- یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١٠، یاسای درێژکردنەوەی کارکردن بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر.

ج- یاسای ژمارە ٧ی ساڵی ٢٠١٢، یاسای درێژەدان بە کارکردن بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر.

د- یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٤، یاسای درێژەدان بە کارکردن بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر.

## بەشی دووەم: کەموکوورپییەکانی یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٦

یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٦، هەوڵێکی باش و سەرکەوتوو بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردە نوێیە لە کاتی خۆیدا، بەڵام ئەم یاسایە ناتەواوی و کەموکووڕیی زۆری لەخۆ گرتووە، کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەدەین:

١- دەقەکانی یاساکە بە تایبەتی لە سزاداندا، دادوەرانی پابەند کردووە بە بڕیاردان لەسەر سزای لەسێدارەدان، یاخود بەندکردنی هەتاهەتایی، ئەمەش وەك ئەوەی لە ڕەوتی یاسادانانی جینائیی بەراوردکاریدا هاتووە، دادوەر پێویستە سەرپشك بکرێت لە نێوان یەکێك لە سزاکان یاخود هەردووکیان بە یەکەوە، ئەگەر بیەوێت دۆخی سزای تاوانبارەکە قورس بکات، چونکە دۆخی تاوان و پاڵنەرەکانی بە پێی کەس و لایەن و کات و گەورەیی قوربانییەکە و ڕووداني تاوانەکە، دەگۆڕێت.

٢- ژمارەیەك مادده لە یاساکەدا دووبارەن و پێشتر لە یاسای سزادانی عێراقی، ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩، دەقنووس کراون و سزایان بۆ دانراوە. کەواتە ئەم دووبارەکردنەوەیە پێویست ناکات. لە کاتێکدا یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە عێراقدا، ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٠٥، تەنها (٦) ماددەیە و دووبارەی ئەو ماددانەی نەکردووەتەوە کە لە یاسای سزادانی عێراقیدا هاتوون.

٣- ئەم یاسایە هیچ باسێکی لەو پێشێلکاری و تاوانانە نەکردووە کە لەسەر دەستی حکومەت و دەوڵەتی عێراق و دەوڵەتانی فرەڕەگەز و کۆمپانیا ئەمنییە جیهانییەکان کە پێشتر و ئێستا لە عێراقدا کار دەکەن،

ئـەنجام دراون، کـە لـە مـاوەی سـاڵانی دوای ٢٠٠٣وە ژمارەیـەك قوربانییـان خستووەتەوە. ئایا ئەم تاوانانە تـیرۆرن و دەبێـت بکـەرەکانیان لـە نـاوخۆدا دادگایی بکرێن، یاخود چارەنووسیان چی دەبێت؟!

٤- لە یاساکەدا ژمارەیەك دەستەواژە و دەق بەکارهاتوون کە نەرمن (مرن) و ئەگەری تەفسیریان هەیە، بە شێوەیەك کە لە ئامانجی یاسا دەردەچێت. بۆ نموونە: لە ماددەی یەکەمدا لە پێناسەی تیرۆردا هاتووە "...تحقيقاً لمأرب سياسية أو فكرية أو مذهبية او عرقية)" یاخود "....بدافع أرهابي...".

٥- بەو پێیەی تا ئێستا کۆڕایی (اجماع)ی نێودەوڵەتی لەسەر پێناسەکردنی چەمکی تیرۆر نییە، بەڵام یاساکە لە ماددەی یەکەمدا هەڵساوە بە پێناسەکردنی و ژماردنی تەواوی ئەو تاوانانەی کە بە تیرۆر ئەژمار دەکرێن. لە کاتێکدا ژمارەیەك لە فەقیهە قانوونییەکان ڕایان وایە کە پێناسەی چەمکەکان لە یاسادا نەکرێت، بۆ ئەوەی کە لە داهاتوودا هەر پرسێك هاتە پێشەوە، یاساکە بتوانێت چارەسەری بکات، لەگەڵ ڕەچاوی پرەنسیپی "لا جريمة ولا عقوبة الا بنص".

٦- پێناسەی تاوانی تیرۆر لە یاساکەدا لە ڕووی داڕشتنەوە وردبینیی تەواو نەکراوە، بەڵکو زیاتر پەلەی پێوە دیارە، دەستەواژەی درێژی وا هاتووە کە پێویست بە شرۆڤە دەکات.

٧- لە ماددەی دووەم لە بڕگەی (١)دا هاتووە "دامەزراندن یان ڕێکخستن یان ئیدارەدانی ڕێکخراوێك یان کۆمەڵەیەك یان دەستەیەك...".

ئەمە پرسیاری گەورە دەورووژێنێ لە ڕووی ئەوەی کە ئایا چۆن لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕەزامەندی دەدەن لەسەر دامەزراندنی وەها ڕێکخراو و

کۆمەڵەییەك کە ئامانجی تیرۆرکاریی هەیە؟! چونکە دامەزراندنی ڕێکخراو و کۆمەڵەکان تەنانەت پارتی سیاسیش، هەریەکەیان یاسای سەربەخۆی خۆی هەیە. دەبێت پەیڕەوی ناوخۆی خۆیان هەبێت و تیایدا هاتبێت کە ڕێکخراوەکە یاخود کۆمەڵەکە نابێت ئامانجی تیرۆرکاریی هەبێت. بەم یاسایانەش ڕێکخراون کە بریتین لە یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان، ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١١ و یاسای کۆمەڵەکان لە هەرێمی کوردستان، ژمارە ١٨ی ساڵی ١٩٩٣ و یاسای حیزبەکانی هەرێمی کوردستان، ژمارە ١٧ی ساڵی ١٩٩٣ی هەموارکراو.

٨- ماددەی چوارەم، بڕگەی ٢ لە یاساکەدا، ئاماژەی بە هەبوونی بەڵگەننامە و بڵاوکراوە و کاسێت و وێنە و ئەرشیف داوە. هەبوونیان بە نیەتێکی تیرۆرکارییانە، بە تاوان دانراوە. کەسەکە سزاش دەدرێت بە زیندانی کە لە ١٥ ساڵ تێپەڕ نەکات. واتە ئەم ماددەیە بەسە بۆ ئەوەی ببێتە پاساوی دەستگیرکردنی هەزاران کەس و سزادانیان بە توندترین شێوە.

٩- لە ماددەی سیازدەیەمدا هاتووە کە "...ئەگەر لە ئەنجامی بەکارهێنانی یەکێك لەو شێوازانەی باسیان لێوە کرا، زیانێکی بەرجەستەی قەبەی لێکەوت...". ئەم دەستەواژەیە زیانێکی بەرجەستەی قەبە کە بە زمانی عەرەبی (ضرر مادی بلیغ) دەگەیەنێت، کە تێگەیشتنە پێچەوانەکەی واتا زیانە مەعنەوییەکان ناگرێتەوە، لە کاتێکدا زیانە مەعنەوییەکان کاریگەرییان زیاترە لەسەر کەسایەتی و دەروونی قوربانییەکە. دەقی یاساکە تەنها زیانێکی بەرجەستەی قەبەی وتووە، واتا ئەگەر زیانەکە کەم بوو، یاخود بچووك بوو، یاخود چاکبووەوە، ئەوا قوربانییەکە ناتوانێت سکاڵا بکات و بە دوای مافی خۆیدا بڕوات.

## بەشی سێیەم:  پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ لە یاساکەدا

فەلسەفەی دانانی یاسا پاراستنی بەرژەوەندییەکان و مافی تاکە لە کۆمەڵگادا. ئامانجێکی سەرەکیی جێبەجێکردنی یاسا سزاییەکانیش، بریتییە لە سزادانی تاوانبار و سڵەماندنەوەی ئەوانی تر لە هاووڵاتیان کە ئەم تاوانە ئەنجام نەدەن. بەڵام پێویستە یاسا سزاییەکان لە کاتی جێبەجێکردندا پێشێلکاری نەخەنەوە لە پرسێکی هەستیاری وەك پرسی مافەکانی مرۆڤ. یاسا نەبێتە پاساو بەدەست دەزگا ئەمنییەکانەوە بۆ ململانێی سیاسی و نەیارە سیاسییەکان بە تۆمەتی تیرۆر دادگایی و سزا بدەن.

**لە خوارەوە دیارترینی ئەو پێشێلکارییانە لە پرسی مافەکانی مرۆڤ لە یاساکەدا دەخەمە ڕوو:**

١- یاساکە ڕێگەی گرتووە لە بەکارهێنانی ئەشکەنجە و خراپ مامەڵە لەگەڵ تۆمەتبار لە کاتی لێکۆڵینەو و دادگاییدا، بەڵام ئەو دانپێدانانەی کە لەسەر تاوانێك لە ڕێگەی ئەشکەنجەوە پاش بوونی بەڵگەی دیکە وەردەگیرێت، لە دژی تۆمەتبارەکە بەهەند وەردەگرێت. ئەمەش پێشێلکارییە لە پرسی مافەکانی تۆمەتبار کە لە یاسا بەرکارەکانی عێراق و کوردستاندا هاتووە "تۆمەتبار نابێت ئەشکەنجە بدرێت وە بێدەنگییەکەی نابێت لە دژی خۆی بەکار بێت". هەرچۆن ڕێکەوتننامە جیهانییەکان و جاڕنامەکانیش ئەم جۆرە مامەڵەیە بە مەترسی دەزانن.

٢- ئەم یاسایە لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایش و دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستانەوە جێبەجێ دەکرێت، کە ئەوانیش بە هەردوو یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١١ی ئەنجوومەنی ئاسایش و یاسای ژمارە ٥ی ساڵی

٢٠١١ی دەزگای ئاسایش، چوارچێوەی کاریان دیاری کراوە، کە بە دەق نەنووسراوە تێیاندا ئەم دەزگایانە خاوەنی گرتووخانە و دادوەری تایبەت بە خۆیان و لێکۆڵینەوەی نهێنی بن. کەچی هەردوو دەزگاکە و بەشەکانیان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان گرتووخانە و لێکۆڵینەوەی تایبەت بە خۆیان هەیە و لە زۆربەی کاتدا ملکەچ نابن بۆ هیچ چاودێرییەك، ئەمەش واتای پێشێلکارییەکی گەورەیە کە بە بیانووی جێبەجێکردنی ئەو یاسایەوە دەکرێت.

٣- هەر تۆمەتبارێك بەم یاسایە تۆمەتبار بکرێت، ئەوا بە بارمتە (کفالة) ئازاد نابێت، یان دادگای لێکۆڵینەوە دۆسیەکە دادەخات، یاخود دۆسییەکە هەواڵە دەبێت بۆ دادگای تاوانەکان و تۆمەتبارەکە لەلایەن ئەو دادگایەوە یان حوکم دەبێت، یاخود بێ گوناه ئازاد دەکرێت. ئەم نەهێشتنی کەفالەیە دژە لەگەڵ کەسی تۆمەتبار و هۆکارێکە بۆ بڵاوبوونەوەی نائارامی لە کۆمەڵگادا.

٤- یاساکە ڕەوایەتیی داوە بە دەستبەسەراگرتنی ماڵی گواستراوە و نەگواستراوەی تاوانباران، ئەمە لە کاتێکدا تاوانبار خۆی بکەر یاخود دابینکەر یاخود هاندەر بووە. ماڵ و موڵکەکانی لەوانەیە خێزان و کەسوکارەکەی پاش خۆی سوودمەند بن لێیان و سەرچاوەی داراییان بێت. ئەمەش واتا تاوانبارێك لە دۆسیەیەکدا هەیە، لە بەرانبەردا ئێمە بەم یاسایە سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی سزا دەدەین و بڕیاری مەرگیش بۆ بێگوناهەکان دەردەکەین.

٥- سزای لەسێدارەدان وەك سزایەکی دیار لە یاسایەکەدا بۆ بکەری سەرەکی و هاندەر و هەروەها دەستپێکەر (شروع) دانراوە، لە کاتێکدا سزای لەسێدارەدان نەیارێکی زۆری هەیە لەنێو ناوەندە جیهانییەکاندا کە پێویستە وەك سزایەك لەم یاسایەدا بە قووڵی پێداچوونەوەی پێدا بکرێت.

## بەشی چوارەم: یاساکە و ڕەچاونەکردنی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان

نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتی خۆیدا ئەوەی ئاشکرا کردووە کە پێوەرە کاراکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و بەهێزکردنی بابەتی مافەکانی مرۆڤ، دوو مەبەستی دژ بە یەکدی نین، بەڵکو تەواوکەر و بەهێزکەری یەکترن. پێگەی یاسایی هەرێم وەك هەرێمێك لە سنووری دەوڵەتێکی فیدراڵیدا کە عێراق بە تەواوی سیادەی خۆیەوە پابەندی و شکۆی بڕیار و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی بە دەقی دەستووری ڕێکخستووە، وەك لە ماددەکانی ٨+٩ی دەستووری کۆماری عێراقدا ئەم پابەندییەی ڕاگەیاندووە و ڕێزی لە پەیماننامە و یاسا نێودەوڵەتییەکان ناوە. بۆیە دەبێت هەرێمیش لە پرۆسەی یاسادانان و یاسا کۆن و نوێکانیدا، خۆی لەگەڵ جاڕنامە و پەیماننامەکاندا بگونجێنێت و خۆی بەو پێیە ڕێك بخاتەوە.

**لە خوارەوە ئەو سەرنجە بەراوردکارییانە دەخەینە ڕوو:**

١- یاساکە پێناسەی تیرۆری کردووە، کەچی لە چوارچێوەی نێودەوڵەتیی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، لە پەیماننامە و بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش و کۆمەڵەی گشتی و ئەنجوومەنی مافی مرۆڤ، چەندین پێناسەیان هێناوە و لە ڕێنماییەکانیاندا داوای لە وڵاتە ئەندامەکان نەکردووە کە پابەندی پێناسەیەکی دیاریکراو بن بۆ ئەو چەمکە.

٢- پێویستە لە یاساکەدا ئاماژە بە تاوانەکانی دژەمرۆڤایەتی بدات (جینۆساید) وەك ئەوەی لە دوو ساڵی ڕابردوودا هێزێکی تاریکی وەك داعش ئەنجامی داون، ئەمەش تەواوی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان ئاماژەیان پێ داوە.

٣- ماددەی دووەم لە یاساکەدا پەیڕەوی سزای (لەسێدارەدان)ی کردووە بۆ ژمارەیەك تاوان و سەرجەمیانی ژماردووە، ئەمەش جێی نیگەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخراوە چالاکەکانی پرسی مافەکانی مرۆڤە. چونکە مەودای جێبەجێکردنی سزاکە زۆر فراوانە، کە پێویستە ئەم سزایە بە شێوەیەکی زۆر (استثنائي) جێبەجیٚ بکرێت و بە مەرجیش بێت. ئەم سزایە نیگەرانیی زۆری لای سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ دروست کردووە، کە بە بەردەوام داوایان کردووە عێراق ببێتە بەشێك لە پرۆتۆکۆڵی ئیختیاری پاشکۆ بۆ پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان، بە مەبەستی کارکردن لەسەر نەهێشتنی سزای لەسێدارەدان. لەم ڕووەوە نەتەوە یەکگرتووەکان دژی سزای مردنە لە هەر بارودۆخێکدا بێت، بەبیٚ گوێدانە ئەوەی کە تاوانی ئەنجامدراو هەرچەند ترسناك بێت.

٤- ماددەی (٤) بڕگەی (٤) لە یاساکەدا زۆر بەرفراوانە و لە چوارچێوەی یاسایی مافی ئازادیی ڕادەربڕین دەردەچێت کە لە پەیماننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان و یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە.

٥- لە ماددەی سیازدەی یاساکەدا باسی مامەڵە لەگەڵ کەسی تۆمەتباردا کراوە، باسی ژمارەیەك زەماناتی دادگایی دادپەروەرانە کراوە، وەك: دابینکردنی پارێزەر بۆ تۆمەتبار، بەڵام بەکارهێنانی ئەشکەنجە و مامەڵەی نەشیاوی بۆ وەرگرتنی دانپێدانان قەدەغە نەکردووە، هەرچەندە بەشی یەکەمی ماددەکە دانپێدانان بەزۆر و لەژێر ئەشکەنجەدا بە پووچەڵ

دادەنێت، بەڵام هەر وەری دەگرێت ئەگەر پاڵپشت بێت بە بەڵگەی دیکە، ئەمەش مەترسیدارە.

٦- لە بەشی کۆتایی ماددەکەدا مافی داوە بە تۆمەتبار ئەگەر لێکۆڵەرەوەکە ئەشکەنجەی توندی دا، دەتوانێت سکاڵا بکات، بەڵام ئەگەر ئەشکەنجەکە هیچ ئاسەواری جەستەیی قەبەی بەدواوە نەبوو، مافی نییە سکاڵا بکات و هیچ چارەسەرێکی یاسایی بەرانبەر ئەنجامدەرانی ئەم کارە نابێت. ئەمەش مایەی نیگەرانیی زۆری نەتەوەیەکگرتووەکانە، لەبەر ئەوەی تا ئێستاش پێناسەیەکی ڕوون بۆ ئەشکەنجەدان لە یاساکانی عێراق و هەرێمی کوردستاندا نەکراوە. هۆشدارییان لەو ڕووەوە داوە کە پێویستە وڵاتانی ئەندام پڕەنسیپی قەدەغەکردنی تەواوی ئەشکەنجەدان لەخۆ بگرن و بیخەنە نێو یاسا نێوخۆییەکانیان و زەمانەتی جێبەجێکردنیشی بکەن.

ئاماژەیان بەوە داوە کە ڕێکەوتننامەکان بە شێوەیەکی ڕەها ئەشکەنجە و مامەڵەی نەشیاو قەدەغە دەکەن. هەروەها هەموو ئیفادەیەکیش قەدەغە دەکەن کە بە زەبری ئەشکەنجە وەربگیرێت و نابێت ئەم ئیفادانە لە پرۆسەی دادگاییکردنەکەدا بە بەڵگە ناو ببرێن.

## بەشی پێنجەم: ئەو ماددانەی پێویستە لە یاساکەدا هەموار بکرێنەوە

لە خوارەوە پێشنیاری ئەو ماددانە و دەقی پێویست بۆ هەمواریان دەخەمە بەردەست، بە ئامانجی ئەوەی کە پەرلەمانی کوردستان کە کەوتەوە سەر ئەرکی سەرەکیی خۆی، ئەم یاسایە لە پێشینەی کارەکانی خۆی دابنێت و هەمواری بکاتەوە.

*** هەموارەکان:**

١- پێناسەی تیرۆر لە ماددەی یەکەمی یاساکە، بەپێی ستاندار و پێوەرە جیهانییەکان و پێناسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەموار بکرێتەوە. بە شێوەیەك ئەو چەمکانە لەخۆ بگرێت کە زۆر دووبارە دەبنەوە و مەترسییان بەردەوامە.

٢- ماددەی دووەم، بڕگەی (١)ی هەموار بکرێتەوە. دەستەواژەی "هەرکەس هەستێت بە دامەزراندنی یان..."، پاشان لە کۆتایی ماددەکەدا ببەسترێتەوە بە دەستەواژەی "وە کردەوەکەشی ئەنجام دابێت" و بە عەرەبی (وتمَّ اِرتكابها فعلاً).

٣- ماددەی چوارەم، بڕگەی (٢)ی هەموار بکرێتەوە. بەکارهێنان و هەبوونی ئەرشیف بە تیرۆر ئەژمار نەکرێت، دەستەواژەی "بەپاڵنەری کاری تیرۆر" بۆ بڕگەکە زیاد بکرێت.

٤- یاساکە لە سزادانی تاوانباراندا سزای لەسێدارەدان هەڵدەبژێرێت و پەنا بۆ سزاکانی دیکە نابات، ئەمەش وەك لە ڕاسپاردەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە، پێویستە بگۆردێت بۆ سزای بەندکردنی هەتاهەتایی.

٥- لابردنی بڕگەی (٤) لە ماددەی چوارەمی یاساکە بە تەواوەتی.

٦- زاراوەی "پیاهەڵدان" لاببرێت، چونکە کەسەکە بە پیاهەڵدانی گرووپێك یان کەسێك نابێتە تیرۆریست، بەڵکو کاتێك دەبێت کە تۆمەتبار خودی خۆی "کارەکە بکات، یان نەخشەی بۆ بکێشێت، یان هاوکاری بکات، یان پارەداری بکات".

٧- پێویستە پێناسەی تیرۆر لە یاساکەدا بگونجێنرێت لەگەڵ پێناسەی (دادگای تاوانی نێودەوڵەتی) کە پێناسەیەکی گونجاوترە لە ڕووی یاساییەوە، کە تێیدا هاتووە:

"الارهاب هو استخدام القوة او التهديد بها من اجل احداث تغير سياسي، او هو القتل المتعمد و المنظم للمدنيين او تهديدهم به لخلق جو من الرعب واللاهانة للاشخاص الابرياء من اجل كسب سياسي.. أو هو الاستخدام غير القانوني للعنف ضد الاشخاص والممتلكات لاجبار المدنيين او حكومتهم لاذعان لاهداف السياسية".

٨- بڕگەی (٧) لە ماددەی دووەم لابرێت، چونکە ئەوە تاوانی (تجسس)ە و لە یاسای سزادانی عێراقیدا سزای بۆ دانراوە.

٩- بڕگەی (٢) لە ماددەی چوارەمدا لابرێت.

١٠- بڕگەی (٦) لە مادەی چوارەم، ئەوە تاوانی (تزوير)ە کە لە یاسای سزادانی عێراقیدا سزای بۆ دانراوە، پێویست ناکات لێرەدا هەبێت.

١١- بڕگەی (٢) لە ماددەی چوارەم، ئەوە نابێت بە تاوان ئەژمار بکرێت، بەڵکو ئەو کارە بە (کەمتەرخەمی) دادەنرێت و ناکرێت هاووڵاتیی لەسەر سزا بدرێت.

١٢- ماددەی پێنجەم کە تایبەت کراوە بە تاوانی (شروع)، داڕشتنەکەی پێویستە پێداچوونەوەی پێدا بکرێت و بەم شێوەیە بنووسرێت: "شروع لە تاوانەکەدا کە لە ماددەکانی پێشوو باس کراون، هەمان سزای تەواوکەری تاوانی هەیە".

١٣- ماددەی دەیەم هەموار بکرێتەوە، چونکە ناکرێت هاندەر وەك بکەر سەیر بکرێت، هەمان سزاش بیگرێتەوە.

١٤- ماددەی یازدەیەم هەموار بکرێتەوە و زاراوەی (کەس) لابرێت، چونکە کەسی تاوانبار ئەگەر پاش ئیدانەکردنی، دەست بەسەر ماڵی گوازراوە و نەگوازراوەیدا بگیرێت، ئەوە واتا مافی هاوسەر و منداڵەکانی زەوت دەکرێت و نابێت یاسای تایبەتی وەك بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بچێتە نێو ئەم بوارەوە.

***زیادکردنی ئەم دەستەواژانە بۆ یاساکە:**

١- بە ماددەیەکی سەربەخۆ تاوانی تیرۆری فەرمیی دەوڵەت (ارهاب الدولة) زیاد بکرێت. سزای بۆ دابنرێت لەگەڵ قەرەبووی ماددی و مەعنەوی و خێزانی بۆ قوربانییەکە، چونکە ئەم تاوانە کاریگەرییەکانی زۆر گەورەترە لە تاوانی کەس و گرووپەکان، یاخود ئەو تیرۆرەی دەزگا ئەمنی و نهێنییەکان پیادەی دەکەن، کە لە خودی خۆیدا بۆشاییەکی گەورەی لە نێو یاساکەدا دروست کردووە.

٢- تیرۆری (ئەلکترۆنی) بە ماددەی سەربەخۆ باس بکرێت و سزای گونجاوی بۆ دابنرێت.

٣- بەو پێیەی کە دەزگا ئەمنییەکان ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن، بە ماددەیەکی سەربەخۆ زۆر بە توندی سزای پێشێلکاریی یاسایی کە لەلایەن

ئەو دەزگایانەوە ئەنجام دەدرێت، بدرێت. هەروەها قەرەبووی قوربانییەکان دەقنووس بکرێت.

٤- ماددەیەکی سەربەخۆ زیاد بکرێت و دەقنووس بکرێت بەم شێوەیە: "ژمارەیەك سەنتەری پسپۆر دروست بکرێن کە ئەرکیان بریتی بێت لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی پەروەردەیی بۆ ڕاگیراوان و حوکمدراوان لەو تاوانانەی لەم یاسایەدا هاتووە، بە ئامانجی چاکسازی و ڕاستکردنەوەی بیروبۆچوونیان و قووڵکردنەوەی ناسنامەی ئایینی و نەتەوەییان".

٥- حکومەت پابەند بکرێت بە بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی شەش مانگی بۆ پەرلەمانی کوردستان لەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی یاساکە و ئەو دۆسیە و کەسانەی کە بەم یاسایە کراونەتەوە و سزا دراون.

٦- لە یاساکەدا تاوانی بە بارمتە گرتن باس نەکراوە، پێویستە بە ماددەیەکەی سەربەخۆ باس بکرێ.

٧- بە ماددەیەکی سەربەخۆ بنووسرێت کە "دروستکردنی مەترسیی پەرتکردنی یەکێتیی خاکی کوردستان، کارێکی تیرۆرکارییە".

٨- بە دەقێك بنووسرێت "هەر پارتێکی سیاسی بەرانبەر پارتێکی دیکە کاری لە شێوەی: هەڵکوتانە سەر بارەگا، یاخود سووتاندن، یان تاڵانکردنی کەلوپەل ئەنجام بدات، بە تیرۆرکاری حیساب دەکرێت".

٩- بە ماددەیەکی سەربەخۆ بنووسرێت کە "مەترسیی دەستدرێژی بۆ سەر بیرە نەوتییەکان، تیرۆرکارییە".

١٠- بە ماددەیەکی سەربەخۆ بنووسرێت "دەستدرێژی بە کوشتن بۆ سەر تیمی کونسوولخانەکان و دەستە دیپلۆماسییەکان لە هەرێمی کوردستان، بە تیرۆر ئەژمار دەکرێ".

١١- بە ماددەیەکی سەربەخۆ بنووسرێت "کاری توندووتیژی بە کوشتن یاخود ڕفاندن، بۆ سەر فڕۆکەی مەدەنی یاخود سەربازی، یاخود سەرنشینانی فڕۆکە، یاخود تیمی فڕۆکەوانی، بە تیرۆر ئەژمار دەکرێت".

١٢- پێویستە بە ماددەیەکی سەربەخۆ ئەم کارە بە تاوانی تیرۆر ئەژمار بکرێت "هاندان و بەکارهێنانی منداڵ و مێردمنداڵ لە کردەوە تیرۆرکارییەکاندا".

١٣- بە دەقێکی سەربەخۆ بنووسرێت: "تۆمەتبار بە تاوانی تیرۆر لە قۆناغی لێکۆڵینەوە و دادگایی کردندا، دەبێت سوودمەند بێت لە ماف و دەستەبەرییەکان (الحقوق والضمانات) وەك لە یاسا بەرکارەکاندا هاتووە کە نموونەیان وەك:

أ- لە کاتی دەستگیرکردنی تۆمەتباردا خێرا بە ماددەی تۆمەتبارییەکەی ئاگادار بکرێتەوە.

ب- خێرا کەسوکاری ئاگادار بکرێتەوە کە لە کوێ و چۆن دەستگیر کراوە.

ج- لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا بوەستێنرێت لەبەردەم داوەری لێکۆڵینەوە و وتەکانی وەربگیرێت.

د- مافی گرتنی پارێزەری هەبێت.

هـ- مافی بێدەنگبوونی هەبێت لە وتە و ئیفادەکانیدا.

و- لە کاتی نەخۆشیدا پزیشکی تایبەت تۆمەتبار ببینێت.

ز- ئەگەر بیانی بوو، مافی گرتنی وەرگێڕی بۆ دابین بکرێت.

ك- نابێت بە هیچ شێوەیەك لە بەندیخانەی نهێنی بەند بکرێت.

ل- نوێنەری وڵاتی خاوەن ڕەگەزنامەی تۆمەتبار ئاگادار بکرێتەوە لە بارودۆخەکەی.

## سەرەنجام:

١- یاسای ژ/٣ی ساڵی ٢٠٠٦، یاسایەکی ئیستسنائی و کاتییە، وەك یاسایەکی (خاص) مامەڵەی کردووە، یاسای سزادانی عێراقی ژ/١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو، یاسا(عام)ەکەیە و بە شێوەی (دوو ساڵ) جێبەجێ دەکرێت، دواتر لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە (کارکردن بە یاساکە) درێژ دەکرێتەوە.

٢- یاسای ناوبراو (٤) جار کارکردن پێی درێژکراوەتەوە، بەبێ ئەوەی هەموار بکرێتەوە، ئەگەرچی لە سەرەتای دەستبەکاربوونی خولی چوارەمەوە رێککەوتنی فراکسیۆنەکان هەبوو کە لە ماوەی شەش مانگدا یاساکە بە کۆی سەرنجەکانەوە هەموار بکرێتەوە.

٣- لە کاتی ئێستادا بەهۆی پەکخستنی پەرلەمانەوە، پێویست بوو لە مانگی (٢٠١٦/٧)یان هەموار یان درێژکردنەوەی بۆ بکرێت، بەڵام لەسەر داوایەك ئەنجوومەنی شوورای هەرێمی کوردستان هەستاوە بە دەربڕینی ڕای یاسایی لەو بارەیەوە و کارکردن بە یاساکەی وەستاندووە، دادگاکانی لێکۆڵینەوە و تاوانەکانی لە هەرێمی کوردستاندا گەڕاندووەتەوە بۆ کارکردن بە ماددەی ١٥٦ی یاسای سزادانی عێراقی، ژ/١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو، کە ئەم ماددەیەش لە هەرێمی کوردستاندا ساڵی ٢٠٠٣ هەموار کراوەتەوە بە یاسای ژ/٢١ی ساڵی ٢٠٠٣، کە تیایدا حاڵەتەکە وەك ئەوەی گونجاوە لەگەڵ پێگەی یاسایی هەرێمی کوردستاندا، دەقنووس کراوە.

٤- ئەوەندەی سەرنج لەسەر دەقی ماددەکانی یاساکە هەبووە، زیاتر لەوە سەرنجی شەقامی کوردی و لایەنە سیاسییەکان لەسەر جێبەجێکردنی

هەبووە، کە دەزگا ئەمنییەکان خراپ ئەم یاسایەیان بەکار هێناوە و لەبری قەڵاچۆی تیرۆر و تۆقاندن، برەویان بە چەمکی تیرۆری دەوڵەت داوە.

٥- یاساکە هیچ ڕێگایەکی خۆپارێزی (تدابیر احترازیە)ی تیایدا نییە، کە پێش ڕوودانی ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدرێت.

٦- سزادان لە یاساکەدا پەیڕەوی (سزای لەسێدارەدان)ی کردووە، کە ئێستا ڕەوتێك هەیە لە جیهاندا بۆ دژایەتیی ئەم سزایە و لە هەرێمیش بە بڕیارێکی هەرێمی سزای لەسێدارەدان جێبەجێ ناکرێت.

٧- ئەم یاسایە باسی جۆرێکی دی لە تیرۆر ناکات کە بریتییە لە تیرۆری دەسەڵات و بە (ارهاب الدولة) ناسراوە، کە مەترسییەکانی زۆر گەورەترە و قوربانییەکانی زۆرترن لە جۆرەکانی تری تاوانی تیرۆر.

٨- نەتەوەیەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتی خۆیدا کە ئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستانی کردووە، کۆی سەرنج و نەگونجانی دەقەکانی یاساکەی لەگەڵ ژمارەیەك لە پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و جاڕنامە و ڕێککەوتننامەکان ئاماژە پێ داوە. ئەندامانی پەرلەمانی خستووەتە بەردەم بەرپرسیارێتییەکی گەورە و داوای کردووە کە کارکردن بە یاساکە درێژ نەکەنەوە، بەڵکو هەمواری بکەنەوە.

## ڕاسپاردەکان

١- هەمواركردنەوەی یاسای ژ/٣ی ساڵی ٢٠٠٦، بە شێوەیەك هەرێمی كوردستان یاسایەكی سەربەخۆی هەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و تۆقاندن، تا لەو ڕووەوە بۆشایی یاسایی لە سیاسەتی تەشریعیی هەرێم و سیستەمی سزادان لە دادگاكانی هەرێمی كوردستان دروست نەبێت.

٢- هەمواركردنەوەكە دەبێت ڕەچاوی تەواوی پێوەرە نێودەوڵەتییەكان و جاڕنامەكان بكات. یاساكە گونجاو بێت لەگەڵ سەردەمی نوێ و پاراستنی دۆخی گشتی و ئاسایش لە لایەك و قەڵاچۆكردنی دیاردەكە، لە لایەكی دیكە مافەكانی تۆمەتبار لە قۆناغەكانی لێكۆڵینەوە و دادگاییكردنیدا بپارێزێت.

٣- دانانی تاوانی تیرۆر وەك دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی، نابێت بكرێتە پاساوی پێشێلكاری و پاكتاوی نەیاری سیاسی بە ناوی یاساوە.

٤- جێكردنەوەی تەواوی سەرنجی (نەتەوەیەكگرتووەكان/یۆنامی، ئەكادیمی، توێژینەوە، لایەنە سیاسییەكان) لە كاتی هەمواری یاساكەدا.

٥- یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر دەبێت بابەتی (تیرۆری ئەلكترۆنی) چارەسەر بكات و ڕێوشوێنی بۆ دابنێت.

٦- یاساكە باسی مافی تۆمەتبار و دەقنووسی ئەشكەنجەنەدان لە كاتی لێكۆڵینەوە و دادگاییكردندا نەكردووە، پێویستە ئەم بابەتە بە دەقێكی ڕۆشن ئاماژەی پێ بكرێت.

هەروەها باسی چۆنیەتی مامەڵە لەگەڵ سزادراوانی نەكردووە، كە دەبێت لە چاكسازییەكاندا بە جیا مامەڵەیان لەگەڵ بكرێت.

٧- دیلەكانی داعش وەكو دیلی جەنگ مامەڵەیان لەگەڵ بكرێت. وەكو سەرچاوەیەكی یاسایی بۆ دادگاییكردنی ئەم گرووپە لە دادگای لاهای و

ناوەندە جیهانییەکان دادگای بکرێن، بە تایبەتی بۆ وەرگرتنی قەرەبوو لە وڵاتانی خاوەن ڕەگەزنامەی دیلەکان بۆ قوربانییەکان.

٨- یاساکە بە شێوەیەك هەموار بکرێتەوە کە ماددەی تایبەت بە چارەسەر و قەرەبووی قوربانییانی تیرۆر باس بکات، لە ڕووەکانی (جەستەیی، دەروونی و مەعنەوییەوە).

٩- یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٦، بە شێوەیەك هەموار بکرێتەوە کە دارشتنە یاساییەکەی تەندروست بێت و بناسرێتەوە بە وردبینی و کورتبڕی و ڕۆشنی، دوور لە هەر ناڕوونی و دژیەکییەك.

١٠- ماددەی سەربەخۆی "ئازادبوون بە بارمتە بۆ تۆمەتبارانی تاوانەکە" پێداچوونەوەی قووڵی بۆ بکرێت، قەدەغە لەسەر سوودمەندبوونی تۆمەتبار لەم مافە هەڵبگیرێت، مەرجەکانی سوودمەندبوونەکە توند بکرێت.

١١- دەستبەسەراگرتنی ماڵی گواستراوە و نەگواستراوەی تاوانبار لە یاساکەدا، برگەی (کەس) نەگرێتەوە، چونکە تاوان (شخصی)یە و سەرجەم ئەندامانی خێزان و موڵك و ماڵیان ناگرێتەوە.

# سەرچاوەکان:


*** کتێب:**

١- ظاهرة الارهاب وضرورة الحد منها، د.صباح برزنجي، منشورات منظمة KIE ٢٠٠٤.

٢- تیرۆریزم، پرۆس وهۆکمان، وەرگێڕانی ئاوات ئەحمەد، سلێمانی ٢٠٠٥.

٣-دیاردەی تیرۆر لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامییەوە، د. حسن خالید مصطفى موفتی، دەزگاری ئاراس ٢٠١٢.

٤- الارهاب في العراق، القاضي زهير كاظم عبود، دەزگای ئاراس ٢٠٠٧.

٥-الارهاب اركانه وأسبابه، القاضي همداد مجيد على، ٢٠٠٦.

٦- تیرۆر و تیرۆریزم، کارزان محمد، ٢٠٠٥.

٧- الارهاب والصراع الدولي، يوسف محمد صادق، ٢٠١٣.

٨- قانون حقوق الانسان، الدكتور شافعي محمد بشير، ٢٠٠٤.

٩- نقض فكرة التطرف، على باپير، لندن ٢٠١٦.

١٠- المفهوم القانوني لجرائم الارهاب الداخلي والدولي، تأليف المحامي عبدالقادر زهير النقوزي، من منشورات الحلبي الحقوقية، سنة ٢٠٠٨.

١١- موسوعة الارهاب، تأليف: پشتيوان صادق عبدالله، كوردستان ٢٠٠٦.

***یاسا و ڕێکەوتنامەکان:**

١- دەستووری عێراق ٢٠٠٥.

٢- یاسای سزادانی عێراق، ژ/١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو.

٣- یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر ژ/٣ ساڵی ٢٠٠٦).

٤- یاسای ژ/٨ی ساڵی ١٩٩٢، یاسای سزادان و هەڵگرتن و دروستکردن و بەکارهێنانی تەقەمەنی.

٥- یاسای ژ ٢١ی ساڵی ٢٠٠٣.

٦- قانون مكافحة الارهاب العراقي، رقم ١٣ لسنة ٢٠٠٥.

٧- قانون رقم ٤ لسنة ٢٠١١، قانون مجلس أمن اقليم كوردستان – العراق.

٨- قانون رقم ٥ لسنة ٢٠١١، قانون جهاز ئاسايش اقليم كوردستان –العراق.

٩- یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١٠، یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

١٠- نصوص مجموعة من الاعلانات والاتفاقيات حول حقوق الانسان، الناشر: مكتب حقوق الانسان- ئاكرێ ٢٠٠٦.

١١- قانون اصول المحاكمات الجزائية، رقم ٢٣ لسنة ١٩٧١ المعدل.

١٢- بیبلۆگرافیای یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ئامادەکردنی: مافپەروەر عبدالقادر صالح، ٢٠١٥.

***ڕاپۆرت و پەیماننامەکان:**

١- ڕاپۆرتی نووسینگەی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان/هەولێر سەبارەت بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، ٢٠١٦/٥/٣٠.

٢- بەیاننامەی شەش فراکسیۆنی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە درێژنەکردنەوەی کارکردن بە یاسای تیرۆر، ژ/٣ی ساڵی ٢٠٠٦.

***بڵاوکراوەکان:**

١- الدليل العربي لقوانين مكافحة الارهاب، من منشورات المنظمة الاسترالية للاستخبارات الامنية (Asio) والشرطة. المنشور على الانترنت.

٢- دليل التعاون الدولي في المسائل الجنائية لمكافحة الارهاب منشورات مكتب الامم المتحدة المعني بالمخدرات والجريمة، المنشور على الانترنت.

***توێژینەوە:**

١- ملاحظات نقدية على قانون مكافحة الارهاب في اقليم كوردستان-العراق، اعداد: الدكتور هلمت محمد اسعد، ٢٠١٤.

٢- مفهوم الارهاب و تجريمه في التشريعات الجنائية الوطنية والدولية، اعداد: المدرس محمد عبدالمحسن سعدون، المعهد الفني/ النجف، المنشور على الانترنت.

٣- مفهوم الارهاب، دراسة في القانون الدولي والداخلي، د.كريم مزعل شبي، عميد كلية القانون/كربلاء. المنشور على الانترنت.

# ڕێکخستنی یاسایی زیانەکانی تەکنەلۆژیای نوێ
## خوێندنەوەیەکی یاسایی ڕەخنەییانە بۆ یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن، ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٨

### پێشەکی

جیهان لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە دیاردەیەکی بەخۆیەوە بینی کە دواتر ناسرا بە شۆڕشی زانیارییەکان، ئەمەش مانای کاریگەریی تەکنەلۆژیایە لەسەر کۆی کایەکان، بە تایبەتی لە کەرتی خزمەتگوزاری و پەیوەندییەکاندا. سەردەمی ئەمڕۆمان جیهانێکی کراوە و کۆمەڵگایەکی پڕ لە تەکنەلۆژیایە، بە شێوەیەکە کاریگەریی لەسەر هەموومان دروست کردووە و دنیایەکی گەورەی بۆ بچووک کردووینەتەوە، بە ڕادەیەك کە شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی، بە تایبەت لە میسر، بە شۆڕشی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ناسرا.

ئەمڕۆ تەکنەلۆژیا بە تایبەتی کۆمپیوتەر، ڕۆڵێکی گەورەی هەیە، تەنانەت پەڕیوەتەوە بۆ هەسارەکانی دیکەش. بەکارهێنەران و قوربانییەکانی ئەم شەپۆلەی تەکنەلۆژیای سەردەم، بە هەردوو دیوە باش و خراپەکەیدا زۆرن، هەر بۆیە پێویستی بە لاکردنەوەیەکی جیددی و خوێندنەوەی وێنەکەیە بە تەواوەتی.

ئەوەی گومانی تیادا نییە، ئەوەیە ئەم شۆڕشە ئەنجامی ئەو هەموو پێشکەوتنە زانیارییەیە کە جیهان بە خۆیەوە بینیوە، کە خزمەت و کاریگەریی زۆری بەجێ هێشتووە، بە شێوەیەك کەسێك نابینیتەوە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بەشێك لە ژیانی بەم پێشکەوتنانە کاریگەر نەبووبێت.

بەڵام لەگەڵ کۆی ئەم هەموو ئیجابییاتە، لە بەرانبەردا زیانی بەرچاویشی خستووەتەوە، لە ڕوویەکەوە بەرهەمی ئەو پێشکەوتنە گەورەیەیە کە هیچ سنوورێکی نەهێشتووەتەوە، لە لایەکیشەوە بۆ خودی خراپ بەکارهێنانی ئەم داهێنانانە دەگەڕێتەوە.

وڵاتان بە ئاگا هاتن بۆ دانانی سنوورێك بۆ ئەم بڵاوبوونەوە خێرایە. ژمارەیەك یاسای پێویستیان دەرکرد، بۆ بە تاوان ناساندنی ئەو کردەوە نادروستانەی، کە لە خراپ بەکارهێنانی ئەم پرۆسەیەوە دروست دەبێت و سزادانی بکەرانی ئەم تاوانە. ئەوەی لە سەرمان پێویستە، ناسینی تاوانە ئەلکترۆنییەکان و سروشتی ڕوودانیان و توخم و خەسڵەتەکانی ئەم دیاردەیە و قەبارەی ئەو زیانەی دەیخەنەوە، چونکە تاوانە ئەلکترۆنییەکان، تاوانگەلێکی ڕێکخراون کە سیفەتی بەردەوامییان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك جار بە یەك کەس ئەنجام دەدرێت.

وەك دەزانین ئەمڕۆ مۆبایل و هۆیەکانی تری پەیوەندی کردن، زۆر فراوان بەکاردێت و زۆرترین بەکارهێنەرانیشی لە ڕیزی گەنجانن، کە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە خاوەنی یاسایەکە بۆ ڕێکخستنی ئەم بوارە.

ئێمە لەم توێژینەوەیەماندا لە دیارترین تاوانە ئەلکترۆنییەکان و زیانەکانی گەشەی تەکنەلۆژیای نوێ دەکۆڵینەوە. خوێندنەوەیەکی یاسایی ڕەخنەییانە بۆ یاسای ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٨ دەکەین، کە چۆنیەتیی بەکارهێنانی نادروستی ئەم تەکنەلۆژیایەی بە تاوان ناساندووە و وەك یاسایەکی سزادانی تەواوکاری (عقوبات تكميلية) دەقنووسی کردوون.

## بەشی یەکەم: سەرنجە گرنگەکان

١- تەکنەلۆژیای سەردەمییانە خۆی فەرز کردووە و ناتوانین خۆمانی لێ لابدەین.

٢- پاساوی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردە تاوانکارییە، نابێت ببێتە هۆی دەستدرێژی بۆ سەر ماف و ئازادییە گشتییەکان.

٣- کۆڕایی (اجماع)ێکی نێودەوڵەتی لەسەر بەتاوانناساندنی خراپ بەکارهێنانی ئەم دیاردەیە هەیە.

٤- دوو پرەنسیپی گرنگ هەیە، یەکەمیان مافی بەدەستهێنانی زانیاری و دووەمیان پاراستنی ئاسایشی نیشتمانییە، کە لە هەرێمی کوردستان بە یاساکانی ژ ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧ و یاسای ژ ١١ی ٢٠١٣ ڕێکخراون.

### زیانەکانی تەکنەلۆژیای نوێ:

لەگەڵ ئەو هەموو خزمەتەی داهێنانەکانی تەکنەلۆژیا پێشکەشی مرۆڤایەتیی کردووە، بەڵام لە زیان و کەموکورتی خاڵی نەبووە، لەوانە:

١. کەوتنەوەی تاوانە ئەلکترۆنییەکان کە لە بەشی دووەمدا بە درێژی باسیان دەکەین.

٢. ئەنجامدانی تیرۆر لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە، کە ناسراوە بە (الارهاب الالكتروني) و قەبارەی ئەو زیانەی دەیخاتەوە ساڵانە دەگاتە ملیاران دۆلار.

٣. زیانە یاساییەکان کە پاشتر بە درێژی باسیان دەکەین.

٤. زیانی ئالودەبوونی تەواو پێیانەوە.

٥. کارەساتی کۆمەڵایەتی لەسەر خێزان و کۆمەڵگا.

٦. زیانی تەندروستی لەسەر تەندروستیی تاك، بە تایبەت منداڵان.

٧. دانانی بورجەکانی پەخش نازانستین. بەپێی ڕێنمایی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێم، دەبێت نێوانی هەر دوو بورجێك ٣٠٠ م٢ بێت، بەڵام کۆمپانیاکان پابەند نابن.

٨. دەبوو کەرتی گشتی بورجەکانی دابنایە و بە کرێ بیدایەتە کۆمپانیای پەیوەندییەکان، بەڵام ئەم خەمە گەورەیەی بە کۆمپانیا سەرمایەدارەکان سپاردووە و ئەوانیش دۆخەکەیان بەم ڕۆژە گەیاندووە.

١٠- پابەندنەبونی تۆڕەکانی پەیوەندی کردن بە ڕێنماییەکانی وەزارەتەوە و لێنەپرسینەوەیان لەلایەن وەزارەتی ناوبراوەوە، وای کردووە پێشێلکاریی زۆر بکەوێتەوە، لەوانە (دانانی بورج لە قوتابخانەدا، دانانی بورج لە نزیکی نەخۆشخانەکان، صیانەی نازانستیی بورجەکان و دانانیان لەسەر ماڵان، بورجێك چەند تۆڕێك بەکاری دەهێنێت، هتد...).

١١- شێوەکانی گەشەی تەکنەلۆژیا لە ئێستادا زۆرن، کە وێنەیان وەك:

- پڕۆسە پزیشکییەکان، نموونەی وەك: چاندن و گواستنەوەی ئەندامانی جەستە، شیکاریی لاشەی مردوو.
- لەباربردنی کۆرپەلە، منداڵی بلووری، بەکرێدانی ڕەحمی ژنان.
- کۆپیکردنی مرۆڤ.

## بەشی دووەم: تاوانە ئەلکترۆنییەکان

ئەم گەشەسەندنەی بواری تەکنەلۆژیا، پێمان دەڵێت کە سەرجەمیان ئەنجامی سێ شۆڕشن، ئەوانیش (شۆڕشی زانیارییەکان، شۆڕشێك لە هۆکارەکانی پەیوەندی کردن، شۆڕشێك لە بواری کۆمپیوتەردا).

**تاوانە ئەلکترۆنییەکان:** هەموو کردارێکی زیانگەیاندنە بە کەسانی دیکە لە ڕێگەی هۆکارە ئەلکترۆنییەکانەوە. ئێستا بەکارهێنەرانی ئەم دەسکەوتە زانستییە، زیاترە لە ٤/١ ی دانیشتووانی گۆی زەوی. لەگەڵ ئەو هەموو خاڵە ئەرێنی و دەسکەوتەی کە تەکنەلۆژیا پێشکەشی مرۆڤایەتیی کردووە، بەڵام لەگەڵیدا ژمارەیەك خاڵی نەرێنی و تاوانی لەخۆ گرتووە، لە ئەنجامی خراپ بەکارهێنانیەوە. لە ئێستادا بەشێکی کەمی ئەم بوارە بە یاسا ڕێك خراوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە یاسای سزادان بە هەمان شێوەی تەکنەلۆژیای نوێ گەشە ناکات، هەر بۆیە بەشێکی زۆری تاوانە ئەلکترۆنییەکان لە یاسای سزادان‌دا باس نەکراوە، چونکە کاتێك ئەم دەقانە نووسراونەتەوە کە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت هەر نەبوون.

### پێناسەکان:

- **تاوان:** وەك لە یاسای سزادانی عێراقی، ماددەی ١٩، خاڵی ٤دا هاتووە، بریتییە لە "هەموو کردەوەیەك کە یاسا بە تاوانی دابنێت، جا ئەگەر ئەرێنی یاخود نەرێنی بێت".
- **زانیاری (المعلومة):** بریتییە لەو پەیامەی کە گوزارشتی پێ کراوە، بە شێوەیەك کە گونجاوە بۆ گواستنەوە.
- **تەکنەلۆژیای زانیاری:** هەموو بوارەکانی IT دەگرێتەوە و هەرچی سیگناڵی هەبێت دەچێتە ئەو خانەیەوە.

- **تەکنەلۆژیا:** بریتییە لەو کەرەستە و هۆکارانەی کە بەکاردێت بۆ مەبەستی زانستی و مرۆڤ لە کارەکانیدا بۆ تەواوکردنی تواناکانی پشتی پێ دەبەستێت.
- **ئینتەرنێت:** وشەیەکی ئینگلیزیی لێکدراوە و پێکدێت لە دوو بڕگە، کە ئەوانیش (Inter) کە بە واتای نێودەوڵەتی و (Net) کە کورتکراوەیە و مانای (تۆڕ)ە، هەمووی بە یەکەوە بریتییە لە (تۆڕی جیهانیی زانیارییەکان).

یەکەم جار ئینتەرنێت لەساڵی ١٩٦٩ لەلایەن ئاژانسی پڕۆژەی لێکۆڵینەوەکانی سەر بە وەزارەتی بەرگریی ئەمریکاوە دروست کراوە. پاش چەندین بەرەوپێشچوون و گۆڕانکاریی گەشەی پێدرا، لە ساڵی ١٩٨٣ بە شێوەیەکی چڕ لەلایەن زانکۆکانەوە بەکارهات، ئێستاش بەردەستە بۆ بەکارهێنانی لەلایەن هەموو مرۆڤایەتییەوە.

- **تاوانی ئەلکترۆنی:** بریتییە لەو دەستدرێژییانەی دەکرێن بەهۆی تۆڕی زانیارییەکانەوە، بە ئامانجی بەدیهێنانی قازانج. یاخود بریتییە لە کردارێکی نایاسایی کە لە ئیرادەیەکی تاوانکارییەوە دەردەچێت و یاسای کارپێکراو سزا یاخود ڕێوشوێنی خۆپارێزیی بۆ داناوە.

**تاوانە ئەلکترۆنییەکان لە ڕێککەوتنامە و یاسا نیشتمانییەکاندا:**

ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتان یاسای تایبەتیان بە تاوانە ئەلکترۆنییەکان و بە تایبەت تۆڕی ئینتەرنێت دەرکردووە، وەك (ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، بەریتانیا، هۆڵەندا، فەرەنسا، دانیمارك، مەجەر، پۆڵەندا، یابان، کەنەدا، هتد...). هەندێکیان لەسەر ئاستی کیشوەر ڕێککەوتننامەیان مۆر کردووە، وەك (ئەمریکا، ئەورووپا).

وڵاتانی ئەمریکایی، لە پێشینەی ئەو وڵاتانە بوون کە یاسایان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم تاوانە دەرکردووە، وەك ڕێککەوتننامەی ئەمریکی بۆ قەڵاچۆی تاوانەکانی ئینتەرنێت، ساڵی ١٩٩٩. پاشان وڵاتە ئەورووپییەکان ژمارەیەك یاسایان دەرکرد و ڕێککەوتننامەیان واژوو کرد. لە پێشینەی ئەو ڕێککەوتننامانە (ڕێککەوتننامەی بۆدابست، ساڵی ٢٠٠١) بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی ئینتەرنێتە.

بە هەمان شێوە هەندێك لە وڵاتە عەرەبییەکان یاسایان دەرکردووە، یاخود سیستەم و ڕێنمایی و بەش و هۆبەی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی ئینتەرنێتیان کردووەتەوە.

لە عێراقیشدا، ژمارەیەك تاوان وەسف کراون. لە یاسای سزادانی عێراقی، ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو، لە ماددەکانی ٤٣٣ و ٤٣٤. هەروەها باری توندکاری ئاماژەی پێدراوە، ئەگەر تاوانەکە بڵاوبکرێتەوە لە دەزگا میدیاییەکاندا. بە هەمان شێوە کۆمەڵێك تاوانی دیکەی باس کردووە کە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە شێوازی ئەنجامدانی زۆر گۆڕاوە.

لەگەڵ ئەوەدا یاسادانەری عێراقی تاوانگەلێکی تری باس نەکردووە، چونکە لەو ڕۆژگارەدا نەبوون.

**لەم ڕووەوە ئەم سەرنجە یاساییانە هەیە:**

١- سیاسەتی یاسادانان لە وڵاتدا، ئەوەی بڕیوەتەوە کە بەتاواندانانی کارێك یاخود سزادانی دروست نییە، ئەگەر بە دەقێکی یاسایی کارەکە بە تاوان دانەنرابوو، بە تایبەت کردەوەیەکی زەرەرمەندانە کە بەرانبەر دەگرێتەوە.

٢- لە ڕووی پزیشکییەوە تا ئێستا یەکلانەبووەتەوە کە بوونی دیاردەی بورجەکان لە گەڕەك و شار و شارۆچکەکاندا چەند زیانی تەندروستیی هەیە، ئایا هۆکارێکە بۆ بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی شێرپەنجە، یاخود نا؟ وەك چۆن هۆکارێکی پیسبوونی ژینگەیە و زۆریی بورجەکان نەخۆشی بڵاودەکاتەوە.

٣- بەشێکی زۆری تاوانە ئەلکترۆنییەکان ڕێکخراون، واتا بۆ بەرژەوەندیی ژمارەیەك کەسایەتیی سیاسی ئەنجام دەدرێن، یاخود ئەوانەی خاوەندارێتیی تۆڕەکان دەکەن.

**ڕێکارە یاساییەکانی بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ئەلکترۆنییەکان:**

١- دەستێوەردانی خێرا بۆ زانینی ناواخن و جۆری زانیارییەکان.

٢- پەیڕەوکردنی کۆکردنەوەی زانیاری.

٣- پشکنینی (بیانات)ەکان.

٤- تۆمارکردنی ناوەڕۆکی بەیاناتەکان.

**خەسڵەتەکانی تاوانی ئەلکترۆنی:**

١- پڕۆسەیەکە کە پەیوەندیدارە بە ژیانی مرۆڤەوە و کار لەسەر چارەنووسی دەکات.

٢- پرۆسەی تاوانێکی هەمەلایەنە و دینامیکییە.

٣- سروشتی یاسایی تۆمەتبار و تاوانلێکراو جیاوازە لە تاوانەکانی تر.

٤- زیاتر لە وڵاتێك دەگرێتەوە، واتا تاوانێکە زیاتر لە کەسێك تیایدا بەشدارە و دیاردەیەکی جیهانییە.

٥- پاڵنەری تاوانەکە جیاوازە لە تاوانەکانی تر.

٦- ئاسانیی ئەنجامدانی تاوانەکە و گرانیی بەدواکەوتنی ئەنجامدەرانی.

٧- ئەم تاوانانە دەوەستێتە سەر زیرەکیی تاوانکار، لەگەڵ بوونی ئاستەنگی یاسایی لە قۆناغی لێکۆڵینەوە بەراورد بە تاوانەکانی دیکە.

٨- پێویستە پەنا ببرێت بۆ ئەزموونی تەکنیکی لە ئاستی باڵادا بۆ گەیشتن بە تاوانکاران.

٩- قورس و گرانیی ئاشکراکردنی، چونکە زۆر جار بکەرەکە هیچ شوێنپەنجەیەك بەجێ ناهێڵێت.

**ئامانجەکانی تاوانی ئەلکترۆنی:**

١- گەیشتن بە زانیارییەکان بە شێوەیەکی نایاسایی، وەك دزینی زانیاری یاخود ئاگاداربوون لێی.

٢- بەدەستهێنانی زانیاری و وێرانکردنی دامەزراوەکان.

٣- پەیداکردنی سامان لە ڕێگەی کەس و لایەنی بەکارهێنەری تەکنەلۆژیا.

**پۆلێنی تاوانە ئەلکترۆنییەکان:**

ناسینی تاوانە ئەلکترۆنییەکان سەرەتایەکی باشە بۆ زانینی ڕێگاکانی بەرەنگاربوونەوەی و دۆزینەوە و سزادانی بکەرەکانی، لە هەمان کاتدا کەمکردنەوەی ئەو زیانەی دەیخاتەوە. لە خوارەوە دیارترین ئەو تاوانانە و چۆنیەتی پۆلێن کردنیان باس دەکەین:

دابەشکردنی تاوانەکان بەپێی:

**یەکەم: تاوانەکانی سامان و دارایی:**

١- ساختەکردن (التزویر).

٢- دزی ئەلکترۆنی (السرقة الالکترونية).

٣- حەواڵە ئەلکترۆنییەکان و حەواڵە لە حیسابێکەوە بۆ حیسابێکی تر (التحويلات الالكترونيه).

٤- تێکشکاندنی پرۆگرامەکان (تدمير برامج).

٥- سیخورپیکردن (التجسس).

**دووەم: تاوانە کەسییەکان:**

١- بڵاوکردنەوەی وێنە.

٢- گوێگرتن لە وتەکان و چاودێرییکردنیان و بەکارهێنانەوەیان، کە لە دەستووری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥ و یاسا بەرکار و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا قەدەغە کراوە.

٣- ساختەکردنی واژوو و خۆناساندن وەك کەسێکی دیکە.

٤- بڕین و چوونە ناو کۆمپیوتەری کەسەکان.

٥- دزینی وێنەی سەرەکیی بەرنامە، یاخود شتومەکەکان.

**سێیەم: تاوانە ڕێکخراوەکان (کیشوەربڕەکان):**

١- تاوانەکانی شۆردنەوەی سامان (غسيل الاموال).

٢- ماددە هۆشبەرەکان (المخدرات).

**چوارەم: تاوانە ئاسایشییەکان:**

١- تیرۆری ئەلکترۆنی.

٢- هاککردنی کۆمپیوتەر و سەنتەرەکانی زانیاری.

٣- دژە دامەزراوەکان و بەدەستهێنانی زانیارسی نهێنی.

**پێنجەم: تاوانە ئابوورییەکان:**

١- خەڵەتاندنی کڕیار.

٢- ڕاکێشانی ڕەسید لە هەژماری کەسەکان لە بانکدا.

**شەشەم: تاوانە ڕەوشتییەکان.**

١- بەکارهێنانی منداڵان لە تاوانە سێکسییەکان لە تۆڕی ئینتەرنێتدا، کە سەرجەم ئەم تاوانانە پێشتر و لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراودا ئاماژەیان پێدراوە و وەك تاوان سزای بۆ دانراوە. لە ماددەکانی ٣٩٣ و ماددەکانی (٤٠٠ و ٤٠١ و ٤٠٢)دا تاوانەکانی ڕووشاندنی شەرەف، ئەم بابەتەی ڕێکخستووە و سزای بۆ داناوە.

بە هەمان شێوە لە یاسای چاودێریی ناکامەکانی عێراقیدا ئەو کارە نەشیاوانەی بەرانبەر بە منداڵ بکرێن، بە تاوان دانراوە.

٢- لەناوبردنی بەڵگەنامەکان، کە بە دوو شێوە دەکرێت:

- سڕینەوەی پڕۆگرام و زانیارییەکان.
- تێکدانی زانیارییەکان و وەها لێکردنیان کە دروست نەبێت بۆ بەکارهێنان، بڵاوکردنەوەی ڤایرۆس.

## بەشی سێیەم: تەلەفۆنی مۆبایل

لەم ڕۆژگارەدا بەکارهێنەرانی تەلەفۆنی مۆبایل زۆر بووە، بووەتە یەکێك لە پێویستییە سەرەکییەکان. بە دەگمەن کەسێك هەیە بۆ مەبەستی پەیوەندیکردن بەکاری نەهێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا کەسانی دەروونلاواز بەکاری دەهێنن بۆ ئەنجامدانی تاوان، کە یاسا بەرکارەکان قەدەغەیان کردووە.

- **سەرەتا با بزانین پێناسەی زانستی (مۆبایل) چییە:**

مۆبایل بریتییە لەو ئامێرەی کە دەنگ و ئاماژە ڕاستەکان دەگۆڕێت، بە شێوەیەك کە دەتوانرێت بنێردرێت بۆ پێگە و شوێنە دوورەکان، کە دەتوانرێت لەرینەوە و ئاماژەکان وەربگیرێت و بگەڕێتەوە.

کەواتە هەموو ئەوەی لە بۆشاییدا هەیە و لەرینەوەکانی هەیە، دەگرێتەوە.

- سوودەکانی:

١- دروستکردنی پەیوەندی و ئاسانیی کۆکردنەوەی کەسەکان.

٢- بەکارهێنانە دروستەکان بۆ هەموان فەراهەم بووە.

- زیانەکانی:

١- کەوتنەوەی تاوانگەلێکی تایبەت بە مافی مولکداری فیکری.

٢- خۆناساندن وەك کەسێکی تر.

٣- ناوزڕاندن و سووکایەتی.

٤- بڵاوکردنەوەی وێنەی نەشیاو.

٥- تیرۆری ئەلکترۆنی.

- **بەرپرسیاریەتیی کۆمپانیای تۆڕەکانی مۆبایل:**

کۆمپانیاکانی تۆڕەکانی مۆبایل، یان ناوخۆیین یان بیانین، بەپێی مۆڵەتی (هیئه الاتصالات العراقیه) کار دەکەن. ئەمڕۆ لە عێراقدا سێ کۆمپانیا بە یاسایی بۆشایی عێراق بەکاردەهێنن، کە ئەوانیش (زەین، ئاسیا سێل، کۆڕەك تیلیکۆم)ن. ئەم تۆڕانە ملیۆنان بەشداربوویان هەیە.

ئەگەرچی لە کوردستان یاسایەك هەیە و وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بەردەوام ڕێنمایی دەردەکات، بەڵام ئەم تۆڕانە بە ژمارەیەك لەو بڕگانەوە پابەند نابن، وەك:

١- هەبوونی سیم کارتی تۆمارنەکراو بە شێوەی یاسایی.

٢- وەڵامدانەوەی دەسەڵاتەکانی لێکۆڵینەوە بە سستی و خاوی.

٣- زۆریی بورجەکان و مەترسییان لەسەر ژیان و تەندروستیی هاووڵاتیان.

**یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن، ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٨**

**سەرنجە گشتییەکان:**

لە خوارەوە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییانە بۆ کۆی یاساکە دەکەین. یاساکە لە (٨) مادده پێکهاتووە و لە وەقائیعی هەرێمی کوردستاندا لە ژمارە (٨٧) و لە بەرواری (٢٠٠٨/٦/١٧)دا بڵاوکراوەتەوە. لەگەڵ هەوڵی زۆری خۆپاراستن لە دووبارەکردنەوەی ئەو سەرنج و ڕەخنانەی کە لە یاساکە گیراوە.

١- هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو بووە لە دانانی یاسایەك بەم بوارە، بەڵام یاسادانەری کوردستانی تێبینیی زۆر پرسی نەکردووە، بە تایبەت لە ڕووی تیگەیشتن و جیاوازیی نێوان ئەو ئامێرانەی پێی دەوترێت ئامێرەکانی پەیوەندی کردن.

٢- هەیە باوەڕی وایە کە ئێمە پێویستمان بە هەمواری یاسای سزادانی عێراقییە، نەك یاسایەکی سەربەخۆ.

٣- لە یاسا بەرکارەکەدا تاوانەکان ئەمانەن:

١- هەڕەشە. ٢- جنێودان. ٣- بڵاوکردنەوەی هەواڵێك کە ترس بڵاو دەکاتەوە. ٤- چاودێری و دەرکردنی گفتوگۆ و وێنە وەستاوەکان، یان کورتەنامە، کە دژ دەوەستێت لەگەڵ ڕەوشت و دابی گشتی. ٥- گرتنی وێنە بەبێ مۆڵەتی کەسەکە. ٦- پاڵدانی کەسەکان بە کارێکی ئابڕووبەرانەوە. ٧- هاندان لەسەر ئەنجامدانی تاوان. ٨- هاندان لەسەر کرداری ئابڕووبەرانە. ٩- بڵاوکردنەوەی زانیاریی تایبەت بە ژیانی تایبەتی کەسەکان و خێزانەکان، ئەگەر ڕاستیش بێت. ١٠- بوونە هۆکاری بێزارکردن. ١١- بوونە هۆکاری ئەنجامدانی تاوان لە ڕێگەی ئەو تاوانانەی لە پێشتردا باس کران.

٤- له ماددەكانی دووەم و سێیەم له یاسای ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٨دا هاتووە، وەك ئەوەی یاسادانەری كوردستانی له یاساكەدا بارێكی توندكاری (ظرف مشدد) داناوە بۆ هەر كەسێك یەكێك لەم سیفەتانەی هەبێت و ئەو تاوانانەی سەرەوە ئەنجام بدات، كە ئەوانیش بریتین لە كەسێك كە (ئەندامی هێزە چەكدارەكان بێت، یاخود هێزەكانی ئاسایش، یاخود فەرمانبەرێك كە بەهۆی ئیشەكەیەوە زانیاریی كەس و لایەنەكان بزانێت، یاخود ئامێری كەسانی دی بەكاربهێنێت بۆ ئەنجامدانی تاوان).

٥- ئەوەی گرنگە له یاساكەدا پێویستە باس بكرێت، له ماددەی شەشەمی یاساكەدا ژمارەیەك ئەركی خستووەتە سەر كۆمپانیای تۆڕەكانی مۆبایل، كە ئەوانیش بریتین لەمانە:

١- تۆماركردنی سیم كارت و ئامێرەكانی پەیوەندیكردن بە ناوی خاوەنەكانیانەوە.

٢- پێشكەشكردنی هەر زانیارییەكی پێویست بە دادگای تایبەتمەند.

٣- هەر كۆمپانیایەك سەرپێچی بكات، سزا دەدرێت بە غەرامەیەك كە لە پەنجا ملێون كەمتر و لە سەد ملێۆن دینار زیاتر نەبێت.

٦- له بەرانبەردا ئاستی هاوكاری تۆڕەكانی مۆبایل لەگەڵ دەسەڵاتەكانی لێكۆڵینەوەدا وەك پێویست نییە لەم ڕووانەوە:

١- تۆمارنەكردنی تەواوی سم كارت تا ئێستا.

٢- نەهاتنەوەی وەڵامی پێویست لەو دۆسیانەی پێویستیان بە زانیاریی تۆڕەكان هەیە.

٧- یاسادانەری كوردستانی تێبینیی فرەجۆریی ئامێرەكانی پەیوەندیكردنی لە ڕووی سروشتیان و خەسڵەتەكانیان و ئەركیان و چۆنیەتی

بـەكارهێنانیان، نـەكردووە. مۆبایـل و سـەرجەم هۆیـەكانی تـری پێكـەوە كۆكردووەتەوە و بە یەك مادده هەموویانی باس كـردووە، كـە ئـەم بەیەكـەوە باس كردنەیان وا دەكات كە یەك جـۆر سـزا بـۆ سـەرجەمیان دابنرێـت، ئـەم ڕەوتی سزادانەش لە ڕابردودا سەركەوتوو نەبووە.

٨- ئەو تاوانانەی كە لە یاساكەدا سزایان بۆ دانراوە، كەمن، بەڵكو ئەو تاوانانەی كە لە چەند دەیەی پێشووەوە لە كۆمپیوتەر و مۆبایلەوە بەرهەم هاتوون، زۆر زیاترن، وەك ئەو تاوانانەی كە لە بەشەكانی سەرەتای ئەم توێژینەوەیەدا باسمان كردوون.

## ئەنجام

١- ئەمڕۆ تاوان لە شێوە تەقلیدییەكەی دەرچووە و شێوەی زۆر پێشكەوتووی بەخۆوە بینیوە، نموونەیان لە شێوەی تاوانە ئەلكترۆنییەكانە.

٢- یاسادانەری كوردستانی ویستوویەتی كە زیانە تەكنەلۆژییەكان بە تاوان دابنێ و سزای بكەرەكانیشی بدات هەموو بە یەكەوە، ئەمە لە كاتێكدا زۆرێك لە وڵاتان بە یاسای جیاواز ئەم پرسەیان چارەسەر كردووە.

٣- یاسادانەری كوردستانی لە یاسای ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٨دا، كەمترینی ئەو تاوانانەی بەهەند وەرگرتووە كە لە تەكنەلۆژیای نوێ دەكەونەوە، ئەمە لە كاتێكدا بەشێك لەو تاوانانە لە خودی یاسای سزادانی عێراقیدا هاتوون.

٤- تا ئێستا ژمارەیەكی زۆر سیم كارت هەن لە كوردستان كە بە ناوی خاوەنەكانیانەوە تۆمار نەكراون، ئەمەش مانای ئەوەیە كە كۆمپانیاكانی پەیوەندی كردن پابەند نابن بە مادده ٦ی یاساكەوە.

٥- بەرپرسیاریەتییەکی هاوبەش هەیە بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان لە کاتی خراپ بەکارهێنانی مۆبایلدا لە نێوان خودی تۆڕەکە و بەشداربووەکەدا، پێویستە ئەم ڕاستییە زانستییە بەهەند وەربگیرێت.

٦- وڵاتانی ناوچەکە لە بۆشاییەکی یاساییدا دەژین لە بواری ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیەدا، بەڵام هەرێمی کوردستان خاوەنی یاسایەکە بۆ ڕێکخستنی ئەم بوارە کە ئێستا بەرکارە.

٧- تاوانە ئەلکترۆنییەکان بە کەمی لە یاسای ناوبراودا باس کراون، لەکاتێکدا سزادان بە پرەنسیپی (لاجريمة ولا عقوبة الا بنص) پێویستی بە دەق هەیە.

٨- تۆڕەکانی مۆبایل و ئینتەرنێت باشترین کوالیتی (4G) بەکاردەهێنن، بەڵام باشترین بەرنامەی پاراستن لە دژی (ڤایرۆس و هاککەرەکان) بەکارناهێنن.

## ڕاسپاردەکان

١- پێویستە سیستمی سزادانی بەرکار وەها ڕێکبخرێتەوە کۆمەڵێك دەق لەخۆ بگرێت کە بەگژداچوونەوەی ورد بکات بۆ سەرجەم تاوانە ئەلکترۆنییەکان، بە تایبەت ئەوەی پەیوەندیدارە بە سەلماندن لە داوای جەزاییدا.

٢- پێویستە یاسای ناوبراو هەمواربکرێتەوە، بە شێوەیەك کە دەقی پێویست لەخۆ بگرێت بە ناوی تاوانە ئەلکترۆنییەکان، کە تیایدا بە شێوەیەکی ورد شێوە و جۆر و پاڵنەرەکانی دیاری بکرێن و سزای پێویستیان بۆ دابنرێت، بە شێوەیەك کە ماددەکانی بگونجێت لەگەڵ قەبارەی ئەم تاوان و زیانە نوێیانە.

٣- تەرخانکردنی بەشێکی تایبەت لە پۆلیسی نەهێشتنی تاوان بۆ تاوانە ئەلکترۆنییەکان.

٤- مۆڵەتی ئەوەی کە داواکاری گشتی و دادوەری لێکۆڵینەوە زانیاری وەربگرن لەسەر ژمارە و پێگەکان، نابێت ببێتە حاڵەتی دەستدرێژی بۆ سەر ژیانی کەسی و ئازادییەکانیان.

٥- هاوشانی و گونجاندن (المواكبة)ی سیستمی سزادانی جێبەجێکراو لە هەرێم، لەگەڵ پێشکەوتنەکانی بواری تەکنەلۆژیا، بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی زیانەکانی.

٦- کارکردن لەسەر هۆشیاریی زیاتری هاووڵاتیان بە مەبەستی دروستکردنی هۆشیاریی ئەلکترۆنی.

٧- حکومەتی ئەلکترۆنی پەیڕەو و بەهێز لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی خێرا بکرێت. پێویستە هەموو فەرمانگەکان پرۆسەی کاری ڕۆژانەیان بە ئەلکترۆنی بکەن.

٨- بکرێتە ئەرك بەسەر تۆڕەکانی پەیوەندیکردنەوە کە فلتەری سایتە ئیباحییەکان بکەن.

٩- باوك و دایکان ڕۆڵەکانیان بپارێزن لە چەتەکانی ئینتەرنێت.

١٠- هەریەکە لە دادوەرە بەڕێزەکان و ئەندامانی داواکاری گشتی، ڕابهێنرێن لەسەر تاوانە ئەلکترۆنییەکان و ناسینی زیانەکانی.

١١- پێویستە هەماهەنگی و هاوکاریی نێودەوڵەتی بکرێت لە بواری بەگژداچوونەوەی ئەم زیان و تاوانانە لە ڕووی دادوەری و ڕێکارییەوە.

١٢- بابەتێکی نوێ وەك ماددەیەکی پرۆگرامەکانی خوێندن زیاد بکرێت، بە ناوی (ڕێساکانی ڕەوشتی بەکارهێنانی ئینتەرنێت).

١٣- ئەرك و پابەندیی تۆڕەكانی پەیوەندی كردن زیاد بكرێن و لە چۆنیەتی بەكارهێنانی بورج و سیگناڵ و سەلامەتیی تەندروستی و ڕەوشتیی هاوڵاتیان.

١٤- بە یاسایەك ئەم دەقی یاسایەی كە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەرچووە، لە هەرێمدا ئینفاز بكرێت، كە (قانون رقم ٨٧ لسنة ٢٠١٢، قانون التوقيع الالكتروني و المعاملات الالكترونية)ە.

١٥- سیستمی سزایی پیادەكراو لە هەرێمی كوردستاندا هەمواربكرێتەوە، بە شێوەیەك كە سەرجەم تاوانە ئەلكترۆنییەكانیش بگرێتەوە، لەناویدا تاوانەكانی بەرتیلی ئەلكترۆنی و واژوو و مامەڵەی ئەلكترۆنیی ساختە.

١٦- ئاڕاستەكردنی تەكنەلۆژیای تازە بە شێوەیەك كە نەچێتە ناو ژیانی تایبەتی كەسەكانەوە.

١٧- بەو پێیەی كە تاكی كورد ڕۆژانە چەند كاتژمێرێك لە كاتەكانی بەدیار شاشەی تەلەڤزیۆنەوە بەسەر دەبات، پێویستە لەسەر كەناڵەكان كە زۆر وریایانە بەرنامەكانیان ڕێك بخەن.

١٨- پاراستنی منداڵ و هەرزەكاران لە مەترسییەكانی تەكنەلۆژیای نوێ، بە تایبەت هەریەك لە زیانەكانی ئینتەرنێت و تەلەڤزیۆن و مۆبایل.

١٩- لێكۆڵەرەوانی دادی و دەزگا ئەمنییەكان، شارەزایی باش پەیدا بكەن لە شێواز و تەكنیكی ئەو تاوانانەی كە لە ڕێی تەكنەلۆژیای نوێوە ئەنجام دەدرێن، یاخود ئەم ڕێگەیە وەك دۆزینەوەی سەرەداوی دیاردەی تاوان بەكار بهێنن.

٢٠- سەرجەم خوێندنگا و زانكۆ و پەیمانگاكان بابەتی تایبەت بە زیانەكانی تەكنەلۆژیا بخوێنن.

# سەرچاوەکان

**کتێب:**

١- التكنلوجيا الحديثة و القانون الجنائي، الدكتور محمد حماد مرهج الهيتي، دار الثقافة للنشر والتوزيع ٢٠٠٤.

٢- اثر الوسائل الالكترونية على مشروعية تصرفات الادارة القانونية، الدكتور امل لطيف حسن، دار الفكر الجامعي ٢٠١٣.

٣- مشروعية الصوت و الصورة في الاثبات الجنائي، الدكتور محمد امين الخرشة، دار الثقافة للنشر والتوزيع ٢٠١٥.

٤- اجرائات التحري و التحقيق في جرائم الحاسوب و الانترنت، المحامي خالد عياد الحلبي، دار الثقافة للنشر و التوزيع ٢٠١١.

٥- مسئولية الصحفي المدنية عن اخطائه المهنية، سامان فوزى عمر ٢٠٠٣.

٦- اسباب اباحة الاعمال الجرمية، الدكتور مصطفى ابراهيم الزلمي ٢٠١٤.

٧- مافی ژیانی تایبەت لە یاسا و ئیتیکی ڕۆژنامەگەریدا، شوان ئادەم ئەیڤەس ٢٠١٣.

٨- الجرائم المعلوماتية، نهلا عبدالقادر المومني، دار الثقافة للنشر و التوزيع ٢٠٠٨.

**گۆڤار:**

١- گۆڤاری یاسا، ژ٦ی بەهاری ٢٠٠٢.

٢- گۆڤاری پارێزەر، ژ ٢٠ی ساڵی نۆیەم ٢٠٠٩.

٣- گۆڤاری تەرازوو، ژ ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٨.

٤- گۆڤاری (دراسات قانونية و سياسية) السنة الثانية، العدد ٣ نيسان ٢٠١٤.

٥- گۆڤاری پەیامی دادوەری، ژ ١ی ساڵی ٢٠١٣.

٦- گۆڤاری دادوەر، ژ ٤ی ساڵی چوارەم ٢٠١٢.

**یاساکان:**

١- دەستووری کۆماری عێراق ٢٠٠٥.

٢- یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لە هەرێمی کوردستان، ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٨.

٣- قانون العقوبات العراقي، رقم ١١١ لسنة ١٩٦٩ المعدل.

٤- قانون التوقيع الالكتروني و المعاملات المالية، رقم ٧٨ لسنة ٢٠١٢.

٥- الاتفاقية الاوروبية لمنع جرائم الانترنت ٢٠٠١، المسمى باتفاقية بودابست.

**بحوث منشورة على الانترنت:**

١- مكافحة جرائم الهاتف النقال، المدعي العام قاسم حسن عبدالقادر، دهوك ٢٠١٢.

٢- القوة القانونية للمستند الالكتروني، المدرس عمار كريم كاظم، جامعة الكوفة ٢٠٠٧.

٣- الجريمة الالكترونية عبر الانترنت اثرها و سبل مواجهتها، سمير سعدون مصطفى و اخرون.

٤- تكنلوجيا المعلومات و القانون، نصير احمد.

٥- الجريمة المعلوماتية، محمد على سالم و اخرون، جامعة بابل ٢٠٠٧.

٦- جرائم الكومبيوتر و الانترنت، يونس عرب ٢٠٠٢.

٧- الجريمة المعلوماتية محروس نصار غايب ٢٠١١.

٨- التنظيم التشريعي للجرائم الالكترونية في اتفاقية بودابست، د وليد طه.

٩- الخصوصية المعلوماتية و اهميتها و مخاطر التقنيات الحديثة عليها، د. منى تركي الموسوي.

١٠- جريمة التشهير الالكترونية، القاضي كاظم عبد جاسم الزيدي.

١١- التقنيات الحديثة في التحقيق الجنائي و دورها في ضبط الجريمة، سالم بن حامد بن علي البلوي الرياض ٢٠٠٩.

# دۆخی یاسایی دەستلەکارکێشانەوە
# لە کابینەی حکومەتی هەرێم

**سەرەتا**

بە هۆی ئەوەی کە هەرێمی کوردستان تا ئێستا خاوەنی دەستوورێکی تایبەت بە خۆی نییە، کە بە وردی پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتەکان و چۆنیەتی دروستکردنیان و هاوسەنگی و هەماهەنگیی نێوانیان رێك بخات، بۆیە مامەڵەکردن و شیکاریی دۆخی یاسایی پرسی کشانەوەی لایەنی سیاسی، یاخود دەستلەکارکێشانەوەی وەزیر وەك پلەیەکی تایبەت، بابەتێکی تەواو ئیشکالئامێزە، لە کاتێکدا بە گەڕانەوە بۆ دەقە یاساییەکانی تایبەت بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستان، ئەم پرسە بە ڕوونی باس نەکراوە، یاخود هیچ دەقێکی لەبارەوە نەهاتووە.

ئەم نووسینە کورتە شیکارییەکی دۆخی یاسایی و سیاسیی پرسی دەستلەکارکێشانەوە لە کابینەی حکومەتدا دەکات، بە مەبەستی بەرچاوڕوونیی هەموو لایەك.

*** دەستلەکارکێشانەوەی حکومەت یاخود وەزیر:**

– پرسی کشانەوە لە یاسادا نییە، بەڵکو (اقالة + استقالة) هەیە.

– ئیستیقالە پێویستی بە پەرلەمان نییە، بەڵام ئیقالە پێویستی بە پەرلەمانە (ماددەی ٧٨ لە دەستووری کۆماری عێراق).

– لە دەستووری کۆماری عێراقدا، لە ماددەی ٦١ بڕگەی هەشتەم، خاڵی (ج)دا هاتووە "تعد الوزراة مستقيلة في حالة سحب الثقة من رئيس مجلس الوزراء".

- ماددەی ٧٥ لە پرۆژەی دەستووری هەرێم، تەنها باسی متمانەسەندنەوەی وەزیری کردووە.

- بە پێی یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ژمارە ٣ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، لە ماددەی ١١ بڕگەی ١دا هاتووە کە حکومەت بە دەستلەکارکێشاوە دادنرێت لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

١- دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران.

٢- دەستپێکێشانەوەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران.

٣- دەستلەکارکێشانەوەی زۆرینەی ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران.

٤- دەستلەکارکێشانەوەی سەرجەم وەزیرەکانی فراکسیۆنێك، ئەگەر حکومەت لە دوو فراکسیۆن پێکهاتبوو.

- لە یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، دەقێك نەهاتووە کە ئایا سەرۆکوەزیران دەتوانێت ئیقالەی وەزیر بکات؟ چونکە بڕگەی ٣ لە ماددەی ١١ی یاساکە، تەنها باسی قبووڵکردنی دەستلەکارکێشانەوەی وەزیری کردووە.

- لە هەمواری سێیەمی یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ١٩٩٢، کە بە یاسای ژمارە ١٦ی ساڵی ١٩٩٩ هاتووە کە "سەرۆك قبووڵی دەستلەکارکێشانەوەی وەزیر دەکات".

- دەستلەکارکێشانەوەی وەزیر پێویستی بە فەرمانی هەرێمی هەیە، وەك لە بڕگەی چواردەیەم، لە ماددەی دەیەم، لە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم، ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراودا هاتووە: "فەرمانی قبووڵکردنی دەستلەکارکێشانەوەی ئەنجوومەنی وەزیران، یان وەزیر دەردەچووێنێت، داوایشیان لێ دەکات لە ئەرك و فەرمانی خۆیاندا بەردەوام بن تا وەزارەتی نوێ پێکدەهێندرێ".

– ئەگەرچی پلەی وەزیر، پلەی تایبەتە و بە (تعین) دەبێت، بە یاسای ژمارە ١٢ی ساڵی ١٩٩٩یش خانەنشینبوونیان ڕێك خراوە، بەڵام بە هەمان شێوە باسی مافی خانەنشینیی وەزیری دەستلەکارکێشاوە نەکراوە، هەر چۆن لە ماددەی دووەم، بڕگەی (أ)دا هاتووە: "ئەندامی ئەنجوومەن لە کاتی بەکۆتاهاتنی ئەندامێتییەکەی، مووچەیەکی خانەنشینیی مانگانە و دەرماڵە وەردەگرێت، ئەویش لە ٧٥٪ی ئەو مووچەیەیە کە هاوکارەکانی وەری دەگرن کە ئەندامی ئەنجوومەنن و بەردەوامن لە خزمەتدا".

– یاسای ژمارە ٣٦ی ساڵی ٢٠٠٤ی یاسای خانەنشینیی خاوەن وەزیفە باڵاکانی هەرێمی کوردستان–عێراق، بە هەمان شێوە باسی پرسی دەستلەکارکێشانەوەی وەزیری نەکردووە، چونکە ئەم یاسایە لە بنچینەدا پلەی وەزیر ناگرێتەوە.

– دەستووری عێراق و پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، وێڕای باسی (اقالة و استقالة) پرسێکی دیکەی بە ناوی (تعليق العضوية) باس کردووە.

***هەڵسەنگاندنی کابیەنی هەشتەم:**

وێڕای ئاسایش و پاراستنی کوردستان و بوونی چەند قەیرانێك، بەڵام کابینەی هەشت لەم ڕووانەوە شکستی هێناوە:

١– کابینەی هەشت (البرنامج الحكومي) نییە، تەنها کەلیمەی هەیە.

٢– کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیران (نصاب + مناقشه + تصويت)یان تیا نەکراوە.

٣– حکومەتێك بەبێ ڕەقابەی (پەرلەمان) درێژەی بە تەمەنی داوە.

٤– لەباتی دووشەممان، کۆبوونەوەی وەرزیش ناکات.

٥- حکومەت لە بوارەکانی (خزمەتگوزاری + ئەمنییەت + سیاسەتی نەوتی + مووچە + ادخار + بونیەی تەحتی) شکستخواردووە.

٦- حکومەتی هەرێم لە ڕیزی ئەو ئیدارە و دەوڵەتانەدایە کە پێیان دەوترێت (الدول الفاشلة)، چونکە بە پێی ڕاپۆرتی چەند ڕێکخراوێك، حکومەت لە ئێستادا خاوەنی (٥٠) قەیرانە.

٨- هەڵسەنگاندنی زانستییانەی دیکە، بە نموونە: وەکو میتۆدی (ڕۆبەرت داڵ) بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی ئەزموونی دیموکراسی و حکومەتداریی هەرێمی کوردستان لەم ڕووانەوە کراوە، سەرنەکەووتوو بووە، وەك بوارەکانی:

١. نەڕەخسانی دەرفەت بۆ هاووڵاتیان کە ڕەخنە و پێشنیاری خۆیان سەبارەت بە سیاسەتەکانی حکومەت بگەیەنن.

٢. لایەنە سیاسییەکان و هاووڵاتیان زانیارییان نییە تا لە ناوەرۆکی بڕیاری سیاسەتەکانی حکومەت بگەن.

٣. هەرگیز حکومەت مۆڵەتی خۆپیشاندان و گردبوونەوەی وەك ڕێگەیەکی دروست بۆ ڕادەربڕین، نەداوە.

٤. هاووڵاتیان بە تەواوی ئاگاداری بڕیارەکانی حکومەت نین.

٥. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کاریگەرییان بەسەر حکومەتەوە نییە.

٦. بەپرسە باڵاکان ئاڵوگۆڕیان تێدا ناکرێ.

٧. دادگاکان بە تەواوی جێی متمانەی خەڵك نین و دادگا بە تەواوی سەربەخۆ نییە.

٨. کورسییە کۆتاکان لە ئەنجوومەنە هەڵبژێردراوەکاندا، تەنها لەلایەن لایەنێکی سیاسییەوە بەکار دەهێنرێن.

٩. هەڵبژاردن هەیە، بەڵام پەرلەمان مرێندراوە.

١٠. دەستوورمان نییە و سەروەریی یاسا نزیکە لە سفرەوە.

١١. یەك لایەن هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی لە هەرێمدا بەدەستەوەیە.

٩- سەرجەم پرۆژە چاکسازییەکان کە پێشکەش کراون، وەلا نراون و کاریان پیٚ ناکریٚ.

## دەرئەنجام:

١- کشانەوە لە حکومەت، یاخود دەستلەکارکێشانەوەی وەزیر، بیدعەیەك نییە، بەڵکو پێشینەدارە.

٢- یاساکانی هەرێمی کوردستان تایبەت بە پۆستی وەزیر، باسی لە حاڵەتەکانی دەستلەکارکێشانەوە، یاخود دەستپێکشانەوە، یاخود خۆهەڵپەساردنیان نەکردووە.

٣- کشانەوە لە کابینەی هەشت، پۆستەکانی ئیدارات و قایمقامیەت و ناحیە و کۆمسیۆنەکان ناگرێتەوە.

٤- کشانەوە لە کابینەی حکومەت، مانای کشانەوە لە کۆی پرۆسەی سیاسی نییە.

٥- بەشداری لە شکستی کابینەدا، وەك بکەری سەرەکی وایە.

٦- کۆمەڵی ئیسلامی دەبێت مەنهەجیەتی خۆی هەبێت بۆ بەشداریی حکومەت و ئیسلاح، نەك دواکەوتنی کەسانی دی.

٧- دەستلەکارکێشانەوەی وەزیر تەنها لەم کابینەیە و بە هاوبەشی، باش و ئامانجدارە، واتا سیاسەت بە دوژمنایەتی ناکرێت.

# سەرچاوەکان:


- **کتێب:**

١- عن الديمقراطية، تأليف: روبرت دال.

٢- الوضع القانوني والسياسي لاقليم كوردستان، تأليف: مخلص سليم مراد.

- **یاساکان:**

١- دەستووری کۆماری عێراق.

٢- یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوی ئەنجوومەنی وەزیران و سەرجەم هەموارەکانی.

٣- یاسای ژمارە ١ی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان.

٤- پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

٥- النظام الداخلي لمجلس الوزراء العراقي، المنشور على الانترنت.

٦- یاسای خانەنشینیی ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ژمارە ١٢ی ساڵی ١٩٩٩.

٧- یاسای ژمارە ٣٦ی ساڵی ٢٠٠٤ی خانەنشینیی پلە تایبەتیەکان لە هەرێمی کوردستان.

٨- قانون التقاعد رقم ٣٣ لسنة ١٩٦٦ العراقي.

٩- یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان/عێراق، ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

١٠- پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵی ئیسلامیی، پەسەندکراوی کۆنگرەی سێیەم لە ساڵی ٢٠١٥.

# یاسا ڕێکخەرەکانی هەڵبژاردنەکانی کوردستان

بە بەشداریی سیاسیی هاووڵاتیان لە پرۆسەی سیاسی و دیاریکردنی نوێنەرەکانیان بە شێوەی سیستمی نوێنەرایەتی و وەستاندنی ئیرادەی خۆیان لەسەر قەوارەیەك، یان کاندیدێك، دەوترێت هەڵبژاردن. هەندێك بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بە ئەرك دەزانن، لە بەرانبەردا هەندێکی دیکە بە مافێکی سیاسیی دەناسێنن و وەك یەکێك لە مافەکان دەیبینن.

هەڵبژاردن وەك مافێکی سیاسی، لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا پەیڕەو دەکرێت و بە یاسا ڕێکخراوە. کراوەتە سەرچاوەی شەرعیەتی گەیشتن بە دەسەڵات و مانەوەشی. هەروەها مومارەسەی ئەم مافە یەکێکە لە پایەکانی دیموکراسی و ناسینەوەی دەوڵەتی مۆدێرن.

لە هەرێمی کوردستاندا، ئەو دامەزراوانەی کە هەڵبژاردنیان بۆ دەکرێت و بە یاسای تایبەت بە خۆیان ڕێکخراون، بریتین لە:

١- پەرلەمانی کوردستان، بە یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

٢- سەرۆکایەتیی هەرێم، بە یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو.

٣- ئەنجوومەنی پارێزگاکان، بە یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو.

٤- ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بە یاسای ژمارە ٤٥ی ساڵی ٢٠١٣.

٥- کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی کوردستان، بە یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١٤.

٦- کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی عێراق، بە یاسای ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠٠٧.

دەتوانین بڵێین کە ئەو کەس و ئەنجوومەنە هەڵبژێردراوانە، سەرجەمیان پەیڕەویان لە کۆمەڵێك پرەنسیپی هەڵبژاردن و هونەرەکانی کردووە. زۆربەیان ئیلهامیان لە یاسای ژمارە ١ـەوە وەرگرتووە، کە تاکە یاسایە لە پەرلەمانی کوردستان دەرنەچووە.

**لە خوارەوە شیکارێکی خێرای هەریەك لەو یاسایانە دەکەین:**

- یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو:

ئەم یاسایە لەلایەن سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانییەوە لە بەرواری ١٩٩٢/٤/٨ دەرچووێندرا. هەر بەپێی ئەم یاسایە، یەکەم هەڵبژاردنی گشتی لە بەرواری ١٩٩٢/٥/١٩ بۆ پەرلەمانی کوردستان ئەنجام درا.

بەپێی هەمواری چوارەمی یاساکە، بە یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٠٩، ناوی ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ پەرلەمانی کوردستان گۆڕدرا.

- کۆی یاساکە پێکدێت لە ٦٥ مادده و هۆکاری دەرچوون.
- یاساکە ٧ جار هەموار کراوەتەوە، لە کاتێکدا ئێمە لە هەرێم بۆ هەردوو (هەڵبژاردنەکان و خودی پەرلەمانیش) یەك یاسامان هەیە.
- یاساکە هەڵبژاردنی بۆ پەرلەمانی کوردستان بە (دەنگدانی نهێنی، ڕاستەوخۆ، لیستی نیمچەکراوە) بۆ پڕکردنەوەی ئەنجوومەنە ١١١ کەسییەکە، پەیڕەو کردووە، کە سێیان دەستەی سەرۆکایەتین و ١١یان کۆتای کەمایەتییە ئایینی و نەتەوەییەکانن. ڕێژەی ٣٠٪ی کۆتایش بۆ ڕەگەزی ئافرەتان دانراوە.
- پێویستە ئەندامی پەرلەمان وەك لە ماددەکانی چوارەم و پێنجەمدا هاتووە، پابەند بێت بە:

١- نابێت لە یەك کاتدا دوو ئیش کۆبکاتەوە.

٢- لە ڕۆژی سوێندخواردنیەوە بە وازهێنەر لە پیشەی فەرمانبەرییەکەی دادەنرێت.

٣- هەموو ئەندامانی پەرلەمان دەبێت خۆیان بۆ کارەکانی پەرلەمان تەرخان بکەن.

- یاساکە لە ماددەی شەشەم تا هەشتەم باس لە ڕێکخستنی یاسایی پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی کوردستان دەکات، بە بێ باسکردن لە ئەرکی دامەزراوەکە. وەك هاتووە:

١- کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی کارەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمدا دەکات.

٢- دەستەیەکی دادوەریی ناتەرخان پێکدێت بۆ تەماشاکردن و بڕیاردان لەو تانانەی کە لە هەڵبژاردنەکان دەدرێن.

٣- وەك لە ماددەی نۆیەمی یاساکەدا هاتووە، سەرجەم هەرێمی کوردستان بە یەك بازنەی دەنگدان دانراوە، کە دابەش دەبن بەسەر چەند ناوەندێکدا.

٤- وادەی دەنگدان، بە بڕیاری سەرۆکی هەرێم ١٥ ڕۆژی میانەی کۆتایی خولی پەرلەمان مەرسوم دەردەکات (ماددەی ١٢).

٥- دەنگدان لە هەموو کوردستاندا لە یەك ڕۆژدا دەکرێت (مادە ١٣).

٦- تۆمارێك لە هەرێمدا بۆ دەنگدەران دروست دەکرێت، پێویستە بە شێوەی ئەبجەدی ڕێکخرابێت و زانیارییەکانی (ناو، پیشە، ناونیشان، بەرواری لەدایکبوون) لەخۆ بگرێت (ماددەی ١٥).

٧- مەرجەکانی دەنگدەر لە یاساکەدا بریتییە لە:

- هاوولاتیی کوردستان بێت (نێر یاخود مێ).
- ١٨ ساڵی تەمەنی تەواو کردبێت. (ماددەکانی ١٩ و ٢٠).

٨- مەرجەکانی پاڵێوراو بۆ دامەزراوەکە بەپێی ماددەی ٢١ بریتییە لە:

أ- هاوولاتیی کوردستان و نیشتەجێی هەرێم بێت.

ب- تەمەنی ٢٥ ساڵ بێت و شیاوێتیی هەبێت.

ت- خوێندن و نووسین بزانێت.

پ- بە تاوانی ئابڕووبەرانە حوکم نەدرابێت.

ج- لەسەر کوشتنی بە ئەنقەست بە زیندانیکردن حوکم نەدرابێت.

ح- بەشداریی تاوانەکانی ڕژێمی سەرکوتکەری بەعسی نەکردبێت.

٩- دەبێت بەشداربووانی پرۆسەکە:

أ- قەوارەی سیاسی بن نەك لیستی فەردی.

ب- قەوارەکە لیستی تایبەت پێشکەش دەکات، بە مەرجی پاراستنی ڕێژەی ئافرەت ٣٠٪.

ت- هەر لیستێك نابێت لە سێ کەس کەمتر بێت.

پ- تەواوی بەڵگەنامەکانی پێوە بلکێندرێت.

ج- دەستەی باڵای کۆمیسیۆن سەیریان دەکات و لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا یەکلاییان دەکاتەوە.

١٠- پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن:

ماددەکانی ٢٤ و ٢٥ بە بڕگەکانیەوە، لەم بابەتە دەکۆڵێتەوە:

أ- پڕوپاگەندە دەبێ لە سنووری یاسا و سیستمی گشتیدا بێت.

ب- پڕوپاگەندە ڕۆژێك پاش ڕاگەیاندنی لیست تا ٤٨ کاتژمێر پێش ڕۆژی دەنگدان دەبێت.

ت- كۆميسيۆن به سيستميَك شوێنەكانی قەدەغەكراو و ڕێپێدراوی تەواوی پڕوپاگەندە دیاری دەكات.

پ- دەبێت قەوارەكان دوای دەنگدان پڕوپاگەندەكان كۆبكەنەوە.

ج- بینای وەزارەتەكان، فەرمانگەكان، بۆ ڕیكلام قەدەغەیە.

ح- نابێت فەرمانبەران پێگەی خۆیان بۆ ڕیكلام بەكار بهێنن.

خ- نابێ ڕۆژی دەنگدان ڕیكلام بكرێت.

د- قەدەغەیە كە پاڵێوراوان دەنگدەر هەڵبخەڵەتێنن بەهۆی چەند ڕیكلامێكەوە بە بریندارکردنی هەست یان جوێندان.

ژ- قەدەغەیە ماڵی گشتی بۆ پشتیوانی و ڕیكلام خەرج بكرێت.

ر- قەدەغەیە كە ڕیكلام، تەكفیر، ترساندن، فشار یان بە خائین زانین، لەخۆ بگرێت.

١١- بەپێی ماددەی ٢٨، كارتی دەنگدان و سندووقەكان و كارە لۆجستییەكان بۆ پرۆسەكە ئامادە دەكرێت.

١٢- قۆناغەكانی دەنگدان بەپێی یاساكە بریتییە لە:

أ- دڵنیابوون لە ناو و لێهاتویی دەنگدەر.

ب- دەنگدەر هێما بۆ قەوارەكە پاشان پاڵێوراوێك دەكات.

ت- ئەگەر دەنگدەر خوێندەواریی نەبوو، ئەوا داوای پشتیوانی دەكات.

پ- نوێنەرایەتی كردن لە دەنگداندا قەدەغەیە.

ج- هێزی چەكدار بۆی نییە بچێتە ناو بنكەی دەنگدانەوە.

ح- دەنگدان لە ٨ی بەیانی تا ٨ی ئێوارە دەخایەنێت.

خ- كارتی دەنگدان كە مۆر نەكرابێت، یان سپی بێت، بە پووچەڵ ئەژمار دەكرێت.

د- لیژنەکان و وێستگەی دەنگدانەکە ڕێکخستنی کۆنووس و فۆڕمەکان و تۆماری زانیارییەکان دەکات. کۆنووسی کۆتایی دەبێت نوێنەری قەوارەکە واژووی بکات.

١٣- ماددەی ٣٦ی یاساکە چۆنیەتیی تێکڕای هەڵبژاردن و پرۆسەی گۆڕینی دەنگ بۆ کورسی باس دەکات، کە بریتییە لە دابەشکردنی کۆی دەنگی دروستی قەوارەکان بەسەر ژمارەی کورسییەکاندا.

١٤- ژمارەی کورسی بۆ قەوارەیەکی دیاریکراو، بەپێی هەمان ماددە، بڕگەی دووەم، بەم شێوەیە دەبێت: دەنگی دروستی قەوارەکە، دابەشی تێکڕای هەڵبژاردن، یەکسانە بە ژمارەی کورسییەکانی قەوارەکە.

١٥- چارەنووسی ئەو قەوارانەی کە دەنگی کورسییەکیان نییە، ئەوا دەدرێت بەو لیستانەی کە زۆرترین ماوەی دەنگیان بەدەست هێناوە، بە شێوەی یەك لەدوای یەك.

١٦- کۆتاکان:

لە پەرلەمانی کوردستان کۆتاکان ١١ کورسییان هەیە، بەم شێوەیە:

٥ کورسی بۆ کلدان، سریان، ئاشووری.

٥ کورسی بۆ تورکمانەکان.

١ کورسی بۆ ئەرمەن.

١٧- لە ماددەی ٣٧ی یاساکەدا هاتووە کە ناوی پاڵێوراوانی قەوارەکە بەپێی ڕیزبەندیی دەنگەکانیان ڕێکدەخرێتەوە، بە تەرخانکردنی کورسیی پێویست بۆ ئافرەتان.

١٨- لە حاڵەتی بەتاڵبوونی کورسییەکدا، بە ڕیزبەندی ئەوەی دوای ئەو جێی دەگرێتەوە.

١٩- حەصانە (پارێزبەندی) ئەندامی پەرلەمان بە یاسا ڕێکخراوە، کە لە ماددەی ٣٩ و ٤٠دا باس کراوە:

أ- نابێت ئەندام پەرلەمان لەسەر ڕا و بۆچوونێك کە دەری دەبڕێت، بەرپرسیار بێت.

ب- ئەندام بە بێ ڕەزامەندیی پەرلەمان ناگیرێت، مەگەر لە تاوانی مەشهوودەدا.

٢٠- مافەکانی ئەندامی پەرلەمان:

أ- ئەندامێتی لە پەرلەمان (وەزیفە) نییە وەك لە یاسای خزمەتی مەدەنیدا هاتووە، تەنانەت ئەندامی پەرلەمان لە وەزیر گەورەترە.

ب- ئەندام پاداشتێکی مانگانە وەردەگرێت.

ت- ئەندام پاش تەواوبوونی خول، یان مردنی لە کاتی کاردا، خانەنشین دەکرێت.

٢١- ڕەوشی کار لە پەرلەماندا وەك لە یاساکەدا ڕێکخراوە، لە ماددەکانی ٤٣ تا ٥٣ دەگرێتەوە، کە تایبەتە بە پەرلەمان و بۆ ئێرە پێویست نییە.

٢٢- ئەرك و دەسەڵاتەکانی پەرلەمان لە ماددەکانی ٥٤ تا ٥٦ هاتووە کە بریتین لە:

أ- یاسادانان.

ب- بڕیاردان لەسەر ڕیککەوتننامەکان.

ت- یەکلاکردنەوەی کێشە چارەنووسسازەکان.

پ- دیاریکردنی پەیوەندیی یاسایی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەند.

ج- دەستنیشانکردنی سەرۆکی حکومەت.

ح- متمانەدان بە کابینەی حکومەت.

خ‌- چاودێریی دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

د- بڕیاردان لەسەر بودجەی گشتی.

ژ- ئاڕاستەکردنی پرسیار.

ر- پرساندن.

ز- لێسەندنەوەی متمانە.

س- پێکهێنانی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان کە ٢٢ لیژنەن.

ش- زەبتی دانیشتن لەلایەن سەرۆکەوە.

ص- پێکهێنانی لیژنە بۆ لێکۆڵینەوە.

چ- یەکلاکردنەوەی تانەکان لەسەر پەرلەمان، هەروەها دروستیی ئەندامێتی.

٢٣- تاوانەکانی هەڵبژاردن

ماددەی ٥٧ لە یاساکەدا بە هەر دوازدە بڕگەکەیەوە، باس لەو تاوانانە دەکات کە بە تاوانی کاروباری هەڵبژاردن دانراون و سزای بۆ هەر یەکەیان بڕیار داوە.

لە خوارەوە هەریەك لە تاوانەکان و سزاکان لە بەرانبەریان ئاماژە پێ دەدەین:

| سزاكانيان | تاوانەكان | ز |
|---|---|---|
| حەپس لە يەك مانگ زياتر نەبێت | هەڵواسينی ڕيكلام لە دەرەوەی جێگای دياريكراو. | أ |
| حەپس لە يەك مانگ كەمتر نەبێت و لە شەش مانگ زياتر نەبێت. غەرامەيەك لە يەك مليۆن كەمتر نەبێت و لە پێنج مليۆن زياتر نەبێت. | ١- ڕيكلام لە بينای حكوميی.<br>٢- بەكارهێنانی دارايی گشتی و پێگەی وەزيفيی.<br>٣- بڵاوكردنەوە لە ڕۆژی دەنگداندا.<br>٤- هەڵخەڵەتاندنی دەنگدەران.<br>٥- خەرجكردنی دارايی گشتی و پشتيوانيی دەرەكی. | ب |
| حەپس كە لە شەش مانگ كەمتر نەبێت و غەرامەيەك لە ١٠٠,٠٠٠ دينار كەمتر و ٥٠٠,٠٠٠ دينار زياتر نەبێت | ١- بە ئەنقەست ناوێكی درۆ يان خەسڵەتێكی درۆ لە هەڵبژاردن دابنێ.<br>٢- ناوی پاڵێوراوێك نەنووسێت.<br>٣- دەنگ بدات و بشزانێت كە ناوی لە تۆماری دەنگدەراندا بە هەڵە هاتووەتەوە.<br>٤- بە ئەنقەست بە ناوی كەسێكی ترەوە دەنگ بدات.<br>٥- نهێنيی دەنگدەرێك ئاشكرا بكات.<br>٦- لە جارێك زياتر دەنگ بدات.<br>٧- ئارەزووی دەنگدەرێكی نەخوێندەوار بگۆڕێت.<br>٨- لە زياتر لە بازنەيەك خۆی بپاڵێوێت.<br>٩- لە كاتی جياكردنەوەدا گزيی بكات.<br>١٠- | ج |

| | | |
|---|---|---|
| د | ١- دەستدرێژیی بۆ سەر ڕیکلامی پاڵێوراوان.<br>٢- ڕاپبگەیەنێت کە پاڵێوراوێك کشاوەتەوە، دەشزانێت کە درۆ دەکات.<br>٣- دەستکاریی ئامرازەکانی دەنگدان. | حەپس لە مانگێك کەمتر و لە ساڵێك زیاتر نەبێت |
| هـ | ١- هێز یان هەڕەشە بەکار بهێنێت بۆ ڕێگەگرتن لە دەنگدان.<br>٢- بەڵێنی درۆ بە دەنگدەرێك بدات.<br>٣- سوودێك قبوول بکات یان داوای بکات.<br>٤- دەنگوباسی درۆ لەبارەی ڕەوشی پاڵێوراوێکەوە بڵاو بکاتەوە.<br>٥- بە چەکەوە بچێتە ناو بنکەکانی دەنگدانەوە.<br>٦- جوێن بە لیژنەی هەڵبژاردن بدات.<br>٧- سندووق یان هەر بەڵگەنامەیەکی دەنگدان خراپ بکات.<br>٨- دروشمەکانی ئایین یانماڵەکانی خواپەرستی بۆ پڕوپاگەندە بەکار بهێنێت. | حەپس بۆ ماوەیەك کە لە یەك ساڵ کەمتر نەبێت |
| و | ١- شاردنەوەی سندووق یان کەلوپەلی دەنگدان.<br>٢- دەستکاریی ئەنجامەکانی دەنگدان وەك (خراپکردن، تێکدان، دزین).<br>٣- بەهێز یان هەڕەشە ئازادیی هەڵبژاردن بخاتە مەترسییەوە. | حەپس لە یەك ساڵ کەمتر نەبێت، غەرامەیەك لە ١٠٠,٠٠٠ کەمتر و لە ٥٠٠,٠٠٠ دینار زیاتر نەبێت |

| | |
|---|---|
| ز | سزای قەوارەی سیاسی:<br><br>١. ئەگەر قەوارەیەکی سیاسی لەسەری سەلمێنرا کە لە یەکێك لەو تاوانانەی باس کران، تێوەگلاوە، ئەوا سزا دەدرێت بە ٥٠ ملیۆن دینار.<br>٢. بێبەشکردنی لە دەنگەکانی لەو بنکەی دەنگدانەی کە تاوانەکەی تێدا ئەنجام داوە.<br>٣. بێبەشکردنی قەوارەکە لە هەڵبژاردن، ئەگەر میلیشیای هەبێت.<br>٤.هەر کەس و لایەنێك شروع بکات لەم تاوانانەدا، ئەوا سزای تەواو دەدرێت. |

٢٤- کۆتایی یاساکە بە حوکمە کۆتاییەکان و هۆکاری دەرچوون دێت، کە دیارترینیان ئەمانەن:

أ- هاووڵاتیانی دەرەوەی هەرێم بەشداریی هەڵبژاردن دەکەن.

ب- هێزە چەکدارەکان، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، سوپا, کارمەندانی نەخۆشخانە، بەندیخانەکان، بەندییەکان، دوو ڕۆژ پێش ڕۆژی دەنگدانی گشتی بە دەنگدانی تایبەت دەنگ دەدەن.

## سەرنجە گشتییەکان:

١- ئەمڕۆ لە جیهاندا زیاتر لە یەك ملیار کەس مافی دەنگدانیان هەیە.

٢- ٢١ ڕێگە و شێوازی گزی کردن لە پڕۆسەی هەڵبژاردندا هەیە، کە یاساکە بەشێکیانی باس کردووە.

٣- ئەم یاسایە پێویستی زۆری بە هەموارکردنەوەیە.

٤- لیستی هەڵبژاردن، بازنەکانی دەنگدان، دەنگدانی تایبەت، پێویستە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت.

٥- دیاریکردنی ڕۆژێك لە ساڵێکدا بۆ هەڵبژاردن.

٦- هێزە چەکدارەکان دەنگ نەدەن.

**یاسای کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسیی هەرێم**

**ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١٤:**

- یاساکە لە دانیشتنی ژ ١٨ی ٢٠١٤/٧/٢٣ پەسەند کراوە و پێکدێت لە ٢٢ ماددە.
- کۆمیسیۆن دەسەڵاتی حەصریی ئەنجامدان و سەرپەرشتیی ڕێکاری هەموو هەڵبژاردن و ڕاپرسییەکان لە هەرێمدا دەکات.
- کۆمیسیۆن ملکەچی پەرلەمانە و بەرپرسیارە لە بەرانبەری.
- کۆمیسیۆن ڕێسای کارپێکراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردن و ڕاپرسییەکان دەردەکات.
- ئەنجوومەنی کۆمسیاران ٩ ئەندامن و بۆ ماوەی ٥ ساڵ بە دەنگدانی زۆرینەی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێن.
- دەسەڵاتەکانی ئەنجومەن لە ماددەی شەشەمی یاساکەدا ڕێکخراوە.

**یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم، ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو:**

- یاساکە لە دانیشتنی ژمارە ٣ی ٢٠٠٥/٦/٧ پەسەند کراوە و لە ٢٠ ماددە پێك دێت.
- یاساکە پێناسەی سەرۆکی هەرێمی کردووە "هەرێمی کوردستان سەرۆکێکی دەبێت، سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێکردنە و فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە".
- جێگرێکی دەبێت و مووچەیەکی مانگانەی بە بڕی ١٥ ملیۆن دینار و دەرماڵەیەك کە لە ٥٠٪ی مووچەکەی کەمتر نەبێت، دەدرێتێ.

- بــه دەنگــدانی گشــتی، نهێنــی، ڕاســتەوخۆ، لەگــەڵ هەڵبــژاردنی پەرلەماندا هەڵدەبژێردرێت.
- ولایەتەکەی بۆ ٤ ساڵە و دەکرێت بۆ جاری دووەمیش هەڵبژێردرێت.
- مەرجەکانی پاڵێوراو بۆ ئەم پۆستە بریتییە لە:

١- تەمەنی لە ٤٠ ساڵ کەمتر نەبێت.

٢- هاووڵاتی و نیشتەجێی هەرێم بێت.

٣- لە هەموو مافە مەدەنی و سیاسییەکان بەهرەمەند بێت.

- دەسەڵاتەکانی لە ماددەی دەیەم بە ١٨ دەسەڵات ڕیز کراوە.
- لــە مــاددەی ١٥دا پرســی چۆڵبوونی پایــەی ســەرۆکی هــەرێم بــاس کــراوە، کــە ئەگــەر ئــەم پۆســتە چــۆڵ بــوو، ئــەوا ســەرۆکی پەرلــەمان بــە ئەرکەکانی هەڵدەستێت تا لە ماوەی ٦٠ ڕۆژدا هەڵبژاردن دەکرێت.
- لە ماددەی ١٦دا بـاس لـە لێپرسـینەوەی سیاسـیی سـەرۆك دەکـات لەلایەن پەرلەمانەوە و کۆتایی هێنان بە ولایەتەکەی:

١- ئەگەر سەرۆکی هەرێم خۆی داوای کرد.

٢- ئەگەر نەیتوانی کارەکانی هەڵسوڕێنێ.

٣- ٣/٤ ی ئەندامانی پەرلەمان بە دەنگدانی نهێنی لە متمانەی بخەن.

**یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکان، ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٠٩:**

- یاساکە پێکدێت لە ٣٥ ماددە و هۆیەکانی دەرچوون.
- مەرجەکانی دەنگدەر هەمان مەرجەکانی دەنگدانە بۆ پەرلەمانی کوردستان، هەروەها مەرجە دەنگدەر ناوی لە تۆماری دەنگدەرانی پارێزگاکەدا هەبێت.
- لیستی نیمچەکراوە پەیڕەو دەکرێت، بە شێوەی بازنەیی دەبێت، مەرجە کاندید دانیشتووی پارێزگاکە بێت.
- ئەندامی ئەنجوومەن هاوکارییەکی دارایی دەبێت، بەڵام خانەنشین نابێت.
- تا ئێستا تەنها هەڵبژاردن بۆ پارێزگا کراوە و بۆ قەزا و ناحیە نەکراوە.
- پارێزگا لەلایەن ئەنجوومەنەوە هەڵدەبژێردرێت و هەر ئەویش لای دەبات.

**یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ژمارە ٤٥ی ساڵی ٢٠١٣:**

- یاساکە لە (٤٨) ماددە پێکدێت، هەڵبژاردنەکانی خولی سێیەمی ساڵی ٢٠١٤ بەم یاسایە کراوە.
- یاساکە پەیڕەوی (قائمة مفتوحة)ی کردووە و دەکرێت لیستی تاکەکەسیی هەبێت.
- پێویستە هەڵبژاردن پێش ٤٥ ڕۆژی کۆتاییهاتنی خولەکە ئەنجام بدرێت.
- مەرجەکانی دەنگدەر بریتییە لە:

١- عێراقی بێت.

٢- ١٨ ساڵی تەمەنی تەواو کردبێت.

٣- ناوی لە تۆماری دەنگدەراندا تۆمار کرابێت.

- مەرجەکانی پاڵوراو بەپێی ماددەی ٨ی یاساکە بریتییە لە:

١- تەمەنی لە ٣٠ ساڵ کەمتر نەبێت.

٢- یاسای دەستەی لێپرسینەوە و دادپەروەری نەیگرێتەوە.

٣- ڕەوشت و ژیانی جوان و پاك بێت.

٤- لانی کەم هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیی بێت.

٥- دەبێت بە شێوەیەکی نادروست لەسەر ماڵی گشتی دەوڵەمەند نەبووبێت.

٦- ئەندامی هێزە چەکدارەکان و دامەزراوە ئەمنییەکان نەبێت.

- پێویستە ژمارەی پاڵێوراوان دوو ئەوەندەی ژمارەی کورسییە تەرخانکراوەکان بۆ بازنەی پارێزگاکە، زیاتر نەبێت.

- ژمارەی کورسییەکان بۆ ئەنجوومەنەکە بریتییە لە ٣٢٨ کورسی، کە ٨ کورسییان بۆ کۆتاکانە و ڕێژەی ئافرەت لە ئەنجوومەنەکەدا ٢٥٪ـە.

- یاساکە بە درێژی هەریەکە لە (تۆماری دەنگدەران، ڕیکلامی هەڵبژاردن، تاوانەکانی هەڵبژاردن، ژمارەی کورسییەکانی هەر پارێزگایەك بە جیا)ی باس کردووە.

## سەرچاوەکان:

١- یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

٢- یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو.

٣- یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو.

٤- یاسای ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ژمارە ٤٥ی ساڵی ٢٠١٣.

٥- یاسای کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان، ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١٤.

٦- یاسای کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠٠٧.

# دەسەڵات و تایبەتمەندییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان
# بە پێی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان

تەمووزی ٢٠١٧

## پێشەکی

لە دوای یەکێك لە دەسەڵاتە گرنگەکان کە پەرلەمانە، زۆرترین چاوی لایەنەکان و هاووڵاتیی کوردستانی لەسەر دامەزراوەیەکە کە ئەویش ئەنجوومەنی پارێزگا و شێوازی هەڵبژاردن و دەسەڵاتەکانی و پیادەکردنەکەیەتی. ئەم ئەنجوومەنانە بە یاسا دەسەڵاتەکانی و کوسییەکانی و شێوازی هەڵبژاردنەکەی دیاری کراوە.

لە میانەی ئەم کورتە لیکۆڵینەوەیەدا، بە شێوەی پەیپەرێك لە پێنج تەوەرەدا لەسەر مێژووی دامەزراوەکە و هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و هەروەها پێگەی پێکهاتەکان دەوەستین، شرۆڤەی پێویست بۆ هەریەکەیان دەکەین.

## تەوەرەی یەکەم: پوختەیەکی مێژووی ئەنجوومەنی پارێزگاکان

دوای ڕووخانی ڕژێمی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی دیکتاتۆری، لەگەڵ ئەوەی کە ئەنجوومەنە خۆجێییەکان بە شێوەیەکی ڕووالەتییانە هەبوون بە بێ هەڵبژاردن، بانگەواز و فشارێکی زۆر بە تایبەت هاوپەیمانان هاتە کایەوە، بە ئامانجی ڕزگاربوونی تەواوەتی لە دەسەڵاتەکانی ڕۆژگاری دیکتاتۆریەت و بە ئامانجی شۆڕکردنەوەی

دەسەڵاتەکان و پەیڕەوکردنی پرەنسیپی ناناوەندێتیی کارگێڕی (اللامركزية الادارية) ئەم ئەنجوومەنانە دروستبوون. ئەمەش مانای گۆڕینی سیستمی دەسەڵات لە مەرکەزیەتێکی توندەوە بۆ لامەرکەزیەتێکی کارگێڕیی گونجاو، هەروەها وەك ڕاستییەکیش لە دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ چەسپێندرا، هەروەك لە ماددەی ١١٦دا هاتووە "سیستمی دەسەڵات لە کۆماری عێراقدا پێك دێت لە پایتەخت و هەرێم و پارێزگاکانی لامکەرکەزی و ئیدارە خۆجێییەکان".

دەسەڵاتی هاوپەیمانان بە فەرمانی حاکمی ئیداری (پۆڵ بریمەر) بە بڕیاری ژمارە ٧١ لە ٢٠٠٤/٤/٦ بڕیاری دامەزراندنی ئەم ئەنجوومەنانەی دا و بەرواری هەڵبژاردنیان لە نێو دەنگدەرانی پارێزگاکەدا بە تێپەڕنەبوونی ٢٠٠٥/١/٣١ دیاری کرد. گشت ئەرك و دەسەڵاتەکانی ئاماژە پێدا، وێڕای پەیڕەوکردنی ئەو دەسەڵاتانەی کە لە یاسای ژمارە ١٥٩ی ساڵی ١٩٦٩ی عێراقیدا هاتبوو. واتا ئەوەی بە تەنها ڕۆتین بوو لە یاسا کۆنەکەی عێراق، ئێستا مانایەکی دیکەی وەرگرت لە بایەخ و ئەرك و دەسەڵاتەکان.

یەکەم هەڵبژاردن بۆ ئەم ئەنجوومەنانە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٥ ئەنجام درا، پاشان هەردوو یاسای ژمارە ٣ و ٤ی ساڵی ٢٠٠٩ بۆ ئەم ئەنجوومەنانە دەرچوو، بەڵام بەرکاربوونیان بەسترایەوە بە هەڵبژاردن بۆ خولی دووەمی ئەنجوومەنەکە، کە ئەویش لە هەرێمدا پاشی نۆ ساڵ ئەنجام درا و یاساکانی دامەزراوەکە چوونە بواری جێبەجێکردنەوە. هەرێمی کوردستان کە لە ساڵی ١٩٩١وە دۆخی سیاسی و ئیدارییەکەی لە تەواوی پارێزگاکانی تری عێراق جیاواز بوو، تەنها ئەنجوومەنی هەڵبژێردراو تێیدا، ئەنجوومەنی شارەوانییەکان بوو کە لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە ئەنجام درابوو. لە بەرانبەردا

پارێزگاکانی تری عێراق کە لە چوارچێوەی هەرێمێکدا ڕێکنەخرابوون، یاسای ژمارە ٢١ی ساڵی ٢٠٠٨ هەڵبژاردن و ئەرك و دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی ڕێك خستبوو.

لە هەرێمی کوردستان یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩، پەیکەر و دەسەڵاتەکانی ئەم ئەنجوومەنانەی ڕێکخستووە، لەگەڵ بوونی کەموکووڕیدا کە دواجار بەهۆی (استحداث) کردنی پارێزگای هەڵەبجەوە ئەنجوومەنێك بۆ شارەکە پێویست بوو دروست بکرێت و ئەمەش بە یاسایەك لە پەرلەمانەوە ڕێك خرا، ئەویش یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٥ی ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە بوو.

## تەوەرەی دووەم:

## دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە بواری یاسادانادا

ئەنجوومەنی پارێزگاکان کە چوارچێوەی کارەکانی بە یاسا ڕێکخراوە، تیایدا پرەنسیپی لامەرکەزیەتی کارگێڕیی پەیڕەو کردووە وەك دیارترین ناونیشانی ناسینەوەی ئەم ئەنجوومەنانە.

بەپێی ماددەی پێنجەم لە یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩، ئەنجوومەنی پارێزگا "...و مافی ئەوەی هەیە بڕیار و پەیڕەو و ڕێنماییەکان...دەربچوێنێ". لەم دەسەڵاتەوە کە بە ئەنجوومەنەکە دراوە، لە ڕووی یاسادانانەوە بەپێی یاساکە دەتوانین ژماردنیان بۆ بکەین کە بریتین لە:

١- بڕیاردان لەسەر پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن.

٢- دەرچوواندنی بڕیار و پەیڕەو و ڕێنماییەکان و پێشکەشکردنی ڕاسپاردەکان بۆ ڕێکخستنی کاروباری کارگێڕی و دارایی و چاککردنی بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە پارێزگاکەدا.

٣- پێشنیازکردنی پڕۆژەیاسا تایبەتەکان بە پەرەپێدانی پارێزگا و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران.

٤- ئامادەکردن و پەسەندکردنی پڕۆژەبودجەی پارێزگا.

٥- دەرچوواندنی بڵاوکراوەیەکی خۆجێیی کە هەموو بڕیار و پەیڕەو و ڕێنمایی و ئەو فەرمان و چالاکییانەی تیادا بڵاو بکرێتەوە کە ئەنجوومەن دەریان دەکات.

لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتی یاسادانانی هەرێم لە دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ماددەی ١٢١دا دانی پێدا نراوە، ئەرکی دەسەڵاتی یاسادانان بە پەرلەمانی کوردستان، وەك یەکێك لە دەسەڵاتەکانی هەرێمی فیدراڵی، سپێردراوە. لە بەرانبەردا ژمارەیەك لەو دەسەڵاتانەی یاسادانان کە یاسای ئەنجوومەنەکان بەو دامەزراوەیەی بەخشیوە، تێك ناگیرێت لەگەڵ دەسەڵاتەکانی پەرلەمانی کوردستان، بە مەرجێك دەستدرێژی نەکات بۆ سەر ئەم ئەرکە سەرەکییەی پەرلەمان، پڕۆژەیاسا بەرزکراوەکان ڕاستەوخۆ بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و لەویشەوە بۆ پەرلەمان بنێردرێت.

بەهۆی بوونی ئیشکالی زۆر سەبارەت بەم ئەرکە، پێویستە شیکردنەوەی زیاتری بۆ بکەین، هانی ئەندامانی ئەنجوومەن بدەین کە لەم دەسەڵاتە بەهرەمەند بن و بەکاری بهێنن. لە کاتێکدا دادگای فیدراڵی لە یەکێك لە حوکمەکانیدا لە داوایەك کە بۆی بەرز کرابووەوە، بڕیاری داوە کە بەڵێ ئەنجوومەنی پارێزگاکان خاوەنی ئەم دەسەڵاتەن و تەواو یاساییە.

لە خوارەوە دیارترینی ئەو دەسەڵاتانە لە بواری یاسادانانـدا دەخەینە ڕوو:

أ- دەرچوواندنی تەشریعاتی کارگێڕیی ناوخۆیی (وێڕای ئەوانەی پێشتر باسمان کرد) کە بریتین لە (دانانی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنەکە،

ئیستیحداسی ناحیەیەك یان قەزایەك یاخود یەكخستنیان لە قەزایەكی یەكپارچەدا، گۆڕینی ناوی قەزا یان ناحیەیەك).

ب- دەرچوواندنی تەشریعاتی دارایی ناوخۆیی كە ئەمانە دەگرێتەوە (دانانی یاساگەلی ناوخۆیی تایبەت بە باج و بەخشین لە باج و دانانی ڕەسم و پێبژاردن)، بەپێی پرەنسیپی ناناوەندێتیی كارگێڕیی (اللامركزية الادارية) كە یاسا بەركارەكە بە ئەنجوومەنەكانی بەخشیوە، پشتبەست بە ماددەی ١١٥ی دەستووری كۆماری عێراق.

ت- ئامادەكردن و دانانی بودجەی تایبەت بەپارێزگاكە كە زیاتر بودجەی بەكاربەر دەگرێتەوە، بە نموونە: (دەرماڵەی فەرمانبەران و كادیرە كارگێڕییەكان، كرێی مووچەخۆران، كرێی سوتەمەنی و تەلەفۆن و پەیوەندییەكان...).

**لەگەڵ ئەمانەدا پێویستە پرۆسەی یاساكاری لە ئەنجوومەندا ئاماژە پێ بدەین، كە قۆناغەكانی بریتین لە:**

١- پێشنیاری پرۆژەیاسا یاخود بڕیار.

٢- گفتوگۆ لەسەری لە لیژنەكان و كۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجوومەن.

٣- پەسەندكردنی بە دەنگدانی زۆرینە.

٤- ڕاستاندنی پرۆژەكە (المصادقة عليه).

٥- دەسەڵاتی پارێزگارە كە تانە لە یاساكارییەكە بدات، یاخود دەقەكەی، ئەگەر پێچەوانەی دەقی دەستوور یان دەسەڵاتە دیاریكراوەكان بێت.

٦- بڵاوكردنەوەی بڕیارەكە.

## تەوەرەی سێیەم:

## دەسەڵاتە تەنفیزییەکان لە ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا

ماددەی پێنجەم لە یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩ی ئەنجوومەنی پاریزگاکان، ئەو ڕاستییەی دەقنووس کردووە کە ئەنجوومەنی پارێزگا بریتییە لە دەسەڵاتی چاودێری لەناو سنووری کارگێڕیی پارێزگادا و پەیڕەوی ناناوەندی کارگێڕی دەکات. بەم پێیە زۆرترین دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەن دەسەڵاتی تەنفیزین و پڕۆسەی چاودێری و ئەرکە داراییەکانیش دەچنە ئەم چوار چێوەیەوە، کە لە یاساکەدا لە ماددەی شەشەم ئەم ئەرکانەی ئەنجوومەنی بەم شێوەیە ڕێك خستووە:

١- هەڵبژاردنی سەرۆك و جێگری ئەنجوومەن لە نێو ئەندامانذا.

٢- لەسەرکارلادانی سەرۆك یان جێگری ئەنجوومەن لەسەر داوای سێیەکی ژمارەی ئەندامان.

٣- هەڵبژاردنی پارێزگار لە نێو ئەندامانی ئەنجوومەن.

٤- لێپێچینەوە لە پارێزگار یان یەکێك لە دوو جێگرەکەی لەسەر داوای سێیەکی ئەندامان.

٥- نەخشەکێشانی سیاسەتی گشتیی پارێزگا.

٦- دیاریکردنی پڕۆژەلەبەرەکانی پارێزگاکە.

٧- چاودێریکردنی گشت چالاکییەکانی دەستەکانی جێبەجێکردنی خۆجێیی.

٨- ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر پاڵێوراوی جێگرانی پارێزگا.

٩- ڕەزامەندی لەسەر پاڵێوراو بۆ پڕکردنەوەی پۆستی بەڕێوبەرە گشتییەکان لە پارێزگاکەدا.

١٠- لەسەر داوای پارێزگار دەنگدان دەکات بۆ لەسەرکارلادانی بەڕێوبەرە گشتییەکانی پارێزگاکە.

١١- ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان.

١٢- پێکهێنانی لیژنەی هەمیشەیی و کاتی لە نێوان ئەندامان بۆ چاودێریکردنی دەزگا یان چالاکیی دەستەکانی جێبەجێکار لەسەر ئاستی پارێزگا.

١٣- هەڵبژاردنی دروشمێك بۆ پارێزگا کە لە کەلەپووری مێژوویی و شارستانییەکەیەوە وەرگیرابن.

١٤- پێشنیارکردنی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان لە حاڵەتی ڕوودانی کارەسات.

١٥- پەسەندکردنی نەخشەی دیزاینی بنەڕەتی، یان دیزاینی یەکە کارگێڕییەکانی پارێزگاکە دووبارە بکاتەوە.

## تەوەرەی چوارەم: پێگە و مافی پێکهاتەکان لە ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا

پرەنسیپی قەدەغەکردنی هەڵاواردن (التميز العنصري) یەکێکە لە بناغە سەرەکییەکانی بونیادنانی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ، تەواوی ئایینە ئاسمانییەکان و ڕێککەوتننامە و جاڕنامەکان جەختیان لە بەدیهێنانی کردووەتەوە.

دەتوانین بڵێین کە ئەو ڕاستییەی سەرەوە لەم بەڵگەنامە یاساییانەدا هاتووە کە ئەوانیش بریتین لە:

١- میساقی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ماددەکانی (١/٣/١٣/أ،ب) و ٥٥/ج، ٧٦/ج.

٢- جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، لە پێشەکی و ماددەکانی ١+٢+٧.

٣- عەهدی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان، لە ماددەکانی ٢/١ و ٢٦.

٤- ڕێککەوتننامەی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرەکانی جیاکاریی نەژادی، ساڵی ١٩٦٥.

٥- ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ، ساڵی ١٩٨٩، مادده ٢/٢.

٦- ڕێککەوتننامەی بەرەنگاربوونەوەی سەرجەم جیاکارییەکان دژی ئافرەتان، ساڵی ١٩٧٩، مادده ١.

٧- جاڕنامەی مافی کەسانی کەمایەتییە نەتەوەیی و ڕەگەزییەکان کە کەمینەی ئایینی و زمانین (بڕگەی شەشەم).

زۆری دیکەش لەو دەقانە، بە تایبەت دەقێکی زۆر و زەوەندی دەستووری، لە دەستووری وڵاتان، بە تایبەت عێراقدا، هەن. لەگەڵ ئەوەدا کە جیاکاری کارێکی ناپەسەندە و بە تاوان ناسێندراوە، بەڵام چەمکێك هەیە کە لە بەرژەوەندیی پێکهاتەکانە و بە (تەمیزی ئیجابی) ناسراوە. لە هەناوی ئەم چەمکەوە سیستمی (کۆتا) لەدایك بووە، کە بۆ هەریەك لە ئافرەتان وەك کۆتای ڕەگەزی و کۆتای پێکهاتەکان لە پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی دروست بووە. لەگەڵ ئەوەش سەرنجی زۆر لەسەر ژمارە و بەکارهێنانیان و ڕۆڵی شایستەیان هەیە. بۆ دیاریکردنی گرووپێك لە کەسەکان وەك پێکهاتە (کەمینە) پشت دەبەسترێت بە دوو پێوەر کە یەکەمیان بابەتی و ئەوی دیکەیان خودییە.

پێوەری بابەتی پێك دێت لە (هاوبەشی لە شووناسدا کە پشت بە نەژاد دەبەستێت، ڕۆشنبیری، ئایین، زمان، لاوازیی ژمارەیان لە بەرانبەر زۆرینەی دەسترۆشتوودا). پێوەری خودیش بریتییە لە (خواست و ئارەزووی ئەم گرووپە بۆ ڕوانین بۆیان وەك پێکهاتەیەك یان ئایینێك یاخود زمانێك، ئازادیی ئەم گرووپە بۆ خۆ نمایش کردن بە بێ هەست کردن بە گرفتاری).

یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩ی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، لە ئەندامێتیی ئەنجوومەندا پرەنسیپی یەکسانی و هاووڵاتیبوونی پەیڕەو کردووە، بەبێ ڕێچاوکردنی هیچ جیاکارییەك لەسەر بنەمای جیاکاریی ڕەگەزی و کەمایەتی و زۆرایەتی.

لە بەرانبەردا یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەڵبژاردنی ئەم ئەنجوومەنانە، تایبەت بە پێکهاتەکان کورسی، جیاوازی لە بازنەکاندا دیاری کردووە، بە ئامانجی فرەڕەنگی پێکهاتەی ئەو ئەنجوومەنانە و دەستەبەری

نوێنەرایەتی و دەنگی دروستی پێکهاتەکان لە سەرجەم ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکاندا.

ئەم یاسایە پێك دێت لە ٣٥ مادده و هۆیەکانی دەرچوون. بە دیاریکراوی لە ماددەی ١١دا پەیڕەوی فرەبازنەیی لە هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا کردووە. مافی بە دەنگدەر داوە کە هەڵبژاردنی خۆی لە سنووری بازنەکەیدا بکات.

یاساکە لە بەشی حوکمە گشتییە کۆتاییەکاندا، لە مادده سی و دووەمدا کە (پێنج) بڕگە لەخۆ دەگرێت، ئاماژەی بە کورسیی پێکهاتەکان کردووە، کە بەپێی تەرخانکردنی کورسی لە کۆی ژمارەی کورسییەکانی بازنەی پارێزگاکە، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١- لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆك ٢ کورسی بۆ (کلدان، سریان، ئاشووریی).

٢- لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆك ١ کورسی بۆ (ئەرمەن).

٣- لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی ١ کورسی بۆ (کلدان، سریان، ئاشووریی).

٤- لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر ٢ کورسی بۆ (کلدان، سریان، ئاشووریی).

٥- لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر ٣ کورسی بۆ (تورکمان).

هەروەها یاساکە پێویستی کردووە کە (دەنگدەرانی هەر پێکهاتەیەك پاڵێوراوانی پێکهاتەکەی خۆی هەڵدەبژێرێت). واتا ململانێکە لەناو خودی پێکهاتەکە و بەناو و دەنگی جیاواز دەکرێت.

لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە و سەرنجی زۆری پێکهاتەکان لەسەر ئەوەی کەموکووڕیی زۆر لەسەر ڕۆڵ و بایەخی پێکهاتەکان و

سەلماندن و دەستەبەری مافەکانیان هەیە، بۆیە پەرلەمانی کوردستان لە خولی چوارەمدا ئەو سەرنج و کەموکووڕییانەی بە یاسایەکی سەربەخۆ چارەسەر کرد، کە یاسای ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠١٥ی پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە کوردستان – عێراقە، کە تا ڕادەیەك لە ڕووی یاساییەوە ئەو بۆشاییانەی چارەسەر کردووە.

یاسای ناوبراو لە (٩) مادده و هۆکارەکانی دەرچوون پێك هاتووە، بە شێوەیەك لە ماددەی یەکەم بڕگەی ٢دا پێناسەی پێکهاتەی کردووە و بە شێوەی ژماردنیان نەك کورتهەڵهێنانیان (حصر) کە ئەوانیش:

کۆمەڵە نەتەوەییەکان (تورکمان، کلدان سریان، ئاشووریی، ئەرمەن).

کۆمەڵەی ئایینی و ئایینزاکان (مەسیحی، ئێزدی، سابیئەی مەندائی، کاکەیی، شەبەك، فەیلی، زەردەشتی و هی دیکە)، بە مەرجی ئەوەی کە هاووڵاتیی کوردستانی عێراق بن.

یاساکە دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستانی بە مسۆگەرکردنی (ضمان) مافی پێکهاتەکان و دابینکردنی یەکسانیی تەواو و هاودەرفەتی لە ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووریی لە ڕێگەی یاساوە، ڕاسپاردووە. سەرجەم شێوەکانی جیاکاریی دژی پێکهاتەیەك لە پێکهاتەکانی کوردستانی عێراق، قەدەغە کردووە و سزای یاسایی بۆ سەرپێچیکارانی ئەم مافانە داناوە.

هەروەك یاساکە ئەمانەی قەدەغە کردووە:

١– بانگەشە بۆ ڕق و کینە، یان تۆقاندن، یان دوورخستنەوە و پەراوێزخستن.

٢- ڕەفتارێك کە ببێتە هۆی سیاسەتێکی نەرێنی و گۆڕینی بارودۆخی ڕەسەنی ئەو ناوچانەی پێکهاتەی دیاریکراوی تیادا نیشتەجێن.

٣- گۆڕینی دیمۆگرافیی ناوچەکانیان.

ئەرکی حکومەتیشە بەپێی یاساکە پابەند بێت بە:

١- چارەسەری زیادەڕۆیی لەسەر ناوچەی پێکهاتەیەکی دیاریکراو.

٢- ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی ناوچەیی و نەریتە چەسپاوەکانی پێکهاتەکان، لە کاتی دیاریکردنی سنووری یەکە کارگێڕییەکان و بازنەکانی هەڵبژاردن.

٣- هاندانی گەڕانەوەی کەسانی پێکهاتەکان کە دووچاری کۆچکردن بوون.

٤- پارێزگاری لە زمانی دایك لە ڕێگەی فێربوون و ڕۆشنبیری و کەناڵی ڕاگەیاندنی تایبەت بە خۆیان.

٥- کردنەوەی بەشی تایبەت بە زمانە نەتەوەییەکانی پێکهاتەکان لە زانکۆکانی کوردستان.

٦- دامەزراندنی ئەکادیمیای زانستی زمانەوانیی تایبەت بە خۆیان.

**بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانیان:**

١- مافی بەشدارییان هەیە لە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردنی هەرێم.

٢- لەو ناوچانەی کە چڕیی دانیشتووان پێکدەهێنن، مافی بەشداریکردنیان لە بەڕێوەبردنی دام و دەزگا حکومی و ئیدارییەکاندا هەیە.

# ئەنجام

١- بوونی ئەنجوومەنێکی هەڵبژێردراو لە یەکە کارگێڕییەکاندا بۆ نوێنەرایەتیی هاووڵاتیان و داکۆکیکردن لە بەرژەوەندییە ناوچەییەکانیان و جێبەجێکردنی سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕی، کارێکی گونجاو و سەردەمییانەیە.

٢- ئەنجوومەنەکان دەسەڵات و تایبەتمەندیی یاسادانان و ئەرکی جێبەجێکردن و چاودێرییان هەیە، بەڵام ئامڕازەکانی جێبەجێکردنی ئەم ئەرکانە وەك پێویست لە یاساکەدا نەهاتووە.

٣- جیاکاری لە نێوان زۆرینە و پێکهاتەکان کارێکی قەدەغەکراوە، بەڵام تەمیزی ئیجابی کارێکی دروستە و لە بەرژەوەندیی پێکهاتەکانە.

٤- ئەنجوومەنەکان لە ڕووی مەرجەعەوە سەر بە وەزارەتی ناوخۆن، بەڵام هەمیشە ملکەچی چاودێریی پەرلەمانن، بۆیە دەبێت ئەو دەسەڵاتەی پێیان دراوە لە لامەرکەزیەتی کارگێڕی و دارایی، بە تەواوی مانا جێبەجێ بکرێت.

## ڕاسپاردەکان

١- پێویستە تایبەتمەندییەکانی ئەنجوومەنە هەڵبژێردراوەکان لە یاسای ژمارە ٣ و ٤ی ساڵی ٢٠٠٩دا هەموار بکرێتەوە، بە شێوەیەك کە لەگەڵ سروشتی کار و چاوەڕوانیی هاووڵاتیانی سنوورەکەدا بێتەوە.

٢- ئەنجوومەن دەسەڵاتی ئامادەکردنی پڕۆژەیاسای تایبەت بە پارێزگای هەبێت، کە ڕاستەوخۆ بۆ پەرلەمانی کوردستانی بەرز بکاتەوە، نەك بۆ ئەنجوومەنی وەزیران.

٣- دەسەڵاتە داراییەکانی ئەنجوومەن وەك جێبەجێکردنی سیستمی لامەرکەزی، زیاتر بکرێن.

٤- پەلە بکرێت لە نووسینەوەی دەستووری هەرێم و ڕێکخستنی دەسەڵاتەکان.

٥- یاسای ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠١٥ی پاراستنی مافی پێکهاتەکان جێبەجێ بکرێت. بە ڕێنمایی جۆر و بڕی سزای سەرپێچییەکانی ناو یاساکە دیاری بکرێت.

٦- هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی قەزا و ناحیەکان ئەنجام بدرێت، کە دەبێتە دەستەبەری نوێنەرایەتی و بەشدارییەکی دروستی هەموان.

## سەرچاوەکان:


١- دەستووری کۆماری عێراق، ساڵی ٢٠٠٥.

٢- یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩ی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

٣- یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

٤- یاسای ژمارە ١٥٩ی ساڵی ١٩٦٩ی پارێزگاکانی عێراق (ئیلغاکراو).

٥- نظام رعاية الطوائف الدينية رقم ٣٢ لسنة ١٩٨١ العراقي.

٦- بڕیاری دەسەڵاتی هاوپەیمانان لە عێراق، ژمارە ٧١ی ساڵی ٢٠٠٤.

٧- یاسای ژمارە ٢١ی ساڵی ٢٠٠٨ی پارێزگاکانی ڕێکنەخراو لە هەرێمدا، عێراقی.

٨- یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٥ی ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە.

٩- یاسای ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠١٥ی مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان.

# وتارەكان

# پێگەی یاسایی وەزیر و
# دەستلەکارکێشانەوەی لە کابینەی حکومەتدا
## ٢٠١٨/١/١٦

لەبارەی دەستلەکارکێشانەوەی ژمارەیەك وەزیر لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەڵسەنگاندنی یاسایی بۆیان، ئەم سەرنجانەی خوارەوە دەخەمە ڕوو:

١- شاراوە نییە لای کەس کە پێگەی یاسایی وەزیر و گرنگی و بایەخی ئەم پۆستە لە ژیانی گشتیدا، بە تایبەت لە سیستەمی پەرلەمانیدا، کە لە یەك کاتدا دەسەڵاتێکی سیاسییە و پۆستێکی ئیدارییشە، زۆر گرنگە. بەو پێیەی کە کاروباری وڵات و دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیانی لە ئەستۆدایە. هەروەها سەرۆکی پەیکەرە ئیدارییەکەیە لە وەزارەتەکەیدا و جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنمایی و سیستەمەکان بەپێی دەسەڵاتەکانی، لە چوارچێوەی وەزارەتەکەیدا پیادە دەکات.

٢- وەزیر، ئەندامێکە لە ئەنجوومەنی وەزیران (پلە وەزیریش هەمان دەسەڵاتی هەیە با ئەندامی ئەنجوومەنیش نەبێت)، دەسەڵاتێکی بەهێزی هەیە و بە شێوەی ئاشکرا و شاراوە دەسەڵاتەکانی پیادە دەکات.

٣- دەستلەکارکێشانەوە لە پێناسە کارگێڕییەکەیدا، بریتییە لە "کارێکی یاسایی کە لەلایەن کەسی دامەزراوەوە ئارەزوومەندانە دەردەچێت، کە سەردەکێشێت بۆ بەخشین (اعفاء)ی لە خزمەت بە شێوەیەکی کۆتایی پێهێنەر".

واتــا ئــەم كــرداره ڕێكــاره ياســاييەكەی بــۆ فەرمانبــەر تــەنيا بــە پێشكەشكردنی دەستلەكاركێشانەوه كۆتايی نايەت، بەڵكو پێويستە لەلايەن سەروو خۆيەوە پەسەند بكرێت.

٤- ئەم ڕێكاره لە ئيدارەدا بۆ وەزيريش دروستە، وەك چۆن لـە ياسـای دەستووريیدا هاتووه. واتـا دەستلەكاركێشـانەوەی وەزيـر و فەرمانبـەرانيش هەمان ڕێكاری هەيە.

پێويستە وەزيريش كە ويستی دەست لـە كـار بكێشـێتەوە، بـە دەقێكـی نووسراو ئەم داواكارييە پێشكەشی سەرۆكوەزيران بكات، كە تيايدا هۆكـار و پاساوەكانی دەستلەكاركێشانەوەكەی بە كورتی بنووسێت.

٥- وەك زانــراوه كـــە دەستلەكاركێشـــانەوه مـــافی وەزيـــره وەك پرەنسيپێكی سيستەمی پەرلەمانی. واتا كاتێك متمانەی بە بەرنامـەی كـاری حكومەتەكــە نــەمێنێت، يــاخود سياســەتی وەزارەتەكــەی، يــان لايەنــە سياسييەكەی لە كابينەكە بڕيارێكی سياسی بە كشـانەوە بـدات، ئـەوا مـافی دەستلەكاركێشانەوەی لە پۆستەكەی هەيە، ئەگەرنا بەرپرسـە لـە سـەرجەم بڕيارەكانی كابينەكە كە تيايدا (ڕەزامەند بووبێت يان نا).

٦- ڕەتكردنەوە و ڕێگری كردن لە وەزير بۆ بەكارنەهێنانی ئـەم مافـە، دژە لەگـەڵ پرەنسـيپی (التضـامن الـوزاري) كـە كـاری كابينەكـەی لەسـەر وەسـتاوه، لـە سيسـتەمی پەرلـەمانی و دەسـتووری سـەرجەم وڵاتـان، ئـەم مافەيان بە وەزير داوه، چونكە مافی دەستلەكاركێشانەوەی وەزير، مافێكـە سروشـتی سياسـيی هەيـە، كـە ناكرێـت وەك فەرمانبـەرێكی ئاسـايی وەری بگرين.

٧- لە کاتی دەستهەڵگرتنی وەزیر پاش پێشکەشکردنی نووسراوی دەستلەکارکێشانەوە، ناکرێت پابەند بکرێت بە بەردەوامی لە دەوام کردن، یاخود سەرۆکوەزیران داوایەکی کارگێڕی لەسەر ناوبراو تۆمار بکات وەك هەر فەرمانبەرێکی دیکە، چونکە وەزیر تەنیا یان زیاتر لە کابینەیەك وەزیرە و لەبەردەم پەرلەماندا سوێندی خواردووە، نەك وەك فەرمانبەران کە بە بڕیاری جیاواز و ئەحکامی وەزیفی و یاسای سەربەخۆی خۆیان کار دەکەن.

واتا لە کاتی دەوام نەکردندا، سەرۆکوەزیران تەنیا دەتوانێت داوا لە پەرلەمان بکات کە وەزیری ناوبراو بەهۆی دەوام نەکردنەوە متمانەی لێ وەربگیرێتەوە، نەك پەنا بۆ تۆمارکردنی سکاڵا لە دادگای کارگێڕی ببات.

٨- پاش دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم بەسەر دەسەڵاتە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستاندا، زانراوە کە دەستلەکارکێشانەوەی وەزیر تەنیا ڕەزامەندیی سەرۆکوەزیرانی دەوێت، بەخشین (**اعفاء**)ی وەزیر هەر وەك لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیران -ژمارە ٣ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراودا هاتووە. وەزیر لە پاشاندا خانەنشین دەبێت.

ئەمە لە کاتێکدا وەزیرە دەستلەکارکێشاوەکان ساڵەکانی کابینەکەیان (چوار ساڵ) تەواو کردووە و بەپێی ڕاپۆرتی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوونی حکومەتی هەرێم، ئەدای کارەکانیان زۆر باش و لە پێشینەی کاری وەزیرەکانی ترەوە بووە.

# پرسی ڕاسپاردنی لیستی زۆرینە

٢٠١٨/٢/١٠

لە دوای کۆتایی هەڵبژاردنەکان، یەکێك لە ئەرکەکانی پەرلەمان بریتی دەبێت لە ڕاسپاردنی لیستی براوە کە زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی پێکهێناوە، لە ڕووی ژمارەی کورسی و دەنگەکان لە چاو لیستەکانی دیکەدا، بە گەورەترین لیست دەناسرێت، بە مەرجی ئەوەی نیوە + ١ی ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی هەبێت.

**چوارچێوەی یاسایی ئەم بابەتە**

١- لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، ژ ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراودا، لە ماددەی ٥٦ لە بڕگەی ٣دا هاتووە، لە دەروازەی ئەرك و دەسەڵاتەکانی پەرلەمان "دەستنیشانکردنی سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن...".

واتە تەنیا ئاماژەی بە سەرۆکی دەسەڵاتەکە بە بێ ناوهێنانی لیستی زۆرینە کردووە. ئەگەرچی ئەم بابەتە لە فیقهی دەستووریدا، هەروەها وەك ڕاستییەکی بەدیهی، هاتووە.

٢- یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم ژ ١ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، لە هەمواری سێیەمیدا بە یاسای ژ ١ی ساڵی ٢٠١٤، لە ماددەی یەکەمدا هاتووە "پاش ناونانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، کاندیدی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ڕادەسپێردرێت بۆ پێکهێنانی کابینەی وەزاری، لە ماوەیەکدا کە لە ٣٠ ڕۆژ تێنەپەڕێت".

٣- له یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم، ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٧دا، لە ماددەی یەکەم، بڕگەی چوارەمدا هاتووە "پیادەکردنی ئەرك و دەسەڵاتەکانی هاتوو لە بڕگەی دوازدەیەم، لە ماددەی دەیەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، لەلایەن سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستانەوە دەبێت".

**دۆخەکە لە ڕووی سروشتی یاساییەوە چۆنە؟**

١- بەو پێیەی کە لە سەرجەم دەقەکانی پێشوودا "ناونانی کاندید، لیست" هاتووە، کەواتە پێکهاتنی لیستەکان لەناو پەرلەماندا و دروستبوونی فراکسیۆنەکان یان شتێك بە ناوی دیکەوە نییە، بۆیە تەنیا چەمکی "لیستی زۆرینە" هاتووە، ئەگەرچی نە لە یاسای هەڵبژاردنەکان و نە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا پێناسە کراوە.

٢- ئەو هاوپەیمانێتییانەی کە وەك بەرەیەك تۆمار دەبن لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان بۆ ئەوەی بەشداریی کایەیەکی هەڵبژاردن بکەن، کە هاوپەیمانیی پێش هەڵبژاردن دروست دەکەن و ئەگەری جیابوونەوەی دواتریشیان هەیە لە چوارچێوەی قەوارەدا، هەروەها ئەگەری خۆناساندنی وەك لیستێك لەنێو پەرلەماندا و دروستکردنی زۆرینەی پەرلەمانی، ئەوا دەگونجێت ناو ببرێت بە لیستی زۆرینە و کاندیدی دەستنیشانکراو بۆ پێکهێنانی کابینە لەم لیستە زۆرینەیە دەبێت.

واتە تەنیا وەك لیست باس کراوە، جا ئیتر لە چەند قەوارە و فراکسیۆنی سیاسی پێکهاتبێت، نەك وەك هاوپەیمانیەتییەك کە پێشتر خۆی تۆمار کردووە، چونکە لە دەقەکانی پێشووتردا ئاماژە بە لیستی هاوپەیمانی نەدراوە.

# دیدێکی یاسایی بۆ دیاردەی ڕفاندن

دیـاردەی ڕفانـدن، وەك دیـارترین شـێوەی زەوتكردنـی ئـازادیی تـاك، هێندەی كۆنیی مێژووی مرۆڤایەتی، ئەویش كۆنە و بوونی هەبووە. ڕفانـدن، بـە پێـی ئامـانجی ڕفاندنەكـە و شـێوە و كەسـی ڕفێنـەر و بـەردەوامیی ڕفاندنەكە، دەگۆڕێت.

لـەم سـاڵانەی دواییـدا، پـاش نـەمانی ڕژێمـی مرۆڤكـوژی بـەعس، ئـەم دیاردەیە ڕۆژانە دووبارە دەبێتەوە و بەردەوامیی هەیە، بە شێوازی جیاجیا و بە بەهانەی سەیر هـاووڵاتی دەڕفێنـدرێت، بـەڵام ئـەوەی كـە لـە هـەموان زیاتر ئەم ڕووداوەی مەترسیدارتر كـردووە، بریتییـە لـە ڕفانـدن بـە پاسـاوی سیاسی.

ئــەم تاوانــە تــەواوی ئایینــە ئاسمانییــەكان و ڕێكەوتننامــە و یاســا زەمینییـەكان، وەك تاوانكـاری و هـەڵگری كۆمـەڵێك ئاسـەواری مەترسـیدار لەسەر كەسی ڕفێندراو و ناو و شـۆرەتی و خێـزان و منداڵـەكانی، مامەڵـەیان لەگەڵ كردووە و قەدەغەیان كردووە.

ڕفاندن، بە مانای زەوتكردنی ئازادیی كەسێك دێت. ئەم حاڵەتە وەك هەر تاوانێكی تر كاتێك دێتـە دی كـە "كەسـێك ئـازادیی زەوت بكرێـت جگـە لـەو حاڵەتانەی كە لە یاسا و بەپێی فـەرمانێكی دادوەری ئـەنجام دەدرێـت، وەك ڕاوەستاندن (توقیف)، بەندكردن، گـرتن" لەگەڵیـدا پـاش هەسـتانی كەسـی ڕفێنەر بە ڕفاندنەكە. هەروەها بـوونی نیـەت و ئـیرادەی ڕفێنەرەكـە بـەوەی كێیە و بۆ چ مەبەستێك بەم كارە هەستاوە، هەروەها ئەگەر زانیاریی هـەبێت كە ئەم كرداری ڕفاندنە لە دەرەوەی یاسا ئەنجام دراوە.

بەم دوو مەرجە، ڕفاندن وەك دیاردەیەكی تاوانكاری مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت، دواتر گرنگ نییە هۆكارە پاڵنەرەكانی پشت ڕفاندنەكە و ماوەكەی چەند بووە، بەڵكو ئەمانە بۆ سووك یان قورسكردنی سزای ڕفێنەرەكە بایەخ و كاریگەریی دەبێت.

یاسای سزادانی عێراقیی جێبەجێكراو، ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩، لە كۆمەڵێك ماددەی سەربەخۆدا لەم دیاردەیە دوواوە، كە بریتین لە ماددەكانی (٤٢١ تا ٤٢٧). تێیدا بە یەكێك لەو تاوانانەی ئەژمار كردووە كە لەسەر كەسایەتیی مرۆڤ ئەنجام دەدرێت، كە ڕاستەوخۆ ژیان و سەلامەتیی جەستە و ڕۆحی دەخاتە مەترسییەوە.

ماددە یاساییەكە سزای هەر كەسێك هەستێت بە ڕفاندنی كەسێكی دیكە، یاخود بەندی بكات بە هەر هۆكارێك (لە دەرەوەی دەسەڵاتی یاسا و بەپێی یاسا و ڕێنماییەكان) دیاری كردووە، سزاكەی توند دەبێت لە بارێكدا ئەگەر كەسی ڕفێنەر جلوبەرگی فەرمیی دەوڵەتی لەبەر كردبوو، یاخود هێمایەكی ڕەسمیی بەرزكردبووەوە، یاخود فەرمانێكی ساختەی نیشاندا بە دەستگیركردنی ئەو كەسە كە لەلایەن دەزگایەكی تایبەتمەندەوە دەرچووە، ئەگەر لەگەڵ ڕفاندنەكەدا هەڕەشە بە كوشتنی تێدا بوو، یاخود ڕفێندراو سزای جەستەیی و دەروونی درا، ئەگەر ڕفێنەران لە یەك كەس زیاتر بوون، یاخود هەڵگری چەك بوون لە كاتی ڕفاندنەكەدا، ئەگەر ماوەی ڕفاندنەكە لە (١٥) ڕۆژ زیاتری خایاند، یان ئەگەر ئامانج لە ڕفاندنەكە پەیداكردنی پارە و دەستكەوتێك بێت، یاخود دەستدرێژی لەسەر ڕفێندراوەكە یان تۆڵەلێكردنەوەی تێدا بێت، یان ئەگەر ڕفێندراو فەرمانبەرێكی حكومی بێت و

لە کاتی دەوامی ڕەسمیدا بڕفێندرێت. هەموو ئەم بارە تایبەتیيانە، سزاکە لەسەر کەسی ڕفێنەر قورستر دەکەن.

یاسا سزای تایبەتی داناوە ئەگەر کەسی ڕفێنەر تەمەنی یاسایی (١٨)ساڵی تەواو نەکردبوو، یاخود ئەگەر ڕفێندراو مێیینە بوو دەستدرێژیی سێکسیی کرابووە سەر، یان دەستی پێ کردبوو بەڵام تەواوی نەکردبوو، یاخود ئەگەر ڕفاندن ببێتە هۆی مردنی کەسی ڕفێندراو یان سزادانی. هەروەها یاسا سزای تایبەتی داناوە بۆ کەسێك کە (جێگەی تایبەت) دابنێت و ڕفێندراوی لێبشارێتەوە، هەموو ئەم ئەگەرانە سزاکانیان تایبەت و توند دەبێت.

لە بەرانبەردا یاسای سزادان، سزای ئەو ڕفێنەرەی کەم کردووەتەوە کە ڕفاندنەکەی بەر لە (٤٨) کاتژمێر کۆتایی پێ بێت، بۆ ئەو کەسەش کە لە ڕفێنەرانە بەڵام وەك هەواڵدەر هەواڵ دەداتە دەزگا ئەمنییەکان بۆ ئاشکراکردنی ڕووداوەکە. هەروەها لە کاتی ڕوودانی گرێبەستی هاوسەرێتی لە نێوان هەردوو ڕفێنەر و ڕفێندراودا، بە مەرجێك ئەم پێکەوەبوونە لە سێ ساڵ کەمتر نەبێت.

سەبارەت بە سزای تاوانی ڕفاندن، ئەوە بەپێی یاسای سزادان دەگۆڕێت: لە نێوان (بەندکردن ـ حبس) ماوەی لە ساڵێك زیاتر نەبێت، ئەگەر ماوەی ڕفاندنەکە لە (٤٨) کاتژمێر زیاتری نەخایاند، هەروەها سزای (لەسێدارەدان) بۆ ڕفێنەران یان بەندکردن بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ ، ئەگەر هاتوو دەستدرێژی کرایە سەر کەسی ڕفێندراو. ئەم یاسایە لە ساڵی ٢٠٠٢ هەموار کرا، بۆ کەسێك کە دەستدرێژیی سێکسی بکاتە سەر کەسی ڕفێندراو، تەنیا سزای لەسێدارەدان مایەوە.

پاش هاتنی هێزەکانی ئەمریکا بۆ عێراق و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی مەدەنی لە وڵاتەکەدا، بڕیاری (دەسەڵاتی هاوپەیمانان) تایبەت بە سزای ڕفاندن بریتی بوو لە لابردنی سزای لەسێدارەدان و هێشتنەوەی سزای بەندکردنی هەتاهەتایی. لە سەردەمی کابینەی ئەیاد عەللاویش لە عێراق، یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٤ دەرکرا بۆ گێڕانەوەی سزای لەسێدارەدان بۆ کەسی ڕفێنەر. لە ساڵی ٢٠٠٥یش یاسای ژمارە (١٣) دەرچوو کە بە یاسای (قەڵاچۆی تیرۆر) ناسراوە، لە هەرێمی کوردستانیش لە ساڵی (٢٠٠٧) یاسای قەڵاچۆی تیرۆر دەرچووە. بەپێی هەردوو یاساکە تاوانی ڕفاندن ئەگەر بە ئامانجی سیاسی، ئایینی، تائیفی و مەزهەبی ئەنجام بدرێت، ئەوا سزاکەی "لە سێدارەدان، بەندکردنی هەتاهەتایی دەبێت".

تاوانی ڕفاندن و بێسەروشوێنکردن، مەترسیدارترین کردەی نامرۆڤانەیە کە کاریگەرییەکانی تەنیا لەسەر خودی کەسی ڕفێندراو نییە، بەڵکو ئاسەوار لەسەر خێزان و لایەن و کۆمەڵگا بەجێ دەهێڵێت. هەروەها ئاسایشی کۆمەڵگا تێک دەدات و مەترسی بۆ سەر چارەنووس و مافی ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ دروست دەکات.

# دەستکەوتەکانی دواى بە پارێزگابوونی هەڵەبجە

هەڵەبجەی شەهید وەك ناسراوترین قەزای ئیداری لە هەرێم و عێراقیش، بە هۆی ئەو زامە قووڵەی لە جەستەیدا هەیە، لە ڕووی مەرگەساتی کیمیاییبارانی لە ساڵی ١٩٨٨ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، وەك ئیمتیازێکی زیاتر و داواکاریی دانیشتووانی سنوورەکە، پڕۆژەی بەپارێزگاکردنی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دراوە بە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، ئەوانیش بە پرۆژەیاسایەك دایان بە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ دەنگدان لەسەری.

ئێمە لەم نووسراوەدا لەسەر دیارترین ئەو دەستکەوت و ئیمتیازانە دەوەستین کە هەڵەبجەی شەهید دواى بەپارێزگابوونی بە دەستی دەهێنێت، لەگەڵ سەرنجەکانمان لەسەر وەها پرسێکی گرنگ.

**پێشەکی:**

١- پرۆژەیاسای پارێزگای هەڵەبجە لە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقە، پاش پەسەندکردنی دەبێت لەلایەن سەرۆکایەتیی کۆمارەوە مەرسومی بۆ دەربچێت، پاشانیش سەرۆکایەتیی هەرێم مەرسومی بۆ دەربکات.

٢- ژمارەی دانیشتووانی سنووری پارێزگای تازە بە سەرجەم قەزا و ناحیە و گوندەکانەوە (٣٣٧٠٠٠) کەسە.

٣- کورسییەکانی ئەم پارێزگا تازەیە (ئەنجوومەنی پارێزگا)، بە هۆی ئەوەی ژمارەی دانیشتووان لە چاو پارێزگاکانی تری عێراقدا کەمترین

ژمارەیــە، ئــەوا کــەمترین کورســی دەبێــت. بــەپێی یاســای هەڵبــژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان (٢٥) کورسیی دەبێت.

٤ـ دەبێت کۆمسیۆن بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان مەرسومێکی لەبەردەست بێت لەلایەن حکومــەتی هــەرێمی کوردســتانەوە بــە دیاریکردنی ڕۆژێك بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی ئەو پارێزگایە، بە (یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٠٩) کە بەم یاسایەش هەڵبــژاردنی ســێ پارێزگاکــەی تــری هــەرێم بــەڕێوە دەچێت.

**گرنگیی بڕیارەکە:**

١ـ ژمارەی پارێزگاکانی هەرێم زیاد دەبێت.

٢ـ ژمارەی کوردنشین لە سنووری پارێزگاکــان ڕوو لــە زیــادبوون دەکــات، وەك دانیشتووانی بنەڕەتی و هەروەها نیشتەجێکان.

٣ـ پاداشتێکی مەعنەوی و داراییە بۆ خەڵکی ناوچەکە.

٤ـ ئیسلامییەکان لە ســنوورەکە ژمارەیــەکی بەرچــاون کــە هــەموو لایەنــە ئیسلامییەکان بە یەکەوە دەبن بەهێزی دووەم.

**دەستکەوتەکان:**

**یەکەم: لە ڕووی یاساییەوە:**

١ـ سەرۆکایەتیی دادگای ئیستیئنافی پارێزگاکە دەکرێتەوە.

٢ـ زەوی بێ تــاپۆی ســنوورەکە تــاپۆ دەکرێــت و فەرمانگــەکانی تۆمــاری خانووبەرە ئەکتیڤ دەکرێن.

٣ـ لە قەزاکانی سنوورەکەدا دادگــا بــە شــێوەیەکی فــراوانتر دەکرێتــەوە، لەگەڵ دادنووس لە سنووری ناحیەکاندا.

٤ـ ئیلزامی حکومـەتی عێراقـی ئێسـتا دەکـات کـە قـەرەبووی زیانـەکانی کیمیاییباران بکاتەوە، چونکە بەرپرسیارە لە هەموو مامەڵەیەکی حکومـەتی پێشوو.

**دووەم: لە ڕووی ئیدارییەوە:**

١ـ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان لە سنوورەکەدا دەکرێنەوە.

٢ـ ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکانی دەبێت.

٣ـ دوای پەیڕەوکردنی سیستەمی لامەرکەزی، دەتوانێت چاودێریی وردی سێکتەرەکانی خزمەتگوزاریی سنوورەکە بکات.

٤ـ دەسەڵاتی هەیە کە ناوچەکە وەك (ناوچەیەکی گەشتیاری) بناسێنێت.

٥ـ دەتوانێت داواکاری پێشکەش بکات کە زانکۆی سەربەخۆ و پەیمانگای زیاتر لە سنوورەکەدا بکرێتەوە.

**سێیەم: لە ڕووی ئابوورییەوە:**

١ـ مەشمول دەبێت بە بودجەی گەشەپێدانی هەرێمەکان (تنمية الاقاليم).

٢ـ دەسەڵاتی پێشکەشـکردنی پـرۆژە و وەرگرتنـی تەنـدەرات و مینحـەی پارێزگاکانی لە بودجەی گشتیی هەرێم دەبێت.

٣ــ دوای دۆزینـەوەی سەرچـاوەکانی وزە لـە ناوچـەکەدا، دەتوانێـت بـە سیستمی (پترۆدۆلار) شمول بێت.

٤ـ دەتوانێت داوای مەرزی نێودەوڵەتی بکات.

٥ـ لقی بانکی جۆراوجۆر لە سنوورەکە دەکرێتەوە.

٦ــ وەك لـە توێژینەوەیەکـدا هـاتووە، دەتوانرێـت (١٠) جـۆر کارگـە لـە سنوورەکە بکرێتەوە، وەك سەرمایەی سروشتیی ناوچەکە و زیادکردنی هەلی کار.

٧- سەرمایەگوزاریی بیانی و ناوخۆیی بۆ وەبەرهێنان ڕوو لە سنووری پارێزگاکە دەکەن.

**چەند سەرنجێکی گرنگ:**

١- چەند لایەنێك بە بڕیاری بەپارێزگابوونەکە لە هەرێمدا نارەزا و قەڵسن (بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی)، ئەمەش بە هۆی کەمبوونەوەی سنووری ئیداری و دانیشتووانی شاری سلێمانی، کە گۆڕان ژمارە یەکە لە سنوورەکەدا.

٢- بە هۆی زۆریی دەنگی ئیسلامییەکان و ئەو مێژووەی خەڵکی ناوچەکە و لە ئامێزگرتنی ڕابوونی ئیسلامی، وا چاکە کە کۆمەڵی ئیسلامی تەبەنیی ئەو ڕووداوە بکات و بایەخی خۆی بخاتە سەر، بە ئەرکی خۆی بزانێت لە دڵخۆشبوونی بە پرسەکە و سەرکەوتنی.

٣- لە کاتێکدا ئەم پرۆسەیە سەرنەگرێت، ئەوا دەتوانرێت شارەکە وەك پارێزگایەکی گەشتیاری (سیاحی) بکرێتەوە.

٤- مەترسیی ئەوە هەیە کە پارتی لە بەرانبەری هەڵەبجەدا، داوا بکات کە (زاخۆ یان ئامێدی) بکرێتە پارێزگا، هەروەها مالیکی پارێزگاکانی تری عێراق (لە ناوچە شیعەنشینەکاندا) زیاد بکات.

# سەرنجە یاساییەکان
# لەسەر پەیڕەوی نوێی پەرلەمانی کوردستان
## ئەیلولی ٢٠١٥

(١)

پەیڕەوی ناوخۆ کۆمەڵێك ماددەیە بۆ چۆنیەتی ڕێکخستن و بڕیاردان لەنێو دامەزراوەیەکدا. سروشتێکی ناوخۆیی هەمان دامەزراوەی هەیە، وەك ئەم پەیڕەوەی کە لەبەردەستدایە تایبەت بە پەرلەمانی کوردستان.

لە زۆرێك لە وڵاتاندا ئامانجی سەرەکیی پەیڕەو، ڕێکخستنی ڕۆڵ و کاریگەریە لە نێوان فراکسیۆنەکانی زۆرینە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن و پاراستنی هاوسەنگیی نێوانیانە، هەروەها پاراستنی مافی کەمینەکانە لە پەرلەمان و چۆنیەتی مامەڵە لەگەڵ هەر پرسێکی پەرلەمانیدا دەکات.

پەیڕەوی ناوخۆ بە وێنەی یاسای خودی دامەزراوەی پەرلەمان دادەنرێت و ئاوێنەی ململانێکانی ناو پەرلەمانی کوردستانە. لە چوارچێوەی یاسای ژمارە(١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراودا و بە سوود وەرگرتن لە پەیڕەوی کۆن و هەموارەکانی و ئەزموونی کاری پەرلەمانیی چەندین وڵات، نووسراوەتەوە.

**چەند ڕاستییەك کە لە سەرەتادا پێویستن:**

١- لە بۆشایی نەبوونی دەستووردا لە هەرێمی کوردستان، پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەبێت بە شێوەیەك دابڕێژرێت کە (مرن)بێت و بە ئاسانی بەپێی گۆڕانکارییەکان هەموار بکرێتەوە.

٢- لە ڕووی (مرتبە)وە هەروەك فوقەهای دەستووری ئاماژەیان پێ داوە، پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هێزی یاسایی خۆی هەیە و زۆربەیان دەڵێن کە پەیڕەو لە دەستوور بچووکترە و لە یاسا عادییەکان گەورەترە، هەندێکی تریان دەیخەنە ئاستی یاساوە. کەواتە ئەم پەیڕەوە بایەخی زۆری هەیە، لە هەمان کاتدا وەك چۆن بۆ پەرلەمانتاران هێزی پابەندیی هەیە، هەروەها بۆ تەواوی فەرمانبەران و میوانانیش پابەندکارە (ملزمە).

٣- نووسینەوەی پەیڕەوێکی نوێ بۆ پەرلەمان زۆر گرنگە، چونکە کۆنەکەیان زیاتر لە ٢٠ ساڵە کاری پێ دەکرێت و زۆر پرسی چاسەر نەکردووە کە لە کاری پەرلەمانیدا دەهاتنە پێش.

بەڵام هەموو ئەمانە وا ناکات کە کۆمەڵێك سەرنج کە تێبینیی زیاد و کەم لەخۆ بگرێت، نەخەینە بەردەست.

**ئەمانەی خوارەوە سەرنجەکانن:**

١- لە بەشی یەکەمدا لە ماددەی (١) پێناسەی چەمکەکان کراوە، هەموویان گونجاون، بەڵام ئەم دەستەواژانەش پێویستن کە پێناسە بکرێن:

- فراکسیۆن.
- جۆرەکانی دەنگدان (زۆرینەی سادە و ڕەها).
- خاڵی پەیڕەویی (نقطة النظام).
- خولی گرێدان.
- یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.
- الحصانة البرلمانیة.
- پەرلەمانتار.

٢- له مادده‌ی (٢)دا له پێناسه‌ی په‌رله‌ماندا (ولاية عامة)ی به‌سه‌ر کۆی ده‌سه‌ڵاته‌کانی تردا باس نه‌کراوه، که له سیسته‌می په‌رله‌مانیدا شه‌رعیه‌ت به ده‌سه‌ڵاتی جێبه‌جێکردن ده‌دات و متمانه‌ی پێ ده‌به‌خشێت، به پره‌نسیپی (سلطة يوقف سلطة) و ته‌وازن و ته‌نسیق قووڵ ده‌کاته‌وه.

٣- مادده‌ی (٣) وته‌ی خۆرسك بگۆڕێت به (خۆبه‌خۆ).

٤- مادده‌ی (٦) بۆی زیاد بکرێت "به سوێندخواردنی ئه‌ندامانی په‌رله‌مان له یه‌که‌م دانیشتنی ده‌ست پێ ده‌کات...".

٥- مادده‌ی (٧) ڕای دووه‌م په‌سه‌نده، هه‌روه‌ها هه‌ردوو چه‌مکی (وه‌رزی گرێدان) و (وه‌رزی یاسادانان) واتا (الفصل التشريعي) بکرێته ئه‌وه‌ی دووه‌م، واتا (وه‌رزی یاسادانان).

٦- مادده‌ی (٩): یه‌که‌م/ ڕای یه‌که‌م په‌سه‌نده.

٧- مادده‌ی (١٠): وه‌ك خۆی په‌سه‌نده، تێبینییه‌که دروست نییه له‌به‌ر ئه‌م هۆکارانه:

- ئه‌گه‌ر جێگرێك زیاد بکرێ یان زیاتر، ئه‌وا ده‌سته‌که له فه‌ردییه‌وه ده‌بێته زه‌وجی، ئه‌وه‌ش بۆ کاتی یه‌کلایکردنه‌وه‌ی هه‌ر پرسێك نایاساییه.
- ئه‌گه‌ر بۆ پێکهاته‌کان هه‌ریه‌که‌یان جێگرێك هه‌بێت، ئه‌وا ده‌بێت بۆ سه‌رجه‌م حیزبه‌کان جێگرێك زیاد بکه‌ین، ئه‌مه‌ش له ڕووی واقعییه‌وه گونجاو نییه و دژ ده‌وه‌ستێت له‌گه‌ڵ پرۆسه‌ی که‌مکردنه‌وه‌ی پله‌باڵاکان.
- خودی جێگر له کاتی بوونی سه‌رۆکدا ده‌سه‌ڵاته‌کانی زۆر دیاریکراوه، بۆیه زیادکردنی ئه‌م پۆسته هیچ له بابه‌ته‌که ناگۆڕێ.

٨- مادده‌ی ١١: بگۆڕێت به سه‌رۆکی ته‌مه‌ن (رئيس السن) و برگه‌ی (سێیه‌م) (ئه‌رکیشی بگۆڕێت به ئه‌رکی سه‌رۆکی ته‌مه‌ن).

٩- ماددەی ٢١: مەرجەکانی (صحة العضوية) لە پەیڕەوی زۆرێك لە وڵاتان هەیە، باشترە بمێنێتەوە، بەڵام خاڵی (یەکەم) پێویست ناکات، چونکە دروستی ئەندامێتی جیایە لە مەرجی پاڵێوراو، کە لە یاسای ژمارە (١)دا هاتووە.

١٠- ماددەی ٢٢: لە ئەرکەکانی ئەندام، خاڵی ١، دەستەواژەی (هۆیەکی ڕەوا) گرنگە بمێنێتەوە.

(٢)

ماددەی ٢٣/ ١ / بنووسرێت (بگەڕێتەوە بۆ وەزیفەکەی پێشووی بە تەواوی ئەرك و مافە یاساییەکانیەوە).

- خاڵی یەکەم / لە هەمان ماددەی (پێش کۆتایی) چونکە باسی کۆتاییهاتنی ئەندامێتی دەکات.

ئەم ماددەیە پرسی خانەنیشینیی ئەندامانی پەرلەمانی چارەسەر نەکردووە، لە کاتێکدا هەموو دەزانین کە یاسایەك ئەم پرسەی چارەسەر کردووە، بۆیە ئەگەر بڕیار بێت خانەنشینیی ئەندامی پەرلەمان نەمێنێت، ئەوا دەبێ یاساکە هەموار بکرێتەوە، یان هەر دەقێکی دیکەی تر بۆ ئەم پرسە بنووسرێتەوە.

ماددەی ٢٤/ پارێزبەندیی پەرلەمانی، تێبینیی سەرەکی لەسەر ئەوەیە کە ئایە پارێزبەندیی پەرلەمانی بمێنێ یان نا؟ چونکە ئەم دەستەواژەیە لەگەڵ سەروەریی یاسا و یەکسانی هەمووان لە بەرانبەر یاسادا گرفت دروست دەکات، ئایا ئەگەر پارێزبەندی پەرلەمانی نەمینێت، پەرلەمانتار

هەموو جووڵەیەکی یاسایی بۆ پرسیار و بەدواداچوون مانای دوژمنایەتی و ناکۆکی بۆ دەبیندرێتەوە و مەترسی دروست دەکات لەسەر ژیانی.

١- ماددەکە پێناسەی پارێزبەندیی نەکردووە، کە پێویستە لە سەرەتادا پێناسەی ئەم چەمکە بکات.

٢- (دەستەواژەی ڕێزگرتن لە دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم) پێم زیادە و بگۆڕدرێت بە (لە چوارچێوەی کاری پەرلەمانتاری و یاسا کارپێکراوەکان).

٣- سەرجەم خاڵەکانی ماددەی پارێزبەندی، پێویستە ڕێزبەندییەکەی چاك بکرێت، نموونەی وەك برگەی (١٠+١١) بکرێتە (١+٢).

٤- خاڵی دوازدە، ڕای یەکەم بە پەسەند دەزانم، بە مەرجێك (لە چوارچێوەی کاری پەرلەمانیدا بێت).

**ماددەی ٢٥:**

برگەی دووەم پێویستە لە بابەتی (دەستلەکارکێشانەوە) دابندرێت، چونکە چارەسەری ئەگەری دەستلەکارکێشانەوە بەپێی ساڵەکانی خزمەتی پەرلەمانتاری و مافە یاساییەکانی، ڕێك بخرێنەوە.

**ماددەی ٢٨: لیژنە هەمیشەییەکان.**

- خاڵی (٣) لیژنە سکرتێری خۆی دەبێت، زۆر باشە. لەگەڵیدا ئەوە زیاد بکرێت کە لیژنەکان ڕاوێژکاری تایبەت بە پسپۆڕیی خۆیان دەبێت و ئامادەی کۆبوونەوەکانی دەبن.

- خاڵی (٢) ژمارەی ئەندامانی لیژنەکە زیاد بکرێت، بەڵام بە شێوەیەك بێت کە ژمارەی لیژنەکان هەر بە فەردی بمێنێتەوە.

**ماددەی ٢٩:**

لیژنەکانی پەرلەمان کەم بکرێتەوە و بە شێویەك بێت هەندێکیان یەك بخرێن، پێشنیار دەکەم بەم شێوەی لێ بکرێت.

١- لیژنەی کشتوکاڵ و شارەوانی یەکبخرێن.

٢- لیژنەی مافی مرۆڤ و مافی ئافرەت یەکبخرێن.

٣- لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی و لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی یەکبخرێن.

**ماددەی ٣٢:**

**هەرسێ برگەکەی باشە و گونجاوە، بەڵام بۆ ڕێکخستنی کاروباری** ڕاوێژکارەکان گونجاوترە بنووسرێت: بە کارنامەیەك ڕێك دەخرێت.

**ماددەی٤٠:**

گونجاوترە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

"هەموو لیژنەیەکی هەمیشەیی بانکێکی زانیاریی دەبێت، کە ناوی پسپۆڕ و شارەزایان لەخۆ دەگرێت پەیوەست بە کاری لیژنەکەوە، لە کاتی پێویست ڕاوێژیان پێ دەکات".

**ماددەی ٤١:**

ئامانجی دانیشتنی گوێگرتن (جلسة الاستماع) ئەو چین و توێژانە باسیان لێوە کراوە، لە دەقی ماددەکەدا نەهاتووە کە ئایا ئامانج لەو دانیشتنانە چییە؟

**ماددەی ٤٢:**

دەقەکە وەك لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، باشە، بەڵام ئەوەش گرنگە لیژنە هەمیشەییەکان لە کاتی گەندەڵی و سەرپێچیدا لە فەرمانگە حکومییەکان کە دەیدۆزنەوە، دۆسیەکەی ئاڕاستەی دواکاری گشتی بکەن بۆ لێکۆڵینەوە.

**ماددەی ٤٣:**

دەستەواژەی "لیژنەکان بۆیان هەیە" کە داوای بەشدارییپێکردنی وەزیری پەیوەندیدار بکەن، هەروەها "وەزیری پەیوەندیدار بۆی هەیە"... ئەم دەستەواژانە گونجاو نین بۆ پەیڕەو، باشە لەبری بۆی هەیە، بنووسرێت "پێویستە وەزیری پەیوەندیدار"، چونکە پەرلەمان ولایەتی عامەی هەیە، ناکرێت دەرفەت بهێڵینەوە بۆ ئامادەنەبوونی وەزیر بۆ لیژنەکان لە کاتی پێویستدا، ئەمەش دەرفەت دەهێڵێتەوە کە خۆدزینەوەی وەزیر دروست ببێت لە پرسە هەستیارەکاندا.

**ماددەی ٤٤:**

بڕگەی (١) لە پێکهێنانی لیژنە تایبەتەکان، یان کاتی، بنووسرێت (پەرلەمان لیژنەی کاتی لە ئەندامان...) پێکدەهێنێت.

**ماددەی ٤٦:**

بە هۆی ئەوەی زۆرێك لە ئەندامی لیژنەکان بۆ ئەندامانی پەرلەمان ئاشکرا نابێت، وا باشترە کە سەقفی زەمەنی بۆ کاری لیژنەکان دابندرێت، بۆ تەنها یەك جار ماوەکەیان بۆ نوێ بکرێتەوە و پاش کۆتاییهاتنی کارەکەیان تەواوی ئەندامانی پەرلەمان لە ئەنجامی کاری لیژنەکە ئاگادار بکرێنەوە.

**ماددەی ٥١:**

پێشنیار دەکەم بڕگەی (بیرۆکە) لە بەرنامەی کاردا جێگیر بکرێت، بە بەردەوامی و بە ڕەزامەندیی دەستەی سەرۆکایەتیی هەر کۆبوونەوەیەك لە ماوەی (١٠) خولەکدا، چەند پەرلەمانتارێك بیرۆکەی پێویست و پەیوەندیدار بە کێشەی خەڵکەوە پێشکەش بکەن، پاشان سەرۆکی پەرلەمان بڕیار بدات کە بیرۆکەکە بۆ لیژنەی تایبەتمەند ڕەوانە بکات بۆ کارکردن لەسەری.

**ماددەی ٥٣:**

کارنامەی هەفتانەی پەرلەمان بەپێی ڕۆژەکانی هەفتە گونجاوە، بەڵام ڕۆژانی پێنجشەممە کە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ وەزیر دانراوە گونجاوترە، یەکێ لەم دەستەواژانە بەکاربێت، چونکە ئەمانە دەستەواژەی یاساییین. وەك (بانگهێشت، میوانداری، گوێبیستبوون).

**ماددەی ٥٤:**

پێشنیار دەکەم سەرۆکی پەرلەمان لە کردنەوەی هەر دانیشتنێکدا (کلمە)یەکی هەبێت، لە (٥) خولەك تێپەڕ نەکات، کە تیایدا ئاماژە بە تەوەر و بارودۆخی گرنگ بدات.

**ماددەی ٦١:**

لە باسی خاڵی پەیڕەوی (نقطة نظام):

١- بنووسرێت: مۆڵەتی ئەندام بۆ خاڵی پەیڕەوی بە هێمای دەست دەبێت.

٢- پێویستە ئەندام لە خاڵی پەیڕەویدا ئاماژە بە ماددە یاساییەکە بکات کە پێشێل کراوە.

**ماددەی ٦٢:**

بخرێتە بەشی (بەرزەفتکردن) گونجاوە.

**ماددەی ٦٨:**

دوامۆڵەت بۆ گەیشتنی وەڵامی پرسیارەکە لە ٢١ ڕۆژ بکرێتـە (١٥) ڕۆژی دەوام.

**ماددەی ٧٩:**

پێناسەی پرساندن پێداچوونەوەی پێدا بکرێت.

**ماددەی ٨١: مەرجەکانی پرساندن**

ئامادەبوونی وەزیر بە مەبەستی پرسـاندن ڕەزامەنـدیی مەرجـەعی خـۆی نەوێت و پێویستە ئامادە بێت.

**(٣)**

**ماددەی ٨٨: بەشی یاسادانان**

پێشنیار دەکەم ئەم بەشـە لـە ڕووی ڕیزبەندییـەوە بخرێتـە پـێش بەشـی چاودێریکردنەوە، چونکە ئەم ئەرکەی پەرلەمان کـە یاسـادانانە، گـەورەترین وەزیفەی پەرلەمانییە و لە پلە دووەدا ئـەرکی چـاودێریکردن و پەسـەندکردنی بودجە دێت.

**ماددەی ٨٩:**

بڕگەی (دوو) بۆ کۆکردنەوەی لانـی کـەم دە واژوو بـۆ پێشـنیاری یاسـا و پێشنیاری بڕیار، ئەم ڕێکارە تەنها لە ڕووی شەکلیەوەیە و هـیچ بایـەخی بـۆ پەسەندکردنی پێشنیارەکە نییە و تا ئێستا نازاندرێت کە ئایا جـەدوای ئـەم دە واژووە چییە؟ ئایا ئەم واژووانە بـۆ دە دانەیـە و کـەمتر نییـە؟ ئەگـەر لـە

ڕێژەی سەدیی کۆی ئەندامان دەرهێندراوە، ئەوا دەبێت یازدە واژوو بێت نەك دە، ئەگەر تەواوی ئەندامانیش واژوو لەسەر پێشنیازێك بکەن، ئەوا لە کاتی دەنگداندا هیچ بایەخی بۆ پەسەندکردنی پڕۆژەکە نابێت.

بۆیە پێشنیار دەکەم ژمارەی واژووەکان کەم بکرێتەوە بۆ پێنج واژوو.

بڕگەی سێ لە پەیڕەوە نوێکەدا یەکەمین جارە لە هەرێمدا ڕێگەی داوە ئەنجوومەنی دادوەری کە ئەرکی جێبەجێکردنی یاسایە (تطبيق القوانين) کە پێشنیازی یاسا بکات لەو بابەتانەی کە بە ئەنجوومەنەکەوە پەیوەندیدارن.

- بڕگە (٤)، دامەزراوە فەرمییەکان ئەگەر بەستراونەتەوە بە حکومەتەوە، ئیتر چۆن دەتوانن خۆیان پڕۆژە پێشنیاری یاسا بۆ پەرلەمان ڕەوانە بکەن، لە کاتێکدا ئەوان خۆیان لە ڕێی مەرجەعی خۆیانەوە دەتوانن بەم ئەرکە هەڵسن.

**ماددەی ٩١:**

لە کاتی نەبوونی یەکێك لە پێوەرەکان، وا گونجاوترە کە داوای ڕوونکردنەوە لە یەکەم ناوی لیستی واژووەکان بکرێت، کە بۆ لیژنەی کاروباری یاسایی ڕوون بکاتەوە و پاساوەکان ئاماژە پێ بدات. لە کاتی ئەوەی هۆکانی دەرچوونی پڕۆژەکە قەناعەت پێهێنەر نەبوون، ئەوا لەو کاتەدا لیژنەی یاسایی بڕیار دەدات کە خوێندنەوەی یەکەم بۆ پڕۆژەکە نەکرێت.

**تێبینی**: پەیڕەوی نوێ جیاوازیی کردووە لە نێوان هەردوو (پڕۆژە و پێشنیاری یاسا).

- پڕۆژەیاسا: ئەو دەقەیە کە لەلایەن حکومەتەوە بۆ پەرلەمان پێشکەش دەکرێت.

– پێشنیاری یاسا: ئەو دەقەیە کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشی سەرۆکایەتی دەکرێت.

**ماددەی ٩٥:**

هەرسێ خاڵەکەی یەکەم، ئەولەویەت و بایەخیان داوە بە پڕۆژەیاسای حکومەت، پێشنیاری یاسای بچووك کردووەتەوە، ئەمەش ڕۆڵی یاسادانانی پەرلەمان سنووردار دەکات. واتە: وەك لە برگەی سێدا هاتووە: ئەگەرپڕۆژەیاسای حکومەت پێشکەش کرا، دەکرێت بە بنەما و پێشنیاری یاسای پەرلەمانتاران.

**ماددەی ٩٧:**

لە برگەی (٢) لە ماددەی ناوبراو، داهێنانێکی کردووە کە بریتییە لە "بەشکردنی پرۆژەیاسا" (تجزئة مشروع القانون) ئەمەش ئیجابیاتی خۆی هەیە و پرۆسەی یاسادانان خێراتر دەکات، لیژنەکان تەنها لە بواری پسپۆڕیی خۆیان لەسەر ئەو بەشەی پڕۆژەیاساکە بابەت دەنووسن، بەلام بەو مەرجەی پڕۆژەیاسای ئاڕاستەکراو بە سەرجەم ماددەکانیەوە، ئاڕاستەی لیژنەی پەیوەندیدار بکرێت، بە مەبەستی ئاگاداربوون لە کۆی پڕۆژەکە.

**ماددەی ٩٩:**

ئەم ماددەیە هەڵوەستەی زیاتری پێویستە، لەم ڕووانەوە:

١– ئەگەر کۆبوونەوەی هاوبەش نەمینێت، ئەوا ڕاپۆرتی لیژنە لەسەر پڕۆژەیاساکە خێراتر تەواو دەبێت.

٢– بەلام لە کۆبوونەوەی دووەمی پەرلەمان کە خوێندنەوەی دووەم بۆ پڕۆژەکە دەکرێت، دواجار هەر دەبێت ڕاپۆرتی لیژنەکان یەکبخرێت.

٣- ئەگەر ئەم ئەركەش لیژنەی یاسایی بیكات، كەواتە بۆ هەر پڕۆژەیەك لیژنەی یاسایی سێ ئەركی لەسەر دەبێت كە ئەوانیش (تێڕوانین + ڕاپۆرت نووسین + داڕشتنەوەی یاسایی دەقی پڕۆژەكە). ئەم ئەركە زۆرانەش بۆ لیژنەی ناوبراو ماندووكەر دەبێت، یاخود دەبێت ژمارەی ئەندامەكانی زیاد بكرێت.

٤- پێویستە پرۆسەی كۆتایی داڕشتنی یاسایی، وەك ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، دوای پەسەندكردنی فەرمانگەیەك هەبێت كە لە ڕووی یاسایی و زمانەوانییەوە دواداڕشتن بۆ پڕۆژەكە بكات، پاشان بەرز بكرێتەوە بۆ سەرەوە.

**ماددەی ١٠٢:**

پەیڕەوە نوێكە پەسەندكرنی پڕۆژەیاسا لە دانیشتنەكانی پەرلەماندا دەكاتە (٣) دانیشتن، كە ئەمانەن:

١- خوێندنەوەی یەكەم.

٢- خوێندنەوەی دووەم.

٣- دانیشتنی دەنگدان. دانیشتنی دەنگدان لە عێراق و ژمارەیەك وڵاتانی دیكە پەیڕەو دەكرێت و كارێكی باشە.

**ماددەی ١٠٥:**

لە بڕگەی دووەم، ڕای یەكەم بە گونجاوتر دەزانم.

**ماددەی ١٠٧:**

بڕگەی یەك، زۆرینەی دەنگی ژمارەی ئامادەبووان، واتە ٥٠+١، ئەمەش گونجاوە بۆ ئامادەبووان، نەك كۆی ئەندامانی پەرلەمان.

**ماددەی ١١٠:**

پێشنیار دەکەم دەنگدانی ئەلیکترۆنی لە نێو هۆڵدا پەیڕەو بکرێت، ئەمەش ئەگەری هەڵە و دووبارە دەنگدان ناهێڵێت.

ئەگەر ئەم شێوەیە پەیڕەو نەکرا، ئەوا بۆ پرسە هەستیارەکان بە هەستان و دانیشتن پرسەکە یەکلابکرێتەوە، نەك بە بانگکردنی ناوەکان.

**ماددەی ١١٢:**

پێشنیار دەکەم بنووسرێت ناردنی ژمێرەی کۆتایی (حسابات ختامیة) لەگەڵ خولەکانی گرێداندا یەك بخرێت، ئەگەر ئەمەش نەگونجا بخرێتە سەرەتای هەموو ساڵێکی داراییەوە.

**ماددەی ١١٧:**

بڕگەی یەکەم، دەستەواژەیەکی سەیرە، ئەی پەرلەمان پڕۆژەکە ناکاتە یاسا؟! ئایا پەرلەمان زیادکردن یا کەمکردن لە دەقی پڕۆژەبودجەکە ناکات؟!

**ماددەی ١٢٤:**

- بڕگەی یەك، لە پێناسەی فراکسیۆندا بنووسرێت (... سەرۆکێکی دەبێت...).

- بڕگەی دووەم لەسەر ژمارەی ئەندامانی فراکسیۆن، پێشنیار دەکەم کە لە سێ ئەندام پێك بێت، ئەگەر نەگونجا، ئەوا لانی کەم لە پێنج ئەندام پێك بێت.

- بڕگەی سێ، بنووسرێت کە فراکسیۆن سکرتێر و پەیکەری ئیداریی خۆی دەبێت.

- بوونی بودجە بۆ فراکسیۆن پرسێکی گرنگە، پێویستە جەختی لێبکرێتەوە.

– پێشنیارێك لە كاتی ئامادەكردنی پەیڕەوی ناوخۆ لەلایەن چەند فراكسیۆنێكەوە خرایە ڕوو، ئەویش بریتی بوو لەوەی كە فراكسیۆن دەسەڵاتی گۆڕینی ئەندامی خۆی هەبێت، بەڵام ئەم پێشنیارە لە دەنگدانی ئەندامانی لیژنەكە سەری نەگرت.

بۆیە من پێشنیار دەكەم كە ئەم دەقە لە دەسەڵاتی فراكسیۆن لە پەیڕەودا جێگیر بكرێت.

**ماددەی ١٢٥:**

دەستەی گشتی یاخود دەستەی هەماهەنگی، داهێنانێكی ئەم پەیڕەوەیە و كارێكی باشە.

**ماددەی ١٢٨:**

پێناسەی ئۆپۆزسیۆن لە دەقی پەیڕەوەكەدا تەواو نییە، بەڵكو گونجاوە بنووسرێت: "ئەو فراكسیۆن و پەرلەمانتارانە دەگرێتەوە كە بەشداریی پێكهاتەی كابینەی حكومییان نەكردووە و ئۆپۆزسیۆنبوونی خۆیان ڕاگەیاندووە".

**ماددەی ١٣٠:**

مافەكانی ئۆپۆزسیۆن گونجاوە.

– بەڵام لە هەندێ وڵاتدا (سەرۆكی لیژنەی یاسایی) دەدرێتە ئۆپۆزسیۆن، بۆیە پێشنیار دەكەم ئەم دەقە لەناو هۆڵدا باس بكرێت.

– خاڵی دوو گونجاوە.

– خاڵی شەش، ڕای دووەمم پێ باشە.

**ماددەی ١٣١:**

سەرۆکی دیوان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، پلەی وەزیری هەیە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان ئەم پلەیە بە پلە تایبەت بمێنێتەوە.

**ماددەی ١٣٦:**

ڕام وایە سەنتەری ڕاویژکاریی یاسایی هەبوونی باشترە.

**ماددەی ١٣٧:**

ڕای یەکەم پەسەندە، بەڵام ئەگەر فراکسیۆن نووسینگەی لە شارەکان هەبێت، ئەوا پەرلەمان نووسینگەی پێویست نییە.

**ماددەی ١٤٢:**

ڕای یەکەمم بە لاوە پەسەندە.

**ماددەی ١٤٦:**

باسکردنی ڕاوێژکارانی پەرلەمان گرنگە، لەگەڵ ئەوەی دەبێت بنووسرێت کە ببەسترێنەوە بە سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە، کارەکانیان بە کارنامەیەك ڕێك بخرێت.

**ماددەی ١٤٧:**

ڕای یەکەمم پێ باشە.

# سەرنجی یاسایی لەبارەی زیادکردنی باج و ڕسوماتەوە

٢٠١٨/٠١/٢١

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بڕیاری ژمارە (١٢٦) لە (٢٠١٧/١٢/٢٩) کە لە ژمارە (٢١٩)ی وەقایعی کوردستان بڵاوکراوەتەوە، بڕی باج و ڕسوماتی دیاری کردووە و بڕی ژمارەیەکیشی لەو باجانە زیاد کردووە.

کە زانراوە ئەو باجانە بە ڕێککەوتنی نێوان هەردوو وەزارەتی دارایی و شارەوانی بووە و ئەنجوومەنی وەزیرانیش پەسەندی کردووە. پاشان هۆشداری دراوە بە هاووڵاتیان لە نەدانی باج و تێیدا هاتووە: بەپێی یاسای داهاتی شارەوانییەکان مامەڵە لەگەڵ سەرپێچیکار دەکرێت.

لەم بارەیەوە ئەم سەرنجانە دەخەمە بەردەستتان، هیوادارم کاری پێویستی لەسەر بکەن:

١- زیادکردنی باج و ڕسومات بە گوێرەی ماددەی (٢٨/یەکەم) لە دەستووری کۆماری عێراق-ساڵی (٢٠٠٥) هەمان حوکمی (سزاکانی) هەیە، واتە وەك چۆن بەپێی ماددەی (١٩/دووەم) لە دەستوور بە تاوان دانانی کارێك و سزادانی بە دەقی یاسا دەکرێت، ئەوا باج و ڕسوماتیش هەر هەمان حوکمی هەیە.

وەك ئاشکراشە دەرکردنی یاسا لە دەسەڵاتی پەرلەمانی کوردستانە، ئەم ئەرکە بە حکومەت نەدراوە، هەر بۆیە پەرلەمان دەتوانێت تانە لەم بڕیارە بدات، بە هۆکاری لەکەی نەبوونی دەسەڵات (عیب عدم الاختصاص)، هەروەها دانانی ئەم بڕیارانە بە (باطل).

٢- دەتوانرێت لە دادگای کارگێڕی تانە لە بڕیارەکانی حکومەت بدرێ، ئەویش لە ڕێگەی داوایەکی تایبەتمەندەوە کە بە داوای هەڵوەشانەوە (دعوى الالغاء) ناسراوە، بە شێوەیەك سەرجەم هاووڵاتیان، یان زیانمەندبووان، ئەم داوایە تۆمار بکەن.

٣- هەروەها فەرمانگەکانی داواکاری گشتی دەتوانن تانە لە بڕیارەکە بدەن، ئەویش بە هۆکاری نایاسایی‌بوونی بڕیارەکە، هەروەها بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێیان دراوە لە چوارچێوەی تانەدان بۆ بەرژەوەندیی یاسا (الطعن لمصلحة القانون).

٤- ئەرکی پەرلەمان ئەوەیە لەم ڕووەوە کە حکومەت پابەند بکات بە هەڵوەشانەوەی ئەم بڕیارە، وەك نوێنەری خەڵکی کوردستان بەرگری لە دۆخی ئابووری و مافەکانی هاووڵاتیانی کوردستان بکات، هاوسەنگانە هانی حکومەت بدات کە سیستەمێکی مۆدێرن پەیڕەو بکات بۆ ڕێکخستنی باج و ڕسومات لە هەرێمی کوردستاندا، بە ئامانجی زیادکردنی سەرچاوەکانی داهات، هەروەها ڕێگرتن لە هەڵاتن لە باج نەدان (تهرب من الضرائب) و نەدانی باج (امتناع).

# سەرنجی یاسایی لەسەر
# دواهەوڵەکانی کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان
## ٢٠١٧/٧/٢٠

لەبارەی پرسی ئەو گرفتانەی دوای کاراکردنەوەی پەرلەمان، بە تایبەت لە پرسی یاساکارییدا دێنە پێش، بە تایبەتریش ئەو قۆناغەی لە پرۆسەی تەشریعدا کە پێی دەوترێت واژوو لەسەر یاساکان، یاخود دەرچوواندنی یاسا، کە پێویستە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە ئەم ئەرکە ئەنجام بدرێت.

**لە خوارەوە سەبارەت بەم ئەرکە دەڵێم:**

١- ئەرکی دەرچوواندنی یاسا، وەك یەکێك لە ئەرکە تەواوکارییەکانی پرۆسەی یاساکاری، بەپێی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم، ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، لە بڕگەی یەکەم، لە ماددەی دەیەمدا هاتووە "ئەو یاسایانەی پەرلەمانی هەرێم دایان دەنێت، سەرۆکی هەرێم لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا لە ڕۆژی دانانیەوە، دەریان دەچوێنێ و مافی ئەوەشی هەیە تانە لە کۆی یاساکە یان لە بەشێکی بدات...".

بەپێی ئەم دەسەڵاتە بێت، هەر یاسایەك دوای دەرچوونی لە پەرلەمانی کوردستان، پێویستە بۆ سەرۆکی هەرێم بەرز بکرێتەوە و ئەویش واژووی ڕەزامەندیی (اصدار) بکات.

٢- لـه پـەیڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمانی کوردسـتاندا، ژمـارە ١ی سـاڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، لە ماددەی ٧٨دا هاتووە "یاسا و بڕیارەکان، لە لایـەن سـەرۆکی پەرلەمانـەوە، لـە مـاوەی ١٠ ڕۆژ لـە ڕێکـەوتی پێگەیشـتنی دەردەکرێن...".

٣- یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردسـتان، ژمـارە ١ی سـاڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، هەروەها پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانیش، باسـی ئـەم ئەرکـەیان نەکردووە. واتا ئەم ئەرکـە وەك دەسـەڵاتێك بـۆ سـەرۆکی هـەرێم، لـە سـاڵی ٢٠٠٥ـەوە زیاد کراوە، ئەمەش وەك ئەوەی ئەرکێکی سەرۆکە لـە سیسـتەمی پەرلەمانیدا، کە باوەڕیان وا بووە بەم شێوەیە سیستەم دەبێتە پەرلەمانی.

٤- لە مێژووی پرۆسەی یاسادانان لە پەرلـەمانی کوردسـتاندا، لـە سـاڵی ١٩٩٢ـەوە تا ساڵی ٢٠٠٥، هیچ یاسایەك پێویستی بـە دەرچـوواندن نـەبووە، چونکە سەرۆکی هەرێم نەبووە، لە کاتێکدا تەواوی یاساکان لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە واژوو کراون و تا ئێستا بەرکاریشن.

٥- بۆ چارەسـەرکردنی ئـەم پرسـە، پەرلـەمان لـە پـاش کارابوونـەوەی، دەتوانێت بە پڕۆژەیاسایەك هەمواری یاسای سەرۆکایەتی بکات، بـە جۆرێـك کە بڕگەی یەکەم لە ماددەی دەیەم هەڵپەسپێرێت، یان ئیلغای بکاتەوە. واتا ئەم دەسەڵاتەی سەرۆك تا بـە شـێوەیەکی یاسـایی هەڵبـژاردنی بـۆ بکرێـت، هەڵپەسـاردنی بـۆ بکرێـت، یـاخود هـەر بـە تـەواوەتی وەك یـەکێك لـە دەسەڵاتەکان ئیلغا بکرێت.

٦- واتـا ئـەو گرفتـەی کـە بـۆ پرۆسـەی یاسـادانان دوای کاراکردنـەوە دروسـت دەبێـت، دەتـوانین بـە پڕۆژەیاسـایەك هـەمواری دەسـەڵاتەکانی سـەرۆکی هـەرێم بکـەین و یاسـاکان دوای واژووکردنـی سـەرۆکی پەرلـەمان،

ڕاستەوخۆ لە ڕۆژنامەی فەرمیی هەرێمی کوردستان کە (وقایعی کوردستان)ـە، بڵاو بکرێنەوە و بە بەرکار ئەژمار بکرێن.

٧- سەبارەت بە چارەنووسی ولایەتی سەرۆکی هەرێم:

أ- یان دەبێت پاڵپشت بە ئەمری واقع و بۆچوونەکەی ئەنجوومەنی شوورای هەرێم، پەرلەمان بێدەنگیی لێ بکات.

ب- یاخود پەرلەمان سەرۆکێکی کاتی تا هەڵبژاردنی داهاتوو، هەڵبژێرێت. ئەمەش پاڵپشت بە دەستووری کۆماری عێراق، وەك یەکێك لە دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران.

٨- سەبارەت بە هەڵبژاردنی خولی نوێی پەرلەمانی کوردستان، دیاریکردنی بەرواری ١١/١ لەلایەن سەرۆکی کاتبەسەرچووی هەرێمەوە، گرفتی زۆری تێدایە:

أ- بەپێی یاسای سەرۆکایەتی، برگەی دووەم لە ماددەی دەیەم، ماوەی ٦٠ ڕۆژی داناوە پێش کۆتاییهاتنی خول، بە مەرجێك ڕۆژی هەڵبژاردن ٦٠ ڕۆژ پێش کۆتایی خول پێپەڕ نەکات، لە بەرانبەردا ئێستا ١٠٦ ڕۆژی ماوە بۆ ئەو بەروارە، کەواتە لەم ڕووەوە زووە.

ب- لە پەیڕەوی ناوخۆی کۆمسیۆنی هەڵبژاردندا ئاماژەی بە ماوەیەك کردووە بۆ ئەنجامدانی هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی گشتی، کە پێویستە کۆمسیۆن ١٨٠ ڕۆژ پێشتر ڕابسپێردرێت، واتا لەم ڕووەشەوە درەنگە.

ج- کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی هەرێم، هیچ ئەزموونێکی هەڵبژاردنی نییە، ئەنجامدانی دوو پرۆسەی وا گرنگ لە یەك کاتدا و ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە ٣٥ ڕۆژ پێشتر، بۆ کۆمیسیۆنەکە ئەرکێکی زۆر قورسە.

د- سایكۆلۆژیای دەنگدەری كوردستان لە دیاریكردنی ئەم بەروارانە بە یەكەوە، بە هیچ شێوەیەك ڕەچاو نەكراوە.

هـ- ئەگەر ئێمە كار بە بەرواری ١١/١ بكەین، ئەوا تووشی گرفتی (درێژكردنەوەی خولەكە دەبین) كە ئەمەش كارێكی زۆر قورسە و پێویستی بە چارەسەری جیاواز هەیە.

و- بۆیە پێشنیار دەكەم هەر سێ هەڵبژاردنەكە بە یەكەوە و لە بەرواری ١/١٠ی ٢٠١٧ ئەنجام بدرێن، ئەمەش وا دەكات پرۆسەكە لە ڕووی یاساییەوە تەواو بێت.

# سەرنجی یاسایی لەسەر ( ڕا )ی ئەنجوومەنی شوورای هەرێم سەبارەت بە ویلایەتی سەرۆکی هەرێم

## ٢٠١٥/٨/١٨

دوای ئەوەی پرسی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم بەرەو ئاڵۆزی چوو و بەپێی یاسا مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە نەکرا، داوایەك پێشکەشی ئەنجوومەنی شوورای هەرێمی کوردستان کرا کە ڕای یاسایی لەسەر مەرکەزی قانوونیی ئایندەی پێگەی سەرۆکایەتیی هەرێم بدات.

لە خوارەوە پوختەی سەرنجی یاساییم لەسەر ڕای یاسایی ئەنجوومەنی شوورا دەخەمە بەردەستتان:

١- ئەنجوومەنی شوورای هەرێم، بەپێی یاسای ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠٠٨ لە کوردستان پێك هاتووە، لە ڕووی مەرجەعەوە سەر بە وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، واتە سەر بە دەسەڵاتی جێبەجێکردنە کە وەزیرەکەی لە نێو کابینەی وەزاریی حکومەتی هەرێمدا، لە پەرلەمانی کوردستان متمانەی پێ دراوە.

٢- بەپێی ماددەی نۆ لە یاسای ناوبراو، ئەم ئەنجوومەنە ئەرکی (ڕا) دەبڕینە و پرۆسەی ڕاوێژی یاسایی پێشکەش دەکات لەو بابەتانەی کە وەزارەتەکان لەسەری ناکۆکن، یاخود ئەو لایەنانەی کە نەبەستراونەوتەوە بە وەزارەتەوە. (قوەی ئیلزامی) ڕاوێژە یاساییەکانی ئەو ئەنجوومەنە، بەستراوەتەوە بەوەی کە هەردوو لایەن بە ڕەزامەندیی خۆیان پرسەکە پێشکەش بە ئەنجوومەن بکەن، هەر وەك لە بڕگەی یەکەم لە ماددەی

نۆیەمدا هاتووە. کەواتە ئەم (ڕا)یەی ئەنجوومەنی شوورا، تەنیا لەلایەن سەرۆکایەتیی هەرێمەوە داوا کراوە کە سەرنجی خۆیان لەسەر تەفسیری ماددەیەکی یاسایی، لە یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموار کراو بدەن، لەلایەن سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە ئەم داوایە پێشکەش نەکراوە، بەڵام وەکو بیستراوە، بە شێوەی تاکەکەسی تەنیا جێگری سەرۆکی پەرلەمان بەم ئەرکە هەستاوە، ئەمەش هەر کەس ئەلفبێی یاسا بزانێ، دەزانێت کە نابێت دامەزراوەیەکی باڵا داوا لە فەرمانگەیەك بکات کە بە واژووی سەرۆك ئەم پرۆسەیە پێشکەش نەکرابێت، واتە لە ڕووی شکڵییەوە ئەم (ڕا)یەی ئەنجوومەنی شوورا دروستە کە بە هەند وەرنەگیرێ و ڕەت بکرێتەوە.

٣- (ڕا) کەی ئەنجوومەنی شووراى هەرێم بە نووسراوی ژمارە (٢٠١٥/٣٠) لە بەرواری (٢٠١٥/٨/١٧) بە وشەی (الرأی) دەستپێدەکات و هیچ (صفیەکی قرار)ی تێدا نییە کە پابەندبوونی لایەنەکان بەم (ڕا)یەوە بسەلمێنێ، لە کاتێدا ئەم ئەنجوومەنە سەر بە وەزارەتی دادە و سیفەیەکی قەزایی هەیە.

٤- نووسراوەکەی ئەنجوومەنی شوورا، ئاماژەی بە داوایەکی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کردووە بە ژمارە ٣٠ لە ٢٠١٥/٨/١٣، تایبەت بە بوونی دوو ڕا (وجود رأیین) لە پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە پۆستی سەرۆکی هەرێم، دوای کۆتاییهاتنی ماوەی یاسایی، هەر وەك لە یاسای ژماری ١٩ی ساڵی ٢٠١٣دا هاتووە.

وەك زانراوە کە ماددەی یەکەم لە یاسای ناوبراو، درێژکردنەوەی یەکەمی کردووە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم و حاڵەتی (چۆڵبوون)ی بەو درێژکردنەوەیە چارەسەر کردووە کە لە ماددەی ١٥ی یاسای ژمارە ١ی

ساڵی ٢٠٠٥ هاتووە، واتە دروست نییە جارێکی دیکە خودی ئەم درێژکردنەوەیە ئەنجام بدرێ.

٥- هەمیشە دەقی یاسایی لەسەر ئەم بنەمایانە تەفسیر دەکرێ کە بریتین لە (دەقێکی یاسایی دیکە، سەوابقی قەزائی، فەتوا و تەفسیری یاسایی دادگای باڵا) بەو پێیەی ئێمە لە هەرێمدا دادگای دەستووریمان نییە و تا ئێستا خاوەنی دەستوورێکی تایبەت بە خۆمان نین، بۆیە بە هیچ شێوەیەك ئەركی ئەنجوومەنی شوورا نییە كە بڕیار لەسەر مانەوەی ویلایەتی پۆستێکی هەڵبژێردراو بدات، بەڵکو بەپێی یاسای ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠٠٨، تەنیا مافی ڕادەربڕینی هەیە، چونکە ئەو پۆستەی ئەنجوومەنی شوورا بڕیاری لەبارەوە داوە كە لە ١٩ی ئابەوە تووشی حاڵەتی چۆڵبوون نابێت، یاسای خۆی هەیە و تیایدا تەنیا باسی حاڵەتی (شغور)ی کردووە، کە لە کۆتایی ویلایەتدا تەنیا دەسەڵاتی پەرلەمانی کوردستانە بڕیار لەسەر ئەوە بدات ئایا ئەو پۆستە كە بە یاسایەکی دەرچوویندراو لە پەرلەمان دروست بووە و درێژکراوەتەوە، بەردەوام دەبێت یاخود نا؟

واتە تەنیا بەم ئەرکە یاساییە کە پەرلەمان دەیکات، گرفتی ویلایەت چارەسەر دەبێت، نەك بە ڕایەکی یاسایی ئەنجوومەنێکی سەر بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

٦- ڕایەکەی ئەنجوومەنی شوورا، پشتی بە برگەی (ج) لە بەندی دووەمی ماددەی ٧٢ی دەستووری عێراقی فیدراڵی ٢٠٠٥ بەستووە، کە تێیدا بە دەق هاتووە کە "ئەگەر حاڵەتی (خلو) لە پۆستی سەرۆککۆمار دروست بوو، لەبەر هەر هۆیەك لە هۆیەکان، ئەوا سەرۆکێکی نوێ هەڵدەبژێردرێت بۆ تەواوکرنی ماوەی یاسایی".

ئەمە لە کاتێکدا ماددەی ١٥ زۆر بە ڕوونی باسی حاڵەتی چۆڵبوونی کردووە و چارەسەری بۆ داناوە، کە دەبێت سەرۆکی پەرلەمان ئەو پۆستە پڕ بکاتەوە و لە وادەی ٦٠ ڕۆژدا هەڵبژاردن بکرێت. لە کاتی پشتبەستن بە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، زۆر ڕوونە کە نابێت ماوەی ویلایەت درێژ بکرێتەوە، بەڵکو دەبێت سەرۆکێکی نوێ بۆ تەواوکردنی ئەو ماوەیە هەڵبژێردرێت، کەواتە نوێکردنەوەی ویلایەت یاخود کۆتایی پێهێنان، بە هیچ شێوەیە لە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی شوورادا نییە، تەنانەت لەم جۆرە پرسانەدا ئەنجوومەنی شوورا هەتا ئێستا ڕایەکی پێشوەختەی نەداوە بۆ هیچ پۆستێك، لەم ڕووەوە ئەوە یەکەم جارە ئەم ئەنجوومەنە ڕایەکی وا دەدات.

٧- ڕایەکەی ئەنجوومەنی شوورا، پێکهاتووە لە دوو لاپەڕە، کە لە بەشی کۆتایی لاپەڕە دوودا پێویست بوو وەك ئەرکێکی یاسایی، تەنیا ڕای یاسایی خۆیان بدەن لەسەر تەفسیری ماددەی ١٥ لە یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ و ماددەی ١ی یاسای ژمارە ١٩ی ساڵی ٢٠١٣، کەچی بە پێچەوانەی یاساوە، بڕیاری داوە کە لە بەرواری ٢٠١٥/٨/١٩ـەوە پۆستی سەرۆکی هەرێم چۆڵ نابێت و سەرۆك بەردەوام دەبێت لە ئەرکەکانی تا هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم.

ئەمەش وەك دەزانین بەپێی یاسا، هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە یەك ڕۆژدا دەکرێن، کەواتە ئەم ئەنجوومەنە بڕیاری داوە ویلایەتی سەرۆکی هەرێم بە هەموو دەسەڵاتەکانیەوە تا دوو ساڵی دیکە بەردەوام دەبێت.

ئەم ڕایەش وەك زانراوە، پێچەوانەی ئـەركی یاسـایی ئەنجوومەنەكەیـە و دەستوەردانە لـە كاروبـاری یـەكێكی تـر لـە دەسـەڵاتەكان، كـە پێچـەوانەیە لەگەڵ پرەنسـیپی دەسـتێوەرنەدان و جیاكردنـەوەی دەسـەڵاتەكان، كـە لـە ماددەی ٤٧ی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا هاتووە.

**لە كۆتاییدا:**

ئەم ڕایەی ئەنجوومەنی شوورا، تەنیا ئەركێكی ڕاوێژكارییە و ناگاتە پلەی بڕیارێكی دادوەری پابەندكەر (ملزم)، لە ڕووی شكڵییەوە سەرۆكی پەرلەمان ئەم داوایەی نەكردووە وەكو لایەنێكی ناكۆك لـەو پرسـەدا، بۆیـە تـەنیا وەك ڕایەكی یاسایی دەمێنێتەوە و هیچی دیكە.

# سەرنجی یاسایی لەسەر بەجینۆسایدناساندنی تاوانی دەستدرێژیی بۆ سەر کوردانی ئێزیدی لە شەنگال

٢٠١٤/٨/٢٥

زاراوەی جینۆساید، زاراوەیەکی گریکییە. لە دوو بڕگە پێك دێت: جینۆ بە مانای بنەچە، ساید، بە مانای لەناوبردن دێت، کە هەردووکیان دەکاتە (لەناوبردنی بنەچە و قڕکردنی بنەچە).

تاوانی جینۆساید چەند جۆرێکە:

١- جینۆسایدی جەستەیی: ئەمە مانای کوشتن و لەناوبردنی تاکەکانی کۆمەڵەیەکە بە شێوەی ڕاستەوخۆ.

٢- جینۆسایدی بایۆلۆژیی: ئەمەش واتای ڕێگرتنە لە زیادبوون و لەدایکبوون.

٣- جینۆسایدی کولتووری: واتای قەدەغەکردنی زمان و شێواندنی مێژووی هەر کۆمەڵە مرۆڤێك.

٤- جینۆسایدی ئابووری: واتا برسیکردن و وێرانکردنی سەرچاوە ئابوورییەکانی هەر کۆمەڵەیەك.

تاوانی جینۆساید لە دوای دووەمین جەنگی جیهانییەوە، بەهۆی ئەو هەموو کۆمەڵکوژییە کە هەزاران مرۆڤ بوونە قوربانی، هاتە کایەوە و پاشان نەتەوەیەکگرتووەکان دروست بوو. لە ساڵی ١٩٤٨یش ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید و سزادانی ئەنجامدەرانی دەرچووێنرا.

بە پێی ماددەکانی ڕێککەتننامەکە، جینۆساید بریتییە لـە: هـەر تاوانێـك کە لەناوبردنی بەشێك، یان هەموو ئەندامـەکانی گرووپێکـی نەتـەوەیی، یـان ڕەچەڵەك، یان ئایینی، یان ڕەگەزیی، تێدا ئەنجام درا بێت کـە ئـەم شـێوانە لەخۆ بگرێت:

(کوشــتنی ئەنــدامانی گرووپێــك، یــان زیــان گەیانــدن و مەترســیداریی جەستەیی یان ڕووحی، یان دانانی گرووپێك لە خەڵك لە بارودۆخێکی دژواردا کە مەبەست لێی لەناوبردنی ماددیی بەشێکیان یان هەموویان بێت).

بەوپێیەی ئەم کارەی گرووپی چـەکداریی داعـش بەرانبـەر بـە (تائیفـەی ئێزیدی) کردوویانە: (کوشتن و ئاوارەکردن و زیان گەیاندنی مەترسـیدارانەیە لە ڕووی جەستەیی و ڕووحی)یەوە.

هەروەها دانانی ژمارەیەك خێزان کە پێکهـاتوون لـە (پیـاوی پـیر و و ژن ومنـداڵ) لـە بـارودۆخێکی مەترسـیداردا، کـە لەئـەنجامی ئـەو بارودۆخــەوە ژمارەیەك ژن ومنداڵ مردوون و لەناوچوون.

لەگەڵ ئەوەدا ڕەچاوی بارودۆخی بیروباوەڕی ئایینییـان نـەکراوە و (بـە زۆر) ناچار کراون ژمارەیەکیان ئایینی خۆیان بگۆڕن، لەگـەڵ بـوونی هـەواڵی زۆر لەسەر (بەندکردن و دەستدرێژی کردنە سەر) ژمارەیەك ئـافرەت لـە نێـو ئێزیدییەکان.

چۆن کار بکەین لەسەر بە جینۆساید ناساندنی ئەم تاوانە:

– لە ڕووانگەی باوەڕی تەواومان بە ماف و ئـازادیی بـیروڕا و هەڵبـژاردنی ئــایین، هــەروەها پێکــەوەژیانی موســڵمانان لەگــەڵ کەمینــە نەتــەوەیی و ئایینییەکاندا، دروست وایە کە پەرلەمان کار بکات لەسەر ئەم دۆسـیەیە لـەم ڕووانگانەوە:

– بەپێی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆسـاید، هـەموو ئـەو وڵاتانەی واژوویان لەسەر کردووە، دەبێت ڕێوشوێنی یاسایی پێویست بگرنـە بەر بۆ دەستەبەرکردنی جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی ڕێککەوتننامەکە، کە لە ئەنجامدا بکەرانی تاوانەکە ڕووبەڕووی دادگـاییکردن بکەنـەوە، هـەروەها بـێ بەش بکرێن لە وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی لە هەر وڵاتێك. ئەم تاوانە هەرگیز بـە بەسەرچـوو (تقـادم) ناکـات و بکـەرانی (اعفـاء) ناکـات لـە (المسـؤولية الجزائية) ئەگەر ماوەیەکی زۆریش بەسەر ئەنجامدانیدا تێپەڕێت.

– ئەم ڕۆڵە لە پەرلـەمانی کوردسـتان چـاوەڕوانکراوە، چـونکە لـە سـاڵی (٢٠٠٧) دوای ئەوەی کە دادگای باڵای تاوانەکان سزای تۆمـەتبارانی کەیسـی ئەنفالی دا، هەروەها تاوانەکەشی وەك جینۆساید ناساندووە. هەروەها ئێستا هەرێم لەگەڵ ئەو گرووپەی دەستدرێژییان کردووەتە سەر خەڵك و خاکەکەی لـە جەنگدایـە و تـاوانی دژ بـە مرۆڤایـەتییان ئـەنجام داوە، بـە شـێوەیەك تاوانەگـە جـەرگبڕ و قوربانییـەکان زۆرن، زۆرێـك لـە وڵاتـان و ڕێکخـراوە چـالاکەکان لـە ڕووی مرۆیـی و سـەربازی و سیاسـییەوە هاوخـەمییان بـۆ دۆسیەکە هەیە. لەگەڵ ئەمانەشدا پابەندی (التـزام) دەکەوێتـە سـەر لایـەنی بەرانبەر یاخود (حکومەت) کە قوربانییەکان قەرەبوو بکاتەوە، ئـەویش بـەم شێوانە:

١– گەڕاندنەوەی مافە زەوتکراوەکانیان (یاسایی و سیاسی).

٢– ڕاهێنانـەوەیان لەسـەر ژیـانێکی شـەرفمەندانە (وەك چارەسـەری پزیشکی و دەروونی).

٣– قەرەبووکردنەوەی مـاددی بـۆ تـاوانی کوشـتن و ئـازاری جەسـتەیی، ئەمە میراتگرەکانیشیان دەگرێتەوە.

٤- قەرەبووکردنەوەی ماڵی لە هەموو ئەو زیانانەی بەر ماڵ و حاڵ و خانوو و سەروەت و سامانیان کەوتووە.

٥- قەرەبووکردنەوەی ئەو هەموو ئازارانەی پێیان گەیشتووە بە شێوەی مەعنەوی.

٦- قەرەبووی زیانگەیاندن بە ژینگەی ناوچەکە.

٧- ئیدانەی ئەو تاوانە بە ڕەسمی لە ڕێگەی پەرلەمانی کوردستانەوە.

٨- سەرباری ئەوەی بە جینۆساید ناساندنی هێرش بۆ سەر کوردانی ئێزیدی لەسەر ئاستی ناوخۆ، دەرەنجامی ئەرێنیی لێ دەکەوێتەوە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییش پێگەی گەلی کورد بەهێز دەکات و مافی ئەوەی پێ دەبەخشێت کە ئەم تاوانە دووبارە نەبێتەوە.

# سەرنجێکی یاسایی لەسەر
# پێگەی سکرتێر لە پەرلەمانی کوردستاندا

**ئابی ٢٠١٧**

ئەندامانی پەرلەمان، پێگە یاساییەکەیان وەك لە سیستەمی پەرلەمانیدا هاتووە، کە بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەم سیستەمە بە نیوەناچڵی و ناتەواوی لە هەرێمی کوردستاندا جێبەجێ دەکرێت، بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو هەڵبژێردراون. بە سوێندخواردن ئەندام لە یەکەم دانیشتنی ئاساییدا شەرعیەت وەردەگرێت. بەپێی پەیڕەوی ناوخۆش دانیشتنی یەکەم لەلایەن بەتەمەنترین ئەندامەوە بەڕێوە دەبرێت، کە یەکێك لە ئەرکەکانی هەڵبژاردنی دەستەیەکی سەرۆکایەتیی هەمیشەییە بۆ پەرلەمان کە بریتی دەبن لە سێ کەس (سەرۆك، جێگر، سکرتێر).

پۆستی سکرتێر لە پەرلەماندا وەك ئەندامێك لە دەستەی سەرۆکایەتی، ئەرك و دەسەڵاتی دیاریکراوی هەیە، کە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا ئاماژەی پێ کراوە، لەگەڵ ئەرکە هاوبەشەکان لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتیدا، بریتین لەمانەی خوارەوە:

١ــ ڕێکخستنی بەرنامەی کاری دانیشتنی ئاسایی لە پەرلەمان بە هاوبەشی. (ماددەی ٢٠، بڕگەی ١ لە پەیڕەودا).

٢ــ خوێندنەوەی پوختەی کۆنووسی دوایین دانیشتنی پەرلەمان لە دانیشتنی دواتردا. (ماددەی ٢٠، بڕگەی ٤ لە پەیڕەودا).

٣ـ دڵنیابوون لە ژمارەی یاسایی ئەندامان لە دانیشتندا. (ماددەی ١٧، بڕگەی ٩ لە پەیڕەودا).

٤ـ سەرپەرشتی و نووسینەوە و دابەشکردنی کۆنووسی دانیشتنەکان. (ماددەی ١٩، بڕگەی ١ لە پەیڕەودا).

٥ـ جێگیرکردنی ناوی ئەندامانی قسەکەر لە دانیشتندا. (ماددەی ١٩، بڕگەی ٢ لە پەیڕەودا).

٦ـ بەشداری لە کارەکانی دەستەی سەرۆکایەتی. (ماددەی ١٩، بڕگەی ٣ لە پەیڕەودا).

٧ـ فەرمانبەری گشتی لە خوار وەزیرەوە، لەلایەن سکرتێرەوە بانگهێشتی کۆبوونەوەی لیژنەکان دەکرێت. (ماددەی ٤١، بڕگەی ١ لە پەیڕەودا).

٨ـ دابەشکردنی (پڕۆژەیاسا + ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند + ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی) بەسەر ئەندامانی پەرلەماندا. (ماددەی ٧٢، بڕگەی ١ لە پەیڕەودا).

کەواتە سکرتێری پەرلەمان وەك ئەندامێك، ماف و ئەرکی هەیە، لەگەڵیدا وەك پێگەکەی خۆی ئەرك و دەسەڵاتی هەیە و یەکێکە لە ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی.

وەك زانراوە ئەم دەستەی سەرۆکایەتییەی ئێستا هەرسێکیان بە یەك بڕیار ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٤ لە ٢٠١٤/٤/٢٩ هەڵبژێردراون، کە پێشتر ڕێککەوتنی لەسەر کرابوو و سەرجەم ئەندامانیش دەنگیان پێ دا، جگە لە ئەندامانی فراکسیۆنەکانی یەکێتی و بەشێك لە یەکگرتوو.

هەڵبژاردنی سکرتێر بە هەمان ڕێکاری هەڵبژاردنی سەرۆك و جێگرە، وەك لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراودا هاتووە، تەنانەت لە حاڵەتی ئامادەنەبوونیدا بە یەك ماددەی سەربەخۆ چارەسەری ئەو حاڵەتە كراوە، كە ئەویش ماددەی ٢٣یە، كە تێیدا هاتووە "لە حاڵەتی ئامادەنەبوونی سكرتێردا، ئەوا لە یەكێك لە ئەندامانی پەرلەمان داوا دەكرێت بە ئەركەكانی هەڵبستێت تاوەكو ئامادە دەبێت، پاش ڕەزامەندیی پەرلەمان بە زۆرینەی ئەندامە ئامادەبووەكان".

ئەم حاڵەتە لە خولی چوارەمدا یەكجار جێبەجێ كراوە، ئەویش بە هۆی سەفەری جەنابی سكرتێرەوە بوو بۆ دەرەوەی وڵات و ئەندامێكی پەرلەمان كە (د. ڤالا فەرید)ە، بە بڕیارێكی پەرلەمان بۆ یەكجار هەڵبژێدراوە، واتە ئەگەری هەمیشەییبوونی كەسەكە لە كاتی ئامادەنەبوونی سكرتێردا، هەڵەیەكی یاساییە.

هەروەها سەبارەت بە ئەگەری بەتاڵبوونی پێگەی سكرتێر، ئەوا لە پەیڕەوی ناوخۆدا لە ماددەی ١٦، بەم شێوەیە چارەسەر كراوە:

١ــ دەستلەكاركێشانەوە، ئەویش بە نووسراو و ڕەزامەندیی زۆرینەی ئەندامان دەبێت.

٢ــ بەتاڵبوونی پێگەی سكرتێر، ئەوا پەرلەمان لە یەكەم دانیشتنی گرێدراوی دوای بەتاڵبوونەكە بە هەمان ڕێگەی دەقكراو لە پەیڕەودا جێگرەوە هەڵدەبژێرێت.

**كەواتە دەتوانین سەرنجەكان بەم شێوەیە ڕێك بخەین:**

١ـ پێگەی یاسایی سكرتێر لە پەیڕەودا دەقنووس كراوە و بە هەڵبژاردن و بە یەك پاكێج لەگەڵ كۆی دەستەی سەرۆكایەتی بڕیاری بۆ دەرچووە.

٢ــ دەستلەکارکێشــانەوەی ئارەزوومەندانــەی ســکرتێر وەك یــەکێك لــە ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی، لـە ماددەیـەکی سـەربەخۆدا لـە پـەیڕەودا هـاتووە و تـەنها دەستلەکارکێشـانەوە هـاتووە وەك دەستپێلەکارکێشـانەوە (اقالە).

٣ـ لە سێ خولەکەی تری پەرلەمان، سکرتێر جـێگیر بـووە و تـەنها یـەك کەس بـووە کـە کـاك (فرسـەت ئەحمـەد) بـووە، تـەنها لـە خـولی چـوارەمدا سکرتێر گۆڕاوە کە ئەویش بـەڕێز (فـەخرەدین قـادر عـارف) بـووە و لەسـەر داوای فراکسیۆنەکانی (پارتی و گۆڕان) ئـەو پۆسـتەی وەرگرتـووە کـە بـۆی پێشنیار کراوە، بە دەنگدانی زۆرینە بە ئامانجی چارەسەرکردنی گرفتی ئـەو پۆستە لە سەرۆکایەتی، پێگەکەی پڕ کردووەتەوە.

٤ـ سکرتێر ئەم پۆستەی لە لایەنێکی دیاریکراو وەرنەگرتووە تا قەرزداری بێت، بـەڵکو بـە هەڵبـژاردن بـووە. ئەگەرچـی بـە شـێوەیەکی کـاتی بـووە و زانراوە پێشـتر ئـەو داوایـە لـە فراکسـیۆنی یـەکێتی کـراوە وەك بەرکەوتـەی هەڵبژاردن و ڕیزبەندیی دوای پارتی و گۆڕان ئەو پۆستە وەربگرێت.

٥ـ خاڵی لاوازی ئەم پرسـە بـە نیسبـەت کۆمـەڵی ئیسـلامییەوە، ئەوەیـە کـە پۆسـتەکە کـاتی بـووە، نـەك هەمیشـەیی. پاشـان زۆرینـەی فراکسـیۆنەکانی پەرلـەمان بـە هـۆی ئـەوەی بـۆ خۆیـان نـەبووە، بـە گـۆڕین تێیـدا ڕەزامەنـدن، لەگەڵیدا پارتی وەك سزایەك بۆ کۆمەڵی ئیسلامی، هـەروەها بەدەسـتهێنانەوەی هاوسەنگیی خۆی لە سەرۆکایەتیی پەرلەمان، هەنگاوەکە بنێت.

٦ـ سکرتێر مـافی خۆیـەتی کـە لـە دەسـتەی سـەرۆکایەتیدا بمێنێتـەوە، دەستلەکارکێشانەوەشـی ئارەزوومەندانــە دەبێــت و پێویســتە پێشکەشــی سەرۆکایەتیی بکات کە خۆی تیایدا ئەندامە.

٧ـ چەند فراكسیۆنێكی پەرلەمانی وەك (پارتی + یەكێتی + كەمینەكان) دەتوانن واژوو كۆبكەنەوە و داوای گۆڕانكاری بكەن لە پێگەی سكرتێردا، ئەوەش بە مەرجگیراوە كە ڕەزامەندیی سەرۆكایەتیی پەرلەمانی لەسەر بێت، یاخود مەرجی وازهێنان و بەتاڵبوون بە هەند وەرگیراوە لە پەیڕەوی ناوخۆدا.

٨ـ ڕێككەوتنێكی سیاسی لە دەرەوەی پەرلەمان لەسەر ئەم پۆستە، زۆر جار یەكلاكەرەوە دەبێت، ئەگەرچی ئەم حاڵەتە لە پەیڕەوی ناوخۆدا باس نەكراوە.

**پێشنیار دەكەم:**

١ـ لە حاڵەتی ڕادەستنەكردنی پۆستی سكرتێردا، هیچ دەقێك لە پەیڕەو و یاسای ژمارە (١)دا نییە كە بە زۆر ئەم پۆستە بگۆڕدرێت بە كەسێكی دیكە.

٢ـ پێویستە جەخت بكەنەوە لەگەڵ سەرۆكی پەرلەماندا كە مانەوەی سكرتێر وەك یەكێك لە دەستەی سەرۆكایەتی گرنگە و هەموو پشتیوانییەكی بكات.

٣ـ فراكسیۆنی كۆمەڵ ڕەزامەندیی فراكسیۆنەكان (نووسراو، زارەكی) وەربگرێت لەسەر ئەوەی كاراكردنەوەی پەرلەمانی كوردستان بە هەمان دەستەی سەرۆكایەتییەوە تا كۆتاییهاتنی خول بكرێت و دەستكاریی هەر ئەندامێكی دەستەی سەرۆكایەتی ڕووبەڕووی قەیرانی دیكەمان دەكاتەوە.

٤ـ لە حاڵەتی ئەوەی كە بە زۆر سكرتێری نوێ دەنگدانی بۆ بكرێت، ئەوا فراكسیۆنی كۆمەڵ كار بكات لەسەر تێكدانی ڕێژەی دەنگی زۆرینە.

٥ـ ئەگەر یەكێتی ئەم پۆستەی ویست، ئەوا دانوستاندنی لەگەڵدا بكرێت و بەرانبەری لێوەربگیرێت لە پەرلەمان، یاخود لە دەسەڵاتی جێبەجێكردندا، چونكە خولەكە ڕوو لە كۆتاییە و پۆستی پەرلەمانی قسەی زۆر لەسەر دەكرێت، بەڵام پۆست و دەستكەوتی حكومی، بەردەوام و كاربەڕێكەر دەبێت.

# سەروەریی یاسا
# لە ئەزموونی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا *
## ٢٠١٧/٢/١٩

ئەوەی پێی دەوترێت ئەزموونی سیاسی لە مێژووی هاوچەرخی هەرێمی کوردستان – عێراق لە ماوەی زیاتر لە بیست ساڵی ڕابردوودا، پێویستی بە تێڕامان و خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییانە هەیە.

بەهۆی ئەوەی تەمەنی ئەو ئەزموونە لە حوکمڕانی نزیك دەبێتەوە لە چارەکە سەدەیەك، هەروەها بۆ دەستنیشانکردنی چوارچێوە یاساییەکەی وەك ئەوەی لە تیۆری گشتیی سیستەمە سیاسییەکاندا هاتووە، لەگەڵیدا لاکردنەوەیەك بە لای ئەو نەهامەتییانەی لە ئەنجامی بەردەوامیی دۆخی شکست لە کۆی ئەزموونەکەدا تووشی هاووڵاتی و تاکی کوردی بووە.

توێژینەوە سەبارەت بە پرسی سەروەریی یاسا و ئەزموونی سیاسی لە هەرێم، زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام ئێمە لەم نووسینەدا تەنیا لە چەند ڕوویەکەوە لەبارەی ئەم چەمکە و گرفتەکانی لە کاتی ئێستادا دەدوێین.

چەمکی سەروەریی یاسا لە کورترین پێناسەدا، بریتییە لە:

(ملکەچیی هاووڵاتی و دەسەڵات بە هەموو دەسەڵاتەکانی و دامەزراوەکانی، لەگەڵ سەرجەم فەرمانبەرانی لە هەموو ئاستەکاندا، بۆ یاسا جێبەجێ کراوەکان لە وڵاتدا، بە بێ بوونی هەڵاواردن بۆ هیچ کەسێك لە

* ئەم وتارە لە بڵاوکراوەی (مەشخەڵی ڕاپەڕین) ژمارە (٧) لە ٢٠١٧/٥/٣ بڵاوکلاوەتەوە.

جێبەجێکردنی حوکمی یاسا بەسەریدا بە هۆکاری پلە وپایە، یان ئایین، یاخود سامان...هتد).

بەو پێیە واتای یاسا، سەروەریی ملکەچی و جێبەجێ کردن و پابەندی دەگەیەنێت لەلایەن تاك و دەسەلاتەوە بۆ دەقە یاساییەکان، ئەویش لە ڕێگەی جیاکردنەوەی سروشتی دەسەلاتەکانەوە بە شێوەیەکی تەواو، لەسەر بنەمای بونیادنانی (هاوسەنگی و هاوکاری) لە نێوانیاندا، کە ئەوانیش دەسەلاتی یاسادانان و دەسەلاتی جێبەجێکردن و دەسەلاتی دادوەرییە. هەروەها کارکردنی هەریەك لە دەسەلاتەکان و هەستانیان بە ئەرکی خۆیان لە چوارچێوەی ئەو یاسا و ڕێنماییانەی بۆیان دانراوە کە پێیەوە پابەند بن.

لە بنچینەدا فوقەهاکانی قانون چەمکی سەروەریی یاسا ناو دەنێن (الشرعية) یاخود (المشروعية)، کە بە مانای شەرعیبوون و ڕەوایەتی دێت، کە مانای چەمکی (سەروەریی یاسا) دەگەیەنێت.

ئەم چەمکە لەو کاتەوە زیاتر بەرجەستە بوو، وەك کاردانەوەیەك بۆ ئەو ئیمتیازانەی دەدرا بە گرووپگەلێکی نێو کۆمەڵگا کە دادەنران بەو توێژانەی لە سەروو یاسا و لێپرسینەوەن، وەك میرەکان و خانەدانەکان و پیاوانی کۆشك و گەورە بەرپرسان.

واتا بە پلەی یەکەم، ئەم ملکەچییە ڕووی لە دەسەلاتدارە، کە هەر خودی خۆی پابەندی یاسا کارپێکراوەکان بێت و جێبەجێیان بکات. ئەم کارەش لە باوەڕی تەواوی بەو ملکەچییەوە بێت، نەك وەك فشارێك و بۆ کاتێکی دیاریکراو بێت، چونکە پیرۆزی تەنیا بۆ خوای میهرەبانە و هەرگیز دەستەواژەی (پاشا هەڵە ناکات) دەستەواژەیەك نییە لە ڕووی یاسا و

لۆژیکەوە دروست بێت، بەڵکو هەموو مرۆڤەکان هەڵە دەکەن و بە پێی بەرپرسیاریەتییان دەبێت چاودێری و لێپرسینەوە بکرێن.

هەندێك وا دەبینن کە سەروەریی یاسا دەستەبەری زیندوویەتییە بۆ ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ، بە شێوەیەك ئەم پرەنسیپە نابێت تەنیا دەقێك بێت لە دەستووری وڵاتاندا ئاماژەی پێ بدرێت و لە یاسا نیشتمانییەکاندا دەقی بۆ تەرخان کرابێت، بەڵکو کاتێك ڕۆح دەکرێت بە بەری ئەم چەمکەدا، کە جێبەجێ بکرێت و پابەندی دروست بکات، تا هەستێك لای هاووڵاتیان دروست ببێت کە بەڵی ئەوە ڕاستییە کە بە یەکسانی لە بەردەم یاسادا باس دەکرێت و یاساکان سەروەری هەموانن بە دەسەڵاتدار و بێدەسەڵاتەوە.

**چەمکی سەروەریی یاسا ئەم ڕێکارانە لە خۆ دەگرێت کە بریتین لە:**

پرەنسیپی یەکسانی لە بەرانبەر یاسادا. یاسا یەکلاکەرەوەی ناکۆکییەکان بێت. دەبێت دەسەڵاتی جێبەجێکردن، یاسا جێبەجێ (تنفیذ) بکات و دەسەڵاتی دادوەری، یاساکان پیادە (تطبیق) بکات. ڕێزگرتنی یاسا لەلایەن هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دادوەرییەوە، کەسیش بۆی نییە هەڵاواردنی بۆ بکرێت، جگە لەوانەی کە لە یاسادا پارێزبەندی (حصانة)یان هەیە.

ئەم چەمکە، بۆ حوکمڕانییەکی دروست، وەك کۆڵەکەی بەردەوامی و ڕەوایەتی دەناسرێت، چونکە لە لایەك پرسیارەکانی سەر دەسەڵاتەکە کەم دەکاتەوە، لە لایەکیش متمانەیەکی ناوخۆیی دروست دەکات. هەر وەك ئەو وتە جەماوەرییەی کە دەڵێت "مرۆڤ لە وڵاتێکدا هەست بە کەرامەت دەکات کە ئایین یان یاسای تێدا پیادە بکرێت".

ئێستا ئەگەر خەسڵەتەکانی ئەم چەمکە لەسەر ئەزموونی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا جێ بکەینەوە، دەتوانین بڵێین کە:

هەرێمی کوردستان خاوەنی شەرعییەتێکی شۆڕشگێرانەیە کە لە ئەنجامی خەباتێکی چەندین ساڵە، دەرفەتێکی بۆ هەڵکەوت و توانیی لە بەشێکی خاکی کوردستانی باشووردا ئیدارەیەك، پاشان هەرێمێکی بەدەستوور سەلمێندراو، دابمەزرێنێت، کە پێگەی یاساییەکەی (المركز القانوني) وەك لە دەستووری کۆماری عێراقدا ساڵی ٢٠٠٥ هاتووە کە هەرێمی کوردستان "هەرێمێکە لە عێراقی فیدراڵدا و ئارەزوومەندانە لە وڵاتێکی یەکێتیی فیدراڵیدا کارەکانی ڕێك خراوە".

ئەوەی لە شێوازی ژیان و چالاکی و بەرنامەی پارتە سیاسییەکان لە قۆناغی شاخدا کە درێژەیان بە تەمەنی شۆڕش و قوربانی دەدا، تێدەگەین، هەروەها بەهۆی ئەوەی سەرکردایەتیی شۆڕشێکیان دەکرد دژ بە ڕژێمێك کە لە زۆربەی ڕووبەڕووبوونەوەکانیدا هەوڵەکانی لەژێر پەردەی یاسا و جێبەجێکردنی شکۆی یاسا ئەنجام دەدا، هەر بۆیە بە کەمی ڕێز و سەروەرییان بۆ یاسا و پابەندبوون پێوەی دەردەبڕی. لە پاش ڕاپەڕینیش وردە وردە بنەماکانی ئەم جۆرە لە حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان دروست بوو. ئەو ڕۆحییەتە نەچەسپا کە پێویستە هەمووان ڕێز و شکۆی یاسا بەرکار و دەرکراوەکان بپارێزن، تا ئەوەی ڕژێمی دیکتاتۆر پیادەی نەکرد، ئەمان وەك هێمایەك بۆ حوکمڕانی جێبەجێی بکەن.

لە لایەکی ترەوە لەم ئەزموونەدا زۆر دیاردەی ناڕەوا و یاساشکێنی دروست بوو، وەك (ململانێی خوێناوی لەسەر دەسەڵات، جیابوونەوەی هەردوو حوکم و حوکمڕانی لە یەکتری، تووشهاتن بە پەتاکانی گەندەڵی و دەمارگیری، زاڵبوونی ڕۆحی ناوچەیی و بنەماڵە لەبری یەکسانی و دادگەری، هتد...). ئەمانەش سەرجەم ئەو ڕاستییەیان کاڵ کردەوە کە هەرێمی

کوردستان دوورگەیەکە بێت بۆ پیادەی سەروەریی یاسا و یەکسانبوونی هەمووان لە بەرانبەر یاسادا.

لە لایەك دەسەڵاتداران ئیرادەیەکی بەهێزیان نەبوو تا ئەوە بسەلمێنن کە ئەوان وەکو سەرجەم هاووڵاتیان ملکەچن بۆ یاسا و خۆیان بە گەورەتر لە یاسا نازانن، لە لایەکی دیکەشەوە بە شێوەیەکی بەرنامەبۆداڕێژراو تاکی کوردیان لەسەر ئاشنابوون بەو چەمکە و ئاسانی لە پیادەکردنی نەکرد، لەگەڵیدا ململانێی پارتە سیاسییەکان دوو جەمسەری دروست کردەوە و خاکی باشووری کوردستانی دابەشی دوو ناوچە کرد، کە هەتا کورد ماوە ئەم هێڵە وەهمییانەی نێوان ناوچەکان کۆتایی نایەت.

بۆ چەمکی یاساسەروەرییش، ئەو دەسەڵاتەی بە یاسادانەر دادەنرێت، کە لە هەرێمی کوردستان پێی دەوترێت (پەرلەمان)، ئەم دەزگایە تاکە ئومێدێکی تاکی کوردی بوو کە دەیتوانی لە ڕێی نوێنەرەکانیەوە جێپەنجەی خۆی لەسەر ڕەوتی یاساکان جێبهێڵێت و چاودێری جێبەجێکردنیان بکات. بەڵام وەك دەزانین هەرگیز ئەم دەسەڵاتە وەك ئەوەی کە چاوەڕوان کراوە، نەیتوانیوە باڵانسی هێز لە هەرێمی کوردستان ڕابگرێت و چاودێرێکی سەرسەخت بێت بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایانە و کەمکردنەوەی پێشێلکاری. ئەمەش لە ڕووی ئەوەی کە دوو هێزی حوکمڕان هەرگیز پەرلەمانێکی بەهێزیان نەویستووە. لە لایەکەی دیکەشەوە ڕەوشی حوکمڕانی لە هەرێمدا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە ڕێگە بە چالاککردنی تەواوی ئەم دەزگایانە بدات و بە برایەکی هاوتەریب لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێکردنی بزانێت.

چەسـپاندنی ئـەم چـەمکە لـە سـەرەتادا وەك دەق، پێویسـتی بـە دەقنووسـکردنە لـە دەسـتووردا، کـە هـەرێم مـافی خـۆی بـوو ببێتـە خـاوەن دەسـتوور، بـەڵام هەوڵـەکان بـێ ئـەنجام کـران تـا سـاڵی ٢٠٠٥، کـە تیایـدا دەستووری هەمیشەیی عێراق نووسرایەوە و لـە مـاددەی ١٢٠ی دەسـتوورەکەدا ئەو مافە درا بـە هـەرێمی کوردسـتان خـاوەنی ئـەم بەڵگەنامـە گرنگـە بێـت، کـە پەیوەندییـەکانی هـاووڵاتی و دەسـەڵات و پاراسـتنی مـاف و ئازادییـەکان و سـەروەریی یاسـا بـە دەقـی دەسـتووریی ڕێـك بخـات، بـەڵام تـا ئێسـتا دەسـەڵاتدارانی هـەرێم نـەیان هێشـتووە هـەرێمی کوردسـتان ببێتـە خـاوەنی دەسـتوورێکی سـەربەخۆی خـۆی و بەهرەمەنـد بێـت لـەو دەسـتکەوتە گرنگـە، چونکە ئەم بەڵگەنامەیە دەبووە سەرچاوەیەك بۆ ملکەچـکردنی دەسـەڵاتداران و هاوتاکردنیان لەگەڵ هاووڵاتیاندا بە شێوەیەك کەس لە سەرووی یاساوە نەبێت.

وەك ڕاستییەك دەبێت بگوترێـت کـە لـە مێـژووی هاوچـەرخی ئـەزموونی سیاسیی هـەرێمی کوردسـتاندا چـەمکی یاسـاسـەروەری بـە شـێوەیەکی لاواز جێبەجێ کراوە و بەستراوەتەوە بە مەرجی ئەوەی کە نابێـت دەسـت ببرێـت بۆ پرسە هەستیارەکانی پەیوەندیدار بە دەسەڵاتەوە، واتا ئێمەی نەوەی ئەو قۆناغە مێژوویەی هەرێمی کوردستان، شاهێدی جیاکارییەکی زۆر گـەورەین لەسەر مامەڵەی جیاواز لەگەڵ یاساکاندا.

ماوەتـەوە بڵـێین کـە چەسـپاندنی ئـەم چـەمکە لـەنێو هـاووڵاتی و حوکمڕاناندا، پێویستی بـە خـەباتی زۆر و کۆششـی بـەردەوام هەیـە. نابێـت چاوەڕوانی ئەوە بین کە لـە ئاینـدەیـەکی نزیکـدا ئـەم وڵاتـە ببێتـە دوورگـەی لەنگەرگرتنی ئارامییەکی هەمیشەیی و سەروەریی یاسا، کە تیایـدا هـەموان ملکەچی یاساکان و پارێزەری شکۆکەی بن.

# شرۆڤەیەکی خێرا بۆ یاسای ژمارە (٣)ی
# ساڵی ٢٠٠٩ی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان-عێراق

- ئـەم یاسـایە پێکهـاتووە لـە (٤١) مـاددە و لەلایـەن پەرلـەمانی کوردستانەوە وەك جێگرەوەیەك بۆ یاسای ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٦٩ی پارێزگاکانی عێراق دەرچوێندرا، کە بە هەمان شێوەی یاساکەی عێراق پۆلێنی کارگێڕیی (التقسیمات الاداریة)ی کردووە بە (پارێزگا ـ قەزا ـ ناحیە).
- ئەم یاسایە (دەسەڵات و بەرپرسیاریەتی)ی هەریەك لە ئەنجوومەنی پارێزگا و سەرۆك و جێگرەکەی و ئەندامانی سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان و خودی پارێزگا و جێگرەکانی و بەڕێوەبەرە گشتییەکان دیاری دەکات.
- ئەم یاسایە سیستەمی لامەرکەزیی ئیداری و چاودێریی چاکترکردنی خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتییانی سنووری پارێزگاکە دەستنیشان دەکات.
- ئەنجوومەنی پارێزگاکان ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێت و بۆ هەر (٥٠٠,٠٠٠) کەس (٢٥) کورسی دەبێت.

**دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان:**

وەك لە یاساکەدا هاتووە، پوختەی دەسەڵاتەکان بریتین لە:

١. دەسەڵاتی چاودێریکردنی هەیە بۆ هەموو سێکتەرەکان لە سنووری پارێزگاکەدا.

٢. دەرکردنی بڕیار و ڕێنمایی پێویست.

٣. سەرپەرشتیی کاروباری کارگێڕیی سەرجەم پارێزگاکان.

٤. هەڵبژاردنی پارێزگا لەنێو ئەندامانی ئەنجوومەن.

٥. لێپێچینەوە لە پارێزگار.

٦. هەڵبژاردنی سەرۆك و جێگری ئەنجوومەن.

٧. ئامادەکردن و پەسەندکردنی بودجەی پارێزگا.

٨. دروستکردنی لیژنەی کاتی و هەمیشەیی بۆ کاروبارەکان لە ئەندامانی ئەنجوومەن.

٩. دانانی پلانی ستراتیژی بۆ گەشەی پارێزگا.

١٠. پێشنیارکردنی پرۆژەیاسا بۆ پەرەپێدانی پارێزگا.

١١. دەستنیشانکردنی ئەولەویاتی پرۆژەکانی پارێزگا.

١٢. چاودێریی گشت چالاکییەکانی دەستەکانی جێبەجێکردن (الهیئات التنفیذیة).

١٣. پێشنیاری قەرەبووی زیانلێکەوتووان.

١٤. ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر:

أ- پالێوراوانی جێگری پارێزگا.

ب- پالێوراوان بۆ پۆستی بەڕێوەبەرە گشتییەکان.

ت- گۆڕانکارییە ئیدارییەکان بە کەم و زیادکردن و لکاندنی سنوورەکانیان.

١٥. پێشنیاری لەسەرکارلادانی بەڕێوەبەرە گشتییەکان.

ئەنجوومەن بۆی نییە چاودێری و تەداخولی کاری ئەم سێکتەرانە بکات:

أ. دادگاکان.

ب. یەکە سەربازییەکان.

ت. زانکۆ و پەیمانگاکان.

پ. فەرمانگە فیدراڵییەکان.

١٦. ئەندامی ئەنجوومەن ئازادیی تەواوی ڕادەربڕینی هەیە.

١٧. دەبێت ئەندامی ئەنجوومەن خۆی بۆ کارەکەی تەرخان بکات.

١٨. نابێت ئەندامی ئەنجوومەن (ڕاوەدوو) بنرێت، بەڵکو (حصانة)ی هەیە.

١٩. ئەندامی ئەنجوومەن دەوامەکەی بە (خزمەتی گشتی) (الخدمة العامة) بۆ ئەژمار دەکرێت.

٢٠. مووچەیەکی مانگانەیان دەبێت.

٢١. خانەنشین دەبێت (تەنها خولی یەکەم)، ئەوانی تریش بەپێی یاسای خانەنشینی مەدەنی.

- دەبێت ڕێژەی ئافرەت لە ئەنجوومەنەکاندا ٣٠٪ کەمتر نەبێت.
- مەرجەکانی ئەندامێتی لە ئەنجوومەندا بریتین لە:

١. عێراقی بێت و (٢٥) ساڵ تەمەنی تەواو کردبێت.

٢. خوڕەوشت و ئاکاری باش بێت.

٣. ڕۆڵەی پارێزگاکە بێت و سەربازی نەبێت و بەعسیی خوێنڕێژ نەبووبێت.

٤. ماوەی کاری ئەم ئەنجوومەنە (٤) ساڵە.

- پاشان یاساکە تایبەتمەندیی و ئەرك و دەسەڵاتی هەریەك لە ئەنجوومەنی قەزا و ناحیە و چۆنیەتیی کارکردن و دەسەڵاتەکانیان، باس دەکات.
- یاساکە لە ماددەی ١٩ تا ٢٣، ئەرك و دەسەڵاتەکانی پارێزگاری باس کردووە، هەروەها قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیە و یەکە ئیدارییەکان.
- ئەنجوومەنەکان لەلایەن پەرلەمانەوە چاودێری دەکرێن.
- ئەنجوومەنی وەزیران بە بەیانێك کاتی هەڵبژاردنی ئەم ئەنجوومەنانە دیاری دەکات.

# شرۆڤەیەکی خێرا بۆ یاسای ژمارە ( ٤ )ی ساڵی ( ٢٠٠٩ )ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنەکانی پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکانی کوردستان

لە سـەردەمی ڕژێمـی لەناوچـووی بەعسـدا، ئەنجوومـەنی پارێزگاکـان بـە یاســای ژمـــارە (١٥٩)ی ســالّی ١٩٦٩، کاروبارەکانیـــان ڕێکخرابـــوو و هەڵبژاردنیان بۆ دەکرا.

دوای هاتنی ئەمریکییەکان بۆ عێراق و دروسـتبوونی دەسـەڵاتی مـەدەنی بە بڕیاری ژمارە (٧٤)ی بریمەر (دەسـەڵاتداری مـەدەنی عێـراق)، لـە سـاڵی ٢٠٠٥ لە سەرتاسەری عێراقدا یەکەمین هەڵبـژاردنی ئەنجوومـەنی پارێزگاکـان کرا، بە ڕەچاوی ژمارەی دانیشتووان و بازنەی پارێزگاکان.

لە پارێزگاکانی عێراق تا ئێستا دوو هەڵبژاردنی تر بـۆ ئـەو ئەنجوومەنانـە کراوە، بەڵام لە هـەرێمی کوردسـتان بـە هـۆی ململانێـی سیاسـی و نـەبوونی ئیرادەی دەسەڵاتی سیاسی بۆ بەخشینی دەسـەڵات بـەم ئەنجوومەنانـە، لـە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە تەنها یەك هەڵبژاردن بۆ ئەم ئەنجوومەنانە کراوە.

لـە هـەرێمی کوردسـتان بۆشـاییەکی یاسـایی هـەبوو کـە چـۆن و بـە چ میکانیزمێك هەڵبژاردن بۆ ئەم ئەنجوومەنانە بکرێت. لەو پێناوەدا پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠٠٩ دوو یاسای دەرچـوواند، کـە بـە یاسـای ژمـارە (٣)ی ئەنجوومـــەنی پارێزگاکـــان و ژمـــارە (٤)ی ســـاڵی ٢٠٠٩ی هەڵبـــژاردنی ئـــەو ئەنجوومەنانە ناسراوە.

ئێمە لەم نووسینەدا، شرۆڤەیەکی خێرا بۆ دیارترین ئـەو بڕگـە و ماددانـە دەکەین کە لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراودا هاتوون و زیاتر ڕوونیان دەکەینەوە.

ـ یاساکە پێکهاتووە لـە (٣٥) مـاددە و دوو جـار لـە سـاڵەکانی (٢٠١١) و (٢٠١٣) هەموارکراوەتەوە.

ـ هەروەك تا ئێستا دەستەی سـەربەخۆی هەڵبژاردنـەکان لـە هـەرێم پێـك نەهاتووە، بۆیە وەك لە ماددەی (٢)دا هاتووە، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنــەکان سەرپەرشــتیی تــەواوی ڕێکــارە یاســاییەکانی ئەنجامــدانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ئەم ئەنجوومەنانە دەکات.

ـ لە ماددەی یەکدا و لە بڕگـەی چـوارەم، پێناسـەی بازنـەی هەڵبـژاردنی کردووە، کە هاتووە "هەموو ناوچەیەکی دیاریکراو کە ژمارەیـەك کورسـییان بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بۆ تەرخان کراوە"، دەگرێتەوە.

ــ یاســاکە پــەیڕەوی لیســتی (نیمچــەکراوە)ی کــردووە بــۆ هەڵبــژاردنی ئەنجوومــەنی پارێزگاکــان. لــە بڕگــەی (شەشــەم)ی مــاددەی (یەکــەم)ی هەموارەکــەدا، پێناســەی لیســتی نیمچــەکراوەی کــردووە، کــە هــاتووە: "لیستێکە ناوی کاندیدەکانی هەڵبژاردنی تێدایە و دەنگدەر بۆی هەیە دەنگ بە لیستەکە و یەکێك لە کاندیدەکان، یان تەنها بە لیستەکە بدات".

ـ ئەوەی کە لەم یاسایەدا تێبینی دەکرێت، ئەوەیە ڕێگەی بە خۆپاڵاوتنی کەسەکان داوە، بـە مـەرجێك (لیسـتی تـاك) دروسـت بکـەن، کـە لـە بڕگـەی حەوتـەمی مـاددەی یەکەمـدا پێناسـەی کـردووە بـە "ئـەو لیسـتەیە کـە بـە گوێرەی ئەو، تاکێك خۆی بۆ هەڵبژاردن کاندید دەکات، بە مـەرجێك لـە لای دەستە تۆمار کرابێت".

- له مادده‌ی (٣)ی یاساکه‌دا مه‌رجه‌کانی که‌سی ده‌نگده‌ر هاتووه، که ده‌توانێت له مافی ده‌نگدان به‌هره‌مه‌ند بێت، ئه‌وانیش بریتین له:

١- ڕه‌گه‌زنامه‌ی عێراقیی هه‌بێت.

٢- شیاویی ته‌واوی هه‌بێت (واته ئه‌هلیه‌ی قانوونیی هه‌بێت).

٣- هه‌ژده ساڵی ته‌مه‌نی ته‌واو کردبێت.

٤- ناوی ده‌نگده‌ر ته‌نها له تۆماری ده‌نگده‌رانی ئه‌و پارێزگایه‌ی هه‌ڵبژاردنه‌که‌ی تێدا ده‌کرێت، تۆمار کرابێت. واته ته‌نها ده‌توانێت له سنووری ئه‌و پارێزگایه‌دا که ناوی تێدا تۆمار کراوه، ده‌نگ بدات.

له مادده‌ی (٥) زیاتر له‌سه‌ر ئه‌م خاڵه ڕۆیشتووه و هاتووه:

١- هه‌ڵبژاردن، مافی هه‌موو هاووڵاتییه‌که.

٢- مافی هه‌موو ده‌نگده‌رێکه ده‌نگی خۆی به شێوه‌یه‌کی ئازادانه و ڕاسته‌وخۆ و نهێنی بدات.

٣- ده‌نگدان له ڕێگای بریکاره‌وه نابێت.

٤- ده‌نگده‌ر له هه‌ر هه‌ڵبژاردنێکدا ته‌نها ده‌توانێت یه‌ك ده‌نگ بدات.

- له مادده‌ی (٥)ی یاساکه‌دا (مه‌رجه‌کانی خۆپاڵاوتن) بۆ ئه‌م ئه‌نجوومه‌نانه هاتووه، ئه‌وانیش بریتین له:

١- ده‌بێت عێراقی بێت، شیاوی ته‌واوی هه‌بێت، ته‌مه‌نی گه‌یشتبێته (٢٥) ساڵ له کاتی خۆپاڵاوتندا.

٢- ده‌بێت پاڵێوراو لانی که‌م بڕوانامه‌ی ئاماده‌یی یان (هاوتاکه‌ی) هه‌بێت.

٣- ده‌بێت ژیاننامه و ڕه‌وشت و ناوبانگی باش بێت.

٤- به (تاوانێك) یان (که‌تنێك) حوکم نه‌درابێت.

٥ــ دەبێــت پــاڵێوراو (ڕۆڵــەی) یەکــە ئیدارییەکــە بێــت و لــە تۆمــاری دەنگدەرانی نێو بازنەی هەڵبژاردنەکە تۆمار کرابێت.

٦ـ نابێت پاڵێوراو لـە کەسـەکانی (هێـزە چـەکدارەکان) یـان (هێزەکـانی ئاسایشی ناوخۆ بێت).

٧ـ نابێت بەشداریی لەو تاوانانە کردبێت کە ڕژێمـی بـەعس نەخشـەی بـۆ کێشابێت، یان جێبەجێی کردووە.

٨ـ مەرجە پاڵێوراو دوای وردبینی لەلایەن کۆمسیۆنەوە پەسەند بکرێت.

ـ لـە مـاددەی شەشـی یاسـاکەدا پـاش هـەموارکردن، پیـادەی سیسـتمی (نوێنەرایـەتی ڕێـژەیی) بـە گـوێرەی لیسـتی نیمچـەکراوە، بـەپێی ڕێـژەی دەنگەکان ململانێ دەکات، بە زۆرترین ڕێژەیان بە دەرچوو ئەژمار دەکرێت.

ـ ماددەی (٧)ی یاساکە ئاماژە بە چۆنیەتی ڕێکخستنی لیستی پاڵێوراوان دەکات، کە تێیدا هاتووە:

١ـ لیستەکە دەبێت وا ڕێك بخرێت کە ژمارەی کاندیدەکان لە دوو هێندەی ژمارەی کورسییەکانی بازنەکە زیاتر نەبێت. بۆ نموونە: شاری سلێمانی (٣١) کورسییە، واتە دەبێت لیستی پاڵێوراوانی هەر قەوارەیەکی سیاسی لـە (٦٢) کەس زیاتر نەبێت.

٢ـ دەبێت ڕێژەی نوێنەرایەتیی ئافرەت لە هەر لیستێك (٣٠٪) ئەنـدامانی لیسـتەکە کـەمتر نـەبێت. واتـای ئەوەیـە کـە کۆتـای ئافرەتـان دەبێـت لـە ئەنجوومەنەکەدا یەك لەسەر سێی کورسییەکان پێك بهێنێت.

ـ لە ماددەی هەشتەمی یاساکەدا کە لە ساڵی ٢٠١١ هەموارکراوەتەوە، چۆنێتیی دابەشکردنی دەنگ و کورسـییەکان هـاتووە، کـە پوختەکـەی بـەم شێوەیە:

**یەکەم**: کۆی دەنگە ڕاستەکانی بازنەی هەڵبژاردن = القاسم الانتخابی (دابەشی هەڵبژاردنەکان) ژمارەی کورسیی تەرخانکراو.

**دووەم**: کۆی دەنگە ڕاستەکانی لیستێك لە بازنەیەکدا = کورسیی تەرخانکراو بۆ لیستێك دابەشی هەڵبژاردن.

**سێیەم**: ڕیزبەندیی کاندیدەکانی لیست لەسەر بنەمای ژمارەی ئەو دەنگانەی کە بەدەستی هێناوە، دەبێت. واتا ئەو کاندیدەی زۆرترین دەنگی لە لیستەکەدا هێناوە، لە پێشەوە دەبێت، بەو شێوەیە تا کۆتایی لیستەکە، بە مەرجێك لەنێو هەر سێ کاندیدی لیستەکەدا، ئافرەتێك دابنرێت، واتا ٢ پیاو + ١ ئافرەت بۆ هەر لیستێك، بەو شێوەیە تا کۆتایی.

**چوارەم**: ئەو دەنگانەی لیست بەدەستیهێناون لەگەڵ کاندیدەکانی لیستەکەدا.

**پێنجەم**: یاساکە لە ماددەی (٩)دا بە مەرجی گرتووە کە لیستی تاك بە کورسییەك بە لای کەمەوە بگاتە دابەشی هەڵبژاردن لەو بازنەیەدا. بۆ نموونە: ئەگەر دابەشی هەڵبژادن لە پارێزگایەکدا گەیشتە (٣٠) هەزار، ئەوا دەبێت لیستی تاك، نەك قەوارەیەکی سیاسی، کۆی دەنگەکان بگاتە (٣٠) هەزار، بۆ ئەوەی تەنها یەك کورسی بەدەست بهێنێت.

**شەشەم**: لەکاتی هەبوونی کورسیی بەتاڵدا، ئەوا دابەش دەکرێت بەسەر لیستە بەشداربووەکان بە سیستمی ماوەی هەرە بەهێز (باقي الاقوى)، واتا دەبەخشرێتە ئەو لیستەی کە ژمارەیەکی زۆر گەورەی ماوەتەوە کە نەگەیشتووەتە ئاستی بەدەستهێنانی کورسی و ئەو ماوەیەی لە ماوەی لیستەکانی تر بەهێزترە، بەو پێیە دەبێتە خاوەنی کورسییەکی تر.

**حەوتەم**: لە کاتی یەکسانبوونی ژمارەی دەنگی دوو کاندیدی سەرکەوتووی یەك لیست، ئەوا (تیروپشك)یان بۆ دەکرێت، بە مەرجێك کار نەکاتە سەر ٣/١ ی ڕێژەی ئافرەتان.

**هەشتەم**: وەك لە ماددەی (١٠)ی هەموارکراودا هاتووە: ئەگەر ئەندامی ئەنجومەن بە هەر هۆیەك کورسییەکەی لەدەست دا، ئەوا پاڵێوراوی دوای ئەو لە لیستەکەدا بەپێی ژمارەی ئەو دەنگانەی بەدەستی هێناوە، جێی دەگرێتەوە.

**نۆیەم**: ئەگەر کورسیی بەتاڵ تایبەت بوو بە لیستێك کە لیستەکەی کاندیدی نەمابوو، ئەوا ئەو کورسییە دەدرێت بە کاندیدی لیستێکی تر بە سیستمی (ماوەی هەرە بەهێز) (الباقي للاقوى).

- لە ماددەکانی (١١ و ١٢)دا دەستنیشانی بازنەکانی هەڵبژاردن کراوەك کە دەبێت "هەر دەنگدەرێك مافی هەڵبژاردنی خۆی لەو بازنەیەدا پیادە بکات کە ناوی تۆمارە". هەروەها "هەر پارێزگایەك بەپێی سنووری کارگێڕیی خۆی، دەبێتە بازنەیەکی هەڵبژاردن".
- لە ماددەکانی (١٣ تا ٢١)ی یاساکەدا باسی چۆنیەتی و شێوازی (ڕیکلامی هەڵبژاردن) کراوە، کە بە کورتی هاتووە، کۆمیسیۆن ئەو شوێنانە دەستنیشان دەکات کە نابێت ڕیکلامی هەڵبژاردنی تیادا بکرێت. هەروەها قەدەغەکردنی هەر ڕیکلامێك لە مەڵبەندەکانی دەنگدان و فەرمانگە حکومییەکان، قەدەغەکردنی ڕیکلام لەسەر فەرمانبەرێك لە کاتی دەوامی فەرمی، قەدەغەکردنی بەکارهێنانی دارایی گشتی بۆ ڕیکلام.
- پاڵێوراو قەدەغەیە لەسەری کە "ڕۆژی دەنگدان پڕوپاگەندە بۆ خۆی بکات، یاخود لەناو فەرمانگەی حکومیدا لە ڕۆژی دەنگدان ڕیکلام بڵاو

بکاتەوە، یاخود هەوڵی خەڵەتاندنی دەنگدەران بدات و ناوزڕاندن لە ڕیکلامی خۆیدا بەکاربهێنێت".

- هەروەها قەدەغەیە کە پارە لە ماڵی گشتی، یان بودجەی وەزارەتەکان، یان پشتگیریی دەرەکی بۆ ڕیکلامی هەڵبژاردن وەرگرێت و خەرجی بکات.

- هەروەها قەدەغەیە بەکارهێنانی هەر شێوەیەك لە شێوەکانی پاڵەپەستۆ و ترساندن، یاخود پێدانی دەسکەوتی ماددی، یان مەعنەوی، یاخود بەڵێن پێدان، یاخود بە هێز و هەڕەشە ناوچەیەکی هەڵبژاردن بۆ بەرژەوەندیی خۆی یان لە دژی غەیری خۆی، بەکاربهێنێت.

- هەروەها ڕیکلامی هەڵبژاردن بە (٤٨) بەر لە دەنگدان قەدەغە دەکرێت.

- لە ماددەکانی (٢٢ تا ٢٩) لە یاساکەدا تاوانەکانی هەڵبژاردن (الجرائم الإنتخابية) باس کراوە، کە کورتەکەی ئەمانەن:

١. هەڵواسینی ڕیکلام لە دەرەوەی شوێنی دیاریکراو، سزاکەی (بەندکردنە بۆ ماوەی یەك مانگ).

٢. بەکارهێنانی فەرمانگەی حکومی بۆ ڕیکلام و هەوڵی هەڵخەڵەتاندن و بەڵێندان و بەکارهێنانی هێز و ترساندن، سزا دەدرێت بە (بەندکردن کە لە مانگێك کەمتر نەبێت و لە شەش مانگ زیاتر نەبێت)، هەروەها بە غەرامەیەك کە لە (ملیۆنێك کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن زیاتر نەبێت).

٣. هەر کەسێك بە ئەنقەست سیفەتێکی قەڵب و ناوی کەسێك لە تۆماری دەنگدەران دابنێ، یاخود دەنگی دا و دەشیزانی کە ناوی بە نایاسایی لە تۆمارەکەدا نووسراوە، یاخود مافی دەنگدانی نەبوو و

دەنگی دا، یاخود نهێنیی دەنگدانی دەنگدەرێکی بڵاوکردەوە، یاخود لە جارێك زیاتر دەنگی دا، یاخود دەنگدانی نەخوێندەوارێکی گۆڕی بۆ ئەو لیستەی خۆی دەیەوێت، یاخود لە کاتی جیاکردنەوەی دەنگەکاندا تەزویری کرد. ئەوا سزا دەدرێت بە (بەندکردن کە لە شەش مانگە کەمتر نەبێت، غەرامەکیش کە لە ملیۆنێك کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت).

٤. هەر کەسێك ئەم تاوانانەی پرۆسەی هەڵبژاردن ئەنجام بدات، ئەوا سزا دەدرێت بە بەندکردن کە لە مانگێك کەمتر نەبێت و لە ساڵێك زیاتر نەبێت، ئەوانیش:

(بە ئەنقەست سەر لە کاندید تێك بدات و بیشێوێنێت، پڕوپاگەندەی خۆکشاندنەوەی پاڵێوراوان، یاخود پاڵێوراوێك بکات).

٥. هەر کەسێك ئەم تاوانانە ئەنجام بدات بۆ ماوەی ساڵێك بەند دەکرێت: (هێز یاخود هەڕەشە بۆ ڕێگری لە دەنگدانی دەنگدەرێك بەکار بهێنێت، بەڵێنی سوود بە خەڵك بدات، هەواڵی ناڕاست لەبارەی ڕەوشتی یەکێك لە کاندیدەکان بڵاو بکاتەوە، بە چەکەوە بچێتە نێو ناوەندەکانی دەنگدانەوە، جنێو یان دەستدرێژی بکاتە سەر کادیرانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان، سندووقی دەنگدان تێك بدات، بەڵگەنامەکانی پرۆسەکە، دروشمی ئایینی یان شوێنەکانی خواپەرستی بۆ ڕیکلامی هەڵبژاردن بەکار بهێنێت).

٦. هەر کەسێك ئەم تاوانانە ئەنجام بدات، ئەوا سزا دەدرێت بە بەندکردن کە لە ساڵێك کەمتر نەبێت، بە غەرامەیەکیش کە لە (١٠٠,٠٠٠) دینار کەمتر نەبێت و لە (٥٠٠,٠٠٠) دینار زیاتر نەبێت، ئەوانیش:

(دەست بگرێت بەسەر سندووقەکانی دەنگدان یان کاغەزەکانی دەنگدان، بە شاردنەوەی یان لەناوبردن یان دزینی، یان بە بەکارهێنانی هێز یان بە هەڕەشەکردن هەڵبژاردن بخاتە مەترسییەوە).

٧. دەستپێکردن بە تاوانەکانی هەڵبژاردن (الشروع فی جرائم الانتخابات) بە تاوانی تەواو دادەنرێت و سزای تەواوی دەبێت.

٨. ئەگەر قەوارەی سیاسی بەشداریی یەکێك لەو تاوانانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا کرد و لەسەری سەلمێندرا، ئەوا غەرامە دەکرێت بە بڕی (٥٠,٠٠٠,٠٠٠) پەنجا ملیۆن دینار و بێ بەش دەکرێت لەو دەنگانەی کە بەدەستی هێناوە لەو بنکە و مەڵبەندانەی هەڵبژاردن کە تاواناکەی تێدا ئەنجام دراوە.

٩. هەر کەسێك و قەوارەیەك بە شێوەیەك لە شێوەکان پاڵەپەستۆ یان ترساندن، یان پیشاندانی دەستکەوتی ماددی و مەعنەوی بۆ دەنگدەران، یان بەڵێنی بەدەستهێنانی شتێك بە دەنگدەران بدات، ئەوا سزا دەدرێت بە بەندکردن و غەرامەیەکیش کە لە (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دەملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٢٥,٠٠٠,٠٠٠) بیست و پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

*** لە کۆتایی یاساکەدا چەند حوکمێکی گشتی هاتوون، بە کورتی ئەمانەن:**

١. هەر قەوارە و لیستێکی تاکی زیانلێکەوتوو لە بڕیارەکانی کۆمیسیۆن، دەتوانێت لە ماوەی (٣) ڕۆژدا تانەی لێ بدات.

٢. کۆمیسیۆن سکاڵا و ڕەخنەکانی قۆناغەکانی ڕێکاری هەڵبژاردن دەبینێت.

٣. دەستەیەك لە دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستان لە (٣) دادوەر پێك دێت بۆ تەماشای تانەی لایەن و کەسەکان.

٤. یاساکە دەنگدانی تایبەتی هێشتووەتەوە و ئەمانە دەگرێتەوە:

أ. سەربازان لە کارمەندانی وەزارەتی پێشمەرگە و ناوخۆ.

ب– تێکڕای دەزگا ئەمنییەکان.

ج– بەندی و گیراو و دەستبەسەران.

د– ئەو نەخۆشانەش لە تیمارخانەکاندا خەوتوون.

ئەمانە بە شێوەیەك (٤٨) کاتژمێر پێش دەنگدانی گشتی دەنگ دەدەن. دەبێت بەر لە (٦٠) ڕۆژ ناوی دەزگا ئەمنییەکان لە تۆماری گشتی بسڕێتەوە و بۆیان نییە لە ڕۆژی دەنگدانی گشتی دەنگ بدەن، با دەنگیشیان نەدابێت.

٥. پۆلیسی خۆجێیی ئەرکی پاراستنی بنکەکانی هەڵبژاردن لە ڕۆژانی دەنگداندا لە ئەستۆ دەگرێت، نەك هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.

٦. ئاسایش و چەکداران بۆیان نییە بچنە ناو بنکەکانی هەڵبژاردنەوە.

٧. کورسیی کۆتای کەمینەکان لە ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا بەم شێوەیە دەبێت:

* دهۆك/ ٣ کورسی بۆ (کلدان – سریان – ئاشووری).

* سلێمانی/ ١ کورسی بۆ (کلدان – سریان– ئاشووری).

* هەولێر/ ٢ کورسی (بۆ کلدان – سریان – ئاشووری)، ٣ کورسیش بۆ تورکمان.

# چەمکی حکومەتی ڕزگاریی نیشتمانی

٢٠١٧/١٠/٢١

پاش ئەو شکستە سەربازی و سیاسی و ئابوورییە زۆرەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هێناویەتی، بە تایبەت لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کە گەیشتە لووتکە، داخوازی بۆ پێکهێنانی جۆرێك لە حکومەت هاتووەتە کایەوە کە زیاتر هەردوو حیزبی سیاسیی (بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی) تەبەنییان کردووە.

لەم کورتە نووسینەدا، ناساندن و پێویستی بەم جۆرە لە حکومەت و وەڵامی ئەو ئیشکالانەی دەربارەی دەوترێن، بەپێی ئەوەی لە یاسای گشتی و سیستمە سیاسییەکاندا هاتووە، دەیخەینە ڕوو:

ـ نووسەری بەناوبانگ (عبدالوهاب الكيالي) لە مەوسوعە بەناوبانگەکەی (الموسوعة السياسية) بەرگی یەکەم، لاپەڕە ٣٧٢دا، بەم شێوەیە شرۆڤەی ئەم جۆرە لە حکومەت دەکات "دەربڕینێکە مانای ئەوەیە کە سەرجەم توانا و وزەکانی نەتەوە ساز و جۆش بدرێن لە پێناوی ڕزگارکردنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان لە کاتی قەیراندا".

هەروەها دەنووسێت "یەکەمین جار ئەم دەستەواژەیە بەکار هات، لە ڕۆژگاری هەڵایسانی شۆڕشی فەڕەنسیدا بوو، کاتێك فەڕەنسا لە هەموولایەکەوە هێرش کرایە سەری.....".

واتا لەو ڕۆژەوە ئەم چەمکە لە حکومەت هاتە ئاراوە، کە واتای "حکومەتێکی بەهێزە، بە ئامانجی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ قەیرانە

مەترسیدارەکان، یان ڕزگارکردنی وڵات لە مەترسییەکی ڕاستەقینە، پێك دەهێنرێت".

ـ هەروەها دکتۆر ئیسماعیل عەبدولفەتاح عەبدولکافی، لە مەوسوعەی (الموسوعة الميسرة للمصطلحات السياسية) لاپەڕە ٦٣دا، لە بارەی ئەم جۆرە لە حکومەتەوە دەڵێت: "دەستەواژەیەکە ئاماژەیە بۆ ژمارەیەك هۆکار کە دەوڵەت پەیڕەوی دەکات بۆ پارێزگاری لە ڕۆحی نەتەوەیی و پێکهاتەی نیشتمانیی گەل و پاراستنی لە مەترسییەکان. هەروەها وەك زانراوە، پیاوانی سیاسی لە کاتی ڕوودانی قەیراندا، یاخود کە وڵات ڕووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە، ئەم چەمکە بەکار دەهێنن. لە کاتێکدا پڕەنسیپەکانی حکومەتی ڕزگاریی نیشتمانی، ئامانجی ڕزگاریی وڵات و دابینکردنی سەقامگیریی سیاسی و ئاشتیی کۆمەڵایەتییە".

ـ هەروەها لە میساقی نەتەوەیەکگرتووەکان لە دەروازەی حەوتەمدا، ڕێگەی داوە بە پێکهێنانی حکومەتی ڕزگاریی نیشتمانی لەو وڵاتانەی کە بە دەست ئاژاوەی سیاسیی (الفوضى و الارباك) دەناڵێنن، کە ناتوانرێت حکومەتێکی یەکگرتووی بۆ پێك بێت.

ـ لە هەمان کاتدا دەستووری عێراق و ژمارەیەکی زۆر لە دەستووری وڵاتان، ئاماژە بەم جۆرە لە حکومەت ناکەن.

ـ دەتوانین هەڵسەنگاندنی خێرا و وەڵامی ئەو ئیشکالانە بدەینەوە کە سەبارەت بەم چەمکە هەن:

١ـ ئەگەرچی ئەم جۆرە لە حکومەت لە دەستووری عێراقدا بۆ ناوەند و بۆ هەرێمیش باس نەکراوە، بەڵام هیچ دەقێکیش نییە کە ئەم جۆرە لە حکومەت قەدەغە بکات.

٢- ئەم جۆرە لە حکومەت هەڵگەڕانەوە نییە بەرامبەر دەقە یاساییەکان و ئـەنجامی هەڵبژاردنـەکان، چـونکە سـەرۆکایەتیی هـەرێم و پەرلـەمان و دامەزراوەکانی تریش لە بۆشایی یاساییدان، یان نزیکن لەو حاڵەتە.

٣- ئەم جۆرە لە حکومەت جیاوازیی هەیە لەگـەڵ حکومـەتی ئینتقـالی، چونکە ئەوەی دووەمیان واتـا کـاتی و ڕاگـوزەر و بـۆ بڕینـی قۆناغێك، نـەك بەرەنگاریی مەترسی و بوونی فەوزای سیاسیی وەك لە یەکەمدا هەیە.

# گەندەڵی: ناسین و بەرەنگاربوونەوە *

٢٠١١/٦/١

**پاڵنەرەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:**

١- گەندەڵی بووەتە دیاردەیەکی جیهانیی ترسناک و ژمارەی پێوانەیی شکاندووە و تووشی حکومەت و دامەزراوەکان بووە. لەباتی حکومەتی خزمەتگوزار (حکومة اللصوص) دروست بووە کە عیباد و بیلادی خستووەتە گێژاوەوە (نوکتەکانی گەندەڵی + دیدی نووسەرە یابانییەکە کە دەڵێت: (العرب متدينون جدا لكن فاسدون جدا).

٢- داخوازییەکانی چاکسازی وامان لێ دەکات بە چاکی هەوڵی ناسینی ئەم چەمکە بدەین.

"ئاماژە بە دواهەمین ڕاپرسی کە ڕێکخراوی ئێن دی ئای لە کوردستان و عێراق ئەنجامی داوە، داخوازیی دەنگدەرانی ئێمە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییە، پاشان خزمەتگوزاری و چارەسەری بێکاری".

٣- وەزیفەی ئێمە وەك ئۆپۆزیسیۆن ئەوەیە کە (ئەنتی گەندەڵی بین).

٤- زیان و ئاسەوارەکانی گەندەڵی زۆر مەترسدارن:

- قدرت الأمم المتحدة حجم الأموال العامة التي تتعرض للنهب والاختلاس بسبب فساد الأنظمة السياسية في العالم بحوالي ١,٦ ترليون دولار سنوياً.
- الفجوة الغذائية في العالم العربي بلغت ١٥ مليار دولار سنوياً.

* ئەم وتارە لە سایتەکانی (ڕێکخراوی ستۆپ بۆ گەندەڵی ٢٠١٧)، (شەن پرێس ٢٠١٧)، (کۆمەڵنیوز ٢٠١٧) بڵاوکراوەتەوە.

- وأن حجم البطالة يتراوح بين ٥٠ و٦٠ مليون نسمة وأن نسبة ٦٠٪ من تعداد هذه البطالة هم من الشباب، الأمر الذي يمثل قنبلة خطيرة لأنها تتزايد بنسبة ٣٪ كل عام.

- له عێراق ٤٠٪ ی دانیشتووان لەژێر هێڵی هەژارییەوە دەژین.

لێكۆڵینەوە لە بابەتی گەندەڵی وەك نەتەوە یەكگرتووەكان ڕایگەیاندووە، بەم چوار هەنگاوە دەبێت:

(پێناسەكردنی، هۆكارەكانی، نیشانەكانی، بەرەنگاربوونەوە و چارەسەركردنی).

## پێناسەی چەمكی گەندەڵی:

خراپ بەكارهێنانی پۆستێكی گشتییە بۆ بەرژەوەندییەكی تایبەتی (موسوعة العلوم الاجتماعية).

رؤية اسلامية لمفهوم الفساد:

(في اللغة العربية: الفساد ضد الصلاح و كما يقول الراغب الاصفهاني: ان الفساد خروج الشيئ عن الاعتدال)، وورد المصطلحان (الفساد والإصلاح) في القرآن الكريم في عشرات المواضع من الآيات القرآنية" إذ ورد الفعل فسد ومشتقاته الفعلية والاسمية في ٤٤ موضعا، وورد الفعل صلح بمشتقاته الفعلية والاسمية أيضا في ١٨٢ موضعا. وهناك من الآيات التي تشير إلى سنن الله في خلقه، بمعنى أنها قوانين اجتماعية حتمية الحدوث فإذا "ظهر الفساد في البر والبحر بما كسبت أيدي الناس..." (الروم: ٤١) أي استشرى، فإن عاقبة ذلك وخيمة بسقوط المجتمع وانهيار أركانه واستهواء المستعمر للتسلط عليه {إن الملوك إذا دخلوا قرية أفسدوها وجعلوا أعزة أهلها أذلة..} (النمل: ٣٤)" كذلك الإشارة إلى أن الصلاح والإصلاح يدرأ الضرر والهلاك عن الأمة "وما كان ربك

ليهلك القرى بظلم وأهلها مصلحون" (هود: ١١٧)، ويجلب الخير والرخاء إليها {ولو أن أهل القرى آمنوا واتقوا لفتحنا عليهم بركات من السماء والأرض} (الأعراف: ٩٦).

ومن معانى الفساد في القران:

(المعصية، واذا قيل لهم لاتفسدوا في الارض.....).

الخراب (ان الملوك اذا دخلول قرية افسدوها.... ومعاني اخرى كثيرة).

## جۆرەکانی گەندەڵی:

گەندەڵیی بچووك (فەرمانبەر ئەنجامی دەدات).

گەندەڵیی گەورە (بەرپرسان ئەنجامی دەدەن، وەك گرێبەستەکان نەوت و تەندەرین).

گەندەڵیی سیاسی: خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی گشتی (حکومەت)ە لەلایەن نوخبەی دەسەڵاتدارەوە بۆ بەرژەوەندیی نادروست.

گەندەڵیی دارایی: پێك دێت لە ژمارەیەك لادانی (انحراف) دارایی و سەرپێچی ڕێسا و یاساماڵییەکان، کە کاری دارایی و کارگێڕی لەو دەو ڵەت و دامەزراوانەدا ڕێك دەخات.

گەندەڵیی کارگێڕی: ئەو سەرپێچیانەیە کە لە فەرمانبەرێکەوە دەردەچێت لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکە وەزیفییە فەرمییەکانی خۆی...

گەندەڵیی ڕەوشتی (ڕەفتار): ...

**شێوە باوەکانی گەندەڵی:**

- بەرتیلخۆری.
- ئیختیلاسی ماڵ و موڵکی دەوڵەت.
- دانەنانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو (مەحسوبیەت).
- کڕینی دەنگی دەنگدەران.
- ناچارکردنی فەرمانبەران بە کردن یان نەکردنی کارێك کە نایاسایی بێت.
- بێلایەننەبوونی حکومەت.

**هۆکارەکانی دروستبوونی گەندەڵی:**

- هۆکارە سیاسییەکان:

- جیانەکردنەوەی دەسەڵاتەکان.
- نەبوونی دیموکراسیی ڕاستەقینە.
- نەبوونی سەروەریی یاسا و سەربەخۆنەبوونی دەسەڵاتی دادوەری.
- لاوازیی دەزگاکانی چاودێری.
- نائارامیی بارودۆخی سیاسی.
- نەمانی هیوا بە گۆڕانکاری و نەبوونی نیەتی چاکسازی.
- نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنی بەهێز.

- هۆکارە ئابوورییەکان:

- هەژاری و خراپیی باری ئابووری.
- بێکاری.
- کەمیی مووچە.
- لاوازیی شەفافیەت

- هۆکاره کۆمەڵایەتییەکان:
- لاوازیی ئیمان و تەقوا.
- دارمانی بەها ڕەوشتییەکانی وەزیفە لای فەرمانبەران.
- بەدیاردەبوونی گەندەڵی.
- بێباکی و هەستنەکردن بە بەرپرسیاریەتی.
- هۆکاری دەرەکی:
- دەستێوەردانی حیزبی.
- واستەکاری.
- نەبوونی یاسای توندی سزادان.
- هۆکاری ئیداری:
- ناتوانایی ئەوانەی بڕیاردەرن.

تێبینی (پێوەرەکانی بەرپرسی سەرکەوتوو بریتین لە: بڕوانامە + ئەزموونی کردەیی+ لێهاتوویی و زیرەکی (زیرەکیش بەم پێوەرانە دەپێورێت: زمان + کۆمپیوتەر + داهێنان + پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان) + ڕەزامەندیی ئەوانەی کاریان لەگەڵ دەکەیت).

- ڕۆتینی زۆر لە یاسا و ڕێنماییەکاندا.
- کۆنیی پەیکەری ئیداریی فەرمانگەکان.
- کادیرە ناوەندییەکان کە بڕیار جێبەجێ دەکەن، ئەوانیش بەشێکی سەرەکی لە گەندەڵی پێکدەهێنن.
- ئاسەوار و زیانەکانی گەندەڵی:
- دابڕانی خەڵك و دەسەڵات.
- دروستبوونی پشێویی سیاسی وەك (ئینقلاب و توندووتیژی).

- دواکەوتوویی (تخلف) دروست دەبێت (نموونەی وەك عێراق).
- کەمبوونـــەوەی نموونـــەی ژیـــانی ســـەرکەوتووانە و بڵاوبوونـــەوەی خەفەت و یاس و بێزاری.
- بەرتەسکبوونەوەی ئازادییە مەدەنییەکان.
- ڕوئیای ئایندەبینین نامێنێت.
- بێمتمانەیی بە دەسەڵات و نەمانی ئینتیما.
- دادپـــەروەریی کۆمەڵایـــەتی و گەشـــەپێدان و بـــەها ئەخلاقییـــەکان نامێنن و ڕێژەی تاوان زیاد دەکات.
- گەشـــەپێدانی ئـــابووری و نـــاردن و هـــاوردە دەوەســـتێت و ســـامانی نەتەوایەتی بەفیڕۆ دەدرێت.
- کۆچی عەقڵەکان بۆ دەرەوەی نیشتمان دروست دەبێت.
- بەرهەمهێنانی دیکتاتۆر و سیستمی ئیستیبدادی.
- قۆرخکاری دروست دەبێت (نموونەی وەك کۆمپانیا و بانکی وەهمی).
- هەژاری و دەوڵەمەندیی ناشەرعی دروست دەبێت.
- کەمبوونـــەوەی بەشـــداریی سیاســـی و بـــەفیڕۆدانی تواناکـــان و بـــە شێوەیەك بەختەوەریی زۆرینە دەبێت بە قوربانی ژیانی کەمینە.
- لێکترازانی بەها کۆمەڵایەتییەکان.
- پێشێلکاری لە مافەکانی مرۆڤ و نایەکسانی لە هەلی کاردا بۆ هەموان.
- وەستانی سەرمایەگوزاریی بیانی لە وڵاتدا.
- لەکەداربوونی ناو و ناوبانگی سیستمی سیاسی لە ناوە و دەرەوە.
- لاوازبوونی میدیای ئازاد و گرانیی گەیشتن بە سەرچاوەی زانیارییەکان.
- نیفاقی سیاسی و تاکی نابەرپرس و ئیهمالی دروست دەبێت.

- پەرەسەندنی گەندەڵی، دواجار لە دیاردە و عەیبەوە دەبێتە کولتوور.

- چۆنیەتی چارەسەر و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی:

بەو پێیەی گەندەڵی وەك پەتایەك لەم سێ سێکتەرە دەدات کە بریتین لە: سیاسی و ئابووری و ئیداری، بۆیە پێویستە سەحنی چاکسازییەکان ڕوو لەم سێ لایەنە بکات، بەم شێوەیە:

- گەشەپێدانی وازعی ئایینی (گەندەڵی، سزای دنیایی و دواڕۆژی لەسەرە).

- چەسپاندنی بنەماکانی حکومەتی چاك (الحكم الصالح) بە شەفافیەت، بەهێزکردنی میدیای ئازاد، پێکهێنانی کۆمیسیۆنی نەزاهە، خۆتازەکردنەوەی حکومەت، تەکنەلۆژیا (الحكومة الالكترونية).

- یاساسەروەریی و دەرکردنی یاسایەکی توندی دژەگەندەڵی و یاسای (من اين لك هذا) و دادوەر و داواکاری بەهێز.

- دروستکردنی دەزگای نەزاهە.

- زانکۆکان توێژینەوە بکەن، ڕێکخراوەکان و میدیا و ڕۆشنبیران و مامۆستایانی ئایینی ڕۆڵ ببینن.

- ئیرادەیەکی سیاسیی بەهێز بۆ بەرەنگاربوونەوەی و شەفافیەت و موسائەلە و بەهێزکردنی ڕۆڵی ڕەقابیی پەرلەمان.

- کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو لەم بوارەدا.

- چاودێریی وردی حسابی بانکی و زیممەی مالیی هەرکەس و بەرپرسێك.

- حکومەت بەرنامەیەکی ڕیفۆرمی ئیداری ڕابگەیەنێت: (بەرزکردنەوە و گەشەپێدانی توانای فەرمانبەران + حەلکردنی دامودەزگای ناپێویست +

پلەی ئەخلاقی بۆ فەرمانبەر ئەژمار بکرێت + ئەنجوومەنی ڕاژە + مەشق و سیستمی نوێ).

- بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە یاساکانی عێراق و هەرێمی کوردستاندا.

**لە عێراقدا ئەم یاسایانە دانراون:**

- قانون الكسب دون سبب سنة ١٩٥٨.
- قانون العقوبات العراقي رقم ١١١ لسنة ١٩٥٩.
- قانون غسيل الاموال ٢٠٠٤.
- قانون مفوضية النزاهة العراقية.

**لە هەرێم:**

- یاسای دەستەی نەزاهەی هەرێمی کوردستان.

# سەرنجی یاسایی لەبارەی
# کێشەی ئەنجوومەنی پارێزگای هەڵەبجە
## ٢٠١٨/٢/٨

**چەند سەرەتایەکی پێویست:**

١- پەرلەمانی کوردستان بە بڕیاری ژمارە ١١ لە ١٩٩٩/٩/٢٣دا بڕیاری هێنانەکایەی پارێزگای هەڵەبجەی بە سنوورە ئیدارییەکەیەوە داوە.

٢- ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی فیدراڵ بڕیاری بەپارێزگابوونی هەڵەبجەی داوە، بە ژمارە ٥٦٨ لە بەرواری ٢٠١٣/١٢/٣١.

٣- ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بڕیاری (استحداث)کردنی پارێزگای هەڵەبجەی داوە لە بەرواری ٢٠١٤/٣/١٣.

٤- سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان فەرمانی هەرێمیی بۆ پارێزگاکە دەرکرد لە بەرواری ٢٠١٤/٣/١٦.

٥- پەرلەمانی کوردستان بە بڕیاری ژمارە ٢٣ لە ساڵی ٢٠١٤ لە بەرواری ٢٠١٤/٩/٣٠، بڕیاری تەشریعیی پارێزگای هەڵەبجەی وەك پایتەختی ئاشتی ناساندووە.

٦- پەرلەمانی کوردستان لە بەرواری ٢٠١٥/٢/٥ بە یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٥، یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان- عێراقی دەرکرد.

٧- لایەنە سیاسییەکانی هەڵەبجە لە بەرواری ٢٠١٧/٣/١٢ ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی ئەنجوومەنی پارێزگای هەڵەبجە، بەڵام تا ئێستا لە لایەن ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی ناوخۆوە فەرمانیان بۆ دەرنەچووە.

دەستکەوتەکانی بەپارێزگابوونی هەڵەبجە:

١- ئەنجوومەنی پارێزگای تایبەت بە خۆی دەبێت، کە ژمارەی کورسییەکانی نزیك دەبێت لە ٢٥ کورسی بەپێی ئاماری ژمارەی دانیشتووانەکەی لە ساڵی ٢٠١٤ کە (٣٣٧,٠٠٠) کەسە.

٢- دادگای ئیستئنافی خۆی دەبێت.

٣- لە بودجەی ساڵانەی هەرێمی کوردستان وەك پارێزگایەك بەشی دیاریکراوی دەبێت. هەروەها لە بودجەی حکومەتی فیدراڵدا بە هەمان شێوە وەك پارێزگایەك دەناسرێت و مافە داراییەکانی دەقنووس دەکرێن.

٤- تەواوی زەویی کشتوکاڵی و نیشتەجێبوونەکانی سنووره ئیدارییەکەی کە تا ئێستا تاپۆ نەکراون، تۆمار دەکرێن.

٥- بەپارێزگابوون پاداشتێکی مەعنەوییە بۆ ئەو قوربانییە گەورەیەی کە ئەم شارە داویەتی، هەروەها ئەو مێژووە لە شەهید کە تۆماری کردووە.

٦- سەرجەم وەزارەتەکان ئاستی بەڕێوەبەرایەتییەکانیان بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتی بەرز دەکەنەوە.

٧- بەپێی پرەنسیپی لامەرکەزیی ئیداری، ژمارەیەك ئیمتیازی دیکە بۆ پارێزگاکە دەبێت.

٨- بودجەی (تنمية الاقاليم) دەیگرێتەوە.

٩- وەبەرهێنان و پیشەسازیی زۆر لە سنوورەکەدا پەرەدەسەنێت.

١٠- هەریەك لە سێکتەرەکانی (گەشتیاریی، زانکۆ و پەیمانگا، لقی بانکیی، مەرزی سنووریی...) دەبێت.

**ڕاسپاردە:**

١ – هەموارکردنـــەوەی یاســـای ئەنجوومـــەنی پارێزگاکـــانی هـــەرێمی کوردستان ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩، بـە شـێوەیەك کـە جێگـای ئەنجوومـەن و پێکهاتەی ئەم پارێزگا نوێیەی تێدا بکرێتەوە.

٢– کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی بە نووسراوێك ڕۆژی هەڵبژاردنی ئەم پارێزگا نوێیە دیاری بکات و هەر لەم ساڵیشدا پڕۆسەکە ئەنجام بدات.

٣– ڕاستە ئەنجوومەنەکە سیفەتی یاسایی نییە، بەڵام پارێزگای هەڵەبجە دەتوانێت پەنا بەرێتە بەر دادگای کارگێڕی بۆ ئـەوەی لایـەنی سـەروو خـۆی پابەنـد بکـات کـە یاسـا و فەرمانـەکان بـۆ پارێزگاکـە و دەسـتبەکاربوونی ئەنجوومەنەکە جێبەجێ بکات.

٤– نوێنەرانی کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق فشار بکـەن لەسـەر حکومەتی فیدراڵ کە لـە پڕۆژەبودجـەی سـاڵی ٢٠١٨دا نـاوی هەڵەبجـە وەك پارێزگا بێت و شایستەی دارایی خۆی هەبێت.

٥– لە کاتی پابەندنەبوونی حکومەتی فیدڕاڵ، پەنا بۆ تۆمارکردنی داوا لە دادگای باڵای فیدڕاڵیی عێراقی ببرێت.

# لەبارەی هەوڵەکانی حکومەت بۆ پێداچوونەوەی گشتگیری یاساکانی هەرێمی کوردستان

## ٢٠١٧/٦/٦

وەزارەتــی پلانــدانانی حکومــەتی هــەرێم لەگــەڵ ئەنجوومــەنی شــوورای هەرێمی کوردستان کـە لـە ڕووی مەرجەعـەوە سـەر بـە وەزارەتـی دادە، بـە پشتیوانیی (دارایـی و زانیـاری)ی سـندووقی دراوی نێودەوڵـەتی، پڕۆژەیـەك جێبەجێ دەکـەن کـە بریتییـە لـە پێداچـوونەوەی گشـتگیری سـەرجەم ئـەو یاسایانەی لە هەرێمی کوردستان دەرچوون، یان تا ئێستا بەرکارن.

لە بەرواری ٢٠١٧/٦/١ لە هۆتێل ڕۆتانای هەولێر، دانیشتنێك بۆ نوێنـەری وەزارەت و دەستەکان ڕێك خراوە، کە تیایدا نوێنەری ئەنجوومەنی دادوەری و کۆلێژی یاسای زانکۆی سەلاحەدین و سەندیکای پارێزەران ئامادە بوون.

لە دانیشتنەکەدا باسێکی سەرەتایی پڕۆژەکـە و دیـارترین مەعالیمـەکانی پڕۆژەکە کراوە و حەوت پرسیار بە نوێنەری وەزارەت و دەستەکان دراوە کە لە ماوەی هەفتەیەکدا وەڵامیـان بدەنـەوە. ئـەم پڕۆژەیـە کـارێکی گـەورە و خزمــەتێکی یاســایی زۆر ناوازەیــە کــە پڕۆســەی پێداچــوونەوە و هــەموار و نوێکردنەوە بە بەردەوامی بۆ دەقە تەشـریعییەکان بکرێـت و کوردسـتان لـە زۆری و نــەگونجاوی و فــەوزای تەشــریعی ڕزگــار بکرێــت، بــەڵام پڕۆژەکـە سەرنجی زۆر هەڵدەگرێت کە دیارترینیان بریتییە لە:

١- هەرێمی کوردستان پێگـە یاسـاییەکەی هەرێمێکـە لـە چوارچـێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵدا، کە بەپێی ماددەی ١٢٠ی دەسـتووری کۆمـاری عێراقـی

ساڵی ٢٠٠٥، مافی هەبوونی دەستوورێکی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام تا ئێستا و لە هەر خولێکدا، لیژنەیەك بۆ ئامادەکردنی ڕەشنووسی ئەو دەستووره پێك هاتووه و تا ئێستا ڕەشنووسێك و چەند هەوڵێك لەبەردەستە، کەچی تا نەبووەتە دەقێکی دەستووریی کوردستانی و ئەم پایە سەرەکییەی دەوڵەتی یاسا لە کوردستان نەهاتووەتە دی.

لێرەوە دەتوانین بڵێین: ئەولەویەتی هەرکارێك تایبەت بە پرسی پێداچوونەوەی یاساکان، لە پێشتردا جەخت لەسەر هەبوونی دەستوورێکی سەربەخۆ بکرێتەوە، کە لە پاش دانانی دەستوورەکە (وەك دایکی یاساکان) دەبێتە ئەرکێکی حەتمی کە تەواوی یاساکان لەبەر ڕۆشنایی دەقە دەستوورییەکاندا پێداچوونەوە و گونجاندن (مراجعە و موائمە)یان بۆ بکرێت.

کەواتە ئەرکەکە لە کاتی بوونی دەستووردا زۆر ئاسانتر و گونجاوترە.

٢- ئەرکی ئەنجوومەنی شوورایە ئەو پڕۆژەیاسایانەی کە لە حکومەتەوە بۆ پەرلەمان بەرز دەکرێنەوە، ئامادە یان پێداچوونەوەیان بۆ بکات، دوای دەرچوونیشی لە پەرلەمانەوە وەکو یاسا و دەرچوواندنی و بڵاوکردنەوەی و بەرکاربوونی، شرۆڤەی دەقە یاساییەکان و ڕای خۆی لەبارەیانەوە بدات.

بەڵام ئەرکێکی وەها گەورە بە تایبەت کە چوارچێوەی کارکردنی تا ئێستا دیار نییە، ئایا بە تەنها ئەرکی ئەنجوومەنەکەیە؟ هەروەها ئایا تەنها تەشریعی وەزارەت و دەستەکان دەگرێتەوە، یاخود تەواوی یاسا بەرکارەکان؟ ئایا تەواوی تەشریعاتە عێراقی و کوردستانییەکان دەگرێتەوە، یاخود تەنها کوردستانییەکان؟ پاشان پێداچوونەوەکە بریتی دەبێت لە هەمواری یاساکان یاخود دەرچوواندنی یاسایەکی نوێ؟

٣- پرۆسەی یاسادانان سەرەکیترین ئەرکی پەرلەمانە، هەر پرۆژەیەك جا نویێ بیت یان هەموار، دەبێت لەلایەن خودی پەرلەمانەوە دەنگی پێ بدرێت و دەربچووێنرێت.

پرۆژەیەکی وەها گەورە و نادیدەگرتنی ڕۆڵی ئەم دامەزراوە گرنگە، پرۆسەکە زۆر ناتەواو دەکات و لەدایکبوونێکی سروشتی نابێت!

ئەی ئایا نوێنەرە بیانییەکانی سندووقەکەی دراوی نێودەوڵەتی، پەییان بەو ڕاستە نەبرد کە ئایا پەرلەمانتاران و ڕاوێژکارانی ئەو دامەزراوەیە بۆ غائیبن و بەشدار نەکراون و سەرنجەکانیان نەزانراوە؟!

٤- چەند ئەزموونێکی پێشتر پێمان دەڵێت لە کاتی بەخەرجنەدانی وردبینیی زۆر و ئیرادەی سیاسیی بەهێز، ئەنجامی خراپ دەدەین بەدەستەوە. نموونەی ئەو پرۆژەچاکسازییەی کە وەزیری دارایی حکومەتی هەرێم ئامادەی کرد، بە بیرۆکەکانی وەزیری پێشووتری دارایی لوبنان (کە لوبنان یەکێکە لە وڵاتە گەندەڵەکان) و تێچوویەکی زۆری بۆ تەرخان کرا، لەگەڵ ئەوەدا تا ئێستا یەك دێڕی لێ جێبەجێ نەکراوە.

٥- ڕاستە وەك نەخشەڕێگا پرۆژەکە لەلایەن ئەنجوومەنی شووراوە ئامادە کراوە و ماوەی سێ ساڵی بۆ دانراوە لە چوارچێوەی ئامانجی ستراتیژیی ئەنجوومەنەکە کە بریتییە لە (پێداچوونەوەی داڕشتنەوەی یاساکان کە لەگەڵ واقیعی هەرێمی کوردستاندا ناگونجێت)، بەڵام ئەولەویاتەکانی پێشتر و ڕەشنووسی ئامادە لەم بوارەدا نییە.

٦- یاسای دامەزراوەکان کە ڕەوتی کاری ئەو دەزگایانەی ڕێکخستووە، ناتەواوی و دژیەکیی زۆری تیادایە و پێویستی بە هەموار یاخود ئیلغا یان وەستاندنی کارپێکردنی هەیە. ئەم ئەرکە بە پلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی

دامەزراوەکان خۆیان هەریەکە لە بواری خۆی، پاشان لە قۆناغی دووەمدا لە پەرلەمانەوە کۆی سەرنجەکان کۆبکرێتەوە و وەك پرۆژەیەك خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

٧- ئەوەی پێی دەوترێت (فوضى تشريعية) لە عێراق و کوردستاندا هەیە، بەلاّم ئەو ڕاستییەش هەیە کە ئێمە گرفتی گەورەمان لە جێبەجێکردندا هەیە، واتا یاساکان دەقی زۆر جوان و باشیان تیادایە، بەلاّم جێبەجی ناکرێن. یاساکان دەسەلاّت دەپارێزن، نەك هاوولاّتی.

٨- پێشنیار دەکەم بۆ سەرکەوتنی پرۆژەکە:

- پەرلەمانی کوردستان سەرپەرشتیار و بەشداری سەرەکیی پرۆژەکە بێت.

- پەلە بکرێت لە تەواوکردنی ڕەشنووسی دەستووری کوردستان و بخرێتە ڕاپرسییەوە.

- فەلسەفەی دروست بۆ داڕشتنەوەی تەشریعات (صياغة التشريعات) لە هەرێمدا دیاری بکرێت.

- ناوەندێکی بالاّ بۆ ئەم پرۆژەیە دروست بکرێت کە دابەش بن بەسەر چەندین لیژنە و پێك بێت لە (نوێنەری بەشی یاسایی وەزارەت و دەستەکان، زانکۆکانی کوردستان، سەندیکا و نەقابە یاساییەکان، ئەکادیمییەکان لە بواری یاسادا، ئەزموونی دەرەکی.....).

- چەند ڕەشنووسێك ئامادە بکرێن بۆ هەریەك لە یاسا (سزایی، مەدەنی، بازرگانی، ئیداری، دەستووری...)یەکان و بۆ ڕایگشتی بلاّو بکرێتەوە.

- لەم قۆناغەدا ژمارەیەك یاسا لەبەرچاو بگیرێت و کاریان لەسەر بکرێت، نەك سەرجەم یاساکان بە (خاص و عام)ەوە.

# لەبارەی درێژەدان بە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان
## ٢٠١٧/١٠/٢٤

ئەمڕۆ ٢٠١٧/١٠/٢٤ لە دانیشتنێکی ئاساییدا و بە ڕێکارێك، ماوەی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان بۆ (٨) مانگی دیکە درێژ کرایەوە. ئەم سەرنجانەی خوارەوە لەسەر پرۆسەکە دەخەمە ڕوو:

١- دانیشتنەکەی پەرلەمان لە ٢٠١٧/١٠/٢٤ بە بەرنامەیەکی کار ئەنجام دراوە، بەڵام بە شێوەیەك هیچ بڕگەیەکی بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خولەکە و ئەنجامدانی هەڵبژاردنە گشتییەکان لەخۆ نەگرتبوو، واتا بە نهێنی و دوور لە ڕەزامەندیی ئەندامانی پەرلەمانیش، ڕێککەوتنی چەند لایەنێك لە دەرەوەی پەرلەمان هێنراوە و سەپێندراوە بەسەر ئیرادەی ئەنداماندا. تەنانەت دانیشتنەکە کراوە بە نهێنی و لە تاریکیدا بڕیارێکی وەها دراوە کە (٣) فراکسیۆنی پەرلەمانی ئامادە نەبوون.

٢- بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، دەستپێکردنی خول لە ڕۆژی سوێندخواردنەوە دەست پێدەکات، بە کۆتایی چوار ساڵ، خولەکەش کۆتایی دێت. هەروەها ئەندامی پەرلەمان بە سیستەمی نوێنەرایەتیی هەڵبژێردراوە کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە. واتا هیچ دەقێکی یاسایی نە لە یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، نە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان نییە، کە ڕێگە بدات پەرلەمان تەمەنی خۆی درێژبکاتەوە. تەنانەت هەندێك وڵات درێژکردنەوە بە دەقی دەستووریی قەدەغە دەکەن.

٣- درێژکردنەوەی خولەکە بۆ (٨) مانگ، دواخستنی ڕۆژی هەڵبژاردنەکان بۆ بەروارێکی نادیار، چارەنووسی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم

که بەپێی یاسای سەرۆکایەتی دەبێت لە هەمان ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا ئەنجام بدرێت، بە نادیاری مایەوە. زیاتر وا پێدەچی کە ئەو هەڵبژاردنە نەکرێت.

٤- داخوازی بۆ درێژکردنەوەی خول: لە لایەك پرۆژەیاساکە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ نەکرابوو، هەروەها نەهێڵدرا گفتوگۆی بەشدارانی کۆبوونەوەکەشی بۆ بکرێت، لە لایەکی ترەوە کەس نازانێت بۆچی (٨) مانگ دیاری کرا، لە کاتێکدا سەرۆکی فەرمانگەی هەڵبژاردن لە کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، تەواوی ئامادەکارییەکانی کۆمیسیۆنی بە سەرۆکایەتیی پەرلەمان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان وتووە، کە ئامادەن بۆ وەها پرۆسەیەك.

٥- ئەو بەروارەی دانراوە، زۆر نەگەنجاوە، چونکە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق ٥/١٢ی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق داناوە.

ئایا دوای چل ڕۆژی دوای ئەو بەروارە، سایکۆلۆژیای دەنگدەران دووبارە هەڵبژاردن قبووڵ دەکات؟

٦- (٨) مانگ واتا دوو خولی گرێدان، بەڵام مانگەکانی پشووی نێوانیان کە لە پەیڕەودا هاتووە، ئەژمار نەکراوە، واتا ئەگەری ئەنجامدانی هەڵبژاردن دوای ئەو بەروارەش، نییە.

٧- لە ماددەیەکی پرۆژەیاساکەی ئەمڕۆدا، هاتووە کە لەلایەن سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە پەسەند دەکرێت. واتا دەسەڵاتی دەرچوواندنی یاسا کە سەرۆکی هەرێم لە کاتی یاساییبوونیدا بەکاری دەهێنا، هەر وا و بە شەفەیی، بەبێ هەمواری یاسای سەرۆکایەتیی ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥، وەرگیراوەتەوە ! !

# لەبارەی دواگرێبەستی نەوتیی حکومەتی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیای ( ڕووسنەفت )ی ڕووسی ٢٠١٧

## ٢٠١٧/٦/٤

لە خوارەوە سەرنجەکانم لەبارەی ئەم گرێبەستەوە، بە تایبەت لە ڕووی یاسایی و سیاسییەوە، دەخەمە ڕوو. کەلێن و ناتەواوییەکانی پرسەکە ڕووندەکەمەوە، لە کاتێکدا خاڵەکانی ئەم گرێبەستە بە هیچ شێوەیەك دیار نییە.

١- مەلەفی وزە، بە تایبەت نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان، بەم یاسایانەی خوارەوە ڕێك خراوە:

- دەستووری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥.
- یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان – عێراق، ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧.
- یاسای وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە ٢١ی ساڵی ٢٠٠٧.
- یاسای سندووقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان، ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٥.

٢- لە مادده ٢٤ی یاسای نەوت و گازی هەرێم، دەقنووس کراوە کە وەزیر بۆی هەیە بە ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی وەزیران گرێبەستی نەوت بۆ دۆزینەوە و پەرەپێدانی ناوچەیەکی دیاریکراو ئەنجام بدات. بەڵام لە بڕگەی دووەمی هەمان ماددەدا ئەوە بە مەرج گیراوە کە گرێبەستی نەوت پشت بە گرێبەستی عقودی مشارکە یان هەر گرێبەستێکی دیکە ببەستێت.

٣- بەپێی یاسای ناوبراو، پێویستە سەرجەم گرێبەستەکان و ڕەزامەندی لەسەریان لە ئەنجوومەنی هەرێمی کە سەرۆك و جێگری ئەنجوومەنی وەزیران و سێ وەزیر ئەندامن تیایدا، بدرێن.

٤- بەپێی یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم، ژمارە ٣ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، بەستنی ئەم گرێبەستانە (ابرام العقود) لە دەسەڵاتەکانی نییە، تەنانەت لە ماددەی سیازدەیەم، وەزیر سەبارەت بە سیاسەتی گشتیی وەزارەتەکەی و هەر کاروبارێك، لە بەرامبەر پەرلەمانی کوردستاندا بەرپرسیارە.

٥- لە ماددەی دوازدە، بڕگەی چوارەم لە یاسای سندووقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان، هاتووە: کە سندووقێك بۆ کۆکردنەوە و دابەشکردنی داهاتە نەوتییەکان دادەمەزرێت و بەرپرسیاریەتیی خۆی بەپێی ئەو پرەنسیپ و ستاندارانەی تایبەتن بە دەستپێشخەریی شەفافیەت، ناسراو بە (EITI)، پیادە بکات.

٦- لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراودا، هیچ ئاماژەیەك بە ئەنجامدانی گرێبەست و پرسی لەو بارەیەوە نەکراوە، تەنها ئاماژە بە یەکێك لە ئەرك و دەسەڵاتەکانی پەرلەمان کراوە کە چاودێرییە لەسەر کارەکانی حکومەت و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ڕوونتر ئەو دەسەڵاتەی بە ئەندام داوە کە پرسیار، یاخود پرساندن لە بەراببەری وەزیردا بۆ هەرپرسێك ئەنجام بدات.

تەنانەت بڕیاری ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ی پەرلەمان، ئەو دەسەڵاتەی بە پەرلەمان داوە کە مەرجەعە بۆ سەرجەم پرسە چارەنووسسازەکانی هەرێم، کە یەکێکیان ئەنجامدانی گرێبەستی وەها گەورە و دەرەکییە.

٧- ئەم گرێبەستە دوای دۆڕاندنی سکاڵاکان بە هۆی گرێبەستەکان و جێبەجێنەکردنی پابەندییەکانی حکومەت لە بەرانبەر کۆمپانیای (دانا غاز)دا دێت، زیاتر لە کارێکی ئاڵوگۆڕی پارە دەچێت.

٨- کەس لە وەزیران و پەرلەمان و تەنانەت مەکتەبی سیاسیی حیزبەکانیش، لە بەندەکانی ئەم گرێبەستە ئاگادار نین.

٩- حکومەتی ناوەند ئاگادار یاخود ڕەزامەند نییە لەسەر ئەم گرێبەستە. پێشنیار دەکەم نادەستووریبوونی ئەم گرێبەستە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بورووژێنرێت.

نەوت پرسێکی فرەلایەنە: یاسایی، سیاسی، ئابووری... لەخۆدەگرێت، بۆچی ڕووسیا ئەمجارە کراوەتە لایەنی ڕێککەوتن، لەوانەیە مەبەستیان فێڵکردن بێت لە کۆمپانیا ڕووسییەکان، چونکە کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان زۆر بە دوودڵییەوە بۆ گرێبەست دێنە پێشەوە.

١٠- ئایندەی عەقدەکە وەستاوەتە سەر ناوەڕۆکەکەی. ئەگەر پرۆفیشناڵانە نووسرابێت و ئەرك و کات و شوێنەکەی و کەمترین لەزمەی یاسایی بۆ هەرێم تیادا بێت، دەکرێت گونجاوەی بۆ دابنێین.

ئەگەرچی ناکرێت ناوەڕۆکی وردی گرێبەستی نەوت بدرێتە دەستی خەڵکی، چونکە تایبەتمەندێتیی کۆمپانیای نەوتیی تیادایە، بەڵام لانی کەم ساڵێك زیاتری دەوێت تا ئەنجامەکانی دەربکەون.

١١- گرێبەستەکە زۆر (مغریە) حکومەت زۆری پێخۆشە، چونکە سیاسەتێکی ئابووریی درێژخایەنی سەرکەوتووی نییە، تەنانەت وەك باس دەکەن تەنازولاتی زۆری تیادا کراوە، بە ئامانجی پڕکردنەوەی بۆشاییە داراییەکانە و بۆ کاتێکی کورتە.

# لەبارەی لێبوردنی گشتی و
# پڕۆژە پێشکەشکراوەکان بە پەرلەمان
## ٢٠١٧/١١/١٨

زانراوە کە لێبوردنی گشتی هۆکارێکە بۆ کۆتاییهێنانی بڕیاری دادگا لە سەرجەم تاوانە ناسراوەکان بە (الجرائم الاصلية او التبعية او التكميلية)، واتا تاوانەکە دەسڕێتەوە و کۆتایی پێ دەهێنێت، هەروەها بڕیاری ئیدانە و هەموو ڕێکارەکانی سکاڵاکردن و لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگە و لێکۆڵینەوەی سەرەتاییك هەتا دادگاییکردن و وەرگرتنی پلەی کۆتایی بڕیارەکە دەگرێتەوە.

لێبوردنی گشتی لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە دەردەچێت، بەڵام ناساندنی بە گشتی مانای ئەوە نییە کە سەرجەم تاوانەکان دەگرێتەوە بەبێ هەڵاواردن (استثناء)، بەڵکو وەك لە کۆی یاساکانی لێبوردنی گشتیدا هاتووەك هەڵاواردن بۆ کۆمەڵێك تاوان دەکرێت.

کەواتە دەتوانین بڵێین کە لێبوردنی گشتی بریتییە لە (وەستاندنی تەواوی ڕێکارە یاساییەکان دژی تاوانبار یان تۆمەتباران، بەپێی یاسایەك کە لە لایەنی پەیوەندیدارەوە دەردەچێت، کە تەنها تاوانەکە لا دەبات یان سووکی دەکات، بەبێ دەستکاریی مافە کەسییەکان و داواکاری بە قەرەبووکردنەوە). واتا لێبوردنی گشتی مافە کەسییەکان و داخوازی بەو مافانە ناگرێتەوە کە قەرەبووی زیانەکانیان لە دادگای تایبەتمەند بکەنەوە.

ئاشکراشە کە لێبوردنی گشتی تاوانەکە دەسڕێتەوە بەپێی ماددەکانی ١٥٠ و ١٥٤ لە یاسای سزادانی عێراقی، ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو. سەرجەم دۆسیەکان لە لێکۆڵینەوەشدا بەپێی ماددەی ٣٠٥ لە یاسای (بنەماکانی دادگای سزایی ژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو)، بەڵام لێبوردنە گشتییەکە سنووردارە وەك لە پڕۆژەیاساکاندا دیارە و پەیڕەوی سیستەمی هەڵاواردنی کۆمەڵێك تاوان دەکرێت.

لەم نووسینەدا لە چەند ڕوویەکەوە خوێندنەوە بۆ پرسەکە و ئەو پڕۆژەیاسایانەی پێشکەش کراون، دەکەم:

## مێژووی یاسا و پڕۆژەکانی لێبوردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا:

لە ڕابردوودا بە دیاریکراوی لەو کاتەوەی کە هەرێمی کوردستان خاوەنی دامەزراوەی یاسادانانی خۆیەتی، دوو جار لێبوردنی گشتی دەرچووە کە ئەوانیش بەم شێوەیە بوون:

١- یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٠٧ لە بەرواری ٢٠٠٧/٤/١٠.

٢- یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٢ لە بەرواری ٢٠١٢/٦/٤.

٣- لە عێراقیش بە یاسای ژمارە ١٩ی ساڵی ٢٠٠٨ و دواهەمینیشیان بە یاسای ژمارە ٢٧ی ساڵی ٢٠١٦ لە ئەنجوومەنی نوێنەران دەرچووە.

٤- لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستاندا سێ پڕۆژە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە بۆ لێبوردنی گشتی پێشکەش کراون و خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە، کە ئەوانیش بریتی بوون لە:

- پرۆژەی یەکەم بە ژمارە ١٧ لە ٢٠١٤/٩/٢٢.
- پرۆژەی دووەم بە ژمارە ٢٤ لە ٢٠١٤/٩/١٨.
- پرۆژەی سێیەم بە ژمارە (-) لە ٢٠١٧/١١/٦.

**پاڵنەرەکانی دەرکردنی لێبوردنی گشتی لە ئێستای هەرێمی کوردستان:**

ئەو دەسەڵاتەی کە سزا دەسەپێنێت بەسەر تاوانکاردا، ناتوانێت هەر خۆیشی لێبوردن لە تاوان بکات، بۆیە ئەم ئەرکە بۆ پەرلەمانی کوردستان دانراوە، بەلام بە ڕەچاوی ئەوەی نابێت کە دەخالەت لە دەسەڵات و تایبەتمەندیی ئەم دەسەڵاتە بکات و فەلسەفەی سزادان لە ماناکەی خۆی خاڵی بکاتەوە، کە بریتییە لە سزادانی تاوانبار و تەمێکردنی ئەوانی دیکە.

بۆیە دەتوانیین بڵێین کە پرۆژەکانی ئەم خولە لە پەرلەمان بەم پاساوانە پێشکەش کراون:

١- کۆمەڵێك حوکمدراو لە ئەنجامی هەڵەی دادوەرییەوە سزا دراون کە پێویست دەکات دەرفەتی دیکەیان پێ بدرێت، وەك دەشزانین کە ماوەیەکی زۆرە بەند کراون.

٢- پێدانی دەرفەتی ئازادبوون بە کۆمەڵێك حوکمدراو کە ڕاپۆرتی ئیدارەی چاکسازییەکە و بریکاری داواکاری گشتی دەیسەلمێنێت کە (سیرە و سلوك)یان باش بووە.

٣- قەرەباڵغیی خانەکانی چاکسازی لە سەرجەم بیناکانیان بە شێوەیەك ئێستا حوکمدراوان ژمارەیان لە ٤٥٠٠ کەس زیاترە و دەتوانین بڵێین شوێنەکانیان نەگونجاوە بۆ ئەرکی چاکسازیی تیایدا و زۆربەیان چاوەڕوانی وەها لێبوردنێك دەکەن.

**بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە پێویستە ئەم کارانە بکرێن:**

١- لەگەڵ ئەوەی کە کەسی حوکمدراو لە یاساکانی لێبوردنی گشتیدا لەبەرچاو دەگیرێت، بەڵام پێویستە کە دۆخی قوربانییەکە و کەسوکاری و ئاسایشی کۆمەڵگا و ئەو مەترسییانەی ئەم کارە تاوانکارییە خستوویەتیەوە، لەبەرچاو بگیرێت، چونکە داواکارانی مافی کەسی پایەی سەرەکیی داوا جەزائییەکانن.

٢- پێویستە پەرلەمان ئامارێکی وردی لە بەردەستدا بێت لەسەر هەریەك لە (ڕاگیراوان، حوکمدراوان، ماددەکانیان، سوودمەندبووان و گەڕاوەکان بۆ تاوان دوای سوودمەندبوون).

٣- سەرنج و پێشنیاری لایەنی پەیوەندیدار وەربگیرێت، بە تایبەت (دەسەڵاتی دادوەری، وەزارەتی کار، چاکسازییەکان، ڕاپۆرتی ڕێکخراوە تایبەتمەندەکانی بەندییەکان...).

٤- هەبوونی داواکاریی نووسراوی لێخۆشبوونی داواکارانی مافی کەسی لەو دۆسیانەی کە لێبوردنی گشتی دەیانگرێتەوە.

٥- ڕاپۆرتی ئیدارەی چاکسازییەکە و توێژەری کۆمەڵایەتی لەسەر بەندییەکە کە چاکبوونی بسەلمێنێت.

٦- نابێت لێبوردنی گشتی تاوانباری موحتەریف بگرێتەوە کە وێنەیان لە چاکسازییەکان زۆرن، چونکە ئازادبوونی ئەم جۆرە کەسانە کارەساتن بۆ کۆمەڵگا، بە تایبەت لەم کاتەدا کە قەیرانی ئابووری لە لووتکەدایە و چەندین تاوان زۆر بووە، نموونەیان وەك تاوانە ماڵییەکان.

٧- دۆسیەکانی گەندەڵی کە ساڵانێکە دەستەی دەسپاکی و لیژنەی دەستپاکیی پەرلەمان و داواکاری گشتی و دادگاکانی لێکۆڵینەوە پێیەوە خەریکن، نابێت بە هیچ شێوەیەك لێبوردن بیانگرێتەوە.

٨- ئەو تاوانانەی لێبوردنی گشتی دەیگرێتەوە، پێویستە بە ڕوونی لە سیستەمی سزایی جێبەجێکراودا پێناسە کرابێت.

٩- کارەساتە ئەوانەی بە غیابی حوکمدراون، لێبوردن بیانگرێتەوە.

١٠- ئەگەر لێبوردنی گشتی هەموو دۆخەکان لەبەرچاو نەگرێت، ئەوا ئەم ڕووداوانەی لێدەکەوێتەوە (دەستکاری لە دەسەڵاتی دادوەری، بەفیڕۆچوونی ماندووبوونی دادگاکان و کەرتەکانی پۆلیس، تاوانباران وا لێدەکات کە سڵ لە سزا نەکەنەوە، هاووڵاتی متمانەی بە دادگاکان نامێنێت و بە دەستی خۆیان تۆڵە دەکەنەوە و هتد...).

١١- پێشنیار دەکەم ئەگەر ئەم یاسایە دەرچوو، ئەوا پڕۆژەیەك ئامادە بکرێت و دەنگی پێ بدرێت بە ناوی (سیستەمی چاکسازیی بەدیل) و بەخێرایی لە چاکسازییەکان جێبەجێ بکرێت.

**هەڵسەنگاندنی پڕۆژەیاساکان:**

لە خوارەوە هەڵسەنگاندن بۆ هەرسێ پڕۆژەیاساکە دەکەم و پڕۆژەیەکی نوێیان لێ دروست دەکەم و بەو شێوەیەی کە نووسراوە دای دەڕێژمەوە:

**ماددەی یەکەم:**

لێبوردنی گشتیی حوکمدراوان (بەندکراو + دەستبەسەرکراو) دەگرێتەوە بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە، کە دۆسیەکانیان پلەی کۆتایی

وەرگرتبێت یان نا، بەبێ زیانگەیاندن بە بەرپرسیاریەتیی مەدەنی، یان بەرزەفتکاریان بە مەرجی بوونی ئاشتەوایی لە دۆسیەکەیاندا.

**ماددەی دووەم:**

سزای ئەوانەی حوکمی لەسێدارەدان دراون بە مەرجی ئەوەی ئاشتەوایی لایەنەکانی کێشەکە هەبێت و هاوپێچی دۆسیەکەی کرابێت، کەم دەکرێتەوە بۆ سزای هەتاهەتایی.

**ماددەی سێیەم:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەبێت لەسەر:

١- ئەو کێشانەی کە دۆسیەکانیان لە دادگاکانی لێکۆڵینەوەدایە و ئاشتەوایی لە نێوانیاندا کراوە، جگە لەو تاوانانەی کە لە (ماددەی حەوتەم)دا هاتوون، ڕاگیرابن بە فەرمانی دادوەر، یان هیچ ڕێکارێک لە دۆسیەکانیان نەکرابێت.

٢- ئەوانەی بە تاوانی سەرپێچی ڕاگیراون و دۆسیەکانیان لە دادگادایە و ئاشتەوایی و ڕێکەوتن لە نێوان لایەنەکانی کێشەکە کراوە.

**ماددەی چوارەم:**

لێبوردنی گشتی ئەم تاوانانەی خوارەوە ناگرێتەوە:

١- ئەو تاوانانەی دەقنووس کراون لە یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥.

٢- ئەو تاوانانەی دژ بە ئاسایشی ناوخۆ و دەرەوەی هەرێمن، بە مەرجێك تاوانەکە بووبێتە هۆی کوشتن، یان ناتەواویی جەستەیی بۆ قوربانییەکە.

٣- بازرگانی و بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان.

٤- تاوانەکانی بازرگانی بە مرۆڤ و بە پارچەکانی جەستەیەوە.

٥- تاوانی ڕفاندن کە بە هۆیەوە ونبوون، یاخود مردن، یان ناتوانایی جەستەیی و عەقڵیی قوربانییەکەی لێکەوتبێتەوە.

٦- تاوانەکانی ئیختیلاس و دزینی ماڵی گشتی و بەهەدەردانی موڵکی گشتی.

٧- تاوانەکانی گەندەڵیی دارایی بە هەموو جۆرەکانیەوە.

٨- تاوانی ساختەکردنی دراو و بەڵگەنامەکان.

٩- بازرگانی بە دەرمان و خۆراکی بەسەرچوو.

١٠- تاوانی دەستدرێژی بۆ سەر فەرمانبەران لە کاتی دەوامی فەرمیدا.

١١- تاوانی کوشتنی بە ئەنقەست.

١٢- تاوانی بەقاچاخبردنی شوێنەوارەکان.

١٣- تاوانە ئابڕووبەرەکان وەك (زینا، زینای مەحرەم، دەستدرێژیی سێکسی، نێربازی).

١٤- حوکمدراوە گەڕاوەکان و حوکمدراوە هەڵاتووەکان.

١٥- ئەو تاوانبارانەی کە سوودمەند بوون لە لێبوردنی گشتی، یاخود تایبەت و گەڕاونەتەوە بۆ دۆخی ئەنجامدانی تاوان.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەو حوکمدراو و ڕاگیراوانەی کە بە تاوانەکانی تیرۆر بەند کراون و وتەکانیان بە زۆر وەرگیراوە، یان لەسەر ڕاپۆرتی هەواڵدەری نهێنی ڕێکاری یاساییان بەرانبەر گیراوەتەبەر، دەتوانن داوا بکەن کە لەلایەن لیژنە تایبەتمەندەکەوە کە لە ماددەی دواتر باس کراوە، پێداچوونەوە بە پەڕاوەکانیاندا بکرێت.

**ماددەی نۆیەم:**

بە مەبەستی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، لیژنەیەك بە سەرۆکایەتیی دادوەرێك لە هەر ناوچەیەکی تێهەڵچوونەوە لە هەرێمدا پێك دێت کە نوێنەرایەتی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەخۆ دەگرێت. بڕیارەکانی لیژنە قابیلی تانەلێدانە بە شێوەی تەمیزی لە لایەن کەسانی زیانمەندەوە لە ماوەی ٣٠ ڕۆژدا و بڕیاری دادگای تەمیزیش یەکلاکەرەوە دەبێت.

**ماددەی دەیەم:**

ئەحکامەکانی ئەم یاسایە ئەو کێشانەش دەگرنەوە کە پێش دەرچوونی ئەم یاسایە ڕوویان داوە و ئاشتەواییان تیادا کراوە.

**ماددەی یازدەیەم:**

ئەنجوومەنی دادوەری ڕێنمایی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەردەکات.

**ماددەی دوازدەیەم:**

لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانە کە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی سیازدەیەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیی وەقائیقی کوردستاندا جێبەجێ دەکرێت.

# لەبارەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە

## ٢٠١٧/١٠/١٥

سەبارەت بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کۆتایی خولی چوارەمدا، کە ڕۆژی ٢٠١٧/١١/١ بۆ ئەنجامدانی دانراوە، ئەم سەرنجانە دەخەمە بەردەست:

١- بەپێی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم، ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، سەرۆکی هەرێم فەرمانی ڕاسپاردن بۆ کۆمیسیۆن دەنێرێت و ئەوانیش وەڵام دەدەنەوە و ڕەزامەندیی پابەندبوون دەدەن، وەك لە (ماددەی دەیەم، بڕگەی دووەم)دا هاتووە. ئەگەرچی سەرۆکایەتیی هەرێم دۆخی یاسایی نییە، بەڵام فەرمانەکەی بۆ کۆمیسیۆن ناردووە، کۆمیسیۆنیش لە ڕۆژی ٢٠١٧/٨/١٤دا ڕەزامەندیی لەسەر وادەکە دەربڕیوە.

٢- بەپێی ماددەی دەیەم لە یاسای سەرۆکایەتی، پێویستە (٦٠) ڕۆژ پێش ئەو وادەیە، فەرمانی ئەنجامدان هەبێت، بەڵام وادەکە (١٦) ڕۆژی زیاترە، کە تیایدا کۆمیسیۆن بۆ هەڵبژاردنی (ڕاپرسی ٩/٢٥) و بە یەك جار ڕەزامەندیی هەردوو هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی لە ١١/١ دەربڕیوە، بەوەش پابوندبوونێك چووەتە سەر شانی کۆمیسیۆن بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە، لە کاتێکدا ڕاپرسییەکەی ئەنجام داوە و ئەزموونی بۆ پەیدا بووە، کەواتە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کات و ئامادەکاریدا نەگونجاو نییە.

٣- سەرۆکی پەرلەمانیش لە ڕۆژی (٢٠١٧/٥/٢٩)دا کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن ڕاسپاردووە،

ئەگەرچی ئەم ڕاسپاردنە لە چوارچێوەی ئەرکی سەرۆکی پەرلەماندا نییە. لەگەڵیدا کۆمیسیۆن ڕەزامەندیشی بۆ سەرۆکی پەرلەمان لە ٨/١٤ دەربڕیوە.

٤- ئەنجومەنی کۆمیسیاران و فەرمانگە یاساییەکەی کۆمیسیۆن، خۆیان هەڵەیان لە دیاریکردنی وادەکانی هەڵبژاردن کردووە، کە دیاریکردنی ئەم ماوانە بۆ هەڵبژاردنێکی سەرکەوتوو و یاسایی و خاوێن، ستانداری نێودەوڵەتین. نموونەی کاتە دیاریکراوەکانی کۆمیسیۆن:

- ١٠/١٥ دواڕۆژە بۆ لیستی ناوی کاندیدەکان کە پێشکەش بکرێن.
- ١٠/١٧ تا ١٠/٢٩ ڕۆژەکانی ڕیکلامی هەڵبژاردن.
- ١١/١ ڕۆژی هەڵبژاردن کە ١٠/٦ خولەکە کۆتایی دێت.
- بە یەکەوە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە هەمان ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەماندا بکرێت. وەك لە ماددەی چوارەم لە یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەڵبژاردندا هاتووە، ئەگەرچی هەردووکیان پێکەوە لە ڕووی یاساییەوە هەڵەیە، تەنانەت کۆمیسیۆن نە لە پەیڕەو و ڕێنماییەکان کە دەری دەکات، نە لە لێدوانی وتەبێژەکەشی، باسی ئەم هەڵبژاردنە ناکەن!
- ڕاستاندن بۆ دروستیی کاندیدەکان و ماوەی تانەدان و تەمیزکردنەوەی و بڕیاردان، هەمووی لە ١٥ ڕۆژدا پێویستە بکرێت!

٥- ئەگەرچی لە خولی یەکەم و دووەمدا پەرلەمان ماوەی خولەکانی خۆی درێژ کردووەتەوە، بەڵام مادەم شەرعییەتی پەرلەمان لە دەنگی دەنگدەرەوە بۆ چوار ساڵ هاتووە، ئەوا دەتوانین بڵێین نایاساییە، بەڵام بڕیاری دادگای فیدراڵیی لە ساڵی ٢٠٠٩دا هەیە کە ڕایگەیاندووە: پەرلەمان دەتوانێت تەمەنی خۆی درێژ بکاتەوە.

٦- ئەگەر درێژ کرایەوە، پێشنیار دەکەم تا ٢٠١٧/١٢/١٧ بێت و لەو ڕۆژەدا هەڵبژاردن بکرێت، لە لایەك کەمتر لە (٤٠) شەو دوور دەکەوینەوە لەو وادەیە، لە لایەکیش ڕۆژی ئاڵایە و بۆنەیەکی نیشتمانییە.

٧- پەرلەمان لە ماوەی درێژکردنەوەی تەمەنیدا دەیەوێت چی بکات؟

ئەگەر یاسای هەڵبژاردن هەموار دەکاتەوە، پێویستە ئەم یاسایە بۆ سەرۆکی هەرێم بنێردرێت بۆ دەرچوواندن، وەك لە ماددەی دەیەم، بڕگەی یەکەم/٢دا هاتووە، لە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم. ئەگەر پەرلەمان یەك یاساش بنێرێت (جا یاسای نوێ یان هەموار یان بڕیار بێت)، ئەوا داننانە بە یاساییبوونی ئەو پۆستە لە ئێستادا.

ئەگەریش ئامادەکارییەکان دەکات بە هاوکاریی کۆمیسیۆن، ئەوا ئیشی پەرلەمان نییە.

٨- دەستەواژەی کاربەڕێکەر بۆ کابینەی حکومەت دەبێت و بۆ خولی پەرلەمانی و پڕکردنەوەی بۆشایی یاسایی، نایاساییە.

٩- سەبارەت بە پاساوەکانی نائامادەیی کۆمیسیۆن بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە بە تایبەت لە دوو ڕووەوە، ئەوانیش کە بریتین لە:

- بەشدارکردنی کوردستانییانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم.
- خاوێنکردنەوەی تۆماری دەنگدەران.

لە ڕاستیدا ئەم دوو پرسە وەها بە پەلە چارەسەر ناکرێن. بەشداریی دەنگدەرانی ناوچە دابڕاوەکان پێویستی بە هەمواری یاساکە هەیە. پاشان گەڕانەوەی ئەو ناوچانە لە ڕووی یاساییەوە تا ئێستا ڕانەگەیەندراوە، چۆن مافی کوردی بەسەرەوەیە، ئاواش مافی حکومەتی ناوەندی بە سەرەوەیە.

هەروەها لە بارەی تۆماری دەنگدەرانەوە، ئەوا بە هۆی ئەوەی سەرجەم هەڵبژاردنەکان بەم تۆمارە کراوە، کەس پاساوی یاسایی ئەوە نازانێت بۆچی تەنها بۆ ئەم هەڵبژاردنە گرفت دروست بووە و پڕۆسەی خاوێنکردنەوە پێویستە ئێستا دەست پێ بکات.

# له پێناوی سروودێکی نیشتمانی بۆ هەموان

## ٢٠١٤/١٢/٢٣

وەك لە دەستوور و یاسای بنەڕەتیی ژمارەیەك لە وڵاتاندا هاتووە کە سروودی نیشتمانی وەك یەکێك لە ئەتەکێتی پرۆتۆکۆڵی سیاسی پەیڕەو دەکرێت، لە بۆنە سیاسی و نەتەوەیی و پێشوازییە پرۆتۆکۆڵییەکاندا پێشکەش دەکرێت.

لەم پێناوەدا هەرێمی کوردستانی عێراق وەك هەرێمێکی فیدراڵی، لەسەر ڕێی سەربەخۆبوونە، هەر بۆیە سروودێکی نیشتمانی کە لە بۆنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و بۆنە و یادەوەرییەکاندا بوترێتەوە، پێویستە. لە ئەنجامی بەدواداچوونم بۆ ئەم پرسە، گەیشتمە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- لە زۆرێك لە وڵاتان ماوەی پێشکەشکردنی سروودی نیشتمانی نابێت لە (٣) خولەك زیاتر بێت.

٢- لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا شاعیری ناوداری کورد (مامۆستا هەژار موکریانی) شیعرێکی بەو بۆنەیەوە هۆنیوەتەوە، کە گونجاوە سوودی لێ ببیندرێت.

٣- شاعیری ناوداری کورد (فایەق بێکەس) هۆنراوەیەکی بە ناونیشانی (خوایە وەتەن ئاواکەی) هۆنیوەتەوە، کە لە کاتی ئێستادا لە ڕووی ناوەڕۆکەوە گونجاوە وەك سروودێکی نیشتمانی پەیڕەو بکرێت.

٤- شاعیری کورد (شێرکۆ بێکەس) لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ شیعرێکی بەو بۆنەیەوە ئامادەکرد بوو، کە ئەویش گونجاوە سوودی لێ ببیندرێت.

٥- له ئەنجامی بەدواداچوون بۆ ژمارەیەك لە ولاتان، دەركەوتووە سرووده نیشتمانییەكەیان لەلایەن یەك هۆنەرەوە ئامادە نەكراوە، بەڵكو لەلایەن ژمارەیەك یاخود لیژنەیەكەوە ئامادە كراوە.

٦- سرووودی پێشنیاركراو لە هەردوو پرۆژەیاسا كە خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوە، بە ناوی سرووودی (ئەی ڕەقیب)، چەندین ئیشكال لە خۆی دەگرێت:

- لە ڕووی ئایینییەوە هەردوو دەستەواژەی (دینمان، ئایینمانە، نیشتمان) نەگونجاوە، چونكە ئەم دەستەواژانە تێك دەگیرێن لەگەڵ نەگۆڕەكانی ئایینی ئیسلام (بیروباوەڕی ئیسلامی) كە ئەمەش ناكرێت هیچ موسڵمانێك سنوورەكەی بشكێنێ.

- لە ڕووی مێژووییەوە ئەم شیعرە هەندێك هەڵەی مێژوویی تیدایە كە شارەزایانی مێژوو بە نادروستی دەزانن ئەم هەلانە لە سرووودی نیشتمانیی هەرێمێكدا هەبێت كە ئامانجی سەربەخۆبوونە، وەك (نەوەی كەیخسرو...).

- پێكهاتە نەتەوەیی و ئایینەكانی ناو هەرێمی كوردستان ئاسۆی ئاواتەكانیان لەم سروودەدا نابیننەوە، بۆیە زۆر گونجاوە ماف و داواكارییەكانی ئەم پێكهاتانەش لەبەرچاو بگیرێت.

**بۆیە پێشنیار دەكەم:**

١- سرووودی (ئەی ڕەقیب) وەك سرووودی نیشتمانی بگۆردرێت بۆ سروودێكی دیكەی گونجاو، كە لە ڕووی ئایینی و مێژووی و مافی پێكهاتەكانەوە گونجاو و تەبا بێت. سروودەكە ببێتە مایەی كۆكردنەوەی هەمووومان، نەك دابەشبوون و ناڕەزایی ئایینی و نەتەوەیی و سیاسی.

٢-   ئەگەر سروودەکە پەسەند کرا و بە یاسا دەرچوویندرا: دەکرێت تەنها مۆسیقای سروودەکە لە بۆنە سیاسی و نەتەوەیەکاندا لیٚ بدرێت.

٣-   یاخود لیژنەیەکی شارەزا دەستکاریی دەستەواژەکانی شیعرەکە بکات کە هەموو لایەك وەك سازانێکی نیشتمانی لەسەری پێك بێن.

٤-   دانانی سزا بۆ نەوتنەوەی یاخود هەڵنەستان بۆ سروودەکە، لە ڕووی یاساییەوە نەگونجاوە. لەلایەك وەك زانراوە فەلسەفەی سزادان بۆ (إصلاح و ردع)ە، لە لایەك ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیانی کوردستان لە چینی کەمئەندام و پیر و نەخۆشن، کە ناکرێت بە پاساوی هەڵنەستانەوە سزای داراییان بدەین، بۆیە پێشنیار دەکەم سزادان لابدرێت.

# له ڕۆژی جیهانیی جاڕنامەکەدا
# ڕەوشی مافی مرۆڤ لە جیهان و کوردستاندا

بڕیارێکی دروست نابێت ئەگەر بڵێین: دوای زیاتر لە شەست ساڵ لە ڕاگەیاندنی جاڕنامەیەك بە ناوی (جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ) لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە، بارودۆخ و ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ هەروەك جارانە، لە ڕووی پێشێلکاری و ژمارەی ئەو قوربانییانەی ڕۆژانە زیاد دەبن بۆ تۆماری پێشێلکارییەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە ئەندازەی زۆریی وەزارەتی مافی مرۆڤ لە کابینەی حکومەتەکان و ژمارەی ئەو ڕێکخراوانەی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ لە (منداڵ و ژنان) دەکەن، تەنانەت ئەو ڕێکخراوانەی بۆ (پارێزگاریی لە گیانداران) چالاکی دەکەن، دەتوانین بڵێین: کە ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە جێگای خۆیدا نیمچە وەستاوە. هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە زۆرن، لە لایەك بە هۆی بەرژەوەندیی وڵاتە زلهێز و حکومەتە نادادگەرەکانەوە، کە هەموو هۆکارێك دەگرنەبەر بۆ مانەوەی خۆیان و سڵ لە هیچ فشار و داخوازییەك ناکەنەوە، لە لایەکی دیکەوە ناهۆشیاریی بەشێکی زۆری مرۆڤایەتی لە سەدەی بیست و یەکدا سەبارەت بە مافەکانی خۆی. ئەمانە و ژمارەیەك هۆکاری دیکە، درێژە بە ڕەوشی پێشێلکاری و قوربانییەکانی توندووتیژی و جەنگ و نائارامی دەدەن.

ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان دەڵێن: ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی چالاك لە بواری مافەکانی مرۆڤدا کە چاودێریی ڕەوشەکە دەکەن، لە ڕاپۆرتی خۆیان

بۆ ساڵی ٢٠٠٩دا باس لە خراپترین جۆری پێشێلکاری لە جیهاندا دەکەن تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ. بۆ نموونە: لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە (١):

- جیهان لە سەدەی بیست و یەك و کۆتایی ساڵی (٢٠٠٩)دا، بە دەست "نایەکسانی" و "نەبوونی ئاسایش" بە هەموو جۆرەکانیەوە دەناڵێنێت.

- بە هۆی ئەو قەیرانە ئابوورییەی جیهانی گرتووەتەوە، لە هەندێك وڵاتدا مردن و بێبەشکردن سیمایەکی دیاری ئابووری و گوزەرانە.

- لە (٨١) دەوڵەتی دنیادا ئاستەنگ و کۆت و بەند لەسەر ئازادیی ڕادەبڕین هەیە.

- لە (٥٠٪)ی وڵاتانی جیهان لە کاتی دەستگیرکردن و بەندکردندا، هەموو جۆرێك ئەشکەنجە و مامەڵەی نایاسایی پەیڕەو دەکرێت.

- لە (٣٠٪)ی وڵاتان، هاووڵاتی لە دەرەوەی دەسەڵاتی دادوەری دەکوژرێت و لەسێدارە دەدرێت.

- لە (٧٥٪)ی وڵاتاندا تۆمەتبار لە کاتی دادگاییکردندا ڕووبەڕووی توندترین دادگا دەکرێتەوە.

- لە (٢٧) دەوڵەتی دنیادا پەنابەران بە هەموو جۆرەکانیەوە، بەزۆر دەگەڕێندرێنەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان.

- لە (٥٠) وڵاتدا ئەوانەی پێیان دەوترێت (بەندکراوانی ڕا و بۆچوون)، هەن.

- بە تایبەت لە عێراقدا بە هۆی داڕووخانی بارودۆخی ئاسایشەوە، مافەکانی مرۆڤ لە حاڵەتی ئەوپەڕی خراپیدایە.

ـ له لایەك پێشێلكاریی زۆر لەسەر دەستی پیاوانی ئاسایش و هێزە چەكدارەكان دەكرێت، لە لایەكی ترەوە لەسەر دەستی هێزە فرەڕەگەزەكان، كە هیچ یاسایەك نایانگرێتەوە له عێراقدا.

ـ ئاماری توندووتیژی دژی ژنان له عێراقدا ژمارەی پێوانەیی بەزاند، لە هەمان كاتدا ژمارەی ئەو كەسانەی كە لە عێراقدا لەسێدارە دراون (١٢٠) كەسە.

**مافەكان له كوردستان نیمچه وەستاوە**

ڕەوشی مافەكانی مرۆڤ له كوردستانی عێراقدا (بە جیاوازیی ئەو بارە تایبەتەی هەرێم وەك ئیدارەیەكی نیمچە سەربەخۆ هەیەتی) باشترە لە سەرجەم پارێزگاكانی عێراق، بە هۆی كەمیی ڕووداوەكانی تەقینەوە و بوونی میدیای ئازاد، بەڵام هێشتا بارودۆخەكە لە كوردستان بە جۆرێكە ڕەنگە حەسوودیی پێ نەبرێت.

**ڕاپۆرتی ڕێكخراوەكان و ژمارەی مەترسیداری دەستگیركردن:**

له كوردستاندا هێشتا دەستگیركردن و ئەشكەنجە بوونیان ماوە، چونكە دەزگاكانی ئاسایش تا هەنووكە دەزگای حیزبیین و لەلایەن دوو هێزی باڵادەستەوە لە كوردستان ئاڕاستە دەكرێن، ئەمەش وا دەكات هەمیشە چاوەڕێی پێشێلكاری و ڕوودانی قوربانی بیت.

هەروەها بە وتەی بەرپرسە باڵاكان و لێدوان و بەدواداچوونی ڕێكخراوەكانی مافی مرۆڤ، هەردوو دەزگاكان (پاراستن و دژەتیرۆر) دەزگای حیزبیین و نەیارانی فیكری و سیاسیی حیزبەكانیان دەستگیر دەكەن).(٢)

له كوردستان حاڵەتی ڕفاندن و بێسەروشوێن كردن هەیە، بە نموونە: هەردوو كادری كۆمەڵی ئیسلامی (هیدایەت و عەزیز) و (عەبدولواحید

ئەحمەد) تا ئێستا بێسەروشوێنن و شوێنی مانەوەیان بۆ کەسوکاریان ئاشکرا نییە. بەبێ بوونی هیچ تاوانێك و هیچ فەرمانێکی دادوەری، بۆ زیاتر لە (٣) ساڵە ڕفێندراون.(٣)

ئاسایشی تەندروستی لە کوردستاندا لەبەردەم هەڕەشەدایە، لە کاتێکدا وەزارەتی تەندروستی ڕایگەیاند کە (٦٤) حاڵەتی تووشبوون بە نەخۆشیی (ئایدز) لە کوردستاندا تۆمار کراون.(٤)

ڕێژەی بێکاری لە کوردستاندا بە (١٣٪) خەملێندراوە، کە ئەمەش مەترسییەکە دەبێت حسابی بۆ بکرێت.(٥)

لە کوردستاندا ئازادیی ڕادەربڕین هەڕەشەی لەسەرە، وەك لە ڕاپۆرتەکاندا هاتووە، کە ئاماری توندووتیژی دژی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستاندا (٨٨) حاڵەت تۆمار کراوە.(٦)

هەروەها ئەو توندوتیژییەی ڕۆژانە قوربانی دەخاتەوە لە ڕیزی ژنان و ئافرەتان لەم وڵاتەدا، سەرەڕای بوونی ژمارەیەکی زۆری ڕێکخراوە داکۆکیکارەکان لە مافەکانی ئافرەتان و خوشکان، لە ئامارەکاندا (١١٧٦) حاڵەت تۆمار کراوە لە (٨) مانگی یەکەمی ساڵی (٢٠٠٩)دا.

**ئەوەی ماوەتەوە بیڵێین:**

جیهان پێویستی بە سەرکردایەتی و سیاسەتێکی دادگەرانەی دیکەیە لە بواری (ڕامیاری و ئابووری و پەراوێزی ئازادییەکاندا)، بە شێوەیەك مرۆڤ بگاتە سەنتەر و کرۆکی هەموو چالاکییەکی مرۆڤانە و مادییانە، چونکە مرۆڤ بەڕێزترین و مەزنترین بەدیهێنراوی خوای میهرەبانە.

# پەراوێزەکان:

١- ڕاپۆرتی ڕێکخراوی (لێبوردنی نێودەوڵەتی - امنستي انترناشنال) بۆ ساڵی ٢٠٠٩.

٢- لێدوانی بەرپرسان لە هەفتەنامەکانی (هاوولاتی و ئاوێنە)دا.

٣- هەردوو ڕفێندراوەکە پاش بەدواداچوونی زۆری کەسوکاریان و سەرکردایەتی و پەیوەندییەکانی کۆمەڵ، تا هەنووکە بێسەروشوێنن و شوێنبزرن.

٤- گۆڤاری هەفتانە، سایتی دەنگوباس ٢٠٠٩/١٢/٦.

٥- ڕاپۆرتی (مونتەدای ئابووریی کوردستان).

٦- ڕاپۆرتی (بانکی زانیاریی مافەکانی مرۆڤ) سەر بە کۆمپانیاکانی وشە.

٧- هەمان سەرچاوە.

# هاوسەرگیریی بەزۆر
# دیاردەیەکی نادروست، هەوڵێك بۆ چارەسەر

وەختێك لەبارەی دیاردەیەکی نێگەتیڤی وەك هاوسەرگیریی بەزۆر قسە دەکەین، واتا توێژینەوە دەکەین لە بابەتێکی چەند لایەنە. لە لایەك دەڕوانینە کێشەکە وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کە لە نێوان خێزانی کورددا تا ئێستاش و بە تایبەتی لە هەندێك ناوچەی دەرەوەی شارە گەورەکان بوونی هەیە، لە لایەکی تریش وەك پێشێلکارییەکی زەقی مافی مرۆڤ لە دیاریکردنی جۆری ژیان و هاوسەری ئایندەی، ئەمەش هەردوو ڕەگەزەکە دەگرێتەوە.

لە لایەکی تریشەوە، ئەم دیاردەیە بۆخۆی تاوانێکی یاسایی پێك دەهێنێت، چونکە بەزۆر بەشوودان، یاخود ڕێگری لە کەسی شایستە لە ڕووی یاساییەوە کە هاوسەرگیری بکات، بۆخۆی پێچەوانەی ماددەیەکی یاساییە وەك دواتر باسی دەکەین.

لە لایەکی دیکەشەوە ئەم دیاردەیە دەچێتە خانەی توندووتیژیی خێزانییەوە، کە ژمارەیەکی زۆر ئاسەواری تاڵ و نەخوازراو لەسەر ژیانی هاوسەر و منداڵەکە بەجێ دەهێڵێت و ئایندەی خێزانەکە بە جیابوونەوە کۆتایی پێ دێنێت.

## تاوانی هاوسەرگیریی بەزۆر مانای چییە؟

بەزۆر بەشوودان، یاخود ڕێگریی لە هاوسەگیری ئارەزوومەندانە، لە لایەن کەسێك یاخود چەند کەسێك لە کەسە نزیکەکانی کچ یاخود کوڕەکە، یاخود کەسانی بێگانە و نائاشنا، بۆ ئەنجامدانی وەها هاوسەگیرییەك بۆ

بەرژەوەندییەکی دیاریکراو، یاخود ڕێگریی لە سەرگرتنی هاوسەگیرییەکی ئارەزوومەندانە، ئەمەش دوای ئەوە دێت کە هەردوو هاوسەر تەمەنی یاساییان هەیە و ژیریی و توانا عەقڵییەکانیان تەواوە بۆ ئەنجامدانی هاوسەگیری.

ئەم کردارە تاوانێکی یاسایی پێك دەهێنێت، هەروەك لە ماددەی (٩) بڕگەی (یەك)ی یاسای باری کەسێتیی عێراق ژمارە (١٨٨)ساڵی ١٩٥٩ی هەموارکراو، لە پەلەمانی کوردستان بە یاسای ژمارە (١٥)ی ٢٠٠٨ هاتووە، کە (بۆ هیچ یەکێك لە کەسە نزیکەکان (خزمان) و بێگانەکان نییە کە بە زۆر کەسێك (نێر بێت یاخود مێ) بۆ هاوسەرگیری بە بێ ڕەزامەندیی خۆی و بە زۆر، ڕازی بکات. بەوپێیە ئەگەر ئەم کارە ڕووی دا، ئەوا گرێبەستی هاوسەگیرییە بەزۆرەکە، ئەگەر نەگواسترابووەوە، بە هەڵوەشاوە دادەنرێت، ئەگەریش گواسترابووەوە و (دخول) ڕووی دابوو، ئەوا دەوەستێتە سەر ڕەزامەندیی زۆرلێکراوەکە. بە هەمان شێوە دروست نییە کە خزمان و بێگانە ڕێگریی بکەن لە کەسێك کە شایستەی یاسایی هەبێت بۆ هاوسەرگیری ، بەپێی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە.

کەواتە ئەنجامدانی پڕۆسەی هاوسەگیری، کارێکی تەواو شەخسی و تایبەتیی هەرکەسێکە کە تەمەنی یاسایی و شەرعیی هەبێت و پێگەیشتوویی عەقڵی و جەستەیی تەواو بێت.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە دەخالەتی خێزانەکان بۆ ڕازیکردنی لایەنێك لە لایەنەکانی هاوسەگیری، بۆ ئەنجامدانی یاخود ڕێگری، زۆر جار بۆ مەبەستێکی دیایکراوە، لەوانەش: (هاوسەگیریی بەرژەوەندیی خانەوادەی هاوسەرەکان، هاوسەگیریی سیاسی بۆ نزیکبوونەوە لە بنەماڵە یاخود

خزمێکی دیاریکراو، یاخود لە تۆڵەی خوێنێکدا کە زۆر جار ئافرەتەکە دەبێتە قوربانی و باجی ئەم تاوانە دەدات و... هتد).

ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەموو مەبەستە جوانەکان لە پڕۆسەی هاوسەگیری ، کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و یاسا جێبەجێکراوەکان دایاننـاوە، لە خۆیدا خاڵی دەکاتەوە، ئەو مەبەستانەش بریتین لە: (خۆشەویستی و پێکەوەژیان و ڕەزامەندی و خستنەوەی وەچە و دەیان مانای جوان و شیرینی تر)، هەموو ئەمانە دەکاتە قوربانیی بەژەوەندییەکی لە خۆیان باڵاتر و کارەساتێك دەخوڵقێنێت کە تا ئەم ئەکتەرە سەرەکییانەی خێزانە بێبناغەکە مابن، ئەوا ئاسەوارەکانی ئەم بڕیارە وەك سێبەری دارە لارەکە هەردەمێننەوە.

لە هەمان کاتدا لە بڕگەی (٢)ی هەمان ماددەدا، یاسای باری کەسێتی وەك تاوان مامەڵەی لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا کردووە، کە دەرهەق بە کەسێك لە کۆمەڵگەدا ئەنجام دراوە، هەروەها بکەرەکەشی ڕووبەڕووی سزا دەکاتەوە، وەك هاتووە: "هەر کەسێك سەرپێچیی بڕگەی (١) لە هەمان ماددە بکات، سزا دەدرێت بە (بەندکردن) بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە دوو ساڵ و زیاتر نەبێت لە پێنچ ساڵ، کاتێك ئەگەر کەسەکە لە خزمانی هاوسەرەکان بوو لە پلەی یەك، ئەگەریش کەسی سەرپێچیکار لەوانە بوو کە باس کران، ئەوا سزاکەی بریتی دەبێت لە بەندکردن بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە سێ ساڵ، یاخود بەندکردنەکە بۆ ماوەیەك لە دەساڵ زیاتر نەبێت".

لە هەمان کاتدا یاسا مافی سکاڵای داوە بە هەر یەکێك لەو لایەنانەی کە ڕووبەڕووی (زۆرلێکردن) بوونەتەوە لە دادگاکانی لێکۆڵینەوە، بۆ ئەوەی مافی زەوتکراوی لەوەی بە ئارەزووی دروستی خۆی هاوسەگیری بکات، بۆ

بگەڕێتەوە. ئەوەی باس کرا، خوێندنەوەیەکی یاسایی بوو بۆ دیاردەکە و سزای بکەرەکانی.

بەڵام ئەی کاریگەرییەکانی ئەم دیاردەیە لە ڕووی مافەکانی مرۆڤەوە چین؟ ئەم دیاردەیە ژمارەیەك پێشێلکاریی دروست دەکات:

١. خودی مافەکانی مرۆڤ لە هەڵبژاردنی ژیان و هاوسەری ئایندەی خۆی و تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە لە ژیانی هەرکەسێکدا کە بە بەهاری تەمەن و ناسکترین ساتەوەختەکانی تەمەن دادەنرێت.

٢. ئیرادەی تاك پێشێل دەکات و توانای بڕوابەخۆبوونی دەکوژێت و ئاسوودەیی لە هەناوی تاکدا ون دەکات.

٣. ڕێژەی جیابوونەوە زیاتر دەکات کە وەك دیاردەیەکی مەترسیدار لە کۆمەڵگەدا ڕوو لە زیادبوونە. ئاسایشی خێزان دەخاتە مەترسییەوە و ژمارەیەك تاکی بێ پەروەردە و بێ توانا و خاوەن پێشینەی تاوانکاری لە کۆمەڵگەدا بەرهەم دەهێنێت.

٤. توندووتیژی لە نێوان خێزانەکاندا زیاد دەکات، لەم هاوکێشەیەشدا قوربانیی زیاتر لە ڕیزی ئافرەتاندا دەخاتەوە لە شێوەکانی: (لێدان و خۆسووتاندن و...هتد).

٥. ڕێژەی تاوان لە کۆمەڵگەدا زیاد دەکات، لە وێنەی (دروستکردنی پەیوەندیی نادروست لە دەرەوەی خێزان و خیانەتی هاوسەری و کوشتن و سووکایەتی بەرانبەر بە ئافرەتان)، ئەمەش دواجار ئاسایشی کۆمەڵگە دەخاتە مەترسییەکی توندی نەخوازراوەوە، کە کەس لەژێر سایەیدا هەست بە ئارامی ناکات.

**چۆن ڕووبەڕووی ئەم دیاردە قێزەونە ببینەوە؟**

دەتوانین بڵێین کە ڕووبەڕووبوونەوەی وەها دیاردەیەك پێویستی بە ڕۆڵی دەستەجەمعی و هەوڵی بەردەوام و ژمارەیەك ڕێوشوێنی توندی سزایی هەیە کە بتوانێت لە قۆناغەکانی یەکەمدا ئەم دیاردەیە کەم بکاتەوە، دواجار بۆ هەتاهەتایە بنەبڕی بکات، دابەشکردنی ڕۆڵەکانیش بە بۆچوونی بەندە بەم شێوەیە دەبێت:

**یەکەم: ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی**

پێویستە مامۆستایانی ئایینی لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەی مارەکردنی شەرعی بۆ هاوسەرانی تازە، بە ڕوونی و تەواوی لە ڕەزامەندییان بپرسن، بە تایبەتی کچان، چونکە بە بێ ڕەزامەندییان خودی (قبول) یەك ناگرێت لەگەڵ (إیجاب)دا، ئەمەش واتای ئەوەی کە خودی هاوسەرگیرییەکە دروست نەبووە و مارەیی کەسەکە نەهاتووە. هەروەها وتاربێژان بە بابەتی نوێ و بە توندی ڕووبەڕووی وەها دیاردەیەك ببنەوە و مەترسیی بەردەوامیی بۆ کۆمەڵگە ڕوون بکەنەوە، لە کاتێکدا دەزانین کە زۆربەی کۆمەڵگە پابەندی بەها و بنەما شەرعییەکانن، هەروەها حوکمی شەرعیی وەها بابەتێك بۆ هەموان ڕوون بکەنەوە.

**دووەم: ڕۆڵی دادگاکان**

دەبێت دادگاکان بە شێوەیەکی ڕۆتینی ئەم گرێبەستانە تۆمار نەکەن، بەڵکو وردبینیی زیاتر بۆ ڕەزامەندی و تەمەنی هەردوو هاوسەرەکە و وتەی شاهیدەکانیان بکەن، لەگەڵ گرتنەبەری هەر ڕێگایەکی یاسایی توند بەرانبەر ئەنجامدەرانی وەها کارێك، بۆ ئەوەی بە تەواوەتی ڕێگە لە دووبارەبوونەوەی ئەم کارانە بگرن.

**سێیەم: ڕۆڵی عەشیرەتەکان**

بەو پێیەی لە دەرەوەی شارە گەورەکان ڕۆڵی عەشیرەتەکان زۆرە و ئەم دیاردەیەش لەو شارۆچکە و لادێیانەدا بوونی ماوە، بۆیە ئەرکێکی تر دەکەوێتە سەر ئەستۆیان کە ڕێگر بن لەم کارە و بڕیاری حەرامیی وەها کارێك لە سنوورەکەیاندا بدەن و خۆیان و هەر کەسێك لە سنووری دەسەڵاتیان، قەدەغە بکەن لێی.

**چوارەم: ڕۆڵی کۆمەڵگە مەدەنی و ڕێکخراوەکان**

ڕێکخراوەکان دەتوانن بە پرۆسەی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەدا ڕۆبچن، بە شێوەی (کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لەسەر دیاردەکە و ئاشکراکردنی بۆ ڕایگشتی ، هەروەها بە گفتوگۆی کراوە لەو ناوچانەی کە دیاردەکە تیایاندا زۆرە، هەروەها بە کۆکردنەوەی سەرنج و ڕای شارەزایانی بواری شەرع و یاسا و کۆمەڵناسی و بواری خێزان لەبارەی دیاردەکەوە، بە شێوازی جۆراوجۆر).

**پێنجەم: ڕۆڵی ڕاگەیاندنەکان**

ڕاگەیاندن بایەخی خۆی بخاتە سەر ئەم دیاردەیە و سلبییاتی بەردەوامبوونی وەها دیاردەیەك بۆ هاوولاتیان ڕوون بکاتەوە. بە شێوەی ناوبڕ لەنێو بەرنامەکاندا و بە وێنەوە لە بابەتەکە بدوێت و هۆشیاری بداتە باوکان و دایکان و بنەماڵەکان کە لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا ئەرێنییانە مامەڵە بکەن و هاوکار و پشتیوان بن نەك ڕێگر و ناتەبا.

**شەشەم: ڕۆڵی دامەزراوەکانی (ڕاوێژکاری خێزان و چاکسازی)**

سەنتەرەکانی ڕاوێژکاری دەتوانن ڕێنمایی و هۆشیاریی زیاتر بە تاکی کوردی بدەن، بۆ چۆنیەتی پێکەوەنانی هاوسەرێتییەکی سەرکەوتوو و

ژیانێکی باشتر و خستنەوەی وەچەی کارامە و تەندروست. هەروەها ئەو گرفت و ئاسەوارانەی لە ئەنجامی ئەم کردارە قێزەونە دەکەونەوە، چارەسەر بکەن و پرۆسەی چاکسازیی تاك و خێزانیی بەڕێوە بەرن، بە شێوەیەك لە گەورەیی قوربانییەکە کەم بکەنەوە.

ماوەتەوە بڵێین پێویستە هەموان بەگژی وەها دیاردەیەکدا بچینەوە و نەخێر بۆ هاوسەرگیریی بەزۆر بکەین، هەروەها بەڵێ بۆ بەختەوەریی خێزان و کەشێکی ئارام بکەین لەم کۆمەڵگە بچووکەدا.

# هەڵبژاردنی پێشوەخت

٢٠١٥/١٠/١

پاش ئەوەی پرسی ویلایەتی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ئاڵۆز بوو، بە ئیرادەیەك لە دەرەوەی پەرلەمانی کوردستان ئەم دەستەڵاتەیان لە پەرلەمان زەوت کرد و نەیان هێشت پەرلەمان بە ڕێکاری یاسایی خۆی ئەم پرسە چارەسەر بکات.

پاش ئەوە کۆبوونەوەی پێنجقۆڵی و چوارقۆڵی هاتە ئاراوە، کە چەندین کاتژمێر کۆبوونەوەی تێدا ئەنجام درا و بژارەی جیاواز جیاوازی تێدا پێشکەش کرا، کە لەناویاندا وەك ئەگەری ڕێکنەکەوتنی لایەنە سیاسییەکان، باسی ئەنجامادانی هەڵبژاردنی پێشوەخت کراوە. ئەم بژارەیە لەلایەن هێزێکی سیاسیی گەورەوە کە پارتی دیموراتی کوردستانە، خراوەتە سەر مێزی گفتوگۆکان، هەروەها لایەنی دیکەش ئەم پرسە بە دوور نازانیّ کە دواجار لایەنە ناکۆکەکان پەنای بۆ ببەن. ئێمە لەم کورتە نووسینەماندا سەرنجی یاسایی لەسەر پرسی هەڵبژاردنی پێشوەخت دەخەینە ڕوو:

هەڵبژاردنی پێشوەخت، لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان– عێراق ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو

یاسایی ناوبراو بە هیچ شێوەیەك ئاماژەی بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەخت نەکردووە کە لە کاتی بە ئەنجام نەگەیشتنی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان وەك یەکێك لە بژارەکان پەنای بۆ ببردرێت، لە کاتێکدا یاسای ناوبراو کە ئەرکی ڕێکخستنی کۆی پرۆسەی هەڵبژاردنی هەیە لە هەرێمی کوردستان، پێویست بوو ئاماژەی بە پرسێکی وەها گرنگ بدایە،

بەڵام یاساکە بە کۆی هەر حەوت هەموارەکەی، ئاماژەی بەوە نەکردووە کەی و چۆن پرۆسەی نوێکردنەوە یاخود هەڵبژاردنی پێشوەخت ئەنجام بدرێت. هەڵبژاردنی پێشوەخت لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان–عێراق و هەموارکردنەکانی:

بە هەمان شێوەی یاسای ژمارە یەك، پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانیش بێدەنگیی لەمەڕ پرسێکی وەها و ئەگەری حاڵەتەکانی ئەنجامدانی هەڵبژارنی پێشوەخت هەڵبژاردوە.

**هەڵبژاردنی پێشوەخت لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا:**

دەستووری کۆماری عێراق–ساڵی ٢٠٠٥، لە ماددەی ٦٤ و لە برگەی دووەمدا ئاماژەی بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەخت کردووە کە تێیدا هاتووە "سەرۆککۆمار لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەراندا، داوای ئەنجامادانی هەڵبژاردنی گشتی لە وڵات دەکات، لە ماوەیەکدا کە لە ٦٠ ڕۆژ تێپەڕ نەکات. هەروەها ئەنجوومەنی وەزیران بە دەستلەکارکێشراوە دادەنرێت، بەڵام بۆ بەڕێکردنی کاروباری ڕۆژانە لە ئەرکەکانی بەردەوام دەبێت". کەواتە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەخت، پێویستی بە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانە، سەرۆککۆماریش لەم بارەیەوە دەبێت مەرسوم بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەکە دەربکات.

**هەڵبژاردنی پێشوەخت لە یاسای سەرۆکایەتیدا:**

یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان–عێراق، ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، لە ماددەی دەیەم و لە برگەی چوارەم، ئاماژەی بە هەڵبژاردنی پێشوەخت کردووە، کە بەپێی ئەو برگەیە سەرۆکی هەرێم مەرسومێك دەردەکات و پەرلەمانی کوردستان هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەویش لەم حاڵەتانەدا:

١- ئەگەر زیاتر لە نیوەی ئەندامەکانی دەستیان لە کار کێشایەوە.

٢- ئەگەر لە ماوەی ٤٥ ڕۆژ لە بانگهێشتنی بۆ کۆبوونەوەی خولی هەڵبژاردن، ژمارەی یاسایی ئەندامان بەدەست نەهات.

٣- ئەگەر پەرلەمان متمانەی بە ئەنجوومەنی وەزیران لە سێ پێکهاتەی وزاریی جیاوازی یەك لە دوای یەکدا نەدا.

٤- ئەگەر سیستمی هەڵبژاردنی ئەنجوومەن گۆڕا و خولی هەڵبژاردن شەش مانگ یان کەمتری مابوو.

کەواتە پێوستە مەرجەکانی هەڵبژاردنی پێشوەخت کە لە یاسای ناوبراودا ئاماژەی پێکراوە بێنە دی، بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی پێشوەخت ئەنجام بدرێت.

## هەڵسەنگاندنی بژاردەی هەڵبژاردنی پێشوەخت:

وەك لەو دەقە دەستووری و یاساییانەدا ئاماژەمان پێ داوە، هەڵبژاردنی پێشوەخت مەرج و کاتی یاسایی خۆی هەیە، لە ڕووی یاساییەوە پێویستە مەرجەکانی بێنە دی، پاشان بڕیار لەسەر ئەنجامدانی پرۆسەیەکی وەها گرنگ بدرێت. لەم کاتەشدا پەیڕەوکردنی ئەم بژارەیە زۆر نایاساییە و لە ڕووی واقعییەوە گوجاو نییە، ئەمەش لەبەر ئەم گرفتە سەرەکییانەی کە لەبەردەم ئەم پرۆسەیەدایە:

١- هەرێمی کوردستان کەتووەتە قەیرانێکی گەورەی بۆشایی یاسایی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم، کە ئەم پرسە بەستراوەتەوە بە هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێ بۆ هەرێمی کوردستان، یاخود دەستکاریی ویلایەتەکانی بە درێژکردنەوە، یاخود زیادکردن. کەواتە ئەم پرسە هیچ پەیوەندییەکی بە

ئەنجامـدانی هەڵبـژاردنی پێشـوەختەوە نییـە و بـە هەڵبـژاردنی پێشـوەختیش چارەسەر ناکرێت.

٢- کۆمیســـیۆنی بـــاڵای ســـەربەخۆی هەڵبـــژاردن و ڕاپرســـیی هـــەرێم ڕایگەیاندووە "بەهۆی نەبوونی بودجە و کارمەندی تەواوەوە، هـەروەها نـەبوونی تۆمارێکی دروستی دەنگدەران، نـاتوانین هـیچ پرۆسـەیەکی هەڵبـژاردن بـەڕێوە ببەین".

٣- هەڵبژاردنی پێشوەخت پرسی نـاکۆکی لەسـەر سـەرۆکایەتیی هـەرێم چارەسـەر ناکـات، چـونکە کێشـەکە لـە خـودی پەرلەمانـدا نییـە، بـەڵکو لـە دامەزراوەیەکی دیکەدایە. ئەگەر هەڵبژاردنی پێشـوەختیش ئـەنجام بـدرێت، پاش پرۆسەکە دەبێت لایەنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان جارێکی دیکە بۆ هەمان پرس دابنیشنەوە.

٤- هەرێمی کوردستان لەم کاتەدا خاوەنی تۆمارێکی دەنگدەرانی تایبەت بە خۆی نییە کە پرۆسەی هەڵبژاردنێکی خاوێن ئـەنجام بـدرێت و زانسـتیانە ئەنجامەکەی پەسەند بکرێت.

٥- لەلایەن زۆربەی لایەنەکانەوە داوا کراوە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردســتان هــەموار بکرێتــەوە و پێداچـوونەوە بـە سیسـتمی هەڵبـژاردن و ناوچــەکانی دەنگدانــدا بکرێــت، هــەروەها کورسـیی کۆتاکـان ســەرلەنوێ ڕێکبخرێتەوە، ئەمەش تا ئێستا نەکراوە.

کەواتە بژارەی هەڵبژاردنی پێشوەخت، بژارەیەکی یاسایی و گونجاو نییە.

# هەڵسەنگاندنی یاسایی دۆخی دەستلەکارکێشانەوەی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان

## ٢٠١٦/١٠/٢٩

شێوازی کارکردن و ئەرك و دەسەڵاتەکانی ئەندامی پەرلەمان و ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی کە لە سەرۆك و جێگر و سکرتێر پێك دێت، بە یاسا ڕێکخراوە و چوارچێوە یاساییەکەی دەستنیشان کراوە. لەم پێناوەدا (تەکیفی یاسایی) دەستلەکارکێشانەوە و چۆنیەتی پەسەندکردنی و مافە داراییەکانی پاش پرۆسەکە، بۆ ئەندام و هەر یەکێك لە دەستەی سەرۆکایەتی، ئاماژە پێ دەدەم.

* بەپێی ماددەی (٤٨) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان دەبێت.

* هەروەها ماددەی (١٦) برگەی (١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پرسی دەستلەکارکێشانەوەی هەر یەکێك لە ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتیی باس کردووە، وەك هاتووە:

١- لە حاڵەتی پێشکەشکردنی دەستلەکارکێشانەوە لەلایەن یەکێك لە ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی، ئەوا پاش ڕەزامەندیی پەرلەمان، بە زۆرینەی ژمارەی دەنگی ئامادەبووان قبووڵ دەکرێت.

* بەو پێیەی ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی یەکێکن لە ئەندامانی پەرلەمان، پشتیوان بە ماددەی (٣٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی، پەرلەمانی

کوردستان ڕەزامەندی دەدا لەسەر دەستلەکارکێشانەوەی هەر ئەندامێکی پەرلەمان بە دەنگی زۆرینەی ئامادەبووان.

کەواتە ئەندامێتیی پەرلەمان لەم حاڵەتانەدا کۆتایی دێت:

١- تەواوبوونی خولی پەرلەمان یان هەڵوەشاندنەوەی.

٢- دەستلەکارکێشانەوەی ئەندام و لێ قبووڵکردنی لەلایەن پەرلەمانەوە بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان.

٣- لەدەستدانی ئەندام بە مەرجێك لە مەرجەکانی پاڵاوتن بۆ ئەندامێتیی پەرلەمان بە زۆرینەی ٢\٣ی ئەندامان.

٤- ئامادەنەبوونی ئەندام بۆ سێ دانیشتنی یەك لەدوای یەك بەبێ هۆیەکی ڕەوا.

٥- مردنی ئەندام.

ئەمەش وەك لە ماددەی (٤٣) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، هەروەها ماددەی (٣٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە.

* هەروەها پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان سێ ماددەی تەرخان کردووە بە پرسی دەستلەکارکێشانەوە، ئەوانیش:

**ماددەی ٣٣:**

ئەندام، دەستلەکارکێشانەوەی خۆی بە نووسراوی پێشکەشی سەرۆکی پەرلەمان دەکات و لە یەکەمین دانیشتن دەخوێندرێتەوە.

**ماددەی ٣٤:**

ئەندامی دەستلەکارکێشاوە بۆی هەیە لە دەستلەکارکێشانەوەکەی خۆی پاشگەز بێتەوە و بە داواکارییەکی نووسراو پێشکەشی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی دەکات، بەرلەوەی پەرلەمان پێی بزانێت.

**ماددەی ٣٥:**

دەستلەکارکێشانەوەکە بە بەرکار هەژمار دەکرێت، گەر پەرلەمان بە زۆرینەی ئامادەبووان ڕەزامەندیی لەسەر دەربڕێت.

* ئاماژە بە یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی (١٩٩٩)ی هەموارکراو، یاسای خانەنشینیی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان، مافی شایستەی دارایی و خانەنشینیی ئەندامی پەرلەمان یاخود سەرۆکایەتیی پەرلەمان، بەم شێوەیە دەبێت:

– ماددەی دووەم، بڕگەی (أ)ی هەموارکراو:

یەکەم/

سەرۆکی ئەنجوومەن و جێگرەکەی و سکرتێر و ئەندام، لە کاتی تەواوبوونی ئەندامێتی، یان نەتوانینی جێبەجێکردنی کارەکەی، یان نەمانی ئەندامێتییەکەی، (٨٠٪)ی سەرجەم مووچە و دەرماڵەی مانگانەی هاوەڵەکانی کە بەردەوامن لە ئەنجوومەن، وەردەگرێت.

دووەم/

ئەو ئەندامەی ئەنجوومەن کە واز دێنێ، ئەو مووچەیەی خانەنشینی وەردەگرێت کە لە بڕگەی یەکەمی سەرەوەدا هاتووە، ئەگەر چوار دەورەی بەستنی ئەنجومەن بەسەر ئەندامێتییەکەیدا ڕەت بووبێ. (٦٠٪)ی کۆی مووچە و دەرماڵەی مانگانەی ئەو هاوەڵانەی وەردەگرێ کە لە ئەنجوومەندا

بەردەوامن، ئەگەر بەسەر ئەندامێتییەکەیدا کەمتر لەو ماوەیە ڕەت بووبێت. هەروەها لە کاتی مردنیشیدا پاشەوارەکانی (خلف) هەمان ڕێژە وەردەگرن.

* ڕێکاری گۆڕانکاریی دەستلەکارکێشانەوە لە سەرۆکایەتیی خولەکانی پێشوودا چۆن بووە؟

بەو پێیەی ئەم دۆخەی پەکخستنی پەرلەمانی کوردستان، بە هیچ شێوەیەك لە پەیڕەودا باس نەکراوە، هەر چۆن باسی دەستلەکارکێشانەوەی دەستەی سەرۆکایەتی لە نەبوونی دامەزراوەکەدا باس نەکراوە، بەڵام لە ڕووی یاساییەوە دەستەی سەرۆکایەتی لە دانیشتنێکی ئاساییدا بە زۆرینەی دەنگی ئەندامان هەڵدەبژێردرێن بە هەمان ڕێکار. هەر یەکێکیان دەستلەکارکێشانەوە پێشکەش بکات، پێویستە بە نووسراو ئاڕاستەی سەرۆکایەتی بکرێ و لە دانیشتنێکی ئاسایی پەرلەماندا کە پێویستە لە هەولێر بێ، دەخرێتە بەرنامەی کارەوە و پێویستە ئەندامانی پەرلەمان دەنگی لەسەر بدەن. بەم پێیە کە کۆبوونەوە بەهۆی تەواونەبوونی نیسابەوە ناتوانرێ ئەنجام بدرێ، بە هیچ شێوەیەك ڕوون نییە کە ئایا ئەم وازنامەیە پێشکەشی کێ دەکرێ؟

ئەمە لە کاتێکدا دەستلەکارکێشانەوە لە دەستەی سەرۆکایەتی، مانای کشانەوەی لە خودی ئەندامێتی پەرلەمان نییە، بەڵکو وازنامەکە دەبێ دەستەواژەی وازهێنان لە دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامێتیی پەرلەمان بگرێتەوە.

## سەرچاوەکان:


١- دەستووری کۆماری عێراق ٢٠٠٥.

٢- یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو.

٣- پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق و هەموارکردنەکانی ٢٠١٣.

٤- یاسای خانەنشینیی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان- عێراق، ژمارە(١٣)ی ساڵی (١٩٩٩)ی هەموارکراو.

٥- ئەرك و مافەکانی ئەندام پەرلەمان و کۆتایی پێهێنانی ئەندامێتیی. ئامادەکردنی: عەونی بەزاز، ٢٠١٣.

٦- ئەرك و دەسەڵاتەکانی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتییەکەی. ئامادەکردنی: د. فرسەت صۆفی، ٢٠١٤.

# ئەندامی پەرلەمان و ئامادەبوون لە دانیشتنی ئاساییدا، لە یاسا و پەیڕەوی ناوخۆدا

## ٢٠١٧/٩/٢٩

پێگەی یاسایی ئەندامی پەرلەمان، هێزی یاسایی خۆی هەیە. لە لایەك هەڵبژێردراوی خەڵکە و نوێنەرایەتییان دەکات، لە لایەکی تریشەوە سوێندی خواردووە و دەبێت پێوەی پابەند بێت. ئەم سیفەتە کە ئەندام وەری دەگرێت، ژمارەیەك ئەرك و ماف لە خۆی دەگرێت کە چوارچێوەکەی بە یاسای هەڵبژاردن و بە پەیڕەوی نێوخۆی پەرلەمان ڕێکخراوە.

وەك زانراوە کە ئەندام سیفەتی پەرلەمانتاریی بۆ تەواوی خولەکە وەردەگرێت و ناتوانرێت لە کار لابدرێت.

هەروەها زۆرترین لەو ئەرك و ماف و دەسەڵاتانە کە ئەندام هەیەتی، بە پەیڕەوی ناوخۆی ئەم دامەزراوەیە ڕێکخراوە، کە لە پەرلەمانی کوردستان، ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوە، کە لە بابەتی ئامادە یان ئامادەنەبوونی ئەندام لە دانیشتنەکاندا، وەك یەکێك لە ئەرکەکانی ئەندام ئەژمار کراوە کە پێویستە پابەندی ئامادەبوون بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئەرکی خۆی هەڵسێت بە شێوەیەکی ئاسایی.

**لە کاتی ئامادەنەبووندا واتا:**

١- کورتهێنان لە ئەنجامدانی کارەکانی بە شێوەیەکی دروست.

٢- بەجێنەهێنانی ئەرکی نوێنەرایەتیی لایەنەکەی و دەنگدەرەکانی بە شێوەیەکی چاوەڕوانکراو.

٣- ئامادەنەبوون بەبێ هۆی دروست، جۆرێکە لە شکاندنی ئەو سوێندەی کە خواردوویەتی بە خوای مەزن بۆ دڵسۆزی و پابەندبوون.

لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لە ماددەی ٢٨دا هاتووە: "لە حاڵەتی ئامادەنەبونی ئەندامپەرلەمان لە هەر دانیشتنێك لە دانیشتنەکانی پەرلەمان بەبێ پاساوی ڕەوا، ئەوا بڕی ٣٠٠٠٠ دینار لە مووچەکەی دەبڕدرێت". ئەگەر ئامادەنەبوونی ئەندام (غیاب) بەردەوام بوو، ئەوا وەك لە پەیڕەوی ناوخۆ، لە ماددەی ٣٠، بڕگەی (ب)، خاڵی ٣دا و لە ماددەی ٤٣، بڕگە ٤، لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمووارکراودا هاتووە، کە بەم شێوەیە دەبێت: "ئامادەنەبوونی ئەندام لە سێ دانیشتنی یەك لەدوای یەك، بەبێ پاساوی ڕەوا، دەبێتە هۆی لەدەستدانی ئەندامێتی و مافی پەرلەمانە کە ئەو ئەندامە لە کار بخات".

هەروەها ئامادەبوونی ئەندام لە کۆبوونەوەی لیژنەکانیش بە هەمان شێوە بە بایەخ و گرنگە و هەمان حوکمی هەیە، وەك لە ماددەی ٢٥ لە پەیڕەودا هاتووە: "ئەندامی پەرلەمان پابەند دەبێت بە ئامادەبوون لە کۆبوونەوەی لیژنەکان... ناکرێت ئامادە نەبێت، تەنها بە پاساوی ڕەوا نەبێت...". سزاکەشی هەمان سزای ئامادەنەبوونە لە دانیشتنە ئاساییەکانی پەرلەماندا، وەك لە ماددەی ٤٣ی پەیڕەودا هاتووە.

**ئەنجامگیرییەکان:**

١- ئەنـــدامی پەرلـــەمان یـــەکێك لـــە ئەرکـــەکانی ئامادەبوونـــە لـــە دانیشتنەکانی پەرلەمانـدا، ئامادەنـەبوون کـارێکی ناپەیڕەوییـە و ئاسـەواری هەیە.

٢- پـــەیڕەوی نـاوخۆ ئامادەنـــەبوونی بـــێ هــۆ و مۆڵەتنـــەکردنی، وەك پاساوێك بۆ ئیقالەکردن ژماردووە.

٣- ئەم دۆخەی ئیستای پەرلـەمان کـە نـە کاراکردنەوەیـە بـە تـەواوی مانـا، نـە پەکخسـتنی تەواوەتییـە، کـە زیـاتر لـە دوو فراکسـیۆن بـایکۆتی کۆبوونەوەکانی پەرلەمانیان کردووە، بە شێوەیەکە کـەس نازانێـت تاکـەی و چۆن بەردەوام دەبێت و تەکیفی یاسایی لە پەیڕەودا نەهاتووە، واتـا ئەنـدام مافی ئەندامێتیی لەدەست دەدات، بەڵام بۆ فراکسیۆن و بڕیاری بەکۆمـەڵی، هیچ لەو ڕووەوە نەهاتووە.

٤- دۆخی ئێستای بایکۆت لە پەرلەمانی کوردسـتان، تـەواو لـە دۆخـی فراکسیۆنە کوردییەکان لە ئەنجوومـەنی نوێنـەرانی عێـراق دەچـێت، کـە نـە دەگەڕێنەوە بۆ بەشداری و نە ئەنجوومەنەکە دەتوانێت بڕیاریان لە دژ بدات.

٥- خۆبەسـتنەوە بـە چارەنووسـی فراکسـیۆنی پەرلـەمانی گـۆڕان بـۆ فراکسیۆنی کۆمەڵ، کارێکە ناتوانین هەمووی بە قـازانج بـزانین، لـە کاتێکـدا ڕوانـین و دیـدی ئـەوان بـۆ گەڕانـەوەی سـەرۆکی پەرلـەمان و بەشـداری لـە کۆبوونەوەکانی ئایندە، دیار نییە.

## سەرچاوەکان:

١- المركز القانوني لعضو البرلمان، د. اڤين خالد عبدالرحمن.
٢- پەرلەمان و کاری پەرلەمانی، د. بەختیار غەفور باڵەکی.
٣- ئەرك و مافەکانی ئەندام پەرلەمان و کۆتایی پێهێنانی ئەندامێتی، عەونی بەزاز.
٤- یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان - عێراق ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.
٥- پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عێراق ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.